کۆماری عیراق
وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن
دەزگای رۆشنبیری و بلاکردنەوەی کوردی
زنجیرەی ژمارە (١٤٣)

برایانی گریم

# چیرۆکی بەرئاگردان



عەزیز گەردی
لە ئینگلیزیەوە کردوویە بە کوردی

براياني گريم

# چیرۆكی
# بەرئاگردان

عەزیز گەردی
لە ئینگلیزیەوە كردوویە بە كوردی
١٩٨٦

بەرگی دووەم

# ١ ـ دوازده کچەپاشای سەماکەر

هەبوو ، نەبوو .. پاشایەك هەبوو ، دوازدە کچی هەبوو . کچەکان یەك لە یەك جوانتر بوون . هەر دوازدەیان پێکەوە لە یەك ژوور دەنـووستن. چوارپایان بە تەنیشت یەکەوە بوو . شەو کە دەچوونە ناو جێ بۆ نووستن پاشا دەرگـای خشت لەسەر کلیـل دەدان ؛ بەڵام کـە بەیـانی دەرگای دەکردەوە دەیدی ئەوەندەیان سەما کردوە هەموو چەکمەیان پارچە پارچە بوە . ئەمە ماوەیەکی زۆری خایاندو کەس نەبوو سەری لەم مەسەلەیـە دەربچێ .

ئینجا پاشا جاڕی دا ، هەر کەسێ ئەو نهێنیە بزانێ و وێ بکەوێ ئەو کچانە شەو لە کوێ سەما دەکەن ، دەستی لە سەر هەر کامێکیان دانا ، پاشا ئەو کچەی دەداتێ و پاش مەرگی پاشایش دەبێ بـە میراتگـری وڵاتەکەی وحوکم دەگرێتە دەست ؛ بەڵام ئەوەی بچێتە پێش وتا سێ شەوو سێ رۆژ هیچی پێ نەکرێ و نهێنیەکەی پێ ئاشکرا نەکرێ ، پاشا لە سەری دەدا .

هەر خێرا شازادەیەك چوە پێش و داوای کرد لێ بگەڕێن خۆی تـاقی بکاتەوە . زۆر بە گەرمی بەخێریان هێنا . شەو بردیانە ژوورێکی تەنیشت ژووری کچەکان . لەوێ جێیان بۆ راخست بۆ ئەوەی شەو نۆبەت بگرێو بزانێ ئەو کچانە بۆ سەما دەچنە کوێ . دەرگای ژوورەکەی واڵا بوو بۆ ئەوەی کچەکان هەرچیە کیان کرد یان چوونە هەر کوێ شازادە بیانبینێ بەڵام شازادە هەر زوو شەو چاوی چوە خەوو بەیانی کە خەبەری بوەوە کچەکانی پاشا سەمای خۆیان کرد بوو ، بنی چەکمەیان هەموو کون کون ببوو . شەوی دوەم و سێیەمیش هەر بەم چەشنـە ڕۆیشت . بەم جـۆرە شازادەکە دۆڕاندی و ئەوانیش هیچ بەزەییان پێدا نەهاتەوە ، یەکسەر لە سەریان دا .

دوای ئەم شازادەیە زۆری تر چوونە پێش وخۆیان تاقی کردەوە ؛ بەڵام هەموو دۆڕاندیان و سەریان بە فەتارەت چوو .

لەو کاتەدا وا ڕێکەوت سەربازێکی کلۆڵ و بەستەزمان لەشەڕ بریندار کرابوو و چیدی سەربازی پێ نەدەکرا ئیدی چـرووك کرا بـوو ، سەری هەڵگرتبوو دەگەڕا ، ڕێی کەوتە ئەو شارە . لە شار تووشی پیرەژنێك هات پیرەژن لێی پرسی :

« ئەوە دە چیتە کوێ ؟»
سەربازەکە وەڵامی دایەوە:
« ڕاستی خۆیشم نازانم !»
ئینجا هەر بۆ گاڵتەو گەپ گوتی :
«دەمەوێ منیش خۆم تاقی بکەمەوە . لە پاشا بچمەپێش و بزانم کچەکانی شەو تا چەکمەیان دەدرێ لە کوێ سەما دەکەن ، چونکە زۆرم مەراقە ببم بە پاشا .» .
پیرەژن گوتی : «شتەکە هێندە زەحمەت نیە . کە چووی ، ئێواری شەرابت بۆ دێنن ، نەکەی بینۆشی ها ! سەر لە ئێوارێ زوو پاڵ کەوە ووا پێشان بدە کە خەوت لێ کەوتوە ، ئینجا سەیر کە بزانە چ دەبینی !»
ئینجا پیرەژن قاپووتێکی دایەو گوتی :
«ئەگەر ئەم قاپووتە بکەیتە بەر لەبەر چاو بزر دەبی و کەس ناتبینێ . جا شەو ئەم قاپووتە بکە بەرو بە دزی بکەوە دوای دوازدە کچەکەی پاشا ، بزانە دەچنە کوێو چ دەکەن .»

سەربازەکە کاتێ ئەم ئامۆژگاریەی بیست زۆری هەوەس پێ هات . غیرەتی گرت و زاتی دایە بەر خۆی و بێ پەروا وەك داخوازیکەرێك لە پاشا چوە پێش . وەویشیان وەکو داخوزیکەرەکانی پێشوو بە گەرمی بەخێرهێناو دەستەبەرگێکی پاشایانەیان کردە بەر . ئێوارێ کە وەختی نووستن داهات بردیانە ژوورەکەی پێش ژووری کچەکان و کە هات بچێتە ناو پێخەفو بخەوێ کچە گەورەی پاشا بادە شەرابێکی بۆ هێنا : بەلام سەربازەکە پێشتر پارچە ئەسفەنجێکی لە ژێر بەرغەبابەی بەستبوو ، ئیدی بادە شەرابەکەی وەرگرت و وای پێشان دا کە دەیخواتەوە بەلام هەمووی بۆ کردە ناو ئەسفەنجەکە و یەك دڵۆپ چیە نەیخواردەوە ... ئینجا ڕاکشا و پاش ماوەیەکی کەم وەك ئەوەی لە خەوێکی قووڵدا بێ کەوتە پرخ و هۆڕ . کاتێ کچەکان گوتیان لە پرخ و هۆڕی بوو دایانە قاقای پێکەنین . کچە هەرە گەورەکەیان گوتی : « ئەمەش وەکو ئەوانەی دی سەری بە برین دەچێ . »
جا هەر دوازدە کچ هەستان ، دۆلاب وسندووق وباولیان کردەوە . جلو بەرگی هەرە جوانی خۆیان دەرهێناو لەبەر ئاوێنەدا خۆیان خەملاندو لە خەنی خۆشییان کەوتنە بازدان و هەڵپەڕین .
تەنیا کچە هەرە بچووکەکەیان نەبێ پەستی دایگرتبوو ، گوتی « نازانم چیمە ؟ پەستییەکی سەیر دایگرتووم . ڕەنگە ئێوە شادو دڵخۆش

بن بەڵام من هەست بەشتێك دەكەم . دڵم دەڵێ بەدبەختییەكمان بەسەردا دەسوورێتەوە .»

كچە گەورەكە وەڵامی دایەوەو گوتی : « تۆ بێ هۆش و نەفامی ، لە خوتوخۆڕاییی ترس لە خۆت

بار دەكەی . لە بیرت چوو ئەو هەموو شازادانەی هاتنە ئێرە هەجوو هەوڵیان بێ هوودەبوو و سەریان تێ چوو ؟ ئەدی شەرابی خەوم دەرخواردی سەربازەكە نەدا ؟ ئیدی خەمی چیتە ؟ خۆ ئەگەر شەرابیشم دەرخوارد نەدابایە ئەو گێل و وێلە هەر واگا نەدەهات » .

كە كچەكان هەموو تەیارو ئامادە بوون سەیرێكی سەربازەكەیان كرد ـ سەربازەكە چاوی نوقا بوو ، پرزەی لە خۆی بڕی بوو ، هیچ جوولەی نەدەكرد . ئیدی وایان زانی سەربازەكە ئاگای لە عەم بێزار نیەو وەكو جاری جاران بە سەلامەتی دەچنە سەماو دێنەوە .

كچە گەورەكە پێلەقەیەكی لە چوارپاكەی خۆی هەڵدا . ژێرەوەی لەغەم بوو . لەغەم دەركەوت و یەكەم جار كچە گەورەكە خۆی ، ئینجا كچەكانی دی یەك لە دوای یەك بەناو لەغەمەكەدا چوونە خوارێ .

سەربازەكە كاتێ ئەمەی بینی هیچ ئاوی لێ نەخواردەوە ، قاپووتەكەی لەبەر كرد و بە دوو كچەكاندا شۆڕ بوەوە خوارێ بۆ ناو لەغەمەكە . لە چوونە خوارەوەدا ، لە نیوەی ڕێگا ، پێیەكی لە كراسی كچە بچووكەكە نا . كچە هەترەشی چوو ، گوتی : « ئەیەڕۆ ، دایێ ، ئەوە چ بوو ؟ وەی لە خۆمێ ئەوە كێ بوو دامەنی كراسی ڕاكێشام » ؟

كچە گەورەكە گوتی : « چ نیە ، نە . خۆت گێل و خەشیم مەكە . چ هەیە ؟! دیارە كراست لە بزمارێك جەڕاوە » .

كچەكان بە لەغەمەكەدا شۆڕ بوونەوە ، شۆڕ بوونەوە ، تا گەیشتنە ڕێگایەكی فراوانی پڕ درەختی جوان و ئەفسووناوی ، لە وێ هەڵوەستەیەكیان كرد . درەختەكان هەموو گەڵایان زیو بوو ، لە دوورەوە دەبریقانەوەو ئاورینگیان لێ هەڵدەستا . سەربازەكە بیری كردەوە ، گوتی : « وا چاكە نیشانەیەك لەگەڵ خۆمدا ببەمەوە . » ئیدی چلەدارێكی بڕیەوە . دارەكە قرچەی لێوە هات . كچە بچووكەكە هاواری كرد : « كچێ سەرشینینە ، شتێك هەیە ! كچێ گوێتان لەو دەنگە نەبوو ؟! »

كچە گەورەكە گوتی : « ئەمە نیشانەی سەرفیرازیە چونكە خۆمان لە شازادە دزیوەتەوە و لێ نەگەڕاوین پێمان بزانێ . »

ماوەیەك ڕۆیشتن گەیشتنە ڕێگایەکی دی ، ڕێگـاکە پـڕ درەخت بوو ، درەختەکانی گەڵایان زیڕ بوو . لەوێش ڕەت بوون و ماوەیەکی دە ڕۆیشتن گەیشتنە ڕێگایەکی دی ئەویش پڕ درەخت بوو ، درەختەکـانی گەڵایـان ئەلماسی درەو شەدار بوو . سەربازەکە لەم دوو جۆرە درەختانەش یەکەو چلی بڕیەوەو هەر جارەی کە چلەکە قرچەی لێوە دەهات کچە بچووکەکـە ڕادەجفلی و زەندەقی دەچوو بەلام کچە گەورەکە دلی دەدایەوەو دەیگوت ئەمە سلاوی سەرفیرازیە .

ئەمجارە پێیان هەلیناو خێراتر ڕۆیشتن ، گەیشتنـە گۆلێکی گـەورە . دوازدە گەمی بچووك لە کەناری گـۆلەکە وەستـابوون و هـەر گەمیـەك شازادەیەکی زۆر کۆك و ماقوولی تێدا بوو . شازادەکان لە هیڤی کچەکان بوون . هەر یەکە کچێکی سوار کردو بردی . سەربازەکەش چوو سواری گەمی کچە بچووکەکە بوو . شازادەکە گوتی : « ئەمڕۆ وا هەست دەکەم گەمییەکەم لە جاران قورسترە ، نازانم هۆی چییـە ؟ بە هـەموو هێـزی خۆمەوە سەول لێ دەدەم ئینجا بە ئاستەم و دوو بەلان دەڕوا » .

کچە بچووکەکە گوتی : « سەیرە ! ئەوە دەبێ بۆ وا بێ ؟ بۆی هـەیە سووچی ئەم گەرمایە بێ ، گەرمایەکی کوشندەیە !»

کە لە گۆلەکە پەڕینەوە ، کۆشکێکی گەورەو ڕوناك و ڕازاوە لەوبەری قیت ببوەوە . دەنگی دەهۆل و زوڕناو سازو ئاوازی لێ دەهات و بەزم و هەراو هۆریایەك بووئەوسەری دیارنەبێ . هەر شازادەیەك دەستی گراوی خۆی گرت و دایانبەستە شایی و هەلپەڕکێ . سەربازەکەش تەبای وان کەوتە شایی و هەلپەڕکێ بەلام کەس نەیدەدی .

کە کچێ بیوپستایە بـادە شەڕابێـك بخواتـەوە ، سەربـازەکە خێـرا شەرابەکەی هەلدەقوڕاندو کە کچە بادەکەی دەخستـە سەر لێـوی وای دەکرد بەتالە و هیچی تێدا نییە . کاتێ کچە بچووکەکە ئەمەی دی سامێکی زۆری لێ نیشت بەلام کچە گەورەکە وەکو هەموو جارەکـانی دی هێوری کردەوە .

تا سەعات سێی بەیانی سەمایان کرد ، کە چەکمەیان لەبەر سەماکردن کون بوو سەمایان ڕاگرت . ئیدی شازادەکان کچەکانیان بە ناو گۆلەکەدا هێنایەوە ئەم بەر . ئەم جارەیان سەربازەکە لەگەل کچە گەورەکە سوار بوو . کە لە گۆلەکە دەرباز بوون و گەیشتنەوە کەنار کچەکان مالاواییان لە شازادەکان کردو گفتیان دانێ شەوی پاشتر بچنەوە .

کچەکان بە پێ بلقەی لەغەمەکەدا سەرکەوتنەوە بەلام سەربازەکە لە

بەراییدا غاری دا چوو لەناو جێ و بالینگانی خۆی ڕاکشا . هەتا دوازدە کچەکە ، شەکەت و ماندوو ، بـە لاکەلاك سـەرکەوتنـەوەو گەیشتنـەوە ژووریٚ ، سەربازەکە لەناو نوێن بە دەنگێکی بەرز کەوتە پرخە پرخ .

کچەکان گوتیان : « لە دەست ئەم کابرایەش سەلامەت دەرچووین !» ئینجا بەرگە جوانە کانیان داکەند و خستیاننەوە ناو دۆڵاب ، چەکمە دڕاوە کانیشیان فڕێ دایە ژێر چوارپاکان و لیێ ڕاکشان .

بۆسبەینێ سەربازەکە بڕیاری دا باسی هیچ نەکات و بۆشەوی دوەمیش ئەم بەزمە خۆشە ببینێ .

بەم جۆرە سەربازەکە شەوی دوەم و سێیەمیش لەگەڵ کچەکان چوو . هەموو شتێ وەکو شەوی یـەکەم ڕابـرا . هەمـوو شەوێ کچـەکان تـا چەکمەیان کون کون دەبوو سەمایان دەکرد . شەوی سێیەم سەربازەکە بادەیەکی شەڕابیشی بەنیشانە هێنایەوە .

کە سێ ڕۆژەکە تەواو بوو و کاتی ئەوە هات سەربازەکە وەڵامی پاشا بداتەوە ، سەربازەکە هەر سێ چلەدارو بادەکەی لەگەڵ خۆی بردو چوە حوزووری پاشا . دوازدە کچەکەش لە پشت دەرگا خۆیان گرت و گوێیان دایە بزانن داخۆ چ دەڵێ .

پاشا لە سەربازەکەی پرسی : « پێم بڵێ ، کچەکانم لە کوێ تا چەکمەیان کون کون بوو سەمایان کرد ؟»

سەربازەکە وەڵامی دایەوە : « لەناو کۆشکێکی قەشەنگی ژێر زەوی ، لەگەڵ دوازدە شازادەی کۆك سەمایان کرد .» ئینجا هەموو نیشانەکانی لەبەردەم پاشا دانا .

پاشا ناردیە دوو کچەکان و لێی پرسین داخۆ سەربازەکە ڕاست دەکا یان نا ؟

کچەکان کە زانییان تازە سرِیان ئاشکرا بوەو کار لە کار ترازاوە و درۆ دادیان نادا ، ناچار پێیان لە هەموو شتێ نا .

پاشا سەربازەکەی کردە سەرپشك دڵی کام کچ دەگرێ دەستی لەسەر دابنێ .

سەربازەکە گوتی : « من کەوتوومەتە ناو سالان ، گەورەکەیان لە ڕدێنی من دەوەشێتەوە .»

هەر ئەو ڕۆژە گۆوەندو زەماوەند ساز درا و پاشا وەسیەتی کرد پاش مەرگی خۆی سەربازەکە ببێ بە پاشای وڵات .

ئیدی بە خۆشی و شادی و بەختیاری ژیان .

# ٢ـ دوازدەبرا

هەبوو ، نەبوو .. پاشایەك و شابانوویەك هەبوون . پاشاو شابانوو زۆر بە ئاشتی و تەبایی و هێمنی پێکەوە دەژیان . دوازدە منداڵیان هەبوو ، هەر دوازدەیان کوڕ بوون .

ڕۆژێکیان پاشا بە شاژنی گوت :

« حورمێ ، دەزانی ئەگەر منداڵی سێزدەمینمان کچ بێ ، هەر دوازدە کوڕمان دەمرن و کچەکەمان دەبێتە خودان سامانێکی زۆرو هەموو وڵاتەکەمانی بە میرات بۆ بەجێ دەمێنێ .»

جا پاشا دوازدە تابووتی بە کردن دا . هەر دوازدە تابووتیان پڕ ئاردەدار کرد و یەکەو بالیفیان خستە ناو و هەموویان لە ژوورێك داناو دەرگایان قوفل داو پاشا کلیلەکانی دایە شاژن و تێی گەیاند ئەم مەسەلەیە لای هیچ کەسێ نەدرکێنێ .

دایکە ڕۆژ تا ئێوارە دادەنیشت و خەمی دەخواردو هەناسەی ساردی هەڵدەکێشا . کوڕە هەرە بچووکەکەیان کە دایکی ناوێکی ئینجیلی لێ نابوو ، ناوی نابوو بنیامین ، قەت لە دایکی جودا نەدەبووەوە . ڕۆژێکیان بنیامین بە دایکی گوت :

« دایکی شیرینم ، ئەوە بۆوا خەمباریت ؟!»

شاژن وەڵامی دایەوە : « گیانی دایە ، ناوێرم پێت بڵێم »

بەڵام کوڕە وازی لە دایکی نەهێناو حەجمانی لێ بڕی ، ئیدی دایکی ناچار بوو چوو ژوورەکەی کردەوەو دوازدە تابووتەکەی پێشان دا کە پڕ ئاردەدار بوون و یەکەو سەرینیان تێدا بوو . ئینجا بە بنیامینی گوت :

« بنیامین گیان ، باوکت ئەم دوازدە تابووتەی بۆ تۆو یازدە براکەت بە کردن داوە ، چونکە من سکم هەیەو ئەگەر ئەو سکەم کچ بێ ئێوە هەمووتان بە یەکەوە دەمرن و لێرە دەنێژرێن .»

شاژن بە دەم ئەم قسانەوە دەگریاو دەنووزایەوە بەڵام کوڕە بچووکەکەی دڵی دایەوەو گوتی : « دایکی ئازیزم ، مەگری ئێمە چارەی خۆمان دەکەین و سەر بۆ جێگایەکی دوور هەڵدەگرین و خۆمان دەرباز دەکەین .»

دایکە گوتی : « باشە ، کەوابێ لەگەڵ هەر یازدە براکەت سەر هەڵگرن و بکەونە ناو ئەم دونیایە ، بەڵام لە هەر کوێ گیرسانەوە یەکیکتان بڕۆنە سەر چلەپۆپەی بەرزترین درەخت و چاو ببڕنە بورجی کۆشکەکەمان . کە

سکەکەم دانا ، ئەگەر کوڕ بوو ئالایەکی سپی لە سەر بورجی کۆشك هەڵدەکەم و کە چاوتان پێ کەوت بە هێمنی وەرنەوە ، خۆ ئەگەر سکەکەم کچ بوو ئەوا ئالایەکی سوور هەڵدەکەم و کە چاتان پێ کەوت تا هێزتان تێدایە ڕاکەن و دوور بکەونەوە بەڵکو خوا چەپاڵەتان بدا . منیش هەموو شەوێ لە خەو هەڵدەستم و دوعای خێرتان بۆ دەکەم - زستان دوعاتان بۆ دەکەم ئاگرتان هەبێ خۆتانی پێ گەرم کەنەوە و هاوین دوعاتان بۆ دەکەم لە گەرمان شل و شەکەت و سەخڵەت نەبن .»

شەو ، شاژن دوعای کردو کە لە دوعا بوەوە کوڕەکانی بۆ ناو دارستان بۆی دەرچوون .

یەك لە دوای یەك لە سەر بەرزترین داربەڕوو نۆبەتیان دەگرت وسەیری بورجی سەر کۆشکیان دەکرد .

دوای یازدە ڕۆژ کە نۆرەی بنیامین هات . بنیامین بینی ئالایەك هەڵکراوە . ئالاکە سپی نەبوو ، سوور وەك خوێن وا بوو ، نیشانەی مەرگ و مردنیان بوو . کاتێ کە براکان ئەمەیان دی زۆر تووڕە بوون و گوتیان : « ئێمە ، دوازدە برا ، لە پێناوی کچێك بمرین ؟! سوێند بێ تۆڵەی خۆمان بکەینەوەو لە هەر کوێ کچێکمان دی خوێنی بڕێژین . »

ئینجا سەریان هەڵگرت و بەرەو ناو جەرگەی دارستان بۆی داکشان و لەو شوێنەی کە لە هەمووی تاریکترە خانوویەکی بچووکی ئەفسووناوی چۆلیان دی ، گوتیان : « با ئێرە بکەین بە ماڵ . بنیامین ، تۆ لە هەموومان بچووکترو بێ هێزتری ؛ تۆ لە ماڵەوە بمێنەوەو ئیش وکاری ماڵێ بکەو چاوت لە ماڵ بێ ئێمە مانانیش بۆ پەیدا کردنی خواردن دەچینە دەرەوە . »

بەم جۆرە ، هەموو ڕۆژێ یازدە براکە دەچوونە ناو دارستان . کەروێشك و شوورو بالندەو کۆترو هەر چییەکی بۆ خواردن بشیایایە ڕاویان دەکردو دەیانهێنا ماڵەوە بۆ بنیامین ، ئەویش چای دەکردن و لێی دەنان و هەموو پێکەوە دادەنیشتن دەیانخوارد .

دە ساڵ بەم جۆرە پێکەوە لەم خانوە بچووکەدا ژیان و ئاگایان لە مانگ و ساڵ نەبوو . لەم ماوەیەشدا کچی پاشا فراژی بوو . کچە ئەدگارێکی ڕێك و پێك و دڵێکی میهرەبانی هەبوو و ئەستێرەیەکی زێڕینی بە تەختی تەوێڵەوە بوو .

جارێکیان کچە خەریکی کوڵ وکانی بوو ، دوازدە کراسی لە ناو جلەکانی ماڵەوە بینی ، لە دایکی پرسی :

« دایە ، ئەرێ ئەم کراسانە هی کێن ؟! کراسی بچووکن لەوە ناکەن هی باوکم بن . »

دایکە بە دڵێکی برینداروە وەڵامی دایەوەو گوتی :

« کچی نازدارم ، ئەمانە هی دوازدە برای تۆن .»

کچە بچکۆڵانەکە گوتی : « چما من چ برام هەیە ؟ تا ئێستا نەمبیستوەو نەمزانیوە دوازدە برام هەبوو بێ . باشە .

ئەدی کوان ؟ لە کوێن ؟»

دایکی وەڵامی دایەوەو گوتی : « هەر خوا خۆی دەزانێ ئێستا دوازدە براکەت لە کام کونجی ئەم دونیایە دەسووڕێنەوە . ئینجا کچەکەی بردە ناو ژوورە نهێنیەکەو دوازدە تابووتەکەی پێشان دا کە پڕ ئاردەدار بوون و یەکەو سەرینی بچووکیان تێدا بوو ، گوتی : « کێژم ، ئەم دوازدە تابووتە دەبینی ، ئەمانە بۆ دوازدە براکەی تۆ کرابوون ؛ بەڵام کە تۆ هاتیتە سەر دونیا ئەوان بۆ ئەوەی لە مردن ڕزگار بن ڕۆیشتن و لە ماڵ دوورکەوتنەوە .»

ئینجا چ قەوما بوو ، دایکە هەمووی ، لە سەری هەتا بنی ، بۆ گێڕایەوە .

کچەکە گوتی : « دایکی ئازیزم ، مەگری ، مەلوورێنە ، من دەچم بە دوای براکانمدا دەگەڕێم و دەیاندۆزمەوەو ڕزگاریان دەکەم . »

کچە دەستی دایە هەر دوازدە کراس و ملی بە ناو دارستانەوە نا . ڕۆژ ئاوا بوو گەیشتە خانوە ئەفسووناویەکەی براکانی . چوە ژوورەوە . دیتی گەنجێکی تێدا بوو . گەنجەکە کاتێ کە چاوی بە جوانی کچەو بە بەرگی شاهانەو ئەستێرەی سەر تەوێڵی کچە کەوت شاش و مەندەهۆش بوو ، پرسی : « ئەوە تۆ لە کوێ پەیدا بووی ؟ چیت دەوێ ؟»

کچە وەڵامی دایەوە : « من کچە پاشام و دوازدە برام بزربووین ، بە دوای براکانمدا دەگەڕێم . دونیا سەراوبن دەکەم تا نەیاندۆزمەوە واز ناهێنم .» بە دەم ئەم قسانەوە دوازدە کراسی براکانی دەرهێنا و پێشانی گەنجەکەی دان .

بنیامین زانی ئەمە خوشکی خۆیانە ، گوتی : « من بنیامینم . برای هەرە بچووکی تۆم .»

کچە لە خەنی خۆشییان فرمێسکی شادی بە گوڕ هاتە خوار . بنیامینیش خۆی پێ نەگیراو لە پرمەی گریانی دا . بەو پەڕی نازو خۆشەویستیەوە یەکتریان ڕامووسی .

دوای نەختێ کوڕە گوتی : « خوچە ، ئاستەنگێکی گەورەمان لە پێشە لەبەر ئەوەی لە سۆنگەی کچێك تووشی دەربەدەری بووین و وڵاتی خۆمان بەجێ هێشت ، سوێندمان خواردوە تووشی هەر کچێك بووین بیکوژین .» .

کچەکە گوتی : « من ئامادەم بەو پەڕی شادیەوە بە پیر مەرگەوە بچم هەر هێندە دوازدە براکەم ڕزگار بن و بگەڕێنەوە ماڵێ .»

کوڕە گوتی : « خەمت نەبێ ناتکوژین .. وەرە لە ژێر ئەم تەشتە خۆت وەشێرە تا یازدە براکەمان دێنەوەو لەم بارەیەوە بڕیارێك دەدەین هەنگی وەرە دەرەوەو خۆیان پێشان بدە .» .

کچە خۆی شاردەوە . شەو ، براکانی لە ڕاوو شکار هاتنەوە ، چێشت ئامادە بوو . بە دەم خواردنەوە قسەیان دەکرد . لە بنیامینیان پرسی :

« بنیامین ، دەنگ وباس چ هەیە ؟»

بنیامین گوتی : « ئێوە لە دەرەوەن . هەقە ئێوە دەنگ وباس بۆ من بێنن ، بەڕاست هیچتان نەبیستوە ؟ وەڵامیان دایەوە : « نە » .

بنیامین گوتی : « هەرچەندە ئێوە دەچنە دەرەوە بۆ ناو دارستان و من لە ماڵەوە نابزووم بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا من لە ئێوە باخەبەرترم . »

هەموو هاواریان کرد : « دیارە شتێك هەیە . چ هەیە پێمان بڵێ . »

بنیامین وەڵامی دانەوە : « پەیمانم بدەنێ یەکەم کچمان دی نەیکوژین پێتان دەڵێم . »

هەموو هاواریان کرد : « پەیمان بێ پەیمان بێ ، ڕوحمی پێ بکەین و نەیکوژین . دە ئێستا خەبەرەکەمات پێ بڵێ . »

بنیامین گوتی : « خوشکمان هاتووە وا لێرەیە .»

تەشتەکەی هەڵدایەوە ، کچەکە لە بن تەشتەکە هاتە دەرێ . بە بەرگی شاهانەو ئەستێرەی سەر تەوێڵی ئەوەندە جوان و ناسك و نازدار بوو ، هەموو بە دیتنی شاگەشکە بوون . باوەشیان پێدا کردو ماچیان کرد .

لەوە بە دواوە ، کچەکە لەگەڵ بنیامین لە ماڵەوە دەمایەوەو لە ئیش و کاری ناو ماڵ یارمەتی دەدا . یازدە براکە دەچوونە ناو دارستان . کێوی و شوورو باڵندەو کۆتریان ڕاو دەکرد و بنیامین و خوشکیشیان ئیشی ماڵێیان دەکرد و تا ئەوان دەهاتنەوە هەموو شتێك حازر و ئامادە بوو . کچە چیلکەی بۆ شیو لێنان دەهێنا ، سەوزەی دەد[illegible] ، لە دیار مەنجەڵی سەر ئاگر هەڵدەترووشکا ، تا براکانی دەهاتنەوە شیو ئامادە بوو .

کچە ماڵەوەی زۆر باش ڕێك دەخست . نوێنەکانی هەمیشە سپی و پاك و

بێ گەرد بوون ؛ بۆیە براکانی زۆر ئاسوودەو دڵنیا بوون و هەموو لا بە تەباو تفاقی پێکەوە دەژیان .

ڕۆژێکیان ، بنیامین و خوشکی خواردن و زیافەتێکی خۆشیان کرد و هەموو بە دڵێکی خۆش دانیشتن ، دەستیان بە خواردن و خواردنەوە کرد . ئەو خانوە ئەفسووناویە باخچەیەکی بچووکی تێدا بوو ، دوازدە سووسنی لێ ڕوا بوو . جا کچە ، بۆ ئەوەی دڵی براکانی خۆش بکات ، چوە دەرەوە بۆ ئەوەی دوازدە گوڵ لە باخچە بچنێ و لەسەر خواردن پێشکەشی براکانی بکات . بەلام هەر هێندە گوڵەکانی قرتاند یەکسەر براکانی بوون بە دوازدە قەلەڕەش و بەسەر دارستانەکەدا فڕین و دوور کەوتنەوە . خانوو و باخچەکەش بزر بوون و نەمان .

بەم جۆرە کچی کڵۆڵ و بەستەزمان لەم دارستانە سەختەدا بە تاقی تەنێ مایەوە . کە ئاوڕی لە دەوروبەری خۆی دایەوە دیتی پیرەژنێك لە تەکیەوە وەستا بوو . پیرەژن گوتی : « ڕۆڵە ، ئەوە تۆ چت کرد ؟ بۆ وازت لەو دوازدە گوڵە سووسنە نەهێنا ؟ نەتدەزانی ئەمانە دوازدە براکەی تۆ بوون ؟ تازە هەتا هەتایە براکانت بوون بە قەلەڕەش . »

کچە بە دەم گریانەوە گوتی : « باشە ، پووریێ ، قەت چارەیەك نیە ؟ ڕێگایەك نیە پێی ڕزگار بن ؟»

پیرەژن گوتی : « نەء ... یەك ڕێگا هەیە ئەویش زەحمەتە بە تۆ ناکرێ . ئەگەر حەفت ساڵ خۆت لاڵ نەکەی براکانت ڕزگار نابن . بەلام لەم حەفت ساڵەدا نابێ نە قسە بکەی نە پێ بکەنی . ئەگەر تەنیا یەك سەعاتی ما بێ بۆ حەفت ساڵەکە یەك تاقە وشەت لە دەم بێتە دەرەوە هەموو ماندوو بوونت بە فیرۆ دەچێ ، لە سۆنگەی ئەم تاقە وشەیە براکانت لەناو دەچن .»

کچە لە دڵی خۆیدا گوتی : « زۆر دڵنیام کە دەشێم براکانم ئازاد بکەم .»

کچە هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا درەختێکی بەرزی دیتەوە . بە درەختەکەدا هەڵگەڕا وچوو لە سەرەوە دەستی بە تەشی ڕستن کرد بەلام نە ورتەیەکی لە دەم هاتە دەرەوە نە پێشکەنی .

بە ڕێکەوت پاشایەك ڕاوی بردە ناو ئەو دارستانە . تاژیەکی زلی پێ بوو . تاژیەکە ڕایکردە بن ئەو درەختەی کچەکەی لەسەر بوو . ئامبازی درەختەکە بوو و کەوتە وەڕین . پاشا هات و چاوی بەو شازادە نازدارە کەوت کە ئەستێرەیەکی لەسەر تەختی تەوێڵ بوو . جوانی کچە دڵی بردو پاشا تکای لێ کرد لە گەڵی بچێ و مێردی پێ بکا ؛ بەلام کچە هیچ وەلامی

نەدایەوە ، هەر هێندە سەری بۆ لەقاندا . پاشا چـوە سەر درەختـەکەو کچەی داگرتە خوارەوەو سواری ئەسپی کردو بردیەوە ماڵێ .

زەماوەندێکی بە دەبدەبەوهەیت وهۆوت کرا بەڵام بووك نە قسەیەکی لە دەم هاتە دەرێ و نە پێ کەنی . دوای ئەوەی چەند ساڵێك بە شادی پێکەوە ژیان ، دایکی پاشا کە ژنێکی بلّح و بەدکار بوو کەوتە دووزمانی لە شاژن و بە پاشای گوت :

« ئەم ژنەی تۆ کچەتیم و کچەخازەلۆکە . کێ دەزانێ داخۆ چ ئۆینی لەبن سەری دایە ؟ ئەوە گوتمان لاڵەو قسەی پێ ناکرێ ، خۆ هەرهیچ نەبێ دەتوانێ پێ بکەنێ . پێ نەکەنین نیشانەی ویژدان پیسییە .

لە سەرەتادا ، پاشا قسەی دایکی بە گوێدا نەچوو و باوەگۆی نەدایەوە بەڵام پیرژن هێندەی لەبەر خوێندو هێندە لەسەر مـەسەلەکـە ڕۆیشت و هێندە شتی خراپی بۆ پێشنیار کرد تا پاشا بە ناچاری ملی ڕاکێشاو حوکمی کوشتنی شاژنی دەرکرد .

دارێکی زۆریان لە گۆرەپانێك کەڵەکە کردو شاژنیـان لێ شەتـەك دا و ئاگریان تێ بەردا بۆ ئەوەی شاژن بسوتێنن ، پاشا خۆیشی لەبەر پەنجەرە وەستا بوو بە چاوی پڕ فرمێسکەوە سەیری چونکە ژنەی لە کن زۆر ئازیزو خۆشەویست بوو . کە زمانەی سووری ئاگرەکە کڵفەی کردو جـلی لەبەر شاژن هەللوشی حەفت ساڵەکە گەیشتە کۆتایی . ورشەیەك هات . دوازدە قەلەرەش هاتن و نیشتنەوە . کە گەیشتنە سەر زەوێ بوونەوە دوازدە برا بزرەکەی کچەو شالاویان بۆ ئاگرەکە برد و کوژاندیانەوەو خوشکی دڵسۆزو وەفاداری خۆیان ڕزگار کرد و هامێزیان تێ وەرهێناو دڵیان دایەوە . کچەش زاری بوەوەو کەوتە قسە . باسی قسەنەکردن و پێ نەکەنینی خۆی بۆ پاشا کرد و کە پاشا زانی ژنەکەی بێ تاوانە زۆری هەوەس پێ هات . تا مردن هەموو پێکەوە بە شادی و بەختەوەری ژیان ؛ بەڵام خەسووی بەدکار زۆر پەست و غەمبار بوو . لە داخان هەر قنایەوەو بنسا تا وەزگی داو مرد .

# ٣ ـ پەنجۆکەو لەندەهۆر

هەبوو ، نەبوو .. جوتیارێکی چاك و بێ گوناح هەبـوو . ئەو جـوتیارە کوڕێکی بوو . کوڕەکەی لە پەنجەی من گەورەتر نەبوو . تا چەند ساڵێك ئەو کوڕە یەك موو چیە زیادی نەکرد ، هەر بە دەقە خۆی بوو ؛ بۆیە ناویان نا ( پەنجۆکە ) .

ڕۆژێکیان کە باوکی هات بڕوا بۆ جـووت کوڕە بچکـۆڵانە پێی گـوت : « بابە ، لەگەڵ خۆتم ببە .» باوك گوتی : « نابێ کـوڕم . تۆ لێـرە بە . لە دەرەوە هیچ ئیشت پێ ناکرێ . جگە لەوەش ئەگەر بێی دەترسم لێم بزر ببی .»

( پەنجۆکە ) ی بچکۆڵە کەوتە گریەو فیغان و باوکی ناچار بوو ، بۆ ئەوەی ژیری بکاتەوە ، لەگەڵ خۆی ببا . پەنجۆکـەی خستە نـاو گیرفـانی و کە گەیشتە سەر زەوی و کێڵگە دەری هێناو لەسەر تـرۆپکی دێرە جـوتێکی تازەی دانا بۆ ئەوەی بتوانێ سەیری دەوروبەری خۆی بکات .

( پەنجۆکە ) بەم جۆرە دانیشتبوو کە ( لەندەهۆر ) ێکی زل و زەبەللاح لە شاخان هاتە خوارەوە . باوکە گوتی : « کورم ، ئەو لەندەهۆرە دەبینی وا بۆ ئێرە دێ . ئەگەر زۆر وریا نەبیت و ئاگات لە خۆت نەبێ دەتبا .»

بۆیە وای گوت چونکە ویستی ( پەنجۆکە ) بترسێنێ و لێ نەگەڕێ بڕواو وندا ببێ .

لەندەهۆر لۆقی درێژ بوو . بە دوو سێ شاقاو گەیشتە لای دێرە جووتەکەو دەستی دایە پەنجۆکەو وەك ئەوەی تەماشای قالۆنچەو کرمە سپی بکات ئاوا تەماشای پەنجۆکەی کرد . خستیە سەر لەپی . پەنجۆکە لە ناو لەپی گەورەو فراوانی کەوتە غارە غار . باوکەش وەستا بوو تەماشـای دەکرد بەڵام لە ترسان نەیدەوێرا هیچ قسە بکا .

لەندەهۆر پەنجۆکەی بردو ڕۆیشت . باوکە هیوی لە پەنجۆکە داناو بە تەما نەبوو تازە جارێکی دی بیبینێتەوە .

لەندەهۆرماڵی لە ناو دارستانێك بوو . پەنجۆکەی بردە ماڵەوە . لەوێ زۆری لێ دەخەفت . دەیخستە سەر سنگی خۆی و خـۆی چی دەخوارد ئەویشی دەرخواردی پەنجۆکە دەدا . جا لە باتی ئەوەی کورتە بـاڵایەکی کولەبنەی لێ دەربچێ بوو بە لەندە هۆرێکی کەڵەگەت و ئـازاو بەهێـزو تێکچەقیو ..

پاش دوو ساڵ ، لەندەهۆر کوڕەی بۆ مەشق بردە ناو دارستان و گوتی : « ئەو دارکاژە دەبینی ! بڕۆ لە بن و بۆتکەوە هەڵی تەکێنەو وەك داردەست پێی بڕۆ .»

کوڕە ئەوەندە بەهێزو ڤەژەن بوو لە درەختەکە نەوی و لە ڕەگ و ڕیشەوە دەری کێشا .

لەندەهۆر بیری کردەوە کە بیکا بە زەلامێکی لەوەش بەهێزتر . دووساڵی تر بە خێوی کرد ئینجا بردیە ناو دارستان بۆ ئەوەی دیسان هێـزو تین و توانای تاقی بکاتەوە .

ئەم جارەیان کوڕە پڕی دایە زلترین داربەڕوو ، وەك گەمە لە ڕەگەوە هـەڵی کێشا . لەنـدەهۆر کـە ئەمـەی بینی گـوتی : « هـاوڕێ ، تـۆ پێ ڕاگەیشتی ، ئەوەندەت بەسە .»

لە چ شوێنێکی هێنا بوو بردیە هەمان شوێن . بە ڕێکەوت باوکی کوڕەش لە جێی جاران جووتی دەکرد . پەنجۆکە ببوو بە لەندە هۆر لە باوکی چوە پێش و گوتی : « بابە ، تەماشام کە ، بزانە من کێم ؟ من کوڕەکەی تۆم . بابە ، نامنا سیتەوە ؟»

کابرای جوتیار ترساو هاواری کرد : « نەخێر ، نەخێر . تـۆ کوڕی من نی . وازم لێ بێنە ، بڕۆ دوای ئیشی خۆت .»

کوڕە گوتی : « باوکە گیان ، پێم بڕوا بکە من کوڕەکەی تۆم . منیش وەکو تۆ جۆتێکی باش دەزانم . بێنە هەندێ جووتت لە باتی بکەم .»

باوك گوتی : « جووتم لە باتی مەکە . بڕۆ ڕێی خۆت .» بەلام لەندەهۆری نوێ وازی لێ نەهێنا . وەرزێر ناچار بوو لە ترسان ڕێی دا جووتی لە باتی بکات و خۆیشی لەسەر زەوی دانیشت .

گـەنجەکـە دەستی دا هەوجـاڕ . هەر چـەندە تـەنیا بـەیەك دەست دەستەمستەی گرتبوو و دەستەندووی دادەگرت بەلام ئەوەندە بەتین بوو هەوجاڕی لە زەوی ختم کرد .

جوتیار هاواری کرد : « ئەگەر جووت دەکەی تکایە زۆری دامەگرە . ئەگەر زۆر دابکەوێ زەرەری لە قازانجی زیاترە .»

کوڕە جووتی بەردا و یەختەکانی بەرەللا کردو گوتی : « بابە ، بڕۆوە ماڵێ بە دایکم بلێ فراوینێکی باش ئامادە بکات . منیش نەختێ پیاسە لە ناو ئەم زەویە دەکەم و دێمەوە .»

یەختەکانی بەردا . خۆی هەوجاڕی ڕاکێشاو کەوتە بەرێ بە تەنێ بابی دوو سبەینان جووتی کرد و هەمووی ماڵە کرد . کـە لێ بووەوە هـەوجاڕو

کەرەستەو یەختەکان و هەموو کەل وپەلەکانی بە شانی داداو وەك دەسکە قرشەیەك بردنیەوە ماڵێ . کە گەیشتەوە ماڵێ لەسەر سەکۆ دانیشت و گوتی : « دایە ، فراوین ئامادەیە ؟»

دایك گوتی : « ئا ، ئامادەیە .» ئاخر نەوێرا نکولی بکات . دوولەنگەری گەورەی پڕی هێنا بەرێ کە بایی هەشت ڕۆژی خۆی و مێردی دەکرد . کوڕە یەکسەر هەلی لووشی و گوتی : « ئەمە هەر قاوەڵتی بوو .» ئینجا بە باوکی گوت : « باوە ، دەزانم من لەو ماڵە قەت تێر ناخۆم ؛ جا ئەگەر باریەیەکی ئاسنم بۆ پەیدا بکەی ئەوەندە قایم و پتەو بێ بە چۆکی خۆمی دابدەم و پێم نەشکێ ، ئەوا سەرم هەڵدەگرم و دەڕۆم .»

جوتیارەکە زۆر بە شادومانی هەردوو یەختەی لە عارەبانە بەست و بەرەو کوورەی ئاسنگر هاژواى . باریە ئاسنێکی ئەوەندە درێژو ئەستووری هێنا یەختەکان بە ئاستەم پێیان ڕادەکشا ؛ بەلام کوڕە باریەکەی بە چۆکی خۆی دادا و وەکو قاتۆرە فاسوولیا شکاندی و گوتی : « بابە ، دەزانم داردەستێکی وات پێ پەیدا نابێ بە کەلك من بێ ؛ مادام وایە دەڕۆم بزانم بەختم چۆن دەبێ .»

لاوە ڕۆیشت بۆ ئەوەی ببێ بە ئاسنگر . چوو گەیشتە گوندێك . گوندەکە ئاسنگرێکی کلۆلی لێ بوو ، پارەیەکی زۆری دەست دەکەوت بەلام هەرچی دەهاتە دەستی هەمووی بۆ خۆی هەڵدەگرت و هیچی لێ نەدەدایە کەس .

لاوە یەکسەر چوە ناو دوکانی ئاسنگرەکەو داوای لێ کرد بەڵکو وەك شاگردێکی کارامە ڕای بگرێ .

کابرای ئاسنگری فێڵباز تەما شایەکی لاوەی کرد . کە دیتی پیاوێکی توکمەو بە هێزەو حەز دەکا بە ئارەقەی نێوچەوانی نانی خۆی پەیدا بکات ، گوتی : « با ، شاگردم دەوێ . کرێ چیت دەوێ بلێ .»

لاوە گوتی : « هیچ کرێم ناوێ ، بەلام هەر نیو مانگ جارێك کە کرێکار پارە وەردەگرن ڕێم بدە لە باتی کرێ بۆ خۆشی دلی خۆم دوو تۆپزت لە ناو شانی بدەم .»

پیرە ئاسنگر لە دلی خۆیدا بیری کردەوە کە دەتوانێ بەرگەی شتی وا بگرێ و پارەیەکی باشیشی بۆ دەمێنێتە وە . ئیدی ڕازی بوو .

سبەینەی پاشی شاگردی تازە کەوتە کار . وەستا شیشە ئاسنێکی سوورکراوەی بۆ خستە سەر دەزگاو لاوە چەکوشێکی وای داوەشاند شیشە ئاسنەکەی پارچە پارچە کرد و دەزگای ئەوەندە لە زەوی بردە خوارێ ئاسنگر پێی دەرنە هات .

ئاسنگر کە ئەمەی دی زۆر توورە بوو ، هاواری کرد : « کوڕۆ ، تۆ زۆر خەشیم و ناشی ، بە کەلك شاگردیی من نایەیت . مامڵەتەکەمان هیچ ، ڕات ناگرم .»

لاوە گوتی : « زۆر باشە . بەڵام کرێی ئەوەندە ئیشەم دەوێ کە بۆم کردووی . بێنە لە باتی ئیشەکەم زەبرێکی بچووك و بە هێدیت لێ بدەم ئەو حەلە کەسمان لە کەس .» بە دەم ئەم قسانەوە پەنجەیەکی لە کابرا دا و تیێ هەڵدایە سەر تارمەی کاو دەستی دایە ئەستوورترین باریە ئاسنی ناو کوورخان و کردی بە داردەست و ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت .

ماوەیەك ڕۆیشت گەیشتە ماڵە وەرزێرێك . داوای لە وەرزێرەکە کرد داخۆ کرێکاری پێ ناوێ ؟ وەرزێر گوتی : « با » .

جا چۆن لەگەڵ کابرای ئاسنگر ڕێك کەوت لەگەڵ وەرزێریش هەمان شت .

بۆ سبەینێ دەبوو هەموو کرێکارەکان بچنە ناو دارستان . هەموو زوو لە خەو ڕابوون و خۆیان تەیارو ئامادە کرد تەنیا لاوەی لەندەهۆر لە ناوجێ لە شیرین خەودا بوو . یەکێ چوو پێی گوت : « ڕا بە سەرخۆ ، نهۆساتی چالاکیە . پێویستە تۆش لەگەڵ ئێمە بێی .»

لاوەی لەندەهۆر بە رووگرژی منگاندی : «بڕۆ ئیشی خۆت من پاشان دێم ، ئیشی خۆم دەکەم و زۆر پێش ئێوەش دەگەڕێمەوە ماڵێ .»

بەم جۆرە دوو سەعاتی تر خۆی لەناو جێ گنخاند . پاشان لە خەو ڕا بوو ، ناشتای کرد ، بە کاوەخۆ یەختەکانی دابەست و بەرەو دارستان کەوتە ڕێ . پێش ئەوەی بگەیتە دارستانەکە ڕێگاکە بە تەنگەبەرێك دادەچوو دەبوو هەموو کەس بەوێدا بچێ . گالیسکەی هاژوا ، ئەوەندە چل و لق و پۆپ لەم لاو لەو لا کەوتنە خوارەوە ڕێگای تەنگە بەرەکە گیراو هیچ ئەسپێ بڕی نەدەکرد .

لاوی لەندەهۆر ڕۆیشت . لە ناو دارستانەکەدا تووشی کرێکارەکانی دی بوو بەرەو ماڵ دەبوونەوە ، پێی گوتن : « لاکەون ، ئێستا دێم و پێش ئێوەش دەگەمەوە ماڵێ .»

داکشایە ناو دارستانەکەو گەورەترین درەختی بڕیەوەو خستیە ناو گالیسکەکەی قبایداوە بۆماڵەوە . کە گەیشتەوە لای تەنگەبەرە پڕ گەڵاو چل و چێوەکە بینی ئەوانەی دی هەموو گیریان خواردووەو ناتوانن دەرباز بین . پێی گوتن : دەبینن ؟ ئەگەر لەگەڵ من بمابانەوە لەگەڵ من دەگەیشتنەوە ماڵ دوو سێ سەعاتیش زیاتر دەنووستن .»

ئینجا درەختەکەی خستە سەر شانێك و گالیسکەکەی خستە سەر شانەکەی دی و وا بە سووکی ملی پێوە نا هەر دەتگوت پەڕامووچەی لەسەر شانە .

که گەیشتەوە جێ درەختەکەی پێشانی ورەرزێر داو گوتی : « بزانە ، داردەستێکی جوان نیە ؟»

وەرزێر بە ژنەکەی گوت : « حورمێ ، ئەم کابرایە شتێکە . ئەگەر لەڕادەی خۆی زیاتر بخەوێ لەوانەی دی باشتر ئیش دەکا .»

ڕۆژگار هات و چوو . لاوی لەندەهۆر سالێکی ڕەبەق ئیشی بۆ وەرزێر کرد کە هاوڕێکانی کرێیان وەرگرت ئەویش هەقی خۆی بوو داوای مافی خۆی بکات بەلام کە وەرزێر بیری لە زەبرو تۆپزی لەندەهۆر کردەوە زیلکی ڕژا . تکای لێ کرد واز لە مامەڵەی پێشوو بێنێ و لە زەبرەکان خۆش بێ هەموو زەوی و کێڵگە و مالاتی بۆ خۆی بێ .

لاوەی لەندەهۆر گوتی : « نەخێر ، من نامەوێ ببم بە وەرزێر . من کرێکارم . دەمەوێ هەر کرێکاریش بم . چۆن و لەسەر چی ڕێك کەوتووین ئەو هەقەم دەوێ .»

وەرزێر کە زانی چی پێ لەگەڵ لەندەهۆر ناکرێ لیێ پاڕایەوە لێدانەکە نیو مانگێك دوا بخات .

وەرزێر لەو ماوەیەدا هەموو دۆست و برادەرەکانی کۆکردەوە پرسی پێ کردن و داوای لێ کردن تەگبیرێکی بۆ بکەن . دۆست و برادەرەکانی ماوەیەکی زۆر بیریان کردەوە لە دیماهیدا گەیشتنە ئەو ڕایە کە باشتریت چارە ئەوەیە بە هەموویان ئەو کابرایە ئاژاوەچیە بکوژن . بەلام چۆنی بکوژن ؟

ڕێك کەوتن داوای لێ بکەن هەندێ بەردا شی زل بباتە ... وشە و لەسەر لێوی بیر دایانبنێ ئینجا داوای لێ بکەن بچێتە ناو بیرەکە و پاراوی بکاتەوە . کە چوە ناو بیرەکە بەرداشەکانی بە سەردا بەر بدەنەوەو بیکوژن .

چۆنیان دانابوو وایان کرد . کە کرێکارەکە گەیشتە بنی بیرەکە بەرداشەکانیان بە سەردا بەردایەوە . کە بەرداشەکان گەیشتنە بنی ئاوەکە شلپ و هۆڕي ئاوەکە گەیشتە سەرەوە و پرووشکی هاویشت . وای بۆ چوون کە کابرا سەری پان بۆتەوەو پارچە پارچە بوە ؛ بەلام کابرا هاواری کرد : « ئەم مریشکانە لەسەر لێوی بیر لابەرن . لەناو قومی لێوی بیرێ پرپوڵە دەکەن و خۆڵ دێتە خوارێ و دەکەوێتە ناو چاوم . چ نابینم .»

لەندەهۆر بیری پاراو کردەوەو هاتە دەرەوە ، گوتی :

« سەیر کەن گەردانەیەکی چەند جوانم هەیە !» مەبەستی ئەو بەرداشە بوو کە بەسەری کەوتبوو . یەك بە سەری کون ببوو و بە ملیدا شۆڕ ببووەوە .

وەرزێر زیاتر زەندەقی چوو . تکای لێ کرد نیو مانگی دی ماوەی بدات . دیسان دۆست و برادەرەکانی گرد کردەوە . تەگبیریان کرد شەوکرێکارەکە بنێرنە ئەو ئاشەی کە هیچ کەسێ بە زیندوویی شەوی لێ نەدەکردە ڕۆژ .

ئیدی هەر ئەو ئێوارەیە داوایان لە لاوەی لەندەهۆر کرد کە ئەو شەوە هەشت تەنەکە دان بباتە ئاش و لێی بکات .

کابرا چوە ژووری ئازووقە . دوو تەنەکەی لە گیرفانی ڕاستە کرد ، دووی لە گیرفانی چۆپە کرد ، چواریشی لە **گونیەیەك** کردو بە کۆڵی دادا و بەرەو ئاش کەوتە ڕێ .

ئاشەوان گوتی : « باراشەکەت بە شەو لێ مەکە ، بە ڕۆژ لێی بکە ؛ چونکە ئەو ئاشە سیحری لێ کراوەو هەر کەسێ شەو لەوێ بمێنێتەوە بۆ بەیانی بە مردوویی کەلەشی دەردێنن .»

کابرا گوتی : « ئاشەوان ، قەیدی نیە . ئەمن بە ساغ و سەلامەتی ڕۆژ دەکەمەوە . ئەوەندە هەیە نەختێ زوو نۆبەتم بدە . بەیانیش وەرە شوێنم .»

بەم جۆرە کابرا چوە ناو ئاش و دانەکەی لە گەرۆمەی ئاش کرد . دەوری سەعات دوازدەی شەو لەسەر سەکۆی ژووری ئاشەوان دانیشت . پاش نەختێ کت وپڕ دەرگا لە خۆوە کرایەوەو مێزێکی زل هاتە ژوورەوە . گۆشتو شەراب و شتی زۆر خۆشی بە سەرەوە بوو . ئەو هەموو شتە لە خۆوە پەیدا بوو . کەسیش دیار نەبوو ئینجا کورسی لە دەوری مێزەکە پەیدا بوون . دیسان نە میوان دیار بوو ، نە خانەخوێ ، نە پێش خزمەت . کت وپڕ هەندێ پەنجەی دی چەقۆو چەنگاڵیان هەڵگرت و خواردنیان لە فەخفووری کرد بەڵام هێشتا هەر کەس دیار نەبوو . برادەرەکەمان کە ئەم هەموو خواردنە خۆشەی دی مگێزی بووەوە ، لەبەر مێزەکە دانیشت و چی لە هەموویانی پێ خۆشتر بوو تا مڕ بوو خواردی و گوتی : « پاش ئەم جەمە نەختێ ئارەق خۆشە ! بەڵام وا دیارە خانە خوێ ئارەق کەم دەخوا .»

کە وای گوت یەکسەر باشترین قەڕابە شەڕابی هاتە پێش و بادەی لێ پڕ کرد ، فڕی کردو لێوی لستەوەو گوتی : « لەش ساغی و تەمەندرێژی بۆ هەموو هاوڕێیان ، سەرکەوتن بۆ کۆبوونەوەی شادومانی ئایندەمان .»

کە تێر خوراو فەخفووری و قاپ و بوتڵ و بادە هەموو بەتاڵ بوون کت وپڕ

چراکان کوژانەوە . کرێکارەکە گوتی : « قـەیدی نیـە . وەختی نووستن پێویست بە مۆم ناکا .»
کە تەواو تاریك داهات لاوەی لەندەهۆر هەستی کرد لەنکاوڕا زەبرێکی گرانی بەسەری کەوت ، هاواری کرد : « ئەم یاریە یاریـەکی شێتانـەیە ئـەگـەر مستێکی تـری وام بـە بنـا گـویێ بکـەوێ منیش دەستی خـۆم دەوەشێنم .»
کە دوەم زەبری پێ کەوت ئەویش زەبری خۆی وەشاند . تـا بەیـانی شەڕە مستی کردو لێ نەگەڕا ترس پشتی لێ بسەنێ هەر خەریکی زەبـر وەشاندنی خۆی بوو تا ڕۆژهەڵات . کە ڕۆژهەڵات دونیا کپ و کش و مات بوەوە .
بەیانی کە ئاشەوان هات وکابرای بە ساغی بینی سەری سوڕما . کابرا بە ئاشەوانی گوت :
« ئاشەوان ، هەندێ شەقازللەم بە دەم و چاوی کەوت بەڵام دڵنیا بە منیش تۆڵەی خۆم کردەوە بێجگە لەوە تێرو پڕیشم خوارد .»
ئاشەوان کە زانی سیحرەکە شکا زۆر شادو بەختەوەر بوو پارەیەکی ئەستووری بە کابرا بەخشی بەڵام کابرا گوتی :
« پارەم ناوێ ؛ پارەم زۆرە .»
ئیدی ئاردەکەی بە پشتی داداو بەرەو ماڵی ئاغای گـەڕایەوە و چـوو داوای کرێی خۆی لێ کرد .
وەرزێر کە زانی هیچ چارەی نەما زۆر هەراسان بوو . لە ژووری کەوتە هات و چۆ . ئارەقەی بە نێوچەوانیدا دەچۆڕایەوە . پەنجەرەی کردەوە بەڵکو هەناسە هەوایەك بێتە ژوورەوە . هـەر هێندەی زانی کـرێکارەکـە زەبرێکی خێواندێ ووەك تەپڕفڕێی دا ناوشاخان وبە زەبری دوەم ژنەکەی حەواڵەی لای وەرزێری مێردی کرد .
ڕەنگە ئێستاش ئەو ژن و مێردە نەگەیشتبنەوە سەر عەرد .
جا لاوەی لەندەهۆر بێ ئەوەی چاوەڕێ بکا داخۆ ئەنجامیان بە چ دەگا ، دەستی دایە داردەستەکەی و ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت .

# ٤ - ڕۆلاندی ئەویندار

هەبوو ، نەبوو . ئافرەتێك هەبوو . سیحربازێکی بەڕاستی بوو . ئەو ئافرەتە دوو کچی هەبوو : یەکێکیان دزێوو بەدکار بوو ، بەلاّم ژنە خۆشی دەویست چونکە کچی ڕاستەقینەی خۆی بوو ، ئەوەی تر زۆر جوان و نەرمو داوێنپاك بوو بەلاّم ژنە ڕکی لێ دەبووەوە چونکە زڕکچی بوو .

زڕکچەکە بەرهەڵبێنەیەکی زۆر جوانی هەبوو ، کچەکەی تر مەراقی لێ دا بوو .

کچە بە دایکی گوت : « دایە ، دەبێ ئەو بەرهەڵبێنەیە بۆ من بێ .»

دایکی گوتی : « کچم ، سەبرت هەبێ . بۆ تۆ دەبێ . ئەمشەو کە کچە نووست دەچم سەری پەل دەدەم جا کچم وریا بە تۆ لەو سەری جێگا ، لە بن دیوار بخەوە ، زۆریش پاڵ بە کچەوە مەدە .»

ئەگەر زڕکچی کلۆڵ و هەش وەسەر لەو کاتەدا لە کوژیەك ئەم قسانەی نەبیستایە شتەکە بە دڵی دایك و کیژە دەبوو .

دایك و کیژ ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ لێ نەگەڕان زڕکچەکە هەر بەلای دەرگاشدا بچێ .

کە وەختی نووستن داهات کچی سیحربازەکە پێشان چوە ناو نوین ولەو پەڕی جێگاکە پاڵی دایەوە بەلاّم کە خەوی لێ کەوت زڕکچەکە بە ئەسپایی جێی گۆڕی - کچەی بردە جێی خۆی و خۆی چوە جێی ئەو ، لە بن دیوار پاڵی دایەوە .

نیوەشەو ، سیحربازەکە خزیە ژوورێ . تەورێکی بە دەستی ڕاستەوە بوو . بە دەستی چەپە دەستی کوتا تا شوێنەکەی دۆزیەوە . ئینجا بە هەر دوو دەستی تەورەکەی بەرز کردەوە . دایوەشاندو سەری کچی خۆی پەڕاندا .

سیحربازەکە پاش ئەم کەتنە ڕۆیشت . زڕکچەکە هەستا چوە ماڵی ڕۆلاندی ئەویندارو لە دەرگای دا . کە کوڕە هاتە دەرەوە کچە پێی گوت :

« ڕۆلاند گیان ، گوێت لێ بێ . وەرە تا زوە ڕا کەین . زڕدایکم ویستی بمکوژێ بەلاّم من شەو جێی خۆم گۆڕی و لە باتی من تەوری لە کچی ڕاستەقینەی خۆی دا . ئەگەر ڕۆژ ببێتەوەو ببینێ چی کردوەلە ناومان دەبا .»

ڕۆلاند گوتی : « ئاخر دەبێ داردەستە سیحریەکەی لێ بدزی ئەوەك پاشان ئەگەر بەدواماندا بێ لە دەستی قوتار نابین .»

زرکچەکە داردەستە سیحریەکەی بردو سەری بڕاوی کچەی هەڵگرتو سێ دڵۆپە خوێنی لێ تکاند :

یەکێ لە تەك چوارپا ، یەکێ لە ناو ناندین ، یەکێ لەسەر پێ پلیکانە .

ئینجا چوو لەگەڵ ڕۆلاندی ئەویندارى ڕایکرد .

بەیانی کە ژنە سیحربازەکە واگا هات بانگی کچی خۆی کرد بۆ ئەوەی بەرهەلبێنەکەی بداتێ بەلام کچە وەلامی نەبوو . دووبارە بانگی کرد :

« کچم ، لە کوێی ؟»

دڵۆپە خوێنێك وەلامی دایەوە : « لەسەر پێ پلیکانەم .»

سیحربازەکە چوە سەر پێ پلیکانە بەلام هیچی نەدی . دیسان بانگی کرد :

« کچم لە کوێی ؟»

دوەم دڵۆپە خوێن وەلامی دایەوە : « لە ناو ناندینم . خۆم گەرم دەکەمەوە .»

سیحربازەکە چوە ناو ناندین بەلام هیچی نەبینی . دیسان بانگی کرد :

« کچم لە کوێی ؟»

سێیەم دڵۆپە خوێن وەلامی دایەوە : « لە ناو جێدا نووستووم .»

سیحربازەکە چوە ژووری نووستن دیتی وا کچی ڕاستەقینەی خۆی خەڵتانی خوێنەو سەری لەلەش جودا بۆتەوە . کە ئەم دیمەنەی دی ئاگری لە هەناوی بەربوو . لە پەنجەرەوە بازی دا دەرێ پیرەژنی سیحرباز چاوی تیژ بوو ،چاوی تاچەند میل دوور بڕی دەکرد . هەڵی ڕوانی ، لە دوورەوە دیتی ڕۆلاندو زرکچەکەی ڕایان دەکرد .

ژنە هاواری کرد : « ڕاکردن دادتان نادا . هەرچەندە دوور بکەونەوە لە دەستم دەرباز نابن .»

چەکمەی حەفت قۆناغانی لە پێ کرد و بەری دایە دوویان ، زۆری نەبرد نزیکیان کەوتەوە . کچە کە دیتی سیحربازەکە هات بە داردەستە سیحریەکەی ئەویندارەی کردە گۆم و خۆی کردە مراوی و لە ناو گۆمەکە کەوتە مەلەوانی . سیحربازەکە لە قەراغی گۆمەکە وەستا و چینکە نانی بۆ مراویەکە فڕێ دایە ناو ئاو و هەرچی بە خەیاڵیدا هات کردی بۆ ئەوەی مراویەکە بەرەو کەنار ڕاکێشێ بەلام بێ هوودە بوو .

کە شەو داهات سیحربازەکە ناچار بوو بە نائومێدی گەڕایەوە ماڵێ .

پاش ڕۆیشتنی سیحربازەکە ڕۆلانـدو کچەکـە گەڕانـەوە سەر شکـلی جاران و ئەو شەوە تا ڕۆژ بووەوە هەر ڕۆیشتن . کە ڕۆژ هەلات کچە خۆی کردە گوڵێکی جوانی ناو کۆتان و ڕۆلاندیشی کردە کەمانچەژەن . زۆری پێ نەچوو سیحربازەکە هات و بە کەمانچەژەنی گوت : « کەمانچە ژەن ، ئەم گوڵە جوانە بۆ خۆم لێ بکەمەوە ؟»

کەمانچە ژەن گوتی :

« فەرموو ، بۆلێ ناکەیتەوە ؟

منیش ئاوازت بۆلێ دەدەم . »

ژنە خێرا خشایە ناو کۆتان بۆ ئەوەی گوڵەکە بقرتێنێ چونکە دەیزانی ئەو گوڵە کێیە ؟ ڕۆلاند دەستی بە ئاواز لێدان کرد . ئاوازەکە ئاوازی سەمای سیحری بوو . ئیدی ژنە ناچار بوو ، خۆشی بێ و ترشی بێ ، بکەوێیە سەما . تا ئاوازەکە خێراتر دەبوو ئەو زیاتر خۆی هەڵدەدا ..

ژنە ئەوەندە هەڵپەڕی و خۆی بە چقڵ و پرچکان دا دا تا هەموو جلی لەبەر دادڕا و هەموو لەشی خوێنی لێ چۆڕایەوە . کەمانچەژەن لە ئاوازلێدان نەوەستا و ژنەش هەر سەمای کرد تا قنیاتی لەبەر بڕا ، کەوت و مرد .

کە لەم سیحربازە ڕزگار بوون ڕۆلاند بە کچەی گوت : « ئێستا دەچمە لای باوکم و تەدارەکی زەماوەند ڕێك دەخەم .»

کچـەکە گـوتی : « منیش لێرە چاوەڕێت دەکەم و بـۆ ئەوەی کـەس نەمناسێتەوە خۆم دەکەمە بەردێکی ئاسایی تا تۆ دێیتەوە .»

ڕۆلانـد ڕۆیشت و کچە بـوو بە بـەردێکی ناو زەویـەکـە . چـاوەڕێی گەڕانەوەی ڕۆلاندی دەکرد . بەلام کە ڕۆلاند گەیشتەوە مالێ کەوتە داوی ئەشقی کچێکی ترو خۆشەویستەکەی خۆی بە تەواوی لە بیر کرد .

لە ولاوەش کچەی کلۆڵ و سەرشین زۆر زۆری چاوەڕی کرد . ڕۆلاند هەر نەهاتەوە . کچە پەست و غەمباری دایگرت و خۆی کردە گوڵ و لە دڵی خۆیدا گوتی : « هیچ نەبێ یەکێك پێم لێ دەنێ .»

بە ڕێکەوت شوانێك لەو زەویە مەڕی دەلەوەڕاند ؛ چاوی بـە گوڵەکـە کـەوت ، زۆری پێ جوان بـوو ؛ لێی کردەوەو بـردیەوە مـالێ و زۆر بـە شارەزایی لە ناو سندووقێکی دانا .

لەو ڕۆژە بە دواوە زنجی شوانەکە گۆڕاو بوو بە شتێکی سەیر . سبەینان کە شوانەکە لە خەو هەڵدەستا هەموو ئیشێك کرا بوو - کورسی و مێز پاك کرابوونەوە ، ئاگر داگیرسا بوو ، ئـاو هاتبـوو . کە نیـوەڕۆ بۆ فـراوین دەهاتەوە مالێ - خوان ڕازابوەوە ، خواردنێکی خۆش و زەریف لێندرا بوو .

شوانەکە نەیدەزانی ئەم هەموو ئیشە چۆن دەکرێ و کێ دەیکا چونکە کەسی لە زنجەکەدا نەدی بوو . زنجەکەش لەوانە نەبوو کەس بتوانی خۆی تێدا بشارێتەوە .

شوانە زۆری هەوەس پێ دەهات کە ئەو خزمەتە چاکەی دەکرێ بەلام ئاخری ترسی لێ نیشت و چوە کن پیرەژنێکی ژیرو دنیادیتەو پرس و ڕای پێ کرد .

پیرەژن گوتی : « ئەوەی تۆ دەڵێی سیحری تێدایە . سبەینێ زوو ژوورەکەت زۆر چاك بپشکنە هەرچی شتێکی ناجۆرت کەوتە بەر چاو پەڕۆیەکی سپی بە سەر دادا سیحرەکە دەشکێ .»

ژنەکە چی گوت شوانەکە وای کرد .

سبەینێ لەگەڵ کەوا سپێدێ دیتی سندووق بوەوەو گوڵەکە هاتە دەرەوە . شوانەکە شالاوی بۆ بردو پەڕۆیەکی سپی بەسەردا دا . یەکسەر سیحرەکە شکاو گوڵەکە بوو بە کچێکی جوان و نازدار .

کچە دانی پێدانا کە ئەو بوو خۆی کردبوە گوڵ و هەر ئەویش بوو هەموو ڕۆژێ ئەو هەموو ئیشەی دەکرد . ئینجا هەقایەتی خۆی بە دوورو درێژی بۆ گێڕایەوە .

شوانەکە زۆری کەیف بە کچەکە هات و داوای لێ کرد کە مێردی پێ بکات بەلام کچەکە وەلامی دایەوە :

« نەخێر ، ناتوانم مێردت پێ بکەم . چونکە بڕیاریم داوە ئەگەر بمێنم بۆ ڕۆلاندی ئەویندارم دەبم و ئەگەر بمرم بۆ خاك دەبم . هەر چەندە ڕۆلاند وازی لە من هێناوە بەلام من هەمیشە دڵسۆزی ئەوم و قەت وازی لێ ناهێنم .»

بەلام لەگەڵ ئەمەشدا کچە هەر ێ بە شوانەکەدا لە کنی نەڕوات وەکو جاران کابانەتی ماڵیی بۆ بکا .

لەولاوەش ڕۆلاند خەریك بوو ئەو کچە بگوازێتەوە کە دڵی لێ سەند بوو . زەماوەند ڕێك خرا بوو . بە پێی داب و دەستووری کۆنی خۆیان بانگیان ڕاهێشت کە هەموو کچی ولات بچن لە شەرەفی بووك و زاوا گۆرانی بڵێن .

کاتێ کە کچەی دڵسۆزو بە ئەمەك ئەم بانگەوازەی بیست زۆر پەستو غەمبار بوو . ئەوەندەی خەم خوارد وەخت بوو دڵی شەق ببا . حەزی نەدەکرد بچێتە ئەو زەماوەندە بەلام کچەکانی دی هاتن بە خورتی بردیان .

لە زەماوەندەکە گۆرانی و گەرەلاوژە بوو بەلام هەموو جارێ کە کچە نۆرەی دەگەیشتێ خۆی لە پەنا ئەوانی تر دەدنا تا تەنیا خۆی مایەوە ئیدی

نۆرەی گەیشتە سەرو ناچارتیی هەڵکردە گۆرانی بەلام هەر هێندە چریکەی لێ هەستا و دەنگی گەیشتە ڕۆلاند ، ڕۆلاند بازی هەڵداو هـاواری کرد :
« ئەمەیە دۆستی دێرینم . ئەمەیە دەزگیرانی ڕاستەقینەم ، لەمـە زیاتـر کەسم ناوێ .»

ڕۆلاند سەراپای ڕابردووی هاتەوە یاد کە پێشتر لە بیری کـرد بوو . شادی و خۆشی ڕژایە دڵ .

بەم جۆرە کچەی دڵسۆزو وەفادار مێردی بە ڕۆلاندی نەویندار ی خۆی کرد و هەرچی خەم و جەخار بوو نەیما و شادی و بەختیاری ناود سیان بۆ کردەوە .

## ٥ ـ بۆقی شازادە

لە زەمانی هەرە کۆن و دێریندا ، ئەو کاتەی کە پیاو ئارەزووی هەر شتێکی بکردبایە بۆی دەهاتە جێ ، پاشایەك هەبوو زۆر کچی جوان و ناسك بەدەنی هەبوو بەڵام ئەوەی هەرە بچووکیان ئەوەندە جوان بوو ، ( ڕۆژ ) بە ڕۆژانی خۆی کە ئەوەندە دنیای دیوە هەر جارێ چاوی بەو کچە بکەوتایە سەری لە جوانی سوڕ دەما .

دارستانێکی چڕ لە نزیك کۆشکی شاهانە هەبوو . ئەو دارستانە لە بن دارزەیزەفونێك کانیەکی تێدا بوو ، هەر کاتێ کە ڕۆژ گەرمو خۆش بوایە کچە گچکەی پاشا دەچوە ناو دارستانەکەو لەسەر لێوی ئەو کانیە فێنکە دادەنیشتو ئەگەر وەڕس بوایە تۆپێکی زێڕی دەردە هێناو هەڵی دەداو دەیقۆزتەوە . ئەم جۆرە سەیران و رابواردنەی پێ لە هەمود شتێ خۆشتر بوو .

ڕۆژێکیان ، وا ڕێ کەوت کچە گەمەی بە تۆپەکە دەکرد . بەڵام کە هەڵی دا پێی نەگیرایەوە تۆپەکە لە نزیك لێوی کانیەکە بەربووەوە سەر زەوی و گلۆر بووەوە ناو کانیەکە .

کچی پاشا دیتی تۆپەکەی کەوتە ناو ئاوێ بەڵام کانیەکە زۆر قووڵ بوو ، بنی دیار نەبوو .

کچە دانیشت و دەستی بە گریان کرد . هەر گریا ، گریا ... لەو گریانەدا بوو گوێی لە دەنگێ بوو دەیگوت : « کچی پاشا ئەوە چ تەنگو چەلەمەیەکت هەیە ؟ ڕۆندکت بەرد دەتوێنێتەوە .»

کچە سەری هەڵبڕی بۆ ئەوەی بزانێ ئەو دەنگە لە کوێوە دێ . بۆقێکی دزێوی دی سەری لە ئاو دەرهێنا بوو .

کچەکە گوتی : « ئای ، پیرەی نازفرۆش ، ئەوە تۆی . گریان بۆ من نەبێ کێ باشە ؟ تۆپە زێڕەکەم کەوتۆتە ناو ئاوو پێم دەرنایە .»

بۆقەکە گوتی : « گوێی مەدەرێ ، واز لەو گریانە بێنە . من یارمەتیت ـدەدەم . باشە ئەگەر تۆپەکەت بۆ دەربێنم چیم پێ دەدەی ؟!»

کچەکە گوتی : « بۆقی ئازیز ، هەرچی زارت هەڵبگرێ دەتدەمێ . هەر بەرگێکت دەوێ ، هەر خشڵ و مرواریەکت دەوێ ، تەنانەت ئەگەر تاجی زێڕی سەری منیشت دەوێ دەتدەمێ .»

بۆقەکە گوتی : « بەرگ و خشڵ و مرواری و تاجی زێڕم ناوێ ، بەڵام ئەگەر بێت و منت خۆش بوێ و بە هاوڕێی خۆتم قبووڵ بکەیت و یاریم لەگەڵ بکەیت و لێ بگەڕێی لەسەر خوان لە تەک تۆ دابنیشم و زاد لە قاپی تۆ بخۆم و ئاو لە پەرداخی تۆ بخۆمەوە و لەناو چوارپای بچووکی تۆ بخەوم ـ ئەگەر هەرێی ئەم هەموو شتانەم پێ بدەی ئێستا خۆم لە کانی نقووم دەکەم و تۆپە زێڕەکەت بۆ دەردێنم .»

کچە وەڵامی دایە وە : « باشە ، مەرج بێ ئەم هەموو شتە بکەم . هەرچی تۆ بتەوێ بیکەم هەر هێندەیە تۆپە زێڕەکەم بۆ بێنە دەرەوە .»

ئینجا لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەم بۆقە قسەی چەند بێ مانا دەکا ! ئاگای لێ نیە کە تەنیا دەتوانێ لەناو ئاودا بژی و لە گەڵ بۆقەکانی دی قیرەقیر بکات و ناتوانێ ببێ بە هاوڕێی هیچ کەسێك !»

بەڵام بۆقەکە هەر هێندە گوێی لە سۆزو پەیمانی کچەکە بوو ، یەکسەر خۆی لە ئاو نقووم کرد و شۆڕبووەوە بنی کانیەکە . پاش نەختێ سەرکەوتەوە ، تۆپەکەی بە دەمەوە بوو ، هێنای فڕێی دایە سەر گیاو گوڵەکە .

کچی پاشا کە چاوی بە تۆپە جوانەکەی کەوتەوە لە خەنی خۆشیان شاگەشکە بوو تێی ڕوو هات و هەڵی گرتەوەو بردیەوە .

بۆقەکە هاواری کرد : « ڕاوەستە ، ڕاوەستە ، بە تەنێ مەڕۆ ، منیش لەگەڵ خۆت ببە ، من بەقەد تۆ نابەزم .»

بەڵام کەلکی نەبوو ئەوەندەی قیرەقیری کرد کچە هیچ گوێی پێ نەدا ، بگرە بە لەزو بەز بەرەوماڵ بووەوەو زۆری نەبرد بۆقەکەی بە تەواوی لەبیر کرد . بۆقەکە گەڕایەوە ناو کانی جاران .

ڕۆژی پاشتر ، کچی پاشا لەگەڵ پاشاو سەراپای دەرباری شاهانە لەسەر خوان بوون ، خواردنیان لە هیرباری زێڕ دەخوارد ، شتێ تەپ تەپ بە پێ پلیکانەی مەڕمەڕدا سەرکەوت و پاشان تەق تەق لە دەرگای داو هاواری کرد :

« کچە گچکەی پاشا ، دەرگام لێ بکەوە بێمە ژوورەوە .»

کچە هەرڕای کرد بزانێ کێیە . بەڵام کە دەرگای کردەوە دیتی بۆقەکەیە لەبەر دەرگا وەستاوە . کچە بە توندی دەرگای داخستەوەو بە پەست و نیگەرانی چووەوە جێی خۆی .

پاشا هەستی کرد کچە دڵی ڕنگەو هۆڕ لێ دەدا ، گوتی : « کچم ، ئەوە بۆ هێندە دەترسی ؟! ئەوە دێوە هاتۆتە بەر دەرگا بتفرێنێ ؟ چیە ؟!»

کچە وەڵامی دایەوە : « نەء ، دێو نیە ، بۆقێکی بێزەوەرو ترسناکە !»
پاشا گوتی : « بۆقی چی ؟ بۆق چی دەوێ ؟» کچە وەڵامی دایەوە : « باوکە گیان ، چیت لێ بشارمەوە ، دوێنێ لە لێوی کانی دانیشتبووم گەمەم بە تۆپە زێڕەکەم دەکرد . تۆپم لێ کەوتە ناو کانی و دەستم بە گریانێ کرد . لەو کاتەدا ئەو بۆقە هات و تۆپەکەی بۆ دەرهێنام . ئێستاش وا هاتۆتە بەر دەرگا دەیەوێ بێتە ژوورەوە بۆ کنەمن .»

بۆقەکە دووبارە لە دەرگای داو هاواری کرد :

**کچەگچکەی پاشا ،**
**دەرگام لێ بکەوە !**
**لەسەر کانی چ بەڵێت دامێ ؟**
**کچە گچکەی پاشا ،**
**دەرگام لێ بکەوە !**

پاشا بە توندو تیژی گوتی : « گفتی چیت داوە دەبێ بە جێی بێنی . هەستە برۆ دەرگای لێ بکەوە با بێتە ژوورەوە .»

کچە چوو دەرگای کردەوە . بۆقە کە بازی دایە ژوورەوە . دوو بە دووی کچەکە ڕۆیشت و چوە لای کورسی کچەکە . لەوێ ڕاوەستاو هاواری کرد :

« بڵندم کە ، لە تەنیشت خۆتم دابنێ .» بەڵام کچە دەستی نەدایەو بڵندی نەکرد تا پاشا فەرمانی -,ی کرد . کە بۆقەکە گەیشتە سەر کورسیەکە خۆی بۆ مێزەکە هەڵکوتا و لەسەر مێز هەڵکوڕماو گوتی : « ئێستا قاپە زێڕەکەت بێنە بەم لاوە با نەختێ پێکەوە بخۆین »

کچە قاپی خواردنی لێ نزیك کردەوە بەڵام زۆر ناڕەحەت و دڵگو شراو بوو .

بۆقەکە پڕ بە دڵ خواردنەکەی دەخوارد کەچی کچەکە هەر پاروویەکی بەلاوە چەنگە دڕکێك بوو لە گەرووی دەچەقی .

لە دیماهیدا بۆقەکە گوتی : « ئێستا ئەوە تێر بووم ، ئینجا لەبەر ئەوەی زۆر شەکەتم دەبێ بمبەیتە ژووری خۆت و پێخەفی ئارمووشت » .

ڕابخە پێت وهەر دووکمان پێکەوە ڕابکشێین و بخەوین .

کچی پاشا لە پرمەی گریانی دا . زەندەقی لەو بۆقە ساردە چوو بوو کە بە هیچ شتێ ڕازی نەدەبوو بەوە نەبێ لەناو پێخەفی پاك و جوانی کچەدا بخەوێ .

پاشا لە کچەکەی تووڕە بوو و گوتی : « لە کاتی تەنگانەو پێویستیدا پەیمانی چیت بەم بۆقە داوە دەبێ ئێستا بیهێنیتە دی .»

جا کچە بە دوو پەنجە بۆقەکەی هەڵگرت و بردیە نهۆمی سەرەوە و لە کوژیەك دایینا . کە چوو بخەوێ بۆقەکە بازێکی هەڵداو گوتی :

« منیش شەکەتم دەمەوێ وەکو تۆ لەناو پێخەفی نەرم و گەرم بخەوم . بمبە سەر چوارپاکەت نەوەك بە باوکت دەڵێم .»

کچە تووڕەیی جۆشا ، دەستی برد بۆقەکەی گرت و تا هێزی تێدا بوو بە دیواری داداو هاواری کرد :

« ئەوجا کپ دەبی ، بۆقی بێزەوەر ؟» بەڵام بۆقەکە کە بەربووەوە لە بۆقاتی شۆڕاو یەکسەر بوو بە کوڕە پاشایەکی کۆك و چاو جوان .

کوڕە بە ڕەزامەندی پاشا کچەی مارە کردو بوون و بە ژن و مێرد .

ئینجا کوڕە بۆ کچەکەی گێڕایەوە چۆن سیحربازێکی بەدکار سیحری لێ کرد بوو و لەو کچە پێوە کەس نەیدەتوانی ئازادی بکات . پاشان داوای لە کچەکە کرد کە بچنە وڵاتی باوکی .

کوڕە خەبەری نارد پاش ماوەیەك گالیسکەیەك هاتە بەر دەرگا . هەشت ئەسپی سپی ڕایاندەکێشا ، هەشت پەڕی سپیان بەسەرەوە بوو ، زین و جلەویان زێڕ بوو . هنری کە نۆکەرێکی دڵسۆزی شازادەکە بوو لە پشت گالیسکەکە وەستا بوو .

کاتی خۆی کە شازادەکە بوو بە بۆق بە هنري دڵسۆز زۆری خەم و خەفەتو ئازار چەشت و سێ تۆقی ئاسنی لە دڵی خۆی کری دا بۆ ئەوەی لەبەر خەمو ناخۆشی دڵی نەتەقێ .

کاتێ گالیسکەکە شازادە و کچەی هەڵگرتو بەرەووڵاتی باوکی شازادە کەوتە ڕێ ، هنری دڵسۆز لە دواوە هەستایەوەو لە خەنی خۆشی ڕزگاربوونی ئاغاکەی تا بڵێی شادو بەختەوەر بوو .

ماوەیەك ڕۆیشتن . شازادە دەنگێکی هاتە بەر گوێ . دەنگەکە لە پشت گالیسکەکەوە هات و وەکو دەنگی شکانی شتێك وا بوو . شازادە ئاوڕی دایەوەو هاواری کرد :

**« هنری ، ئەوە پێچکەی گالیسکە بوو شکا ؟ »**

**هنری وەڵامی دایەوە :**

**پێچکە نەبووِ شکا ،**
**تۆقی سەر دڵی من بوو**
**کەخەمیدەردی تۆ دایگرتم**
**ئەو تۆقەم لە دڵم بەست**
**تا ئازاری دڵم کەم بێتەوە .**

پاش ماوەیەك هەمان دەنگ هات و شازادە دیسان وای زانی ئەمە پێچکە بوو شکا کەچی دیسان دەنگی شکانی تۆقەکانی تری سەر دڵی هنري دڵسۆز بوو چونکە پاش ڕزگاری شازادە کەوتبوە خۆشی و شادی و پێویستی بەو تۆقانە نەما بوو .

# ٦ ـ مێخەك

هەبوو ، نەبوو .. شاژنێك هەبوو . هیچ مندالّی نەبوو . هەموو سبەینان کە لەناو باخچەدا پیاسەی دەکرد ، دەپاڕایەوە کە کچێك یان کوڕێکی ببێ .

ڕۆژێکیان فریشتەیەك هات و مزگێنی دایە :

« دلّنیا بە کوڕێکت دەبێ و کوڕەکەت توانـایەکی وای دەبێ هـەرچی ئارەزوو بکا بۆی دەبێ .»

شاژن هەر ڕایکرد بۆ لای پاشاو ئەو خەبەرە خۆشەی پێ ڕاگەیاند .

شاژن کە هاتە سەر ڕۆژو سەعاتی خۆی کوڕێکی بوو ، تا بلّێی بەو کوڕە شادو کەیفخۆش بوون .

هەموو بەیانیـان ، شاژن کـوڕە ڤچووکـەکەی دەبـردە ناو بـاخچە . باخچەکە گیا نداری کێوی تێدا ڤوو . لەوێ لە ناو کانیەکی ڕوون و بریقەدار دە یشووشت .

کە کوڕەکە نەختێ فراژی بوو . ڕۆژێ شاژن لە ناو باخچە دانیشتبوو کوڕەکەی لەسەر کۆشی خۆی دانا بوو ، لەم حالّەتەدا بووخەوی لێ کەوت .

مالّی پاشا چێشتکەرێکی بە سالاّچوویان هەبوو دەیزانی ئەو کوڕە هێزی ئارەزوو خواستنی تێدایە . جا کە بینی شاژن نوو ستوە چوو کوڕەکەی لێ دزی و مریشکێکی سەربڕی و هەندێ دلّۆپە خوێنی بەسەر جلی شـاژندا ڕشت . مندالّەکەیشی بردە شوێنێکی نهێنیو لەوێ داینـاو جێ و ڕێی بۆ مسۆگەر کرد و ڕایکردەوە لای پاشاو زمانی لە شاژن داو تاوانباری کردو گوتی : ئاگای لە کوڕەکە براوەو دڕندە بردوویانە .

پاشا کە جلی بە خوێنی شاژنی دی بە قسەی چێشتکەرەکە باوەڕی کرد و لە ڕکان هەر وەخت بوو شەق ببا .

پاشا بڕیاری دا بـورجێکی بلّندیـان دروست کرد . نـە تیشکی ڕۆژی دەچوە ناو و نە تریفەی مانگ . ئینجا فەرمانی دا ژنەکەی ببەنە ناو ئەم بورجە و دەرگای بە خشت بگرن بۆ ئەوەی تا حەفت سالّ بێ خواردن و خواردنەوە لەوێ بمێنێتەوە تا وردە وردە دادە هێزرێ و لەناو دەچێ .

بەلاّم لە ماوەی ئەم حەفت سالّەدا دوو فریشتە لە قالبی دوو کـۆتری سپیدا هەموو ڕۆژێ دوو جار لە ئاسمانەوە دەهاتنە خوارێ و خواردنیان بۆ دەهێنا .

لەولادش چێشتکەرەکە بیری کردەوە ، گوتی :
« ئەگەر ئەم منداڵە بە ڕاستی هێزی ئارەزووی تێدا بێ و منیش هەرلێرە بمێنمەوە زۆر بە ئاسانی ڕسواو شەرمەزار دەبم .» ÷ ؛ /ۆشکی بەجێ هێشت و چوە لای کوڕەکە کە ئەو وەختە فێری قسە ببوو ، بە کوڕەکەی گوت :
« ئارەزووی کۆشکێکی جوان بخوازە باخچەو هەموو شتێکی تێدا بێ .»
هەر هێندە وشەکان بەسەر زاری کوڕەکە داهاتن یەکسەر هەرچی داوای کرد بوو لەوێ حازر بوو .
پاش ماوەیەك چێشتکەرەکە گوتی : « باش نیە تۆ تەنیا بیت . ئارەزووی کچێکی خوشکۆك بخوازە ببێتە هاودەمت .»
شازادە ئارەزووی خواست و یەکسەر کچێکی لەبەردەم پەیدا بوو . کچێکی ئەوەندە جوان بوو هیچ وێنەکێشێك ناتوانێ نیگاری وا بکێشێ .
کچەو کوڕە هۆگری یەکتر بوون و هەمیشە پێکەوە یاریان دەکرد بەڵام چێشتکەرەکە وەکو پیاوێکی ماقووڵ و خانەدان بۆ ڕاوو شکار دەچوە دەرەوە .

ڕۆژێکیان چێشتکەرەکە بیرێکی سەیری بۆ هات ، گوتی : « بۆی هەیە شازادە غەریبی باوکی هەڵبستێ و ئارەزوو بکات بچێتەوە لای و سەردانێکی بکات ، ئەوحەلە هەڵوێستەکەم زۆر ناخۆش دەبێ .» هەستا چوو کچەی جودا کردەوە لایەك و پێی گوت : « ئەمشەو کە کوڕەکە خەوی لێ کەوت برۆ ئەم چەقۆیەی لەسەری دڵی بچەقێنە . دڵ و زمانی ببڕەو بۆ منی بێنە . ئەگەر وا نەکەی لەسەرت دەدەم .»
چێشتکەر ڕۆیشت بەڵام کە ڕۆژی پاشی هاتەوە کچە فەرمانەکەی بە جێ نەهێنا بوو . کچە گوتی : « بۆچی خوێنی ئەو پیاوە بڕێژم کە بە درێژایی ژیانی زەرەری بۆ هیچ کەسێك نەبوە .»
چێشتکەر لێی دووپات کردەوە و گوتی : « ئەگەر ئەمجارە بە گوێم نەکەی لە سەرت دەدەم .»
کە چێشتکەر ڕۆیی کچەکە فەرمانی دا کارمامزێکیان هێنا . سەری بڕی و دڵ و زمانی دەرهێنا و خستیە سەر قاپێك و کە چێشتکەر دەرکەوت کچە بە کوڕەکەی گوت :
« برۆ تاو جێ و خۆت باش داپۆشە !» پیرەی سەگسار هاتە ژوورەوەو گوتی : « کوا دڵ و زمانی کوڕەکە ؟!»
کچە قاپەکەی لەبەر دانا ، بەڵام شازادە لەسەر خۆی لاداو گوتی :

« هەی پیرەی سەگسارو تاوانبار ، ئەوە بۆ دەتەوێ بمکوژی ؟ ما دام کابرایەکی هێندە دڵ پیسی فەرمووگوێ لە سزای خۆت بگرە .. تۆ دەبی بە توولەیەکی ڕەش و زنجیرێکی زێڕت لە مل دەبێ و ناچار دەبی ئەوەنـدە پەنگرە ڕەژووی گەش بخۆی تا گڕی ئاگرت لە دەم دێتە دەرەوە .»

کە ئەم قسەیەی کرد پیرەمێردەکە بوو بە توولەیەکی ڕەشی زنجیرێکی زێڕ لە مل . لادەستی کابان ڕەژووی گەشکراوەی هێناو ناچار بوو تا گڕی لە زار هاتە دەرەوە خواردی .

شازادە ماوەیەك لەو کۆشکە مایەوە . غەریبی دایکی هەستا . گـوتی دەبێ ئێستا مابێ ، نەما بێ ؟ دوا جار بە کچەکەی گوت : « من دەچمەوە وڵاتی خۆم . ئەگەر پێت ناخۆش نیە وەرە لەگەڵ خۆمت دەبەم .»

کچـە وەڵامی دایـەوە : « تــواهــوو ! دوورە ، زۆر دوورە ! لە وڵاتی غەریبیان چ بکەم ؟ لەوێ کەس ناناسم .»

لەبەر ئەوەی کچەکە حەزی نەدەکرد بچێ وکوڕەکەش نەیدەتوانی لێی جودا بێتەوە . کوڕە کچەی کردە مێخەکێکی جوان و لەگەڵ خۆی بردی .

کوڕە ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت ، توولەکەش بە گەڵی ەوت . هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا گەیشتەوە ماڵی خۆیان . لەوێ یەکسەر چوە ئەو بورجەی دایکی تێدا بوو . بورجەکە زۆر بەرز بوو . کوڕە ئارەزووی پەیژەیەکی کـرد کە بیگەیەنێتە سەرەوە . بە پەیژەەدا هەڵگەڕا ، تەماشایەکی ناو بورجەکەی کردو هاواری کرد :

« دایە گیان ، شاژنی خان و مان ، ئەوە هەر ماوی ؟!»

شاژن وای زانی ئەمە ئەو فریشتانەن کە خواردنیان بۆ دەهێنا ، گوتی :

« تازە زادم خواردوە ، چیترم ناوێ !» کوڕەکە گوتی : « دایە ، من کوڕە ئازیزەکەی تۆم کە وایان بـڵاد کرد بـۆوە دڕندە خـواردوومی ؛ بەڵام وا نەبوو .. دەبینی وا زیندووم . هاتووم ڕزگارت بکەم .»

کوڕە لە بورجەکە هاتە خوارێ . چوە لای پاشای بـاوکی و وەك کوڕە ڕاوکەرێکی بیانی خۆی پێ ناساندو گوتی حەز دەکەم ببەم بە نۆکەرتان .

پاشا گوتی : « باشە ، ئەگەر نێچیرڤانێکی کارامە بیت و زۆرت گۆشت مامز پێ پەیدا ببێ ڕاتدەگرم بەڵام ئەم ناوچەیە چۆڵ و قەفرەیـە و هیچ نێچیری تێدا نیە .»

ڕاوکەر گفتی دا کە پاشا چەندی بۆ خوانی شاهانە پێ دەوێ نێچیری بۆ ڕاو بکا .

کـوڕە هەمـوو ڕاوکەرەکـانی کۆکـردەوەو لەگەڵ خـۆیدا بـردنیە نـاو

دارستان و فەرمانی دا بازنەیەکی گەورەیان پێك هێنا تەنیا یەك دەرگای تێدا بوو . جا خۆی چوو لە ناوەڕاستەوە وەستاو ئارەزووی خواست نێچیرێکی زۆر بێتە ناو ئەو بازنەیە . یەکسەر دووسەد نێچیر پتر هاتنە ناو بازنەکەو ڕاوکەرەکان هەموویان پێکاو لە شەست عارەبانە باریان کردن و بەرەو ماڵ بوونەوە بۆ کن پاشا .

بەم جۆرە پاشا جارێکی تریش تامی نێچیری چەشت کە چەند ساڵ بوو چاوی پێ نەکەوتبوو .

پاشا زۆری هەوەس بەو ڕاوە هات و فەرمانی دا سەراپای بارەگای شاهانە بچنە سەر زیافەتی ڕۆژی پاشتر . کە هەموو کۆبوونەوە پاشا بە ڕاوکەرەکەی گوت :

« لەبەر ئەوەی تۆ زۆر زیخ و زیرەکی دەبێ لە تەنیشت من دابنیشی .»

ڕاوکەر وەڵامی دایەوە : « جەنابی پاشا ، تۆم خۆش بێ ، من ئەوەندەم بەسە کە ڕاوکەرێکی کڵۆڵی دەربارم .»

پاشا سووڕ بوو ، گوتی : « فەرمان فەرمانی منە دەبێ لە تەنیشت ن دابنیشی .»

ڕاوکەر کە لە تەنیشت پاشا دانیشت دایکی ئازیزی هاتەوە بیر . ئارەزووی خواست کە یەکێ لەوانەی بارەگا باسی دایکی بکات .

هەر هێندە ئەو ئارەزوەی خواست یەکسەر مارشالی خانەدان و پایەبەرز گوتی : « پاشا ، بە یارمەتی جەنابت ، ئێمە مانان هەموو لێرە شادو خەندانین بەلام داخۆ دەبێ شاژن ئێستا لە چ حاڵێکدا بێ ؟ دەبێ لەناو ئەو بورجە داخراوە مابێ یان مرد بێ ؟»

پاشا وەڵامی دایەوە : « حەز ناکەم گوێم لە باسی ئەو ژنە بێ کە جگەر گۆشە نازدارەکەمی دەرخواردی دڕندان داوە .»

ئینجا کوڕەکە هەستایەوەو گوتی : « ئەی پاشای گەورەو میهرەبان ، شاژن هێشتا ماوەو نەمردوە . کوڕەکەشتان دەرخواردی دڕندان نەدراوە . کوڕەکەتان وا لەبەر دەمتاندایە ، من کوڕەکەی ئێوەم . درۆیە . دڕندە منیان نەخوارد بوو . چێشتکەری سەگسار منی دزی بوو . ئەو کاتەی کە دایکم منی لەسەر کۆشی بوو و لە ناو باخچە خەوی لێ کەوتبوو منی لە دایکم دزی بوو و خوێنی مریشکی بەسەر کراسی دایکم دا ڕشتبوو تا تۆو خەڵك و خوا بڕوا بکەن کە دڕندە منی خواردوە .»

ئینجا توولە ڕەشە زنجیری زێڕ لە ملەکەی هێناو گوتی : « ئەم تووڵە ڕەشە دەبینی ؟ ئەمە چێشتکەرە خوێڕی و تاوانبارەکەیە .»

پاشان فەرمانی دا هەندێ پەنگرە ئاگریان هێناو سەگەکە ناچار بوو تا گڕی لە زار هاتە دەرێ لەبەر دەم خەڵکەکە پەنگرە ئاگری خوارد .

ئینجا کوڕە رووی کردە پاشا و گوتی : « دەتەوێ چێشتکەرەکە بە شێوەی ڕاستەقینەی خۆی ببینی ؟»

پاشا گوتی : « ئا » .

کوڕە ئارەزووی خواست چێشتکەر ببێتەوە بنیادەم . دەم ودەست چێشتکەر بووەوە چێشتکەری جاری جاران ، بە بەرهەڵبێنەی سپی و چەقۆی بەر کەمەرەوە لەوێ پەیدا بوو .

پاشاکە کە چاوی پێ کەوت قینی جۆشا و فەرمانی دا فڕێیان دایە ناو قووڵترین زندان .

ڕاوکەر کەوتەوە قسەو گوتی : « بابە گیان ، چێشتکەری بەدمەزەب کچێکی تێ گەیاند بوو کە بمکوژێ هەر چەندە ئەگەر کچە منی بکوشتبایە خۆیشی سەری تێ دەچوو بەڵام بە مهرەبانی خۆی فەرمانی چێشتکەری پێ شێل کردو منی ڕزگار کرد . بابە ، حەزدەکەی ئەو کچە میهرەبانە ببینی ؟»

پاشا گوتی : « ئا . حەز دەکەم . زۆر بەختەوەرو سەربلند دەبم ببینم .»

کوڕە گوتی : « باوکە گیان ، جارێ ترتەماشایەکی بکە کە لە بەرگی گوڵێکی جوان دایە .»

دەستی بردە ناو گیرفانی و مێخەکەکەی دەرهێنا . پاشا قەت مێخەکی وا جوانی نەدی بوو . ئینجا کوڕەکە گوتی : « ئێستاش لە قالبی ڕاستەقینەی خۆیدا ببینە .»

کە ئەم ئارەزوەی بەسەر زاردا هات کچە بە وپەڕی جوانی وقەشەنگی و چەلەنگی لەبەر دەمیان قیت بووەوە . ئەوەندە جوان بوو گەورەترین نیگار ی وا جوانی پێ ناکێشرێ .

پاشا خانم و خاتوون و قەرەواشی ناردن بۆ ناو بورجەکە تا شاژن بێتەوە سەر خوانی شاهانە بەڵام تا ئەوان گەیشتنە ناو بورجەکە شاژن تاقەتی خواردن و خواردنەوەی نەمابوو . شاژن گوتی : « ئەو خوایە میهرەبانەی کە ئەو ماوە دوورو درێژە ژیان پاراستم ئێستا ئەم زوانە دەمباتەوە هەقان .»

دوای سێ ڕۆژ ، شاژن ئەمری هەقی بەجێ گەیاند . لە کاتی جەنازەو دابی ناشتندا ئەو دوو کۆترە سپیەی لە کاتی بەندێتیدا ڕۆژێ دوو جار خواردنیان بۆدەهێنا هاتن بەگەلی کەوتن وبەسەرگۆڕەکەیدا سوورانەوە .
پاشا فەرمانی دا چێشتکەری بەدکاریان کردە چوار لەت . بەلام دڵی ئەوەندە کەیلی خەفەت بوو ، ئەوەندە بە ئازار بوو ، زۆری نەبرد ئەویش مرد .
کوڕەکەش ئەو کچەی لە خۆی مارە کرد کە کردبوویە مێخەك ولەگەڵ خۆی هێنا بووی . زەماوەندێکی خۆشیان کردو بە شادی پێکەوە ژیان . ئەوەندەی من بزانم ئێستاش هەر ماون .

# ٧ ـ شاژنی هەنگ

جارێکیان ، دوو کوڕی پاشایەك سەری خۆیان هەڵگرت و کەوتنە گەڕان و بەزم و ڕابواردن ، کەوتنە ناو گرفت و ناخۆشیی ژیان و لە گەڕانەوە ماڵ بێ ئومێد بوون .

ئەم دوو برایە برایەکی بچووکیان هەبوو ، ناوی ( وتلینگ ) بوو . کە براکانی ماوەیەك پێ چوو هەر نەهاتنەوە ئەویش سەری هەڵگرت و چوە دوای براکانی . پاش ماوەیەك براکانی دۆزیەوە . براکانی کە چاویان پێ کەوت گاڵتەیان بە ساویلکەیی برایان هات کە وا تێ گەیشت بوو دەتوانێ لەم دونیایە سەر دەربکات ، ئاخر هەقیان بوو چونکە خۆیان بەم هەموو فێڵ و زیرەکی و کەلەکاتیە نەیاندەتوانی سەر لەم دونیایە دەربکەن .

هەر سێ برا پێکەوە ڕۆیشتن ، گەیشتنە شارە مێرووەیەك . دوو برای گەورەتری ویستیان شارە مێروەکە تێك بدەن و تەماشا بکەن چۆن مێروەکان لە ترسان بە هەموو لایەکدا ڕادەکەن و هێلکەکانیان دەگوازنەوە . بەلام ( وتلینگ ) پێی گوتن : « برام ، واز لەم بەستەزمانە بچووکانە بێنن . حەز ناکەم سەخڵەتیان بکەن . »

لەوێ ڕەت بوون . ڕۆیشتن . گەیشتنە گۆمێك کۆمەڵە مراویەك مەلەوانیان تێدا دەکرد . دوو برای گەورەتریێ ویستیان دوانیان لێ بگرن و بیانخۆن بەلام دیسان وتلینگ ڕێی نەدان و گوتی : « برام ، واز لەم پەڕەورانە بێنن حەز ناکەم بیانکوژن . »

لەویش تێپەڕین . ڕۆیشتن . گەیشتنە پوورەی هەنگێك کە لە درەختێکی دا بوو . ئەوەندەی هەنگوین تێدا بوو لەسەری دەڕژایەوەو بە قەدی درەختەدا دەهاتە خوارەوە . دوو برای گەورەتریێ ویستیان ئاگرێك لە ژێر درەختەکە بکەنەوە بۆ ئەوەی هەنگەکان قانگ بدەن و بیانخنکێنن و هەموو هەنگوینەکە ببەن بەلام وتلینگ لێیان نەگەڕا ، گوتی : « برام ، واز لەم گیاندارە بچووکانە بێنن . حەز ناکەم بیانخنکێنن . »

دیسان هەر سێ برا ڕۆیشتن . ئەمجارە گەیشتنە کۆشکێك تەویلەکانی پڕ ئەسپ بوون ، بەلام هەموو ببوون بە بەرد .

براکان بە ناو هەموو ژوورەکاندا گەڕان تا گەیشتنە دەرگای ئەو دیو . دەرگاکە سێ قوفڵی لێ درا بوو . کونێکی تێدا بوو . لەو کونەوە تەماشای

ژوورەوەیان کرد دیتیان کابرایەکی بچکۆڵەی ڕدێن سپی لەبەردەم مێزێک دانیشتوە . یەك دوو جار بانگیان کرد . کابرا گوێی لێ نەبوو بەڵام لەگەڵ بانگی سێیەم کابرا هەستایەوە ، قوفڵەکانی کردەوەو هاتە دەرەوە . بێ ئەوەی هیچ قسەیەك بکا بردنی بۆ سەر مێزێکی پڕ خواردنی هەمە جۆر . هەرسێ برا تا تاتێر بوون خواردیان و کە لە خواردن بوونەوە پیرەمێرد هەر یەکەی بردە ژوورێك بۆ نووستن .

بۆ سبەینێ ، کابرای کورتەباڵای ڕدێن سپی چوو برا گەورەکەی بە ئیشارەت بردە سەر مێزێکی بەرد . مێزەکە سێ شتی لەسەر نووسرا بوو کۆشکەکە بەو سێ شتەکە لەسیحر ڕزگار دەبوو . یەکەم ئەوە بوو هەزار دانە مرواری کچی پاشا لەناو دارستا ندا لە ژێر شینکەدایە ، دەبێ لێیان بگەڕێ و بیاندۆزێتەوە . ئەگەر یەکێ ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێ و تا ڕۆژاوا تەواوی نەکا بگرە ئەگەر یەك دانە مرواریش مابێ پێی نەدۆزرێتەوە ئەوا دەبێ بە بەرد .

برای گەورە بۆی دەرچوو . ئەو ڕۆژە تا ئێواری گەڕا تەنیا سەد دانە مرواری دۆزیەوە . نووسینی سەر مێزەکە هاتە جێ . کابرا بوو بە بەرد .

ڕۆژی دوەم ، برای دوەم کارەکەی گرتە ئەستۆ بەڵام لە برای یەکەم باشتر نەبوو . تەنیا دوو سەد مرواری دۆزیەوەو بۆ ئێوارێ بوو بە بەرد .

ئینجا نۆرەی وتلینگ هات . وتلینگ لەناو شینکەدا کەوتە گەڕان و پشکنین بەڵام مرواری دۆزینەوە ئەوەندە ناخۆش بوو لە خۆی بێزارو کەوەڕێ بوو ، چوو لەسەر بەردێك دانیشت و دەستی بە گریان کرد . لەو کاتەدا شای مێروولان هات پێنج هەزار مێروولەی بەدوو خۆی دا بوو . ئەو مێروولانە بوون کە کاتی خۆی وتلینگ سکی بێ سووتان و ڕزگاری کردن . زۆری نەبرد مێروولەکان هەموو مرواریەکەیان کۆکردەوەو کردیانە جۆخین .

دووەم شت کە لەسەر مێزە بەردەکە نووسرا بوو ئەوەبوو : کلیلی ژووری نووستنی کچی پاشا لەناو گۆم دەربێنێ . وتلینگ چوە سەر گۆمەکەو لەناکاو ئەو مراویانە هاتن کە وەختی خۆی لە مردن ڕزگاری کردبوون . خۆیان لە ناو نقووم کردو کلیلەکەیان لە بنی ئاوی دەرهێنا .

سێیەم شت لە هەموویان زەحمەتتر بوو ، ئەویش ئەوە بوو : سێ کچە پاشا لە خەودا بوون دەبوایە بچێ لەو سێ کچە پاشایە جوانترین و ناسکترینیان دەست نیشان بکات . کچەکان هەموو زۆر یەك دەچوون تەنیا جیاوازیان ئەوە بوو پێش ئەوەی بخەون هەر یەکە جۆرە شیرنایەکی

جودای خوارد بوو ـ گەورەکە کلۆ شەکرێك ، دووەم نـەختێ شەربـەت ، سێیەم کەو چکە هەنگوینێك . لێرەدا شاژنی ئەو هەنگـانەی کـاتی خۆی وتلینگ لە مردن ڕزگاری کردبوون هات و لێوی هەر سێ کچەکانی تام کردو لەسەر لێوی ئەوەیان هەڵنیشت کە هـەنگوینی خـوارد بوو . بـەمەوەش کوڕەپاشاکە زانی کامەیان هەڵبژێرێ و لەوەش بردیەوە .

بەم جۆرە سیحرەکە شکا . هەموو کەس و هەموو شتێ لە خەوی بەردین واگا هاتن و کەوتنەوە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان .

وتلینگ کچە پاشا هەرە بچووك و هەرە نازدارەکەی بۆ خۆی هێنا و پاش مەرگی باوکی کچەش ، خۆی بوو بە پاشا بەڵام دوو براکەی تر ناچار بوون بە دوو خوشکەکەی تر ڕازی بن و لەگەڵیان هەڵ بکەن .

# ٨ ـ شەش قورینگ

جارێکیان ، پاشایەك لەناو دارستانێکی گەورەدا ڕاوی دەکرد ، هێندە بە غار کەوتە دوای کێویەك هیچ پیاوێکی نەگەیشتێ . کە ئێوارە داهات ، پاشا هەڵوەستەیەکی کردو تەماشـای دەوروبەری خـۆی کرد بینی ڕێی بـزر کردوە . زۆر گەڕا هیچ ڕێگای نەدۆزیەوە ، کت وپڕ چاوی بە پیرەژنێك کەوت بە لاکەلاك و سەرلەقاندن بۆ کنی دەهات . تومەز پیرەژن سیحرباز بوو .

پاشا گوتی : « ژنی باش ، ئەرێ کام ڕێ لەم دارستانە دەچێتە دەرەوە ؟ پێم پێشان نادەی ؟!»

ژنە وەڵامی دایەوە : « بەدی کوو ؟ جەنابی پاشا . پێت پێشان دەدەم بەڵام مەرجێکم هەیە . ئەگەر بەجێی نەهێنی قەت لەو دارستانە دەرناچی . لێرە سەر دەنێیتەوە .»

پاشا پرسی : « بلێ ، مەرجەکەت چیە ؟» پیرەژن گوتی : « کچێکم هەیە وەکو هەموو کچێکی ئەم دونیایە جوان و نازدارە . ئەگەر پێی ڕازی بیت و بە ژنی خۆتی قبووڵ بکەیت و بیکەیتە شاژن ڕێگای لە دارستان دەرچوونت پێشان دەدەم » .

پاشا لەبەر ئەو گرفتەی تێی کەوتبوو بە مەرجەکە ڕازی بوو . پیرەژن بردیە ناو خانـوە بچووکـەکەی خـۆی . کە چـوون کچەکـە لەبەر ئـاگر دانیشتبوو . کچە بە پیر پاشاوە چوو . هەر چەندە کچەکە کچێکی جوان و نازدار بوو بەڵام پاشا کچەی نەکەوتـە بەر دڵ و بـە زور لە خۆکـردنەوە تەماشای کرد ... بەڵام ناچار بوو دەستی گرت و لە پێش خۆی خستیە سەر ئـەسپەکـەی و پیرەژن ڕێی پێشـان داو پاشـا ڕۆیشت و زۆری نـەبـرد گەیشتەوە کۆشکی شاهانە و زەماوەندی گێڕا .

پاشا پێشتر ژنی هێنا بوو . ژنەکەی مرد بوو ، حەفت منـداڵی لە پاش بەجێ مابوو : شەش کوڕو و کچێك . پاشا لە هەموو موڵکی دونیا خۆشتری دەویستن . پاشا ترسا نەوەك زڕدایك بە چاکی لەگەڵیان نەجوولێتـەوەو جەزرەبەیـان بدا بـۆیە بـردنیە کـۆشکێکی سەربـەخۆی نـاوجەرگـەی دارستانەکە .

منداڵەکان لەو کۆشکە شرابوونـەوە . ڕێی کۆشکـەکە زۆر سـەخت و هەڵەمووت بوو . پاشا گلۆڵە بەنێکی سەیری هەبوو بە خێرا ئەو گلۆڵە بەنە

نەبایە خۆیشی بە کۆشکەکە نەدەکەوت . ئـەو گلۆڵە سەیـرو سەمـەرەیە پیرەژنێکی زانا دابـوویی . پاشـا هەمـوو جارێ گلۆڵەکـەی فڕێ دەدا . گلۆکەکە دەبوەوەو بە پێشی دا تلی دەداو دەڕۆیشت و پاشایش دەچودووی تا دەگەیشتە کۆشکێ .

پاشا زۆر دەچوە دیدەنی منداڵە ئازیزەکانی . شاژن بە بزربوونی پاشا دڵی تەنگ دەبوو . شاژن لێی بوو بە مەراق بزانێ بۆچی پاشا هەر بە تەنێ دەچێتە ناو دارستان .

پارەیەکی زۆری بە بەرتیل دا نۆکەرەکانی پاشا ئەوانیش نهێنیەکەیان بۆ ئاشکرا کرد و باسی گلۆڵەکەیان بۆ کرد کـە ڕێنمایی پـاشا دەکـا . شاژن ئۆقرەی لێ هەڵگیرا تا وێ کەوت پاشا گلۆڵەکەی لە کوێ داناوە .

شاژن هەندێ کراسی بچـووکی ئارمـووشی دروست کردو هـەر یەکـە سیحری لێ کردن - ئاخر لە دایکی فیری سیحرێ ببوو - ڕۆژێکیان کە پاشا سوار بوو بۆ ڕاو ، شاژن کراسەکانی هەڵگرت و گلۆڵە بەنەکەی پـاشای هێناو هەلی دا ، گلۆڵە کـەوتە تـل خواردن و شـاژن کەوتـە شوێنیـەوە . منداڵەکان کە لە دوورەوە دیتیان یەکێك هات وایان زانی باوکی ئازیزیانە دێتە سەردانیان بە شادی و هەڵبەزینەوە بە پیریەوە چوون . شاژنی بەدکار یەکەو کراسی بەسەر دادان . هەر هێندە کراسەکان بە لەشیان کەوت هەر یەکە بوو بە قورینگێك و بەناو دارستانەکەدا لە شەققەی باڵیان داو فڕین .

شاژن زۆر بە شادومانی گەڕایەوە مـاڵێ چونکـە منداڵەکـانی لە کۆڵ بوەوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی کچەکە لەگەڵ براکانی نەچوە پێشوازی شاژن ، شاژن هیچی دەرهەق نەدەزانی .

ڕۆژی پاشی ، پاشا چوە سەردانی منداڵە کانی بەڵام لە کچەکە بەولاوە کەسی نەدی . لە کچەکەی پرسی : « ئەدی کوا براکانت ؟»

کچـە وەڵامی دایەوە : « ئـۆە ! باوکـە گیان ! ڕۆیشتن و بـە جێیـان هێشتم .»

ئینجا بۆی باس کرد چۆن لە پەنجەرەوە بینی براکانی بوون بە قورینگ و بەناو دارستان دا فڕین . هەندێ پـەڕیشی پێشان دا کـە لە قورینگـەکان بەربوەوەو لە حەوشە هەلی گرتبوەوە .

پاشا زۆر پەست و غەمبار بوو بەلا ‌ـەت بە خەونیشی دانەدەهات شاژن ئەم کردەوە نالەبارەی کردبێ و ئیشەکە لەبن سەری ئەو بێ .

پاشا ترسا نەوەك کچەکەی لەو چۆڵەوانیە بدزرێ ، داوای لێ کرد لە

گەلی بچێتەوە بەڵام کچەکە زۆر لە زڕاێکی دەترسا بۆیە لە باوکی پاڕایەوە . ماوەی بدا تەنیا شەوێکی تر لە کۆشکی ناو دارستانەکە بمێنێتەوە .
کچەلە دلی خۆیدا گوتی : « نابێ چیتر لێرە بمێنمەوە . دەبێ بچم بە دوای براکانمدا بگەڕێم .»

کە شەو داهات یەکسەر ڕایکردە ناو دارستان . ئەو شەوەهەر ڕۆشت ، ڕۆژی پاشتریش هەر ڕۆیشت تا شل و شەکەت بوو ، چیتر لاقی لە دوو نەهات .. گەیشتە زنجیکی سادەو ساکار . چود ژوورەود دیتی شەش پێخەفی بچووکی تێدا بوو . نەیوێرا لەناو هیچیکیان بخەوێ ، چوو خزیە ژێر یەکێکیان و لەسەر تەختی ڕەق ڕاکشا و بە هیوای شەوێکی شاد پالی دایەوە . بەرەبەری ڕۆژاوا گوێی لێ بوو ورشەیەك هات . دیتی شەش قورینگ لە پەنجەرەوە هاتنە ژوورێ . لەسەر زەوی نیشتن و خۆیان ڕاوەشاند تا هەموو کورك و پەڕیان لێ بوەوە ، ئینجا وەك کراس پێستی قورینگانیان لەسەر خۆ داکەلاند و بوونەوە بنیادەم . کچە کە چاوی پێ کەوتن ناسینیەوە ، زانی براکانی خۆیەتی . خەنی بوو . لە ژێر پێخەفەکە هاتە دەرەوە . براکانیش کە دیتیان خوشکیان هاتوە زۆریان هەوەس پێ هات بەڵام شادی و هەوەسەکەیان درێژەی نەکێشا . بە خوشکیان گوت : « خوچە ، لێرە مەمێنەوە . ئێرە مەکۆی دزانە . دز بێن لێرە بتبینن دەتکوژن .»
خوشکی بچکۆلە گوتی : باشە ، ئەدی ئێوە ناتوانن لەسەرم وەدەنگ بێن .»
براکان وەڵامیان دایەوە : « نەء ، ئێمە ڕۆژێ تەنیا ئێواران چارەکە - سەعاتێك دەتوانین پێستی قورینگان فڕێ بدەین و ببینەوە بنیادەم پاش ئەود دەبینەوە قورینگ .»

خوشکە کە ئەم قسەیەی بیست گریاو گوتی : « باشە ، هیچ چارەیەك نیە بۆ ڕزگار بوونی ئێوە ؟!»
براکات وەڵامیان دایەوە : « ئۆه ! نە ء . هەشبێ بۆتۆ زۆر گرانە . دەبێ شەش ساڵی ڕەبەق نە قسە بکەی ، نە پێ بکەنی . لەو ماوەیەشدا دەبێ شەش کراس لە گوڵی ئەستێرۆکە بچنی . ئەگەر پێش تەواو بوونی وەختەکەو ڕایی کردنی ئیشەکە یەك وشەت لە زار بزەلی هەموو ماندووبوونەکەت بە فیڕۆ دەڕوا . تا ئەو قسانەیان کرد چارەکە سەعاتەکە تەواو بوو . هەموو بوونەوە قورینگ و فڕین و بۆی دەرچوون .

کچەکە بڕیاری دا ئەگەر ژیانی خۆیشی لەسەر دان بێ براکانی ڕزگار بکات . لە زنجەکە ڕۆیشت و کەوتە ناو جەرگەی دارستان ، چوە سەر درەختێك و شەوی لەوێ کردەوە . بۆ بەیانی کەوتە سەر ئیش . ئەستێرۆکەی کۆکردەوەو لێکی دوورین . بۆ قسە ، کەس نەبوو قسەی لەگەڵ بکات ، بۆ پێکەنینیش ، هیچ ئارەزووی پێکەنینی نەبوو . جا دانیشت و لە ئیشەکەی بەولاوە بەری وە هیچ نەبوو .

ماوەیەکی زۆری بەم شێوەیە بردە سەر .

بە ڕێکەوت ، پاشای ئەو وڵاتە ڕۆژێ ڕاوی بەردایە ناو دارستانەکەو هەندێ ڕاوکەر چوونە بن ئەو درەختەی کچەکەی لەسەر بوو . بانگیان کرد : « ئەتو چی ؟ کێی ؟» کچەهیچ وەڵامی نەدانەوە .

هاواریان کرد : « وەرە خوارێ ، چیت لێ ناکەین !» بەڵام کچە تەنیا سەری لەقاندو هیچی تر .

کە بە پرسیاران هەراسانیان کرد ، کچە گەردانەی زێری بۆ بەردانەوەتا وازی لێ بێنن بەڵام وازیان لێ نەهێنا . ئینجا کەمەری بۆ هاویشتنە خوارەوە ئەویش دادی نەدا ، گۆرەوی بۆ فڕێ دان هەر کەلکی نەبوو . هەر شتێکی لەبەری دا بوو یەك یەك دایکەندو بۆی هەڵدان تا تەنیا فستانی لەبەرما بەڵام هەمووی بێ فایدە بوو . ڕاوکەرەکان وازیان لێ نەهێنا . بە سەردرەختەکە هەڵگەڕان و کچەیان هێنایە خوارێ و بۆ پاشایان برد .

پاشا لێی پرسی : « تۆ کێی ؟ ئەوە لەسەر ئەو درەختە چیت دەکرد ؟»

کچە هیچ وەڵامی نەدایەوە . پاشا هەر زمانێکی دەزانی کچەی پێ ئاخافت کچە هەر کپ بوو و نەهاتە دەنگ .

لەبەر ئەوەی کچەکە زۆر جوان بوو ، پاشا هەستی خۆشەویستی دەرهەق بزووت . بەتیەی خۆی لێ پێچاو لە پێش خۆیەوە سواری ئەسپی کرد و بردیەوە کۆشکێ . فەرمانی دا دەستەبەرگێکی بەهاداریان کردە بەر ، کچە ئەوەندە جوان بوو دەتگوت گزنگی بەیانە بەڵام ئەوەندە هەبوو ورتەی لە دەم نەدەهاتە دەرەوە .

پاشا کچەی لەتەك خۆیەوە بردە سەر خوان . ئەشقی کچەو ڕوومەت گوڵیی و بێ نازی کچە کارێکی وای لە دڵی کرد بوو ، گوتی : « من بەم ژنە ڕازیم و لەمە بترازێ لە دنیادا کەسی ترم ناوێ .»

ئیدی زۆری نەبرد کچەی گواستەوە .

پاشا دایکێکی بەدکاری هەبوو بەم ژنەی کوڕەکەی ڕازی نەبوو . هەمیشە قسەی خراپی دەرهەق شاژن دەکرد ، دەیگوت : « کێ دەزانێ

ئەم کچەتیوە لەکوێ هاتوە ؟ لاڵ وپتە ، قسەیەك نازانێ ، ئەوە شایەنی پاشایان نیە .»

ساڵ وەرسووڕایەوە شاژن نۆبەرەی بوو . پیرەژنی بەدکار کۆرپەکەی فڕاند و دەمی شاژنی بە خوێن کردو چوە لای پاشا گوتی : « ژنەکەت بنیادەمخۆرە .» پاشا بڕوای نەکردو لێ نەگەڕا کەس تـوخنی ژنەکەی بکەوێ . شاژنیش زۆر بە کڕو بێ دەنگی ، زۆر بە هێمنی ، خەریکی دروونی کراسەکان بوو و گوێی بە هیچ شتێ نەدەدا .

بۆ جاری دوەم کە شاژن کوڕێکی قشت و خشکۆکی بوو ، پیرەژنی بەد کار هەمان فێڵی لێ کرد بەڵام پاشا هیچ بڕوای بەقسەکانی نەکرد ، گوتی : « ژنی وا باش و دڵنەرم قەت شتی وای لێ ناوەشێتەهوە . ئەگەر لاڵ نەبێ و زمانی بگەڕێ و بتوانێ بەرگری لە خۆی بکات بێ تاوانیەکەی وەکو ڕۆژی نیوەڕۆ ئاشکرا دەبێ » .

بۆ جاری سێیەم شاژن مندالی بوو ، پیرەژن کۆرپەکەی بردو شاژنی تاوانبار کرد کە نەیتوانی قسەبکات و پاکانە بۆ خۆی بکات . پاشا هیچی لە دەست نەما ئەوە نەبێ کە شاژن بداتە دادگا . دادگا بڕیاری دا بە زیندووی چاوان بیسووتێنن .

ئەو ڕۆژەی داندرابوو حوکمەکەی جێ جێ بکەن ، دوارۆژی ئەو شەش ساڵە بوو کە ژنە دەبوو ئەو ماوەیە نە قسە بکات و نە پێ بکەنێ بۆ ئەوەی بتوانێ برا ئازیزەکانی لە سیحری پیس ڕزگار بکات . تا ئەو کاتەش هەر شەش کراسەکە تەواو ببوون ، تەنیا یەکێ نەبێ قۆڵی چەپەی ما بوو .

کاتێ کچەیان بردە سەر کۆمەڵە دارەکە ، کچە هەر شەش کراسی لە بن هەنگڵی ناو چوە سەر کۆمەڵە دارەکە ، هەر مابوو ئاگری تێ بەردەن کت وپڕ تا هێزی تێدا بوو کردیە هاوارو قیڕێن و گازی ، ئاخر شەش قورینگی بە ئاسمانەوە دی بوو دەهاتن . زانی ڕۆژی ڕزگاری نزیك بۆتەوە ، ئیدی لە خەنی خۆشیان دڵی کەوتە گورپەگورپ .

قـورینگەکـان باڵیـان لێك دا . لێـك نزیـك بـوونـەوەو بـە دەوری دا سووڕانەوە . ئەویش کراسەکانی بـەسەر دادان . کـە بەسـەری دادان پێستی قورینگانیان لەسەر داکـەلاو کەوتنـە قالبی جـاران و بە سـاغ و سەلامەتی لەوێ وەستان بەلام ئەوەندە هەبوو لەبەر ئەوەی کراسێکیان قۆڵی چەپەی تەواو نەببوو ، برای گچکە لە باتی قۆڵی چەپە باڵێکی قورینگی پێوە ما بوو .

ئیدی هەموو باوەشیان بە یەکدا کرد و یەکتریان ڕاموسی . شاژن چوە

لای پاشا کە بە سەرسامیەوە وەستا بوو سەیری ئەم دیمەنەی دەکرد ،پێی گوت :

« مێردی ئازیزم ! ئێستا زارم بوەوەو دەوێرم پڕ بە دڵ قسەت بۆبکەم و پێت ڕابگەیەنم کە من بێ تاوانم . بەلاش تاوانباریان کردم .»

جا بۆی گێڕایەوە پیرەژن غەدرێکی چەند گەورەی لێ کردوە ، چۆن هەر سێ کۆرپەی لێ دزیوەو شاردونیەتەوە . پاشا دڵی دایەوەو ناردی دایکی بەدکاریان هێنا لەسەر کۆمەڵە دارەکە بەستیانەوەو ئاگریان تێ بەردا و لێ گەڕان تا کڵ و کۆی دامردەوە .

پاشا و شاژنیش لەگەڵ هەر شەش براکان چەند ساڵ و عەیامێك بە بەتەباو تفاقی و بە شادی و هێمنی ژیان .

# ٩ ـ ماسیگروژنەکەی

هەبوو .. نەبوو .. ماسیگرێك هەبـوو ، بە خـۆو بە ژنـەوە لە زنجێکی بچووك و شڕی دەم دەریا دا دەژیا . کابرا هەموو ڕۆژێ دەچوە ڕاوەماسیو ماسی دەگرت .

ڕۆژێکیـان دانیشتبوو سـەیری قـووڵایی ئاوی بـریقەداری دەکـرد ، هـەستی کرد چـەنگاڵەکـەی شتێکی پێوەیـە ، کە ڕایکێشـایەوە ، دیتی ماسیەکی گەورەی پێوەیە . ماسی پێی گوت :

« ماسیگر ! گوێت لێ بێ . تکات لێ دەکەم مەمکـوژە ، من ماسیـەکی ئاسایی نیم . شازادەیەکی سیحرئەنگاوتووم . کـوشتنی من چ قازانجی تۆی تێدا نیە ، من بە کەلك خوران نایەم . تکـایە فـرێم دەوە ناو ئـاو و لێمگەڕێ بۆ خۆم مەلەوانی بکەم .»

ماسیگر گوتی : « ئۆی ، ئۆی ! پێویست بەو هەموو پاڕانەوەیە ناکات ، مادام ماسیت و قسەدەکەیت فرێت دەدەمەوە ناو ئاو .»

ماسیگر ماسیەکەی فڕێ دایەوە ناو ئاوی ورشەدار و ماسی بەرەو بنی دەریا نقووم بوو و تیرێژە خوێنێکی لە دوو بە جێ ما .

مـاسیگر هـەستاو بـەرەو ماڵ بـوەوە بۆ کن ژنـەکەی . ژنـە گوتی : « پیاویژگە ! ئەمڕۆ هیچ شتت نەگرت ؟»

کابرا گوتی : « نەخێر . تەنیا یەك ماسیم گرت ئەویش لێم هاتە دەنگ و گوتی من شازادەیەکی سیحرئەنگاوتووم . ئیدی فڕێم دایەوە ناو ئاو .»

ژنی مەکرۆ گوتی : « باشە ، داوای هیچت لێ نەکرد ؟»

کابرا (وتی : « نەء ! داوای چی لێ بکەم ؟»

ژنەکە گوتی : « تواهوو ، چۆن داوای چی لێ بکەی ، لەوە خراپتر دەبێ کە ئێمە لەم زنجە شڕەدا دەژین . دەبوو بەلانی کەمەوە داوای خانوویەکی خۆش و باشی لێ بکەی . بڕۆ هەر ئێستا بگەڕێوە دەم دەریا . بانگی بکە . پێی بلێ خانوویەکی خۆشم دەوێ . هەڵبەت خانوویەمان پێ دەبەخشێ .»

کابرا گوتی : « تواهوو ! جا من چیم داوای شتی وای لێ بکەم ؟»

ژنە گوتی : « ئاخر ، تۆ ئەو ماسیەت گرتووە و بەرەڵلات کردوە هەڵبەت لە پاداشتی ئەم چاکەیەدا ئەم ئیشەت بۆ دەکا . دە هەستە هەر ئێستا بڕۆ .»

کابرا زۆری حەز نەدەکرد بچێ بەڵام نە یویست دڵی ژنەکەی بشکێنێ ، ئەوەبوو گەڕایەوە کەنار دەریا . دەریا بریق و باق و گەشیی جارانی نەما بوو . ڕەنگی سەوزێکی تەڵخیی دەنواند . ماسیگر لە دەم دەریا ڕاوەستار گوتی :

**هۆ ماسی ، ماسی نێودەریا !**
**تکایە گوێم لێ بگرە**
**( ئیلزەبیل ) ی ژنم داخوازیەکی هەیە**
**منی ناردوە تکای بەخششێکت لێ بکەم .**

ماسی بە مەلەوانی هاتە سەر ئاو و گوتی : « باشە ، فەرموو چیت دەوێ ؟»

کابرا گوتی : « بۆیە بانگم کردی چونکە ژنەکەم دەڵێ کە تۆم گرتوەو بەرەللام کردووی دەبوایە داوای شتێکیت لێ بکەم . جا ژنەکەم نایەوێ چیتر لە و زنجە شڕەماندا بژی ، خانوویەکی خۆشی دەوێ .»

ماسی گوتی : « بڕۆوە ماڵێ ، تا دەگەیتە جێ ئارەزووی ژنەکەت هاتوتە دی .»

کابرا چوەوە ماڵێ . دیتی زنجە شڕەکەی نەماوە ، بۆتە خانوویەکی خۆش و ژنەکەی لەبەر دەرگا لەسەر کورسی دانیشتوە . ژنە دەستی مێردی گرت و گوتی : « وەرە تەماشای ژوورەوە بکە ، بزانە ئەم خانوە لە زنجەکەی جاران باشتر نیە ؟»

چوونە ژوورەوە : ژووری دانیشتن ، ژووری نووستن ، ناندین ، ژووری ئازووقە و ئامان . خانوەکە حەوشەیەکی بچووکی هەبوو پڕی مریشك و مراوی بوو ، باخچەیەکی بچووکیشی تێدا بوو تژی تەڕەو سەوزە بوو .

ژنەگوتی : « سەیرکە ، ئەم خانوە خۆش نیە ؟»

کابرا گوتی : « با ، هەر پایەدار بی ، ژیانمان لێرە زۆر شادو بەختەوەرە .»

ژنە گوتی : « با بزانین چۆن دەبێ ؟»

هەرچی بە نسیب بوو خواردیان و چوون نووستن . هەفتەیەك یان زیاتر ، هەموو شتێ بە ڕێك و پێکی ڕۆیشت . پاش ئەو هەفتەیە ژنەکە بە مێردی گوت :

« پیاویژگە ، گوێت لێ بێ ، ئەم خانوە زۆر تەنگ و تریسکە و باخچەکەی زۆر بچووکە . ماسیەکە دەتوانێ خانوویەکی گەورەتر مان پێ کەرەم کات . من دەمەوێ لە کۆشکێکی بەردینی گەورەدا بژیم . بڕۆ لای ماسی و پێی بڵێ کۆشکێکمان پێ ببەخشێ .»

کابرا گوتی : « ئۆی ، حورمێ ، ئێمە ئەم خانوەمان سەرو زیادە چ لە کۆشك و سەرا بکەین .»

ژنەکە گوتی : « قەیدی نیە ، تۆ هەر هێندە بڕۆ لای ماسیەکە ، ئەو بۆمان پێك دێنێ .»

کابرا گوتی : « نەخێر ، حورمێ . ماسی ئەو خانوەی بە ئێمە بەخشی بەسسە . نامەوێ ڕووی هیچی تری لێ بنێم با لێمان لە ڕك ڕانەچێ .»

ژنەکە گوتی : « هەر دەبێ بچیت . بەرامبەر بەو چاکەی تۆ لەگەڵت کردوە ئەوەندە ئیشەت پڕ بە دڵ بۆ دەکات . تۆ بڕۆ هەقت نەبێ .»

کابرا دڵی پەست بوو بەڵام ناچار بوو بە نیگەرانی چوو . لە دڵی خۆیدا گوتی : « شتی وا ڕاست نیە .»

چوو ، دیتی دەریا سەوزایی جارانی نەماوە . وایە کپ و هێمنە بەڵام زۆر ڕەش و تاریە . لە کەنار دەریا ڕاوەستا و گوتی :

**هۆ ماسی ، ماسی نێو دەریا !**
**تکایە گوێم لێ بگرە .**
**( ئیلزەبێل ) ی ژنم داخوازیەکی هەیە**
**منی ناردوە تکای بەخشێکت لێ بکەم .**

ماسی گوتی : « فەرموو ، ئەمجارە چیت دەوێ ؟»

کابرا بە نیمچەترسێکەوە گوتی : « ژنەکەم کۆشکێکی بەردینی گەورەو زلی دەوێ !»

ماسی گوتی : « بڕۆ ماڵێ ، تا دەگەیتەوە جێ ژنەکەت لەبەر دەرگای کۆشکێکی بەدڵی خۆی وەستاوە .»

کابرا ڕۆیشت وای دەزانی ئەو جۆرە کۆشکەی بۆ نابێ ؛ بەڵام کە گەیشتەوە جێ دیتی ژنەکەی لەسەر کۆسپەی کۆشکێکی زلی بەردین وەستاوەو چاوەڕێی چوونە ژوورەوە دەکات .

ژنە دەستی مێری گرت وگوتی : « وەرە بچینە ژوورێ »

چوونە ژوورەوە : هـۆڵێکی بەرفـراوای مەڕمـەڕ ، کۆمـەڵێ نۆکـەرو بەردەست کە هاتن دەرگای گەورەیان بۆ کردنەوە ، سەر دیوارەکان بە مافووری جوان ڕازابوونەوە ، ژوورەکان کورسی و مێزی زێڕیان تێدا بوو ، فەشی بەهادار ڕاخرا بوون ، چلچرای بلوور بە ساپیتەدا شۆڕ ببوونەوە ، مێز خۆشترین خۆراك و گرانترین شەرابی لەسەر دەڕژایەوە . کۆشکەکە حەوشەیەکی گەورەی بە بەرەوە بوو . تەویلەی ئەسپان و گەوری گایان و زۆر گالیسکەی نایابی تێدا بوو . باخچەیەکی خۆش و گـەورە لەو پەڕی حەوشەدا بوو تژی گوڵی جوان و درەختی بەرداری نازدار بوو . نیومیل بەو لاوەش گۆڕەپانێك هەبوو نێری و بزنەکێوی و کەروێشـك و هەرچی دڵت بخوازێ تێیدا بوو .

ژنەکە گوتی : « ئەمەت پێ چۆنە ؟»

کابرا گوتی : « هەر بەردەوام بێ ، ژیانی ناو ئەم کۆشکە جوانە خۆش و بێ وەیە .»

ژنەکە گوتی : « بیرێکی لێ دەکەینەوە .»

چوون نووستن .

بۆ بەیانی یەکەم جار ژنەکە خەبەری بووەوە . تازە بەیانی دا بوو . هەر لەناو جێ لە پەنجـەرەوە دەشتی ڕازاوەی دەوروبەری مـاڵەوەی بینی . مێردەکەی هێشتا لە شیرین خەودا بوو ئانیشکێکی لێ داو گوتی :

« پیاوێژگە ، ڕابە سەرخۆ ، لەو پەنجەرەوە سەر لە دەرەوە هەڵکێشە ، تەماشای ئەم ناوە کە ، چەند خۆشە ببین بە پاشای ئەم هەموو وڵاتە !؟ دەهەستە برۆ لای ماسیەکە .. پێویستە ئێمە ببین بە پاشا .»

کابرا گوتی : « حورمێ ، بەسیەتی ، پاشایەتیمان بۆچیە ؟ من خـۆم نامەوێ ببم بە پاشا .»

ژنە گوتی : « تۆ ناتەوێ ببی بە پاشا ، من دەمەوێ . هەر ئێستا برۆ لای ماسیەکە . من دەمەوێ ببم بە پاشا .»

کابرا گوتی : « حورمێ ، تۆ پاشایەتیت بۆچیە ؟ من ئەو جۆرە داوایە لە ماسی ناکەم .»

ژنە گوتی : چۆن داوای لێ ناکەی ؟ هەر ئێستا دەبێ بچی . من دەبێ ببم بە پاشا .»

بەم جۆرە کابرا چوو . زۆر زۆر عاجزو غەمبار بوو کە ژنەکەی دەیەوێ ببێ بە پاشا . لە دڵی خۆیدا گوتی : « شتی وا ڕاست نیە ، ڕاست نیە »

کاتێ گەیشتە ڕۆخ دەریا . دیتی دەریا ڕەش و تارو شلەژاوە . بـۆنی خراپەو بەدکاری لێ دێ . ڕاوەستاو گوتی :

**هۆماسی ، ماسی نێو دەریا !**
**تکایە گوێم لێ بگرە**
**( ئیلزهێبل )ی ژنم داخوازیەی هەیە**
**منی ناردوە تکای بەخششێکت لێ بکەم .**

ماسی گوتی : « باشە ، ئەمجارە ژنەکەت چی دەوێ .»
کابرا گوتی : « تواهووا ! دەیەوێ ببێ بە پاشا »
ماسی گوتی : « بڕۆوە . تا دەگەیتەوە جێ ژنەکەت بۆتە پاشا .»
کابرا گەڕایەوە . کە گەیشتەوە لای کۆشکێ ، دیتی کۆشـك لە جاران گەورەتر بوەو بورجێکی نەخشینی زلی بۆ زیاد بوە . پاسەوانێك لەبەر دەرگا وەستاوە . هەندێ سەربازیش دەهۆڵ و شەیپۆڕ لێ دەدەن . کە چوە ناو کۆشك بینی هەموو شتێ زێڕو مەڕمەڕ بوو ، تەنانەت پەردەو پۆیلەکانیش مەخمەڵ بوون و گوڵنگی زێڕیان پێوە بوو . دەرگای هۆل لەسەر پشت بوو . سەراپای بارەگای شاهانە کۆ ببوونەوە . ژنەکەی لەسەر عەرشێکی زێڕو ئەلماسی بەرز دانیشتبوو . تاجێکی زێڕی لەسەر بوو ، گالۆکێکی زێڕی بە دەستەوە بوو . لەم لاولەو لایەوە قەرەواش وکەنیزەك بە ڕێز وەستا بوون و هەریەکە نەختێ لەوەی دی کورتتر بوو .
کابرا لە پێش ژنەکەی ڕاوەستاو گوتی :
« حورمێ ، ئێستا ئەوە بووی بە پاشا ؟»
ژنە گوتی : « ئا ، بووم بە پاشا .»

کابرا نەختێ وەستاو تێی نزبوەوە ، ئینجا گوتی : « حورمێ ، پاشایەتی خۆشە ؟ تازە خۆ ناتەوێ ببی بە شتی تر ؟»
ژنە زۆربە ناڕەحەتی وەڵامی دایەوە : « نەخێر ، پیاویژگە . وا دەزانم بارگرانی هەموو دونیام لەسەر شانە . چیتر خۆم پێ ناگیرێ . بـڕۆ لای ماسیەکە .. وایە ئێستا پاشام بەڵام دەمەوێ ببم بە شاهنشا .»
کابرا گوتی : « حورمێ ، نە ماسی تۆی پێ دەکرێتە شاهنشا و نە منیش داوای شتی وا لە ماسی دەکەم ؛ چونکە سەراپای وڵات یەك شاهنشـای هەیەو ماسی تۆی پێ ناکرێتە شاهشنا . شتی وای پێ ناکرێ .»

ژنەکە گوتی : « چ چ ؟ من پاشام پاشا ! وایە تۆ مێردی منی بەڵام چیت پێ بڵێم دەبێ بیکەی . پیت دەڵێم دەبێ هەر ئێستا بچیتە لای ماسی . ماسی بتوانێ بمکاتە پاشا ، ناتوانێ بمکاتە شاهنشا ؟ هەر دەبێ ببم بە شاهنشا . جا لەزکە بلەزینە !»

کابرا ناچار بوو بچێ ، بەڵام زۆر دەترسا . لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەمە ئەنجامی باش نابێ . بوون بە شاهنشا شەرمەزاریە . ماسی کۆتایی بە هەموو شتێ دێنێ .»

کابرا گەیشتە کەناری دەریا . ئەمجارەیان دەریا تەواو ڕەش داگەڕا بوو . لە بنەوەڕا شەپۆلی زل زلی دەهێنا ، دەریا دەیهێنا و دەیبرد گەرداوێکی توندوتیژ بوو . کابرا لەرزی گرت . وەستاو بانگی کرد :

**هۆ ماسی ، ماسی نێو دەریا**
**تکایە گوێم لێ بگرە**
**( ئیلزەبێل ) ی ژنم داخوازیەکی هەیە**
**منی ناردوە تکای بەخششێکت لێ بکەم .**

ماسی گوتی : « ئێستا ژنەکەت چی دەوێ ؟»

کابرا گوتی : « ژنەکەم دەیەوێ ببێ بە شاهنشا »

ماسی گوت : « بڕۆوە ، ژنەکەت بۆتە شاهنشا ؟» کابرا گەڕایەوە ماڵێ . کە گەیشتەوە بەر دەرگا بینی سەراپای کۆشک مەرمەڕی بریقەدارە . هەمووی نیگاری مەرمەڕو نەخشی زێڕە . سەرباز لەبەر دەرگا هات و چۆیانە ، شەیپوڕ لێ دەداو دەهۆڵ دەیکوتێ . کۆنت و بارۆن و دۆق وەک پێش خزمەت لە ناو کۆشک دێن و دەچن .

دەرگایان بۆ کابرا کردەوە ، دەرگا ساف زێڕ بوو . کابرا چوە ژوورەوە دیتی ژنەکەی لەسەر عەرشێکی زێڕی گەورە دانیشتوە . عەرشەکە بە لانی کەمەوە دوو میل بەرز دەبوو ژنە تاجێکی زێڕ و ئەڵماسی سێ یارد قیتی لەسەر بوو . گالۆکێکی بە دەستێك و تۆپی شاهنشایی بە دەستەکەی ترەوە بوو . لەم لاو لەو لایەوە پیاوی چەکدار بە ڕێز وەستابوون و هەر یەکە نەختێ لەوەیدی کورتر بوو . لە لەندەهۆری دوو میل کەڵەگەت تا بچووکترین کورتەباڵا کە لە پەنجە گچکەی من گەورەتر نەبوو . دەوروبەری پڕ میرد دۆق بوو .

کابرا ڕاوستاو گوتی : « حورمێ ، ئێستا بووی بە شاهنشا ؟!»
ژنە گوتی : « ئا ، بووم بە شاهنشا »
کابرا ماوەیەک تێی ڕاماو گوتی : « حورمێ » ، شاهنشایی هەر لە خۆت دێ .»
ژنە گوتی : « پیاویژگە ، بۆ لێرە وەستاوی ؟ وایە ئێستا شاهنشام بەڵام دەمەوێ ببم بە پاپا خۆت تاخیر مەکە . هەر ئێستا بڕۆ لای ماسیەکە »
کابرا گوتی : « حورمێ ، چما هیچ ماوە داوای نەکەی ؟ بەڵام ناتوانی ببی بە پاپا . لە جیهانی دیانان تەنیا یەک پاپا هەیە . ئەم ئیشە بە ماسی ناکرێ .»
ژنەگوتی : « پیاویژگە ، دەبێ ببم بە پاپا و بڕایەوە . جا زووکە بڕۆدەبێ هەر ئەمڕۆ ببم بە پاپا .»
کابرا گوتی : « نەخێر حورمێ . ناوێرم ئەم داوایە لە ماسی بکەم . باش نیە . داوایەکی ترسناک و تۆقێنەرە . ماسی ناتوانێ تۆ بکا بە پاپا .»
ژنە گوتی : « قسەی ناما قووڵ مەکە . ماسیەک بتوانێ بمکا بە شاهنشا دەشتوانێ بمکا بە پاپا . یەکسەر بڕۆ . تۆ وایە مێردی منی بەڵام من شاهنشام ، فەرمانت پێ دەکەم و دەبێ فەرمانبەرداری من بیت .»
کابرا ترسی گەیشتێ . ناچار بوو چوو ، بەڵام زۆر و ڕوگێژ بوو ، چۆکی دەلەرزی ، مووچڕکی بە لەش دادەهات .
بایەکی توند هەڵی کرد ، هەور بەری ئاسمانی گرت ، دونیا تاریک داهات دەتگوت شەوە . گەلای درەختەکان وەرین ، دەریا کەفی کرد و بەرەوکەنار هەڵچوو . کەشتی لە دوورەوە بە دەم شەپۆڵەوە بەم لاو بەو لادا دەچوون . کەشتیەکان ترسیان گەیشتبوێ ، تەقەیان دەکرد . تەنیا یەک قانە شینایی سامال لەناو هەوری ڕەشی ئاسمان ما بوو . هەورەکە ڕەش وەک قیر وا بوو ، سکی لە عەردی نابوو ، گەرداو و ئافات بوو . کابرا بە نائومێدی وەستاو هاواری کرد :

**هۆ ماسی ، ماسی نێو دەریا !**
**تکایە گوێم لێ بگرە**
**( ئیلزەبێل ) ی ژنم داخوازیەکی هەیە**
**منی ناردوە تکای بە خششێکت لێ بکەم .**

ماسی گوتی : « ئەمجارە ژنەکەت چی دەوێ ؟»

کابرا گوتی : « دەیەوێ ببێ بە پاپا » ماسی گوتی : « بڕۆوە ، ژنەکەت بۆتە پاپا .»

کابرا چووەوە ماڵێ . کڵێسەیەکی دی هەر چوار دەوری کۆشك و سەرا بوو . قەڵەباڵغی بوو . بەناو قەڵەباڵغیـەکەدا ڕۆیشت . ژوورەوە هـەزار هەزارهرای تێدا بوو . ژنەکەی هەموو بەرگی زێڕ بوو ، لەسەر عەرشێکی بەرز دانیشتبوو ، سێ تاجی زێڕی لەسەر بوو ، تاقمە قەشەیەکی لە دەورە بوو . ئەم لاو ئەولای ڕێزە مۆم بوو . لە مۆمی گەورەو ئـەستووری وەك بورجەوە تا بچووکترین و باریکترین مۆم . پاشاو شاهنشا لەبەر دەم ژنەدا چووبوونە سەرچۆك ، پێڵاویان ماچ دەکرد . کابرا لە ژنەکەی ڕاماو گوتی : « حورمێ ، ئێستا بووی بە پاپا ؟»

ژنە گوتی : « ئا ، بووم بە پاپا .»

کابرا وەستاو تێی نز بووەوە ، دەتگوت تەماشای ڕۆژی بریقەدار دەکات ، گوتی : « پاپایی باشترە وا نیە ؟ دەوجا قەناعەت بـە پاپـایی بکە ، تـازە ناتوانی داوای هیچی تر بکەی و پێت ناکرێ هەوازرتر بچی چونکە پایەی لەوە گەورەتر نیە .»

ژنەکە گوتی : « بیرێکی لێ دەکەمەوە »

شەو هەردووکیان چوون نووستن

ژنە هێشتا چاوی تێر نەببوو ، لەبەر خەون و خەیاڵ و خۆزگەو ئارەزوو خەوی لێ نەکەوت ، کەچی کابرا خەوێکی خۆشی لێ کەوت ، چونکـە زۆر شەکەت و ماندوو بوو ، ڕێگایەکی دووری بە پێ بڕی بوو کەچی ژنەکەی هەر بیری لەوە دەکردەوە داوای چ تەنتەنەو سەنتەنـەی تر بکـات . کە بەیانی گزنگی دا ژنە لەناو جێ ڕابوو ، لە پەنجەرە تەماشـای دەرەوەی کرد ، کە دیتی ڕۆژ سەری لەگەل دەرهێنا گوتی : « ها !! بۆ داوا نەکەم هاتن و ئاوابوونی مانگ و ڕۆژ بە دەست خۆم بێ ؟!»

ئانیشکێکی لە تەرۆکی مێردی ڕاکرد و هاواری کرد :

« پیـاوێژکـە ، هەستـە بـڕۆ لای مـاسی . دەمـەوێ ببم بـە گـەورەو دەسەڵاتداری هەموو کەون .»

مێردەکەی هێشتا لە خەودا بوو . وا ڕاچڵەکی لە چوارپاکەی کـەوتە خوارەوە ، چاوی هەڵگلۆفت و گوتی : « ها ، حورمێ چیت گوت ؟»

ژنە گوتی : « پیاوێژکە ، ئەگەر نەبم بە گەورەو دەسەڵاتداری سەراپای کەون و هەڵاتن و ئاوابوونی مانگ و ڕۆژ بە فەرمانی من نەبێ ناحەوێمەوە ، خۆشی لە خۆم نابینم .»

هێندە بە درندانە تەماشای مێردی کرد ، مێردی موچرکی بە لەشدا هات وچۆکی لە بەردەم داداو گوتی : « حورمێ ، شتی وا بە ماسی ناکرێ ، ماسی دەتوانێ بتکا بە شاهنشاو پاپا بەڵام ڕاستی ئـەوەی تۆ ئـەمجارە داوای دەکەی لە تاقەتی ماسی دا نیە . تکات لێ دەکەم بە پاپایی ڕازی بە وداوای چیتر مەکە .»

ژنە کە ئەمەی بیست لە ڕکان شێتگیر بوو ، مووی لێ بوو بە نەشتەر ، پێلەقەیەکی لە مێردی داو هاواری کرد : « چیتر خۆم پێ ناگیـرێ ، هەر ئێستا برۆ !»

کابرا جلی کردە بەروەك شێت بۆی دەرچوو ( با ) وگەرداوێکی وا بوو هەرئەوەتە خۆی بێ ڕادەگیرا . درەخت وخانووبەرە دەوڕووژان ودەلا دەهاتن ، چیا دەلەرینەوە ، گابەرد گلۆر دەبوونەوە نێو دەریا . سەراپای ئاسمان ڕەش داگەڕا بوو . برووسکەو چەخماخەی دەهاویشت . دەریـا شەپۆلی ڕەشی سەر بەکەفی بە قەد چیای لێ بەرز دەبووەوە . کابرا هاواری کرد ، بەڵام بە ئاستەم دەنگی دەهات :

هۆ ماسی ، ماسی نێو دەریا !
تکایە گوێم لێ بگرە ،
( ئیلزەبێل ) ی ژنم داخوازیەکی هەیە
منی ناردوە تکای بەخششێکت لێ بکەم .

ماسی گوت : « ئەمجارەیان ژنەکـەت چی دەوێ ؟» کابـرا گوتی : « دەیەوێ ببێ بە گەورەو دەسەڵاتداری سەراپای کەون .»

ماسی گوتی : « پێویستە ژنەکەت بچێتەوە ناو کـۆنە زنجـەکەی جاران . برۆوە . تا دەگەیتە جێ ژنەکەت لەناو زنجی گۆڕین دایە .»

ژن و مێردەکە تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر لەناو زنجە شڕەکە دان .

# ١٠ - ڕاپۆنزێل

هەبوو .. نەبوو .. کابرایەك هەبوو ، لەمێژ بوو بە خۆو بە ژنەوە مەراقیان منداڵێك بوو بەڵام نەیاندەبوو . دواجار هیوایان پەیدا کرد کە خوا ئاوڕێکیان لێ بداتەوەو ئارەزوویان بێنێتە دی .

پەنجەرەیەك لە لای پشتەوەی خانوەکەیان هەبوو بەسەر باخچەیەکی جوانی پڕ نەمام و گوڵی ناسکی دا دەڕوانی ، شوورەیەکی گەورەی بە دەورەدا کرا بوو . کەس نەیدەوێرا خۆی لە قەرە بدا چونکە خاوەنەکەی سیحربازێکی گەورە بوو ، هەموو کەس لێی دەترسا .

ڕۆژێکیان ، ژنەکە لەو پەنجەرەیە وەستا بوو تەما شای ناو باخچەی دەکرد . گوڵدانێکی کەوتە بەرچاو مێڵاقی جوانی تێدا چاندرا بوو گوڵە مێڵاقە ئەوەندە سەوزو ناسك بوو ژنە تامی چوێ . ئەو تام و حەزەی ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی کرد بەڵام کە زانی ئەو حەزەی نایەتە دی و دەمی ناگاتە گوڵە مێڵاقە هەروردە وردە بنساو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو تاقەتی لەبەر داهێزرا . کاتێ کە مێردەکەی بەم حاڵەی بینی ترسی لێ نیشت ، گوتی :

« ژنی ئازیزم ، ئەوە چ دەردتە ؟!»

ژنە وەڵامی دایەوە : « مەراقی مێڵاقی ناو باخچەی پشتەوە لە مێشکی داوم ، ئەگەر هەندێکم دەست نەکەوێ بیخۆم سەوزگ دەبم ، دەمرم .»

کابرا ژنەکەی زۆر خۆش دەویست بیری کردەوە ، گوتی : « تا ژنەکەم وەزگی نەداوە ، دەبێ بە هەر نرخێك بێ هەندێ مێڵای بۆ بێنم .»

لەگەڵ شەبەقی بەیانیدا ، کابرا بەسەر دیواردا بازی دایە ناو باخچە سیحریەکەو بە پەلە دەسکە مێڵاقێکی چنی و بۆ ژنەکەی هێنا . ژنە یەکسەر پاکی کردەوە و بە تامەزرۆوە خواردی .. وای بە تام بوو !

بۆ ڕۆژی پاشی ، ژنە سێ هێندەی جاران حەزی چوە گوڵە مێڵاقەکە . ئەگەر مێردەکەی هەندێکی تری بۆ نەهێنا بایە وەزگی دەدا . جا مێردەکەی دیسان لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چوو ، بەڵام هەر هێندە گەیشتە سەر دیوارەکە وەخت بوو هەترەشی بچێ چونکە دیتی سیحربازەکە لە پێشی وەستا بوو .

ژنە سیحربازەکە بە ڕوویەکی ترش و مۆنەوە گوتی :

« ئەوە چۆن زات دەکەی بێیتە ناو باخچەی من و مێڵاقە بدزی ؟!»

کابرا وەڵامی دایەوە : « ئاخ ، بمبوورە ، بە ناچاری هاتووم . ژنەکەم مێلاقی لە پەنجەرەوە دیوەو ئەوەندەی بە دڵدا چوە ئەگەر نەیخوا وەزگ دەدا .»

سیحربازەکە تووڕەیی نیشتەوەو بە کابرای گوت : « ئەگەر چۆنی دەڵێی وا بێ ، لێ دەگەڕێم چەندی حەز دەکەی مێلاقە ببەم بەڵام بە یەك مەرج - ژنەکەت منداڵێکی دەبێ کە بووی دەبێ بە منی ببەخشن . من وەکو دایکی بەخێوی دەکەم و هەموو شتێ بە دڵی خۆی دەبێ .

کابرا ئەوەندە ترسا بوو ، لە ترسان هەر زوو بەو مەرجە ڕازی ڤوو ..

ماوەیەك پێ چوو ژنەکە کچێکی بوو . سیحربازەکە هات ، ناوی نا ( ڕاپۆنزێل ) و بردی .

ڕاپۆنزێل جوانترین منداڵی دونیا بوو . کە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ سیحربازەکە بردی لەناو دارستانێك لە بورجێکدا بەندی کرد . بورجەکە نە قادرمەی هەبوو نە دەرگا . تەنیا یەك پەنجەرەی بچووکی لە بڵندی ، لە دیوارەوە هەبوو .

کاتێ پیرەژن بیویستایە بچێتە ناو بورجەکە ، دەچوو لە بن بورجەکە لە کەرخی پەنجەرەکە دەوەستاو هاواری دەکرد :

« ڕاپۆنزێل ، کەزیت شۆڕکەوە !»

ڕاپۆنزێل پرچێکی درێژو جوانی وەکو زێڕی هەبوو . کە گوێی لە دەنگی سیحربازەکە دەبوو کەزی شۆڕ دەکردەوەو لە چەنگاڵێکی تەك پەنجەرەی دەئاڵاند . پرچی بیست گەز دەچوە خوارێ . سیحربازەکە بە پرچی هەڵدەگەڕاو سەردەکەوت .

دوو ساڵ بەم جۆرە ڕۆیشت . ڕۆژێکیان ، وا ڕێك کەوت کوڕی پاشا بە سواری چوە ناو دارستان و ڕێی کەوتە لای بورجەکە . گۆرانیەکی زۆر خۆشی کەوتە بەر گوێ . هەڵوەستەیەکی کرد و گوێی قوڵاغ کرد . ڕاپۆنزێل بوو لە تەنیاییدا ، بۆ ڕابواردن و خەم بە بادان گۆرانی بە دەنگی ناسك و شیرینی دەچڕی . شازادە ویستی بچێتە لای بەڵام ئەوەندەی گەڕا دەرگای بورجەکەی نەدۆزیەوە ئیدی سوار بوو ، بەرەو ماڵ بووەوە . بەڵام گۆرانی کچە کاری خۆی لە دڵی شازادە کرد بوو .

شازادە هەموو ڕۆژێ کە دەچوە ناو دارستان ، دەچوو گوێی دەدایە گۆرانیە کانی کچە .

ڕۆژێکیان ، خۆی لە ژێر درەخێك حەشارد ابوو ، دیتی سیحربازەکە هاتە کن بورجەکە و هاواری کرد : « ڕاپۆنزێل ، ڕاپۆنزێل ، کەزیت شۆڕکەوە .

ڕاپۆنزێل ، کەزی شۆڕ کردەوە . سیحربازەکە بە کەزیەکەدا هەڵگەڕاو سەرکەوت . شازادە لە دلی خۆیدا گوتی : « ئەگەر ئەمە قادرمەی بورجەکە بێ ، منیش بەختی خۆمی پێ تاقی دەکەمەوە .»

ڕۆژی پاشتر ، کە دونیا تاریك داهـات ، شازادە چـوە کن بورجـەکەو هاواری کرد : « ڕاپۆنزێل ، ڕاپۆنزێل ، کەزیت شۆڕ کەوە !»

پرچەکە شۆڕ بوەوە خوارێ و شازادە پێیدا هەڵگەڕا .

ڕاپۆنزێل کە یەکەم جار چاوی بە کوڕەکە کەوت زەندەقی چوو ؛ چونکە پێشتر هیچ پیاوی نەدی بـوو ، بەلام شـازادە بە نـەرمی و میهرەبـانی ئاخاوتیو گوتی ؛ « گۆرانی تۆ ئەوەندە کاری لە دلم کـردوە ئۆقـرەی لێ هەڵگرتووم ، ناچار بووم بێم بتبینم .»

ڕاپۆنزێل ترسی ڕەویەوە .

کوڕە داوای لە کچە کرد مێردی پێ بکا . کچە دیتی کوڕە کوڕێکی گەنج و کۆك و ڕێك و پێکە ، لە دلی خۆیدا گوتی : « ئەم کوڕە لە دادە گۆتێل زیاتر خۆش دەویم .» جا گوتی : « باشە ، مێردت پێ دەکەم .» دەستیان خستە ناو دەستی یەکترو بڕایەوە .

ئینجا کچەکە گوتی : « من بەو پەڕی شادومانیەوە لەگەلت دێم بەلام نازانم چۆن لەم بورجە دابەزمە خوارەوە . لەمەو دوا هەموو جارێ کە دێی کەلەفە ئارمووشێك لەگەل خۆت بێنە بایدەدەم و دەیکەمە قـادرمە . کـە قادرمەکە تەواو بوو پێی دەچمە خـوارێ و سواری ئـەسپی خۆتم بکـەو بمبە .»

ڕێك کەوتن کە شازادە هەموو ڕۆژێ ئێواران بێتە دیدەنی کچە ، چونکە سیحربازەکە بە ڕۆژ دەهات .

سیحرباز ئاگای لە عەمری بێزار نەبوو . تا ڕۆژێکیان کت وپڕ ڕاپۆنزێل پێی گوت : « ئەرێ دادە گۆتێل ، پێم بلێ ئەوە بۆچی تۆ کە سەردەکەوی هێندە لەو شازادە لاوە قورستری کە ئێستا هەبزانە هات ؟»

سیحربازەکـە گوتی : « ئـۆی ، هەی چـەتیوی بـەدکار ، ئـەوە تۆ چ دەلێی ؟ من وام دەزانی کە تۆم لە هەموو دونیا دابڕاندوە کەچی تۆ بە دزی منت خاپاندوە .»

لە تووڕەییان پرچە جوانەکەی ڕاپۆنزێلی ڕاکێشاو دوو قەف لە دەستی چەپەی خۆی پێچاو مقەسی دابەرێ ، کەزیەکـانی بڕی و فـڕێی دا سەر زەوی .

سیحربازەکە زۆر دلڕەق بوو بەوەندەش وازی نەهێنا .

ڕاپۆنزێلی کلۆلی بردە چۆڵەوانیەك و بەرەڵلای کرد . ڕاپۆنزێل کەوتە ناو خەم و ئەشکەنجەو ناخۆشی .

سیحربازەکە دوای ئەوەی کچەی بردە چۆڵەوانیەکە ، بۆ ئێواریّ چوو کەزیە بڕاوەکانی کچەی لە چەنگاڵی تەك پەنجەرە بەست . جا ئێواریّ کە شازادە هات و هاواری کرد : « ڕاپۆنزێل ، ڕاپۆنزێل ، کەزیت شۆڕکەوە !» سیحربازەکە کەزیەکەی شۆڕ کردەوە . شازادە بە کەزیەکەدا هەڵگەڕا ، بەڵام لەباتی ڕاپۆنزێلی خۆشەویستی چاوی بە سیحربازی ڕمووزن کەوت کە بە چاوی پیس و پڕ قینەوە سەیری دەکرد .

سیحربازە تێی ڕاخوڕی : « ئەوە هاتی کچەی دۆستت ببەی ؟! ئەو باڵندە جوانە لانەی جیّ هێشتوەو چیتر گۆرانی پیّ ناستریّ . پشیلە فڕاندوویەتی . پشیلەکە چاوی تۆش دەردێنیّ . ڕاپۆنزێلت لە دەست چوو تازە جارێکی تر چاوت پیّ ناکەوێتەوە .»

شازادە لە ڕکان مێشکی لە سەریدا نەما . لە نائومێدیان خۆی لە پەنجەرەوە فڕیّ دایە خواریّ . نەمرد ، بەڵام کەوتە ناو دڕك و داڵ و چاوی لەگەڵ دەرپەڕی . بە کوێری بە ناو دارستاندا کەوتە گەڕان و سووڕان . خۆراکی ڕەگی درەخت و بەری و شك بوو . هەر بۆ ڕاپۆنزێلی خۆشەویستی دەگریاو دەیلا واندەوە . لەوە زیاتر هیچی نەدەکرد .

شازادە چەند ساڵێك بەم جۆرە گەڕاو سووڕا ، لە دیماهیدا گەیشتە ئەو چۆڵەوانیەی ڕاپۆنزێلی بە کلۆلی تێدا دەژیا . گوێی لە دەنگێکی ئاشنا بوو . چوە لای دەنگەکە ، دەنگەکە دەنگی ڕاپۆنزێل بوو . ڕاپۆنزێل یەکسەر ناسیەوە ، دەستی لە ملی وەرهێناو گریا . دوو دڵۆپە فرمێسکی ڕژانە سەر چاوەکانی شازادە و دەم و دەست چاوەکانی وەکو جاران چاك بوونەوە .

شازادە کچەی بردەوە وڵاتی خۆیان و لە ویّ بە شادی و خۆشی پێشوازیان کردن . ئیدی تا ماوەیەکی زۆر پێکەوە بە بەختەوەری ژیان .

# ١١ ـ خاس

هەبوو . نەبوو .. ڕاوکەرێکی گەنج و شادو ڕوخۆش هەبوو . ڕۆژێ بە شادی و دڵخۆشی بۆ ڕاو دەچوە ناو دارستان و لە ڕێگادا فیکەی بە گەلای دار لێ دەدا . کت و بڕ پیرەژنێکی ڕمووزکی لێ ڕاست هات و گوتی :

« بەیانی باش ، ڕاوکەری لاو ! تۆ شادو بە کەیف و بێ خەمی کەچی من خەفەتخان و برسی و تینووم ، تکایە خێرێکم پێ بکە .»

ڕاوکەر بەزەیی بە پیرەژنی بەستەزماندا هاتەوە . دەستی لە گیرفانی ڕا کرد . ئەوەندەی دەستی لێ بوەوی بە پیرەژنی بەخشی و ویستی بڕوا ، پیرەژن ڕایگرت و گوتی :

« ڕاوکەر ، گوێت لێ بێ ، لەبەر ئەوەی دڵێکی باشت هەیە دەمەوێ دیاریەکت بدەمێ . ڕێ و ڕێ بڕۆ دەگەیتە درەختێک نۆ باڵندەی بە سەرەوەیە ، پاڵتۆیەکیان بە چڕنۆک گرتوە و شەڕیانە لە سەری . بە تفەنگ نیشانەیان لێ بگرە و گوللەیەکیان بە ناوەوە بنێ ؛ پاڵتۆکە بەر دەدەنەوە ، باڵندەیەکیش دەپێکرێ و دەکەوێ . پاڵتۆکە بۆ خۆت هەڵگرەوە ـ پاڵتۆی ئارەزوە . کە هاویشتتە سەر شانت ئارەزوو بکەی بچیتە هەر شوێنێك یەکسەر دەگەیتە ئەوێ . دڵی تەیرە کوژراوەکەش دەربێنەو بە ساغی قووتی بدە . ئیدی هەموو سبەینان کە لە خەو ڕا دەبی لیرەیەك لە بن بالیفەکەتە .

ڕاوکەر سوپاسی پیرەژنی دانای کرد و لە دڵی خۆیدا گوتی : « مزگینیەکی خۆشە ، وای دەنا وا بوایە !!»

نزیکەی سەد هەنگاو ڕۆیشت . لەناو چڵ و گەلای درێ‌ە ختێك جووکە جووك و زیقەزیقی هاتە بەر گوێ ، سەری بلند کرد ، ڕەوە باڵندەیەکی دی ، بە چڕنۆك و دەنووك پاڵتۆیەکیان لێك دەکێشایەوە هەر یەکە دەیەویست بۆ خۆی ببات .

ڕاوکەر گوتی : « پەککو ! پیرەژن چی گوتبوو دەق وا دەرچوو ! »

تفەنگی سوار کرد ، نای بە شانیەوە ، نیشانەی لە ناوەندی باڵندەکان گرت و ئاگری دا . پەڕو توك بە هەوادا بڵاو بوەوە . باڵندەکان بە قاژوقیژ هەڵفڕین .

تدنیا یەکێ نەبێ کە پێکراو کەوت ، پاڵتۆکەشیان لێ کەوت و بەرەوەوەبەر پێی ڕاوکەرەکە .

پیرەژن چی گوتبوو ڕاوکەر وای کرد : « دڵی باڵندەکەی دەرهێنا و بە ساغی قووتی دا . پاڵتوکەشی هەڵگرت و بردیەوە ماڵێ .

بەیانی کە لە خەو ڕاو بوو ، مژدەی پیرەژنی بیر کەوتەوە ، بالیفی هەڵدایەوە بزانێ ڕاستە یان نەء .

ڕاست بوو . بالیف لیرەیەکی لە بن دەبریقایەوە . بەیانی دوەم لیرەیەکی تری هەڵگرتەوە و بەم جۆرە هەموو بەیانیان کە واگا دەهات لیرەیەکی لە ژێر سەرین دا بوو . هەر وا بوو تا کۆمەڵە لیرەیەکی کۆکردەوە .

لە دواییدا لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەم هەموو زێرە سوودی چیە ئەگەر ئەمن لە چوار چیوەی ماڵەوە دەرنەچم . نەء ، دەچم بۆ خۆم بە دونیادا دەگەڕێم .

بەم جۆرە ماڵاوایی لە دەیبابی خواست و تفەنگی کردە شان و سەری هەڵگرت و کەوتە ئەم دونیایە .

ڕۆژێ ڕێی کەوتە دارستانێکی چڕ ، کە لە دارستانەکە چوە دەرەوە کۆشکێکی جوانی لە دەشتی ئەودیودا دی . پیرەژنێك لەبەر پەنجەرەیەك وەستا بوو تەماشای دەرەوەی دەکرد ، کچێکی جوانی قژ زێڕیشیی لە تەك بوو .

پیرەژن سیحرباز بوو . بە کچەکەی گوت : « ئەوە کابرایەك لە ناو دارستان هاتە دەرەوە ، دیارە هێروە دێ . ئەو کابرایە گەنجینەیەکی سەیری تێدایە .

دەبێ هەوڵ بدەین لێی بسەنین . گەبخینەکە بۆ ئێمە باشترە . ئەو کابرایە دڵی باڵندەیەکی بە ساغی قووت داوە ، جا هەموو سبەینان کە لە خەو ڕا دەبێ لیرەیەکی لە ژێر سەریندایە . »

ئینجا بۆ کچەی باس کرد کە کابرا دڵی باڵندەکەی چۆن قووت داوەو پاشان گوتی : « ئەگەر لێی نەسەنی ، زەرەر دەکەی . »

ڕاوکەر کە نزیك کەوتەوەو چاوی بە کچەکە کەوت ، گوتی : « لە مێژە دەسووڕیمەوە ، شەکەت بووم ، دەچم لەو کۆشکە پشوویەك دەدەم . پارەم زۆرە !! »

ڕاستی ، هۆی ڕاستەقینەی لادانی شەکەتی نەبوو بەڵکو دیمەنە جوانەکەی بەر پەنجەرە بوو . چوە ژوورەوە . بە گەرمی بەخێریان هێنا و میوانداریەکی باشیان کرد . ڕاوکەر هەر زوو ئەشقی کچی سیحربازەکە

بوو ، کچەکەی وا چوو بوە دڵ لە دڵخۆش کردنی کچە زیاتر بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە .

پیرەژن بە کچەی گوت : « دەبێ هەر چۆنی بێت دڵی باڵندەکە وەگیر بخەین ! »

جا هەندێ شەرابی خەستیان گرتەوەو پێکێکیان کردو کچە بۆ ڕاوکەری بردو گوتی :

« خۆشەویستم ، دەبێ بۆ خاتری دڵی من ئەم پێکە بخۆیتەوە . »

کورە بادەکەی لە دەست وەرگرت و خواردیەوە ، یەکسەر بوورایەوە ، دڵی باڵندەکەی یەق کردەوە .

کچە هەڵی گرتەوە بە دزی و خۆی قووتی دا چونکە پیرەژن دڵەکەی بۆ خۆی دەویست .

لەو ڕۆژە بە دواوە ، ڕاوکەر لیرەی لە ژێر سەرینی خۆی نەدی . لیرە لەبن سەرینی کچەکەدا بوو بەلام هەموو سبەینان پیرەژن لیرەکەی هەڵدەگرت و دەیبرد .

ڕاوەکەروا کەوتبوە داوی ئەشقی کچە ، بیری لە هیچ شتێ نەدەکردەوە ئەوە نەبێ کە لەگەڵ کچەکەدا بێت و بە خۆشی و شادی راببوێرێ .

پیرەژن گوتی : ئەوە دڵی باڵندەمان چنگ کەوت بەلام دەبێ پاڵتۆی ئارەزوویشی لێبسەنین .

کچە گوتی : « با واز بێنین پاڵتۆ بۆ خۆی بێ ، سامانەکەمان لێ سەند ، بەسسە ! »

پیرەژن زۆر تووڕە بوو گوتی : « پاڵتۆکە شتێکی زۆر سەیرو عاجباتیە . شتی وا هەموودەم هەڵناکەوێ دەبێ ئەو پاڵتۆیە بۆمن بێ و هەوڵیش دەدەم دەستی بخەم . »

کچە ناچار بوو ملی بۆ خواستی ژنە شۆڕ کردو چوو بە کزو کوێزی لەبەر پەنجەرە دانیشت و هەڵیڕوانیە زنجیرە چیایەکی دوور .

ڕاوکەر چوە لایەوەو گوتی : « ئەوە بۆ وا پەست و غەمباری ؟! »

کچە وەڵامی دایەوە : « توا هوو !! گیانەکەم ! ئەو چیایانە دەبینی ، ئەوانە چیای ئاقیقن ، هەموو بەردی بەهادارن . زۆرم مەراقە ئەو چیایانە ببینم جا هەر چەندە بیری لێ دەکەمەوە خەفەت دامدەگرێ ، بەلام کێ هەیە بگاتە ئەو چیایانە مەگەر باڵدار نەوەك هیچ ئادەمیزادێك نایانگاتێ ... »

ڕاوکەر گوتی : « ئەگەر خەم وگرفتت هەر هێندە بێ چارەی ئاسان هەر ئێستا ئەم کەسەرەت لە دڵ دەر دەکەم . »

ڕاوکەر کچەی ڕاکێشایە ژێر پاڵتۆکەی یەکسەر هەردووکیان گەیشتنە سەر چیاکە . دەوروبەریان بریقو هۆڕی بەردی بەهادار بوو . دڵیان بە دیمەنی ئەم بەردانە کرایەوە . هەندێ بەردی هەرە گەورە جوانیان کۆکردەوە .

پیرەژن داوێکی خراپی دانا بوەوە . ڕاوکەر هەستی کرد چاوی گرانە ، بە کچەی گوت : « با دانیشین نەختێ بحەسێینەوە . زۆر شەکەت ماندووم ، خۆم لەسەر پێ ڕاناگرم . »

دانیشتن ، ڕاوکەر سەری خستە سەر ڕانی کچەو خێرا خەوی لێ کەوت . کە خەوی لێ کەوت کچە پاڵتۆکەی لەسەر شانی داکەلاندو بەسەر شانی خۆی دادا . تا پێی هەڵگیرا بەردی بەهاداری هەڵگرتو ئارەزووی ماڵەوەی خواست .

کاتێ کە ڕاوکەر خەبەری بوەوە تێگەیی خۆشەویستەکەی تەفرەی داوەو لەناو ئەو شاخە سەختو هەڵەمووتە بە تەنێ جێی هێشتوە . هاواری کرد : « وای لەو دنیایە غەدری چەند گەورە دەکرێ ! »

بە کزو پەستی دانیشت . نەیزانی چ بکات .

ئەو چیایە چیای هەندێ دێوی دڕندە و کێوی بوو . زۆری پێ نەچوو ڕاوکەر دیتی سێ دێو هاتن .

بە پەلە خۆی درێژ کردو وای پیشان دا خەوی لێ کەوتوە . یەکەم دێو هات ساتمەی لێ کردو گوتی :

«ئەمە چ جۆرە کرمەزەویەکە ؟ ! »

دوەم گوتی : « پێیەکی لێ نێو پانی کەوە . »

بەلام سێیەم گوتی : « گوناحە ، وازی لێ بێنە ، ئەوە لێرە ناژی ، ئەگەر نەختێکی تر بە چیادا هەڵگەڕێ هەور دادەبەزێ هەڵی دەگرێو دەیبا . »

دێوەکان ڕەت بوون . هەڵبەت ڕاوکەر گوێی لە قسەکانیان بوو . کە ئەوان ڕۆیشتن هەستایەوەو بەرەو لووتکە بالای چیا بوو . پاش ماوەیەک دانیشت .

پەلە هەورێك بەسەریدا سووڕایەوە ، هەڵی گرتو بردی . یەکەمجار بە هەوادا گێڕای ، ئینجا هێدی نەوی بوو ، داکشایە ناو باخچەیەکی گەورەی شوورەبەندو کابرای لەسەر گیاو خاس دان .

کابرا تەماشای دەورو بەری خۆی کردو گوتی :

« سکم قوڕەی لێوە دێ لە برسان . وای دەنا شتێکم دەست کەوتبا بیخوم . خۆ زەحمەتیشە لێرە دەرباز بم . ئێرە نە سێوی تێدایە ، نە کرۆسك ، نە هیچ میوەیەك ، تەنیا خاس و گیای تێدایەو هیچی‌تر .. »

دواجار بیری کردەوە : « ناچارم هەندێ لەو خاسە بخۆم ، دەزانم زور خۆش نیە بەلام هیچ نەبێ نەختێ هێزو گورم پێ دەدا .»

ئیدی کابرا سەرکە خاسێکی جوانی لێ‌کردەوە .

دەستی بە خواردن کرد بەلام هەر هێندە کەمێکی قووت دا هەستی بە شتێکی زۆرسەیر کردوتەواو گۆڕا . هەستی کرد چوار پەلی لێ ڕوا ، سەرێکی گەورەو دوو گوێی درێژی پێوە لکا ، کە زانی بۆتە کەر هەترەشی چوو .

لەبەر ئەوەی هێشتا هەر برسی بوو ، خاسەکەی لا بەتام بوو ، بە پەرۆشەوە کەوتە سەر خواردن ... بە ناو خاسەکاندا گەڕا ، گەیشتە جۆرە خاسێکی دی کە تامی کرد هەستی بە گۆڕانێکی دی کرد . زانی گەڕاوەتەوە سەر شکلی بنیادەمی جاران . ئینجا پالی دایەوەو لەبەر ئەوەی زۆرشەکەت بوو یەکسەر خەوی لێ کەوت .

بۆ بەیانی کە خەبەری بووەوە سەرکە خاسێکی خراپ و یەکی چاکی لێ کردەوەو گوتی : « ئەمەم بە کەلك دێ بۆ وەرگرتنەوەی ئەو شتەی لێم دزراوەو بۆ سزادانی بێ ئەمەك و ناپاکەکان . »

ئیدی خاسەکانی خستە ناو هەگبەو بەسەر شوورەی باخچەکەدا بازی داو ڕۆیشت و کەوتە سۆراغی کۆشکی خۆشەویستی گۆڕین و دێرینی .

دوای چەند ڕۆژ گەڕان سووڕان بەختی بە باش گەڕاو کۆشکەکەی دۆزیەوە . ڕووی خۆی بۆیە کردو بەرگی خۆی گۆڕی ، وای لێ‌هات دایکی خۆی نەیناسێتەوە . چوە ناو کۆشکەکەو داوای دالدەی کردو گوتی : « زۆر شەکەت و ماندووم ، هێزی ڕۆیشتنم نەماوە . »

سیحربازەکە گوتی : « تۆ کێی ؟ دەشتەکی ؟ چیت دەوێ ؟ »

کابرا وەلامی دایەوە : « من قاسیدی پاشام . پاشا ڕەوانەی کردبووم نایابترین خاسی دونیای بۆ بدۆزمەوە . بەختم یار بوو باشترین خاسم دۆزیەوە ، وا هێناومەو ئێستا پێمە . بەلام ڕۆژەکەی زۆر گەرم و سووتێنەرە دەترسم ئەو خاسە ناسکە بژاکێ و نەتوانم لێرە هێوەتری ببەم . »

کاتێ کە پیرەژنی سیحرباز باسی خاسەکەی بیست ، ئارەزووی بزووت و مەراقی گرت هەندێکی چنگ بکەوێ ، گوتی : « دە شتەکی مەرد ، بێنە ئەو خاسە تام بکەم ، بزانم چۆنە . »

کابرا وەڵامی دایەوە : « زۆر چاکە ! دوو سەرکم پێیە ، با یەکیان بۆ تۆ بێ . »

هەگبەی کردەوەو خاسە خراپەکەی دایێ

سیحربازەکە هیچ گومانی لە خاسەکە نەکرد . دەمی بۆ ئەو خواردنە نوێیە ئاوی کردو یەکسەر خۆی چوە ناندین بۆ ئەوەی ئامادەی بکا . کە ئامادە بوو خۆی پێ نەگیرا تا دەیخاتە سەر خوان ، یەکسەر هەندێ پەلکی خستە زاری . هەر هێندە قووتی دا لە شکڵی بنیادەمدا نەما ، بوو بە ماکەرو لە حەوشەدا کەوتە غارەغار .

ئینجا !پێشتکەر هاتە ژوورەوە . دیتی خاسەکە ئامادەیە بۆ سەر خوان ، بردی‌و لە ڕێگادا خەیاڵی تام کردنی پەڕیە کە لە ، هەندێ پەلکی لێ خوارد‌و دەم ودەست خاس کاری خۆی کردو چێشتکە ریش گۆڕاو بوو بەکەرو غاری دا حەوشە بۆ لای پیرەژنە سیحربازەکە ...

ئەوخاسەی ما بوو بەو گۆڕە وەر بوو .

کابرا لەگەڵ کچە جوانەکەدا دانیشتبوو ، کە خاسەکە هەر نەهات کچەش ئارەزووی تام کردنی هەستا ، گوتی : « نازانم خاسەکە چی بەسەر هات !»

ڕاوکەر لە دڵی خۆیدا گوتی : « دیارە خاسەکە کاری خۆی کردوە . با بچمە ناندین ، بزانم چ باسە .»

کە گەیشتە نهۆمی خوارێ دوو ماکەری دی لە حەوشە غاریان دەدا و خاسەکەش لەسەر زەوی کەوتبوو ، گوتی : « زۆر باشە ! ئەوە دوو ڕۆیشتن !»

پەلکە خاسەکانی کۆ کردەوەو خستنیە ناو دەفرێك و بۆ کچەکەی بردو گوتی : « خۆم خۆشترین خواردنم بۆ هاوردی بۆ ئەوەی چیتر چاوەڕێ نەبیت .»

کچە هەر هێندە بڕێکی لێ خوارد یەکسەر گۆڕاو بوو بە ماکەرو غاری دایە حەوشە بۆ لای ئەوانەی تر .

ئینجا ڕاوکەر دەم و چاوی خۆی پاك پاك شووشت بۆ ئەوەی کەرەکان بیناسنەوە ، چوە حەوشەو گوتی :

« دەوجا سزای زۆرداری و بێ ئەمەکی خۆتان بچێژن !»

هەر سێکی جەلە کردو بردیە لای ئاشێك . لە پەنجەرەی دا . ئاشەوان سەری هەڵکێشا و گوتی : « چیت دەوێ ؟»

ڕاوکەر گوتی : « ئەم سێ کەرە بەدکارەم هەیە دەمەوێ لە کۆڵ خۆمیان

بکەمەوە . ئەگەر تۆ ئەو کەرانەم لێ وەربگری و چۆنم دەوێ ئـاوایان لێ بکەیو ئەوها ئالیکیان بدەی ، هەرچی بتەوێ دەتدەمێ !!»

ئاشەوان گوتی : « دەتەوێ چیان لێ بکەم ؟»

ڕاوکەر گوتی : « دەمەوێ ماکەری گەورە ـ سیحربازەکە ـ ڕۆژێ سێ جار لێدان بخوات و یەك جار ئالیك . ئەوەی ناوەنجی ـ کچە جوانەکـە ـ ڕۆژێ یەك جار لێدان بخوات وسێ جار ئالیك . ئەوەی بچووك ـ چێشتکەرە جوانەکە ڕۆژێ سێ جار ئالیك بخوات و هیچ لێدان نەخوات .»

چونکە دڵی نەهات چێشتکەری بێ تاوان بە لێدان بدات . ئینجا گەڕایەوە کۆشك و ئەوەی دڵی دەخواست تێیدا هەبوو .

دوای چەند ڕۆژێ ئاشەوان هات پێی گوت : ئەو ماکەرەی ڕۆژێ سێ جار لێدانی دەخواردو یەك جار ئالیك تۆپی . دوەکەی تریش کە ڕۆژێ سێ جار ئالیکیان دەخوارد نەتۆپیون بـەڵام بە قـوربانی تـۆپین بن ، هـەر دێ و دەبنسین »

ڕاوکەر خۆشی لە دڵی گەڕاو بە ئاشەوانی گوت : « بۆمیان بێنەوە .»

کە هاتنەوە هەندێ خاسی چاکی دانێ و گەڕانەوە سەر شکڵی بنیادەمی جاران . کچە جوانەکە لەبەر پێیدا چوە سەرچۆك و گوتی :

« خۆشەویستم ، لە تاوانەکانم ببوورە . ئەوەی کردم دایکم بە خورتی پێی کردم . من خۆم حەزم نەدەکرد بیکەم چـونکەپـڕ بە دڵ تـۆم خۆش دەویست . پـاڵتـۆی ئـارەزووت وا لەنـاو دۆڵابــەو دڵی بـاڵنـدەکـەشت دەدەمەوە .»

ڕاوکەر گوتی : « قەیدی نیە ، با دڵی باڵندەکە بۆ تۆ بێ ، فەرقی نیـە چونکە من دەتهێنم و دەبی بە ژنی ڕاستەقینەی من .»

زۆری نەبرد زەماوەندیان گێڕاو بوون بە ژن و مێردو تا مردن بە شادی پێکەوە ژیان .

# ١٢ ـ قەلە ڕەش

هەبوو .. نەبوو . شاژنێك هەبوو ، كچێكی بچكۆڵەی بەرشیرەی هەبوو .

ڕۆژێكیان كچە وڕكی گرت و ئەوەندەی دایكی كردی ژیر نەبووەوە ، دایكی لە ڕكان كامی كرد . لەو كاتەدا ڕەوە قەلێك بە دەوری كۆشكدا دەسووڕانەوە . دایكە دەرگای كردەوەو گوتی :

« كچم ، خۆزی بە خۆزیداران تۆش قەل بای بۆ ئەوەی وەك ئەو قەلانە بفڕیت و لە دەستت بحەسێمەوە ».

هەر هێندە دایكە ئەم قسانەی لە دەم دەرهات یەكسەر كچەكە بوو بە قەل و لەپەنجەرەوە فڕیە دەرێ بۆ ناو دارستانێكی چڕ و تاریك و دەییابی نەیانزانی چی بە سەرهات و كێوە چوو .

ڕۆژێ ، كابرایەك بە ناو دارستاندا دەڕۆیشت ، گوێی لێ بوو قەلێك گازی كرد ، كە لێی نزیك بووەوە ، قەلەكە گوتی :

« من بە نەژاد كچە پاشام ، سیحرم لێ كراوە ، ئەگەر بتەوێ تۆ دەتوانی ڕزگارم بكەی ».

كابرا گوتی : « باشە ، چ بكەم ؟»

قەلەڕەش گوتی: « برۆ ناو جەرگەی دارستان . دەگەیتە خانوویەك ، پیرەژنێكی تێدایە . پیرەژن خواردن و خواردنەوەت دەداتێ بەلام هیچی لێ وەرمەگرەو هیچ مەخۆ . ئەگەر خواردن و خواردنەكەی لێ وەربگری و بیخۆی خەوێكی قورست لێ دەكەوێ و قەت ناتوانی ڕزگارم بكەی . كۆمەڵە دارما زوویەك لە باخچەی پشت ماڵێ هەیە . لەسەر ئەو كۆمەڵە دارە بوەستەو چاوەڕێم بكە . سێ ڕۆژ لەسەر یەك بە گالیسكەیەكی چوار ئەسپی دێم - ڕۆژی یەكەم ئەسپەكان سپین ، ڕۆژی دوەم قاوەیین ، ڕۆژی سێیەم ڕەشن . كە گەیشتم ئەگەر تۆ واگا نەبیت من ڕزگار نابم ».

كابرا بەڵێنی بە قەلەكەدا داوا كەی جێ بە جێ بكات ، بەلام قەلەكە گوتی : « دەزانم من بە تۆ ڕزگار ناكرێم ، چونكە ژنە هەر چیت بداتێ وەری دەكری . من قەتاو قەت لەو سیحرە ڕزگار نابم ».

كابرا بەڵێنەكەی دوپات كردوەوە كە دەست بۆ هیچ خواردن و خواردنەوەیەك نەبات .

کاتێ کە کابرا گەیشتە ماڵی پیرەژنەکە ، پیرەژن پێی گوت : « کابرای کڵۆڵ ، تۆ زۆر شەکەت و ماندووی . وەرە خۆت بە خواردن و خواردنەوە زاخاو دەوە .»

کابرا گوتی : « نەخێر ، هیچ ناخۆم و هیچ ناخۆمەوە » بەڵام ژنە سوور بوو ، گوتی : « باشە ، مادام خواردنیش ناخۆی ، قومێك لەو پەرداخە بنۆشە ، قومێك هیچ نیە .»

کابرا هاتە ڕایێ و قومێکی بچووکی لێ دا .

دەوری سەعات دوو چوە خوارێ بۆ ناو باخچەو لەسەر کۆمەڵە مازوەکە وەستاو چاوەڕێی قەلی کرد هەستی بە شەکەتی کرد . خۆی پێ لەسەر پێ ڕانەگیرا ، ڕاکشا ، نەیدەویست بخەوێ بەڵام هەر هێندە درێژ بوو دەمودەست پێڵووی چوونە سەر یەك و خێرا خەوی لێ کەوت . خەوێکی وای لێ کەوت بە هیچ شتێ واگا نە دەهات .

سەعات دوو قەلەڕەش هات چوار ئەسپی سپی دابەستا بوو . زۆر کزو عاجز بوو ، گوتی : « دەزانم خەوتوە .»

لە سواری گالیسکەکە پەیا بوو . چوە کن کابرا ، ڕایهەژاند ، بانگی کرد ؛ بەڵام بێ هوودە بوو . کابرا واگا نەهات .

ڕۆژی دوەم ، لە کاتی نان خواردندا پیرەژن دیسان خواردن و خواردنەوەی لەبەر دانا بەڵام کابرا ڕەتی کردەوە . پیرەژن حەجمانی لێبڕا کردی و کۆشا تا ئەنجام کابرای فریو دا قومێك لە پەرداخەکە بخواتەوە .

دەوری سەعات دوو ، کابرا دیسان چوە ناو باخچەو لەسەر کۆمەڵە مازوەکە وەستاو چاوەڕێی قەلەڕەشی کرد . کت و پڕ هەستی بە ماندوو بوونێکی زۆر کرد ، خۆی پێ ڕانەگیرا ، ڕاکشاو کەوتە خەوێکی قووڵ .

قەلەڕەش بە ئەسپی قاوەیی هات و گەیشتە سەری . قەلەڕەش زۆر غەمبار بوو ، گوتی : « دەزانم خەوتوە .»

چوە سەری ؛ بەڵام کابرا خەوێکی قووڵی لێ کەوتبوو . واگا نەهات .

ڕۆژی سێیەم ، پیرەژن گوتی : « ئەمە یانی چی ؟ ئەگەر هیچ نەخۆی و هیچ نەخۆیتەوە دەمری .»

کابرا گوتی : « ئاخر نابێ هیچ بخۆم و هیچ بخۆمەوە . هیچیش ناخۆم و ناخۆمەوە .»

ژنە سفرەی خواردن و بادەی شەرابی لە پێش دانا . کە بۆنی شەرابی گەیشتێ چیتر بەرگەی نەگرت . بینی پێوە نا .

ئینجا کە وەختی داهات چوە ناو باخچەو لەسەر مازوەکان دانیشت و

چاوەڕێی قەلی کرد بەلام ئەم جارە هەستی کرد لە جاران ماندووترە . پالی دایەوە ، وەك تەرك ڕاکشاو خەوی لێ کەوت .

سەعات دوو قەل هات . چوار ئەسپی ڕەشی دابەستا بوو . گالیسکەو هەموو شتێکی ڕەش بوو ( کچەش ) تا بلێی دل بە غەم بوو ، گوتی : « تواهوو !! دەزانم خەوتوە .»

کابرای ڕاهەژاند ، گازی کرد ، بەلام نەیتوانی هوشیاری بکاتەوە .

پاش ئەوەی ( کچە ) نائومێد بوو نانێك و پشکە گۆشتێك و بوتلە شەڕابێکی لە تەك کابرا داناو ئەلقەیەکی زێڕی هێنا کە ناوی خۆی لەسەر نووسرا بوو لە پەنجەی کابرای کرد . نامەیەکیشی لە تەنیشت دانا . لە نامەکەدا نووسیبووی : نان و گۆشت و شەراب قەت بنیان نایە . هەروەها نووسیبووی : دەزانم تۆ لێرە منت پێ ڕزگار ناگرێ بەلام هەر بە ئومێدم ڕزگام بکەی چونکە دەزانم لە توانات دا هەیە ڕزگارم بکەی جا وەرە کۆشکی زێڕینی ـ سترۆمبێرگ ـ .»

ئینجا سواری گالیسکەکەی بوو و بەرەو کۆشکی زێڕینی سترۆمبێرگ هاژوای .

کاتێ کابرا خەبەری بوەوە و زانی نووستوە زۆری سوو بوەوە ، گوتی : « هەلبەت کچە هاتوەو بێ ئەوەی ڕزگاری بکەم ڕۆیشتوە .»

ئینجا چاوی بە شتەکانی تەنیشتی کەوت و نامەکەی خوێندەوەو زانی چی تێدا نووسراوە . هەستا کەوتە سۆراغی کۆشکی زێڕینی سترۆمبێرگ چونکە نەیدەزانی کەوتۆتە کوێ ؟

کابرا ماوەیەکی زۆر گەڕاو سووڕا . گەیشتە دارستانێکی تاریك ، ڕێگای بزر کرد . دوای دوو حەفتە گەڕان بەناو دارستانەکەدا شەوێك زۆر ماندوو بوو ، لەژێر نەمامێك پالی دایەوە بۆ ئەوەی سەر خەوێك بشکێنێ . بەلام هاوارو واوەیلایەکی وا بوو خەوی لێ نەکەوت . لە دوورەوە تروسکاییەکی دی . بەرەو تروسکاییەکە چوو . بینی تروسکاییەکە لە خانوویەك دێ . خانوەکە زۆر بچووك دیار بوو چونکە دێوێکی زەبەللاحی لەبەر دەرگا وەستا بوو . کابرا لە دلی خۆیدا گوتی : « ئەگەر بچمە ئەو خانوەو دێوە بمبینێ کارم تەواوە . تازە دەرباز نابم » بەلام دوایی گوێی نەدایێ ملی لێ ناو چوە خانوەکە .

کاتێ دێوەکە چاوی پێ کەوت گوتی : « شتی چاك بوو تۆ هاتی . عومرێکە گۆشتم نەخواردوە . بۆ شێو قلووفت دەکەم .»

کابرا گوتی : « حەز ناکەم من بخۆی ، بەڵام ئەگەر برسیتەو دەتەوێ شتێك بخۆی تا حەزکەی خواردنم پێیە .»

دێو گوتی : « ئەگەر ڕاست دەکەی خواردنت پێیە ، دڵنیا بە ناتخۆم ، بۆیە دەمەویست بتخۆم چونکە چیترم دەست نەدەکەوت .»

چوونە ژوورەوە ، لە بەردەم مێزێك دانیشتن . کابرا نان و گۆشت و شەرابی دانا و ئەوەندەی دەیانخوارد خلاس نەدەبوو . دێو تا مڕ بوو خواردی و گوتی :

« ئەمە بۆ من باشە !»

کابرا گوتی : « زەحمەت نەبێ دەتوانم پرسیاری کۆشکی زێڕینی ستڕۆمبێرگت لێ بکەم ؟ داخۆ لە کوێیە ؟»

دێو گوتی : « با سەیری نەخشەکەم بکەم هەموو شارو گوندو خانوویەکی لەسەر دیار کراوە » .

نەخشەیەکی هێناند هەزار میل دوور بوو .

کابرا پرسی : « باشە ، چۆن بگەمە ئەو کۆشکە !؟»

دێو گوتی : « من دوو سەعات کاتم بە دەستەوەیە تا نزیك کۆشکت دەبەم بەڵام دەبێ پاشان بگەڕێمەوە ماڵێ چاوم لە ژن و منداڵەکەم بێ .»

ئینجا دێوەکە کابرای برد و سەد قۆناغ لەم لای کۆشکەکە داناو گوتی :

« لێرەوە ، دەتوانی بە ئاسانی ڕێگات بگریتە بەر .»

دێو گەڕایەوەو کابرا ڕۆیشت تا گەیشتە کۆشکی زێڕین . کۆشکەکە لەسەر چیایەکی شووشە کرابوو و هەموو ڕۆژێ کچێکی سیحرئەنگاوتوو بە سواری گالیسکە بە دەوریدا دەسووڕایەوە .

کابرا بینی کچە زۆر شادو خەندانە ، حەزی کرد یەکسەر بچێتە لای ، بەڵام کە ویستی بە چیاکە هەڵگەڕێ چیاکە ئەوەندە لووس و خزۆك بوو هەر هەنگاوێکی دەهاویشت دەخزیە خوارەوە . کە زانی ناگاتە کچە زۆر پەست و غەمبار بوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « لەو خوارە دەگیرسێمەوەو چاوەڕێی کچە دەکەم .»

جا زنجێکی بچووکی بۆ خۆی روست کرد وماوەی ساڵێکی تێدا بردە سەر . هەمو ڕۆژێ دەچوە دیار کچە کە بە دەوری کۆشکە کەدا دەسوورایەوە ، قەت بە بیری دانەدەهات ڕۆژێ بێ ودەستی بگاتێ .

ڕۆژێکیان ، بە ڕێکەوت تووشی سێ دزهات ، شەڕو کاڵەیان بوو ، بانگی کردن : « خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ ، واز بێنن !»

که دزەکان گوێیان لە دەنگی بوو وەستان بەڵام هیچیان نەدی و دەستیان بە شەڕ کردەوە . کابرا دیسان هاواری کرد : « خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ ، واز بێنن !» ڕاوەستان و تەماشای دەوروبەری خۆیان کرد بەڵام کەسیان نەکەوتە بەرچاو . دەستیان بە شەڕ کردەوە .

کابرا بۆ جاری سێیەم هاواری کرد : « خوا دەست بە باڵتانەوە بگرێ ، واز بێنن !» دیسان وەستان و سەیری دەوروپشتی خۆیان کرد بەڵام کەسیان نەدی . ئەمجارە لە جاران دڕندانەتر کەوتنە شەڕ . کابرا لە دڵی خۆیدا گوتی : « پێویستە بزانم ئەم هەموو شەڕە لەسەر چیە ؟!»

چوو لێی پرسین : بۆ بەشەڕ دێن ؟»
یەکێ گوتی : « من داردەستێکم دەست کەوتوە بە هەر دەرگایەك بکەوێ دەرگاکە لە خۆڕا دەبێتەوە .»
دوەم گوتی : « من پاڵتۆیەکم دەست کەوتوە کە لەبەری دەکەم کەس نامبینێ .»
سێیەم گوتی : « ئەسپێکم پەیدا کردوە دەگاتە هەموو شوێنێك تەنانەت دەگاتە سەر چیای شووشەش .»

جا ئەو سێ کەسە لەسەر ئەوە شەڕیان بوو داخۆ لەم شتانە هاوبەش بن و هەموو شتەکان موڵکی هەموان بن یان لەناو خۆیانەوە دابەشیان بکەن .

کابرا گوتی : « ئەگەر حەز دەکەن ئەو شتانە بدەنە من ، من شتێکی دەگمەنتان دەدەمێ . من پارەم نیە بەڵام شتێکی لە پارە بەنرختر م هەیە . بەڵام دەبێ پێشتر شتەکانی ئێوە تاقی بکەمەوە داخۆ قسەکانتان ڕاستە یان نا ؟»

ئەوانیش لێ گەڕان کابرا سواری ئەسپەکە بوو ، پاڵتۆکەی کردە بەرو داردەستەکەی بە دەستەوە گرت . کە ئەم هەموو شتانەی کەوتە بەر دەست لە چاو بزر بوو و لە هیچ شوێنێ نەیاندیتەوە . بەڵام پێش ئەوەی بڕوا یەکەو داری لە دزەکان داو گوتی : « ئەوەش هەقتان خوێڕینە ! ڕەنگە ئەوەندەتان بەس بێ .»

جا کابرا بە سواری ئەسپەکە چوە سەر چیای شووشە . کە گەیشتە لای کۆشکەکە دیتی دەروازەی قوفڵ دراوە . داردە ستەکەی لێ دا ، قوفڵ

بوەوە . چوە ژوورەوە ، سەرکەوت بۆ نهۆمی دوەم . کچە پاشا کە لە زار هەیوانێ دانیشتبوو ، بادەیەکی زێڕی پڕ شەڕابی لە پێش بوو . کچە کابرای نەدی چونکە پاڵتۆکەی لەبەر بوو . کابرا ئەو ئەڵقەی کاتی خۆی کچە لە پەنجەی کرد بوو دەری هێنا و هاویشتیە ناو بادەی بەردەمی کچەو زرنگەی هات .

کچە هاواری کرد : « ئەمە ئەڵقەی خۆمە ، ئەو کابرایەی ئازادم دەکا دەبێ ئێستا لێرە بێ . »

زۆر بە دوای کابرادا گەڕان ، سەراپای کۆشکیان پشکنی نەیاندۆزیەوە ؛ چونکە چووبوە دەرەوە ، پاڵتۆکەی داکەند بوو و سواری ئەسپەکەی ببوو .

کە خەڵکەکە هاتنە بەر دەرگاو چاویان پێ کەوت لە خەنی خۆشیان کردیانە هات و هاوار .

کابرا دابەزی و کچەپاشای گرتە باوەش . کچەش ماچی کردو گوتی « ئێستا ئازادت کردم . بەیانی زەماوەند دەکەین !»

# ١٣ - پینەدۆزو کورتەباڵا

هەبوو .. نەبوو . پینەدۆزێك هەبوو . بێ ئەوەی هیچ هەڵەو تاوانێکی کرد بێ ئەوەندە هەژار کەوت ، وای لێ هات تەنیا بایی یەك جووتە پێڵاو قایشی ما .

ئێوارێ قایشەکەی بۆ پێلاو هەڵبڕی بۆ ئەوەی بەیانی زوو دەستی پێ بکا .

لەبەر ئەوەی پینەدۆز کابرایەکی بەویژدان بوو ، بە دڵنیایی و بێ غایەڵە پاڵی دایە وە ، دوعای خۆی کردو خەوی لێ کەوت .

بەیانی لە خەو ڕا بوو ، نوێژی کردو چوو دەست بە ئیش بکا بەڵام زۆری پێ سەیر بوو کە دیتی جووتە پێڵاوەکە تەواو کراوەو لە سەر مێز داندراوە . زۆر حەپەسا ، تێ نەگەیشت مەسەلە چیە ؟ دەستی دایە پێڵاوەکان ولێیان ورد بۆوە ، ئەوەندە بە رێك و پێکی دوروابوون یەك تەقەڵ چیە لە شوێنی خۆی دەرنەچوو بوو . ئیشەکە وەکو ئیشی وەستا پوختەو ڕوختە بوو .

پاش نەختێ کڕیارێك هات ؛ لەبەر ئەوەی پێڵاوەکەی زۆر بە دڵ بوو لە پێڵاوێکی ئاسایی پارەی زیاتر پێ دا .

پینە دۆز بەو پارەیە بایی دوو جووتە پێڵاو قایشی کڕی . ئێوارێ هەردوو جووتە پێڵاوی هەڵبڕی بۆ بەیانی بە ورەیەکی بەرزەوە رووی کردە ئیش بەڵام چ ئیش نەبوو بیکا چونکە دیتی هەر دوو جووتە پێڵاو دورابوون و تەواو کرا بوون . کڕیاریش زۆر بوو . بەم جۆرە بایی چوار جووتە پێڵاو قایشی بە پارەکە کڕی .

بەیانی پاشتر دیتی هەر چوار جووت ئامادەن ئیدی کارەکە بەم چەشنە رۆیشت - ئەوەی ئێوارێ هەلی دەبڕی بەیانی تا لە خەو هەڵدەستا تەواوکرا بوو . زۆری نەبرد کەوتە خوشگوزەرانی و دەوڵەمەند بوو .

بە رێکەوت ، ئێوارەیەك کە زۆری نەما بوو بۆ سەری ساڵ ، هەروەکو جاران هەندێ پێڵاوی هەڵبڕی و بە ژنەکەی گوت :

« چۆنە ئەمشەو ئێشك بگرین ، بزانین ئەوە کێیە ئەوەندە یارمەتیمان دەدا ؟!»

ژنە قایل بوو و شەمالکی داگیرساند و خۆیان لە کوژیەکی تەنگ و تاری ، لە پەنا شمەکان شاردەوە . نیوەشەو ، دوو کورتە باڵای ڕووت هاتن . چوونە سەر مێزی پینەدۆز . دەستیان دایە قایشە هەڵبڕاوەکان و دایانە بەر

تەقەلان . ئەوەندە بە ڕێك و پێكی ، ئەوەندە بە خێرایی دەیانکوتا پینەدۆز بڕوای بە چاوی خۆی نەدەکرد .

هەموویان تەواو کردو سەرمێزەکەیان پاك کردەوەو بە ئەسپایی بۆی دەرچوون .

ڕۆژی پاشتر ، ژنەکە گوتی : « ئەو کورتە بالآیانە ئێمەیان دەولەمەند کردوە پێویستە ئێمەش لەگەڵیان بە ئەمەك بین . ئەوانە ڕووت و ڕەجاڵ بوون ، وا بڕوا لەسەرمان ڕەق دەبنەوە . جا وەرە ، من یەکەو کراس و کورتەك و شەلواریان بۆ دەکەم و یەکەو جووتە گۆرەویان بۆ دەچنم تۆش یەکەو جووتە پێلآویان بۆ بکە .»

کابرا ڕازی بوو .ئێواریێ هەموو شتەکانیان ئامادە کرد و دیاریەکانیان لەسەر مێز ڕێز کرد و خۆیان شاردەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەو کورتە بالآیانە چ دەکەن .

نیوەشەو کورتە بالآکان بە هەڵبەزین هاتنە ژوورەوەو خەریك بوو بکەونە سەر ئیش بەلآم لە باتی قایشی هەڵبڕاو دیتیان دەستە بەرگی بچووك و نازدار لە سەر مێزەکە ڕیز کراون .

سەرەتا تاسان و حەپەسان . پاشان زۆر شادو دڵخۆش بوون . بەو پەڕی خێرایی جلەکانیان کردە بەرو دەستیان پێدا هێناو هەڵیان کردە گۆرانی :

ئێستا بووین بە پیاوی جوان و کۆك
بۆ هەر پێلآو بۆ خەڵك بکەین ؟

لەو ناوە کەوتنە سەماو هەڵپەڕکێ . بازیان دایە سەر کورسی و مێزو بە غار لە دەرگاوە بۆی دەرچوون . لەو ڕۆژەوە بە دواوە چیتر نەهاتنەوە .

پینەدۆزیش تا مابوو گوزەرانی خۆش بوو . لە هەموو کارێکیش بەختی لەبارو تەیار بوو .

# ١٤ - ئاوی حەیات

هەبوو .. نەبوو .. پاشایەك هەبوو . تووشی نـەخۆشیـەكی زۆر گران ببوو ، كەس بڕوای نەدەكرد لەونەخۆشیە ڕاست بێتەوە .

ئەو پاشایە سێ كوڕی هەبوو زۆر بۆ باوكیان دڵ بەغەم بوون . ڕۆژی چوونە ناو باخچەی كۆشك و دەستیان بە گریان كرد ؛ چونكە وایان دەزانی باوكیان دەمرێ . پیرەمێردێك هاتە لایان و لێی پرسین بۆ وا غەمبارن و ئەو گریانەیان لە چیە ؟

گوتیان : « باوكمان لە گیانەلادایەو بە هیچ شتێ چاك نابێتەوە .»

پیرەمێرد گوتی : « ئەمن دەزانم . یەك دەرمان هەیە باوكتان پێ چاك دەبێتەوە ئەویش ئاوی حەیاتە . ئەگەر باوكتان ئەو ئاوە بخواتەوە بەڵای لێ نامێنێ بەڵام پەیداكردنی ئەو ئاوە زۆر دژوارە .»

كوڕی گەورە گوتی : « ئەمن دەیدۆزمەوە .»

ئیدی چوە لای باوكی نەخۆشی و داوای لێ كرد ڕێی بدا بە دوای ئاوی حەیاتدا بچێ ، چونكە ئاوی حەیات تاكە دەرمانێكە چاكی بكاتەوە .»

پاشا گوتی : « نەخێر ، كوڕم ، ئەو ڕێیە زۆر ترسناكە ، نابێ بچیت . با بمرم باشترە » .

بەڵام كوڕە ئەوەندە سوڕ بووو ئەوەندە بە بەر پاشا دا كەوت تا پاشا ڕێی دا بچێ ..

كوڕە گەورەی پاشا لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر ئەم ئاوە من بیهێنم لای باوكم خۆشەویست دەبم و وڵات دەبێ بە میراتی من .»

كوڕە لێ یدا ڕۆیشت . ماوەیەكی بڕی گەیشتە كورتە باڵایەك لە چەقی ڕێگادا وەستا بوو . كورتەباڵا هاواری كرد :

« كێوە ؟ وا بە خێرایی ؟!»

شازادە بە شانازیەوە گوتی : « كورەبنەی گێـل و وێل ، تـۆ چ ئیشت پێیە ؟»

گوێی نەدایێ و ڕۆیشت .

كورتەباڵاكە زۆر توورە بوو . تووك و نەفرەتی لێ كرد . زۆری نـەبرد شازادە گەیشتە گەروە چیایەك تا زیاتر ڕۆیشت گەروەكە تەنگتر بوو تا وای لێ هات چیتر نەیتوانی بڕوا . ئەسپەكەی لەوێ چەقی - نە توانی بچێتە

پێش ، نه توانی بکشێتەوە تا کابرا دابـبەزێ . بەم جۆرە لەوێ گیری خوارد .

پاشای نەخۆش ماوەیەك چاوەڕێ بوو کوڕە گەورەی نەگەڕایەوە .

کوڕی دووەم گوتی : « باوکە ، ڕێم بدە ، من بچم ئاوی حەیاتت بۆ بێنم .

کوڕە لە دڵی خۆیدا دەیگوت : « ئەگەر برای گەورەم مردبێ وڵات بۆمن دەمێنێتەوە .»

یەکەم جار پاشا ڕێی نەدا بەڵام پاشان ڕازی بوو . شازادەی ناوەنجی وەکو برای گەورەی بە عەینی ڕێگادا ڕۆیشت و تووشی هەمان کورتە باڵا بوو .

کورتەباڵا ڕایگرت ولێی پرسی : « ئەوە بۆکوێ دەچی هێندە تەنگاوی ؟»

کوڕەکە گوتی : « قونکەپیار ، ئەمەپەیوەندی بەتۆوەنیە »

ئیدی گوێی پێ نەداو ڕۆیشت .

کـورتە بـاڵاکە سیحری لێ کـردو ئەویش وەکـوبرای هـەمـان گـەروە چیای تەنگ بوو . گیری خواردونە توانی بچێتە پێش ونە توانی بکشێتەوە .

کە کوڕی ناوەنجیش نەهاتەوە ، کوڕی هەرە گچکە داوای لە لاوکی کرد ڕێی بدا بچێ ئاوی حەیات پەیدا بکات . پاش هێنان و بردنێکی زۆر پاشا ڕێی دا .

کوڕی گچکە ڕۆیشت . ئەویش تووشی هەمان کورتەباڵا بوو . کورتە باڵا لێی پرسی : « کێوە ؟ وا بە تەنگاوی ؟ »

کوڕە ڕاوەستاو گـوتی : « باوکم لە سـەرەمەرگدایە بـە دوای ئاوی حەیاتدا دەگەڕێم .»

کورتەباڵا گوتی : « جا دەزانی ئاوی حەیات لە کوێ دەست دەکەوێ ؟»

شازادە گوتی : « نەخێر » .

کورتە باڵا گوتی : « لەبەر ئەوەی تۆ قسەی خۆشت لەگەڵ کردم وەکو برا سەختەچیەکانت چەتوون و لووتبەرز نەبووی یارمەتیت دەدەم و پێت دەڵێم چۆن ئاوی حەیاتت دەست دەکەوێ : ئاوەکە لە بەرکانیەك دەڕوا کە لە حەوشەی کۆشکێکی سیحریدایە . ئێستـا من باریـەیەك و دوو نـانت دەدەمێ . ئەوانە نەبن قەت پێت ناکرێ بچیتە ناو کۆشکەکە . کە چووی سێ باریە لە دەرگای ئاسنینی کۆشکەکە بدە . دەرگاکە دەبێتـەوە . دوو شێر دەبینی لغاوەیان کردۆتەوە . یەکەو نانیان بۆ بهاوێژە . هێور دەبنەوە جا خێـرا برۆ پێش . سـەعات دوازدە هـەندێ ئـاوی حەیـات بێنە نـەوەك دەرگاکانی کۆشکەکە دادەخرێن و لە ناوەوە گیر دەخۆی !!»

شازادە سوپاسی کرد . باریە و نانەکانی وەرگرت و ڕۆیشت . کە گەیشتە کۆشکەکە کورتەباڵا چۆنی گوتبوو دەق وا دەرچوو . سێ باریەی لە دەرگا دا . دەرگا بووەوە . شێرەکانی بە نانەکە هێور کردەوەو چوە ناو کۆشك .

لە هۆڵی گەورەدا زۆر شازادەی سیحرلێکراوی بینی ئەلقەی لە پەنجەی هەموویان کردەوە . شمشێرێك و نانێکیان لە تەك بوو ئەویشی برد . چوە ژوورێکی تر کچێکی جوانی دی . کچە بە هاتنی شازادە شاگەشکە بوو و باوەشی تێ وەرهێنا و گوتی ئازادت کردم ، هەموو وڵاتەکەم بۆ تۆ . ئەگەر پاش ساڵێکی تر بێیتەوە مێردیشت پێ دەکەم . ئینجا جێگای ئاوی حەیاتی پێشان داو گوتی :

« دەبێ پەلە بکەی بۆ ئەوەی پێش سەعات دوازدە لەم کۆشکە بچیتە دەرەوە .»

کابرا ڕۆیشت . چوە ژوورێکی تر . ژوورەکە چوارپایەکی نەرم و خۆشی تێدا بوو . جا شازادە لەبەر ئەوەی ماندوو بوو ویستی نەختێ بحەسێتەوە . ئیدی لەسەر جێگاکە پاڵی دایەوەو خەوی لێ کەوت . کە واگاهات سەعات دوازدە چارەکێکی دەویست . لە ترسان دەرپەڕی . هەر ڕایکرد بۆ سەر کانیەکەو بادیەك لەو ناوە بوو پڕ ئاوی کردو بە تالووکە بۆی دەرچوو . کە گەیشتە لای دەرگا ئاسنینەکە سەعات دوازدە لێیدا و دەرگا ئەوەندە بە توندی داخرا نەختێ پاژنەی پێی بڕی .

شازادە زۆر بەکەیف بوو کە ئاوی حەیاتی دەست کەوت و بە پەلە بەرەو ماڵ بووەوە . تووشی کورتەباڵای تاین بوو . کاتێ کورتەباڵاکە چاوی بە شمشێرو نانەکە کەوت گوتی : « ئەم شتانەت زۆر بە کەلك دێ . بەم شمشێرە دەتوانی هەموو لەشکرێك بشکێنی و ئەم نانەش قەت کۆتایی نایە .»

شازادە نەیویست بە بێ براکانی بگەڕێتەوە ماڵێ بە کورتەباڵای گوت : « کاکی برای ! ئەرێ نازانی براکانم لە کوێن ؟ ئەوان پێش من بە دوای ئاوی حەیاتدا چوون بەڵام تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە .»

کورتەباڵاکە گوتی : « لەبەر ئەوەی براکانت زۆر قەپۆز بڵندو لە خۆبایی بوون من سیحرم لێ کردن و ئێستا هەردووکیان لە گەروویەکی تەنگی شاخێکدا گیریان خواردوە .»

شازادە زۆر لە کورتەباڵاکە پاڕایەوە بۆ ئەوەی براکانی ئازاد بکا . ئەویش لە ئەنجامدا دڵی نەرم بوو ، بەڵام بە شازادەی گوت : « وریای خۆت بە لە براکانت : خۆیان لێ بپارێزە ، دڵیان زۆر پیسە .»

شازادە کە دیتی براکانی هاتنەوە زۆری کەیف پی هات و چی دی بوو و چی بەسەر هاتبوو هەمووی بۆ گێڕانەوە : بۆی گێڕانەوە چۆن ئاوی حەیاتی دیتەوەو بادیەکی لەو ئاوە هێنا . چۆن کچە پاشایەکی جوانی ئازاد کردو پاش ساڵێکی تر دەچێ دەیهێنێ .

ئینجا هەر سێ برا پێکەوە سواربوون و ڕۆیشتن . گەیشتنە وڵاتێک شەڕێکی گران داکەوتبوو . پاشای ئەو وڵاتە نائومێد ببوو ، داینا بوو بە تەواوی تێ بچێ چونکە گرانی و برسێتی هەموو لایەکی داگرتبوو .

شازادە چوە حوزوور پاشا . نانەکەی دایەو ئەویش بەو نانە سەراپای وڵاتی تێر کرد . ئینجا شمشیرەکەی دایەو پاشا بەو شمشیرە هەموو لەشکری دوژمنی شکاندو کەوتەوە ئاشتی و هێمنی .

شازادە نان و شمشیری خۆی وەرگرتەوە و هەر سێ برا سواربوون و کەوتنەوە ڕێ . لە ڕێگادا تووشی دوو وڵاتی تر هاتن کە شەڕو گرانیان تێدا بوو . شازادە نان و شمشیری دانێ و بەم جۆرە شازادە سێ وڵاتی ڕزگار کرد .

ئینجا ئەو برایانە کەشتیە کیان گرت بۆ ئەوەی لە دەریا بپەڕنەوە . لە کاتی پەڕینەوەدا دوو برای گەورەترێ بە فسکەفسك بە یەکتریان گوت :

« برای گچکە ئاوی حەیاتی هێناوە ، ئێمە پێمان نەهاتوە . وڵاتی باوکمان میراتی ئێمەیە کەچی بۆ ئەو برا بچووکە دەبێ و سامانەکەمان لە دەست دەچێ .»

ئەم بیرو لێکدانەوەیە قین و زکرەشی زیاد کردن . بڕیاریان دا هەرچۆنێ بێ برای گچکە بفەوتێنن . ڕاوەستان تا برای گچکە نووست . کە نووست ، ئاوی حەیاتیان لە بادیەکەی بە تاڵ کردو بۆیان پڕ ئاوی سوێری دەریا کرد .

کە گەیشتنەوە ماڵێ ، شازادەی بچووك بادەی خۆی بۆ پاشا برد بۆ ئەوەی ئاوەکە بخواتەوەو چاك ببێتەوە . بەڵام کە پاشا چەند دڵۆپێکی لە ئاوەکە خواردەوە هەستی کرد لە ئاوی دەریاش بێ تامترە . دەستی بە لاوانەوەو کرووزانەوە کرد . لەو کاتەدا دوو کوڕەکەی گەورەترێ هاتنە لای‌و برای گچکەیان تاوانبار کرد کە ویستوویەتی ژەهر دەرخواردی باوکی بدات و گوتیان ئێمە ئاوی حەیاتمان هێناوە . هەندێ ئاویان دایێ . پاشا ئاوەکەی خواردەوە . هەستی کرد چاکتر بوو . هێزو شەنگ و تەندروستی جارانی هاتەوە بەر .

جا هەر دوو برای گەورەترێ چوونە لای برای گچکەو تیزیان پێ کردو گوتیان :

« ئاوی حەیات تۆ پەیدات کردو ئازارت پێوەکێشا کەچی پاداشتەکە ئێمە وەرمان گرت . دەبوایە ئاقڵ و وریاو چاوکراوە بیت . ئەو کاتەی کەلەناو کەشتی بووین ئاوەکەمان لێ دزیت . سالیش وەربسوورێتەوە یەکێکمان دەچین کچە پاشا نازدارەکە بۆ خۆمان دێنین بەڵام نەچی بە باوکمان بڵێی چونکە یەکەم ئەو پێت بڕوا ناکا دووەم یەك تاقە وشەت لە دەم بێتە دەرەوە لە ناوت دەبەین . تەنیا یەك ڕێگات لە پێشە ئەویش ئەوەیە کە هیچ دەنگ نەکەی .»

پاشای بە ساڵاچوو زۆر لە کوڕە بچووکەکەی تووڕە بوو . بڕوای کرد بوو کە ویستوویەتی ژەهری دەرخوارد بدات . دادگای دانا بۆ ئەوەی مەحکەمەی بکەن و بڕیار درا بە نهێنی لە ناوی بەرن .

ڕۆژێکیان کە شازادەی بچووك ویستی بچێتە ڕاو هیچ ئاگای لە هیچ نەبوو ڕاوکەرێکی پاشایان وەگەڵ دا . ڕاوکەرەکە زۆر پەست و غەمبار بوو ، شازادە گوتی :

« ڕاوکەری ئازیز ، ئەوە چیت لێ قەوماوە وا کزو غەمباری ؟! »

ڕاوکەر وەلامی دایەوەو گوتی : « زمانم ناگرێ پێت بڵێم بەلام هەر دەبێ پێشت بڵێم .»

شازادە گوتی : « دە بیڵێ دەی ، گوێ مەدەرێ ! هەرچی هەبێ من لێت ناگرم .»

ڕاوکەر گوتی : « دەزانی پاشای باوکت فەرمانی پێ کردووم کە بتکوژم .»

شازادە لە ترسان لە جێی خۆی تاسا ، گوتی :

« ڕاوکەری ئازیز ، تکایە مەمکوژە . ئەمجارە بمبەخشە . وەرە بەرگمان بگۆڕینەوە : من بەرگی تۆدەکەمە بەرو بەرگی شاهانەی خۆم دەدەمە تۆ .»

ڕاوکەر گوتی : « بەو پەڕی شادی و بەختیاری بەرگی خۆمت لەگەڵ دەگۆڕمەوە . دەستم ناگرێ بتکوژم .»

جل و بەرگیان گۆڕیەوە . ڕاوکەر چووەوە ماڵێ و شازادەش سەری هەڵگرت بۆ ناو دارستان وکەوتە گەڕان و سووڕان .

دوای ماوەیەك سێ بارە عارەبانەی زێڕو بەردی بەهادار بە ناوی کوڕە بچووکەکەوە بۆ پاشا هاتن . دیاری ئەو پاشایانە بوون کە کاتی خۆی شازادەی بچووك بە نان و شمشیرەکەی ڕزگاری کردبوون و پاشاکان لە ڕووی ئەمەك و وەفاداریەوە ئەو دیاریانەیان نارد بوو .

پاشای بەساڵا چوو بیری کردەوە : « ئەگەر کوڕی بچووکم بێ تاوان دەرچوو ، چ بکەم ؟!»

ئینجا بە گەل و خزمانی گوت : « وای دەنا ئێستا کوڕەکەم زیندوو بایە ، سەد ئاخ و داخ کە فەرمانی کوشتنم دا .»

ڕاوکەر گوتی : « پاشام خۆش بێ ، کوڕەکەت ماوە نەمردوە . کاتی خۆی دڵم نەهات فەرمانەکەت بە جێ بێنم و بیکوژم .»

ئینجا چ ڕووی دا بوو هەمووی بۆ پاشا گێڕایەوە . پاشا کە ئەم خەبەرە خۆشەی بیست بارگرانی سەر دڵی سووك بوو . لە سەراپای وڵات جاڕی دا کوڕەکەی لە هەر کوێیە بێتەوە پاشا بە گەرمی و خۆشەویستی پێشوازی دەکات .

لەولاوەش ئەو کچە پاشایەی برای گچکە ڕزگاری کرد بوو ، ڕێگایەکی لە زێڕی خوری بریقەدار بۆ کۆشکێ ڕاکێشاو بە خەڵکەکەی گوت ئەوەی یەکەوڕاست بە سواری بەسەر ئەو ڕێیە داهات ئەوە زاوای ڕاستەقینەیە ، بیهێننە لام ، بەڵام ئەوەی بەم لاو بەو لای ئەو ڕێیە داهات دیارە زاوای ڕاستەقینە نیەو لێ مەگەڕێن بێتە ژوورەوە .

کە هات ساڵێك تەواو بێ برای گەورە بیری کردەوە بەتاڵووکە بچێتە لای کچە پاشاکەو وا پێشان بدا کە ئەو ڕزگاری کردوەو ژنێك و وڵاتێکی بۆ بێ . سوار بوو ، ڕۆیشت . کە گەیشتە ڕێگا زێڕینەکە گوتی گوناحە بە سواری بەسەر ئەو زێڕە بکەوم . لایدا سەر ڕۆخی دەستە ڕاستی ڕێگاکە و ڕۆیشت تا گەیشتە بەردەرگا . خەڵکەکە گوتیان تۆ زاوای ڕاستەقینە نیت . بە چ ڕێگایەك دا هاتی بە وێ دا بگەڕێتەوە .

زۆری نەبرد برای ناوەنجی هات . کە چاوی بە ڕێگا زێڕەکە کەوت لە دڵی خۆیدا گوتی زۆر گوناحە ئەسپەکەم بەسەر ئەو ڕێیە بکەوێ . لایدا سەر ڕۆخی دەستەچەپی ڕێگاکە و ڕۆیشت بەڵام کە گەیشتە بەر دەرگا پێیان گوت تۆ زاوای ڕاستەقینە نیت و تەبای برای گەورە وەدەریان نا .

کە ساڵێکی ڕەبەق تەواو بوو ، شازادەی بچکۆڵە لەناو دارستانەکە هاتە دەرێ و سوار بوو بۆ لای خۆشەویستەکەی تا خەم و جەخاری ڕابردوو لە

بیر خۆی بباتەوە . ملی ڕێی گرت . لە ڕێگادا هەر بیری لە خۆشەویستەکەی دەکردەوەو بەو بایە هەمیشە هەر لای خۆشەویستەکەی بێ .

خۆشەویستەکەی بە جۆرێ مێشکی داگرتبوو چاوی ڕێگا زێڕەکەیشی نەدی . ئەسپەکەی بە چەقی ڕێگاکەدا هاژوا وکە گەیشتە بەردەرگا دەرگا کرایەوەو کچە پاشاکە بە ڕووخۆشی بە خێری هێناو بە ڕزگارکەرو خاوەنی وڵاتی خۆی ناسی .

یەکسەر بوو بە زەماوەندێکی خۆش . کە زەماوەند تەواو بوو کچە بە کوڕەا گوت باوکت لێت خۆش بوەو ئێستا بە دواتدا دەگەڕێ .

کوڕە گەڕایەوە لای باوکی و هەموو شتێکی بە وردو باریکی بۆگێڕایەوە : چۆن براکانی تەفرەیان دا ، چۆن ناچاریان کرد دەنگ نەکا .

پاشای بە ساڵا چوو ویستی دوو کوڕەکەی گەورەترێ سزا بدا بەڵام‌تا پاشا وەخۆی کەوت ئەوان بە مەسەلەکەیان زانی وبە سواری کەشتی ڕۆیشتن وگەیشتنە ناو دەریا .
ئەوساو ئێستاش ئەو دووبرایە نەگەڕانەوە .

# ١٥ ـ مۆمی شین

هەبوو .. نەبوو .. سەربازێك هەبوو ، ماوەی چەند ساڵێك خزمەتێكی زۆر دڵسۆزانەی پاشای خۆی كرد بەڵام ئەوەندەی برین كەوتبوە لەش نەیتوانی چیتر خزمەت بكات . پاشا پێی گوت :

« من چیتر پێویستم بە تۆ نیە . بۆ خۆت بڕۆوە ماڵی خۆت . من تەنیا كرێی ئەوانەم پێ دەدرێ كە خزمەتیان بێ دەكرێ .»

سەربازەكە نەیزانی چۆن بژێوی خۆی پەیدا بكات . بە كزو غەمباری ڕۆیشت . بۆ ئێوارێ گەیشتە دارستانێك و لە دوورەوە ڕووناكاییەكی دی و كە لێی نزیك بوەوە دیتی خانووی ژنە سیحربازێكە . گوتی : « تكایە شەو داڵدەم بدەو نەختێ خواردن و خواردنەوەم بدێ ئەوەك تێ دەچم .»

ژنە سیحربازەكە گوتی : « وای ! وای ! كێ سەربازی قاچاغ دادەكات و شتی دەداتێ ؟! بەڵام قەیدی نیە . ئیشێكم هەیە ئەگەر بیكەی داڵدەت دەدەم .»

سەربازەكە گوتی : « ئیشەكە چیە ؟»

سیحربازەكە گوتی : « دەمەوێ سبەینێ باخچەكەم بۆ هەڵكێڵیتەوە .»

سەربازەكە قایل بوو . ڕۆژی پاشی تا توانی ئیشی كرد . بەڵام تا ئێوارێ پێی تەواو نەكرا .

سیحربازەكە گوتی : « دەزانم ئێوارەیەو چیتر بێ ناكرێ . ئەمڕۆ بەسە . ئەمشەویش دەتحەوێنمەوە سبەینێ هەندێ دار بۆ سووتان بقەڵشە !»

سەربازەكە ڕۆژی پاشی تا ئێوارێ ئیشی كردو ئێوارێ سیحربازەكە پێشنیاری كرد شەوێكی تریش بمێنێتەوەو گوتی : « ئەركی سبەینێت زۆر ئاسانە . بیرێكی وشك لە پشت خانوەكەمان هەیە . مۆمێكی ئاگرشینم هەبوو قەت نەدەكوژایەوە ، لێم كەوتۆتە ناو ئەو بیرە . دەمەوێ بۆمی دەربێنی .»

ڕۆژی پاشی ، سیحربازەكە سەربازی بردە سەر بیرەكەو بە سەبەتەیەك شۆڕی كردەوە . سەربازەكە مۆمەكەی دیتەوەو ئیشارەتی كرد هەڵی بكێشێتەوە . كە نزیك سەرەوە بوو سیحربازەكە دەستی درێژ كرد مۆمەكەی لێ وەربگرێ بەڵام سەربازەكە لە نیازی گڵاوی گەیشت و گوتی : «نەخێر ، تا بە سەلامەتی نەگەمەوە سەر زەوی مۆمەكەت نادەمێ .»

سیحربازەکە شێتگیر بوو . لە ڕکان سەربازەکەی بەردایەوە ناو بیرێ . سەربازی کڵۆڵ کەوتە بنی بیرێ بەڵام بریندار نەبوو . مۆمەکەش نەکوژایەوە . جا مۆم سوودی چیە ؟!»

سەربازەکە بڕوای نەدەکرد تازە لە مردن قوتار ببێ . ماوەیەك بە غەمباری دانیشت . ئینجا دەستی لە گیرفانی ڕاکرد . سبیلەکەی هێشتا نیوەی مابوو ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەمە دوا نیعمەت و دوا خەم بە بادانی ژیانمە !»

بە مۆمە شینەکە سبیلەکەی داگیرساند و قومی پێوەنا کە گەواڵە دووکەڵی سبیلەکە نەختێ ڕەویەوە قوڵەڕە شێکی بچووکی لەبەردەم پەیا بوو ، گوتی : « گەورەم ، ئەمر کە !»

سەربازەکە هێدم گرتی ، گوتی : « مەبەستت چیە ؟»

قوڵەڕەشی بچکۆڵە گوتی : « هەر فەرمانێکت هەیە جێ بە جێی دەکەم .»

سەربازەکە گوتی : « ئۆی ! مادام شتی وا هەیە جارێ زوو لەم بیرە دەرم بێنە !»

کابرای بچکۆڵە دەستی سەربازەکەی گرت و بە ناو ڕاڕەوێکی ژێرزەویدا بردی . سەربازەکە مۆمەکەیشی لەگەڵ خۆی برد .

لە ڕێگادا ، کابرا ئەو هەموو گەنجینەیەی نیشانی سەربازەکە دا کە سیحربازەکە لەوێ دایکردبوو . سەربازەکە تا پێی هەڵگیرا زێڕی برد کە گەیشتەوە سەر دونیا بە کابرای گوت : « ئێستا بڕۆ سیحربازەکە پەلبەست بکەو بیبە پێش حاکم .»

زۆری نەبرد سیحربازەکە بە سواری پشیلەیەك تیژ تێپەڕی و تا دەنگی تێدا بوو هاواری کرد .

ئینجا کابرای بچکۆڵە دەرکەوت و گوتی : « گەورەم چۆنت فەرمان دا وا ڕابرا . سیحربازەکە لە قەنارە درا . ئێستا چ فەرمانێکت هەیە ؟! »

سەربازەکە گوتی : « جارێ هیچم ناوێ . بڕۆوە ماڵێ بەڵام کە بانگم کردی بگە بە فریام » .

کابرای بچکۆڵە گوتی : « هەرکاتێ پێویستت بە من بوو سبیلەکەت بە مۆمە شینەکە پێ کە من لە پێشت حازرم .»

ئەمەی گوت و بزر بوو .

سەربازەکە گەڕایەوە ئەو شارەی لێی دەرکرابوو . دەستە بەرگێکی نوێ و نایابی بە ڕادان دا . ئینجا چوە باشترین خان و بە خاوەنەکەی گوت باشترین ژووری بۆ تەرخان بکات . کە ئەمانەی تەواو کرد قوڵەڕەشە

بچکۆڵەی بانگ کردو گوتی : « من زۆر بە دڵسۆزی خزمەتی پاشای خۆم کرد بەڵام پاشا دەری کردم تا لە برسان بمرم . ئێستا دەمەوێ تۆڵەی خۆمی لێ بکەمەوە .»

کابرای بچکۆڵە گوتی : « فەرموو دەتەوێ چیت بۆ بکەم ؟!»

سەربازەکە گوتی : « کە شەو زرنگایەوەو کچی پاشا نووست برۆ بە نووستوویی بۆ منی بێنە . وای لێ دەکەم چ جۆرە خزمەتێك کرێت و پیس و چرووکە ئەو خزمەتەم بکات .»

کابرای بچکۆڵە گوتی : « ئیشەکە بۆ من زۆر ئاسانە بەڵام بۆ تۆ زەحمەتە !»

کە سەعات دوازدە لێی دا ، دەرگا بوەوەو کابرای بچکۆڵە کچەی هێنایە ژوورەوە .

سەربازەکە هاواری کرد : ئەوە ، ئەوە تۆی ؟ ئەوەخۆتی ؟ خێرا دەست دە گەسك و ئەو عەردە بماڵە .»

کاتێ کە کچەکە لە ماشتنی عەردەکە بوەوە ، سەربازەکە دانیشت و پێی درێژکردو فەرمانی بە کچەکە کرد پێڵاوەکانی بۆ داکەنێ . کە پێڵاوەکانی بۆ داەند سەربازەکە پێڵاوەکانی سرەواندێ و پاشان خورتی لێ کرد هەڵیان بگرێتەوەو پاکیان بکاتەوە . هەرچی فەرمانێکی پی کرد کچە بە بێ دەنگی جێ بە جێی کرد .

لەگەڵ یەکەم بانگی کەڵەشێر ، کابرای بچکۆڵە کچەکەی بردەوە کۆشکی شاهانە و خستیەوە ناو پێخەفی خۆی .

بەیانی کە کچەکە واگا هات چوە لای باوکی و بۆی گێڕایەوە کە خەونێکی ناخۆشی دیوە : « بە ناو شەقامەکانی شاردا بردمیان . وەك بروسك بردمیانە ژووری سەربازێك . لەوێ چ ئیش و خزمەتی چرووك و ناهەموارە سەربازەکە پێی کردم . ژووری پێ ماڵیم ، پیلاوی پێ پاك کردمەوە . هەڵبەتە ئەمە هەمووی خەون بوو بەڵام ئێستاش لەگەڵدا بێ ئەوەندە ماندووم هەر دەڵێی بە ڕاستی ئەم هەموو ئیشەم کردوە .»

پاشا گوتی : « نابێ ئەو خەونە ڕاست بێ ، بەڵام ئامۆژگاریەکت دەکەم . ئەمشەو گیرفانت پڕی دنکە پاقلە بکە و کونێکی بچووکی تێ بکە ئەگەر بە ڕاستی بتبەن پاقلەکان دەرژێن و دەوسیان لەسەر ڕێگا بە جێ دەمێنێ .»

کە پاشا ئەم قسانەی بۆ کچەکە کرد کابرای بچکۆڵە لەوێ وەستا بوو بەڵام نەیاندەدی ، هەموو قسەکانی بیست .

شەوی دوەم کە کابرای بچکۆڵە کچەکەی هەڵگرت و بردی هەر چەندە پاقلەکەی لە گیرفانی ڕژا بەڵام شوونی هەڵنە دەگیرا چونکە کابرای بچکۆڵە

فێڵباز بوو پێشتر پاقلەی ب[illegible]ەموو جادان وەر[illegible] دبوو . ئەمشەویش کچەتا کەڵەشێر بانگدان خزمەتی چرووك و ناهەمواری سەربازەکەی کرد .

بۆ سبەینێ پاشا پیاوی نارد بۆ ئەوەی شوونی پاقلەکە هەڵبگرن بەڵام چیان پێ نەکرا چونکە منداڵە هەزار پاقلەی هەموو جادەکانیان کۆ کردبووەوەو لە گەڵ پاقلە کۆکردنەوەدا دەیانگوت : « دیارە ئەمشەو پاقلە باریوە .»

پاشا گوتی : « دەبێ ئەمشەو پیلانێکی باشتر دابنێینەوە . کچم ئەمشەو کە نوستی پێڵاوێ دامەکەنە . کە تۆیان برد پێش ئەوەی بتهێننەوە لنگێکی لەوێ جێ بێڵە و بیشارەوە ، مسۆگەر دەیدزینەوە !»

کابرای بچکۆڵە ئەم پیلانەشی بیست و کە سەربازەکە داوای کرد کچی پاشای بۆ بێنێ کابرا پێی گوت واز بێنێ باشترە چونکە دەیزانی چیتر ناتوانێ بەسەر فێڵی پاشادا زاڵ ببێ و ئەگەر پێڵاوەکە بدۆزرێتەوە ئاغاکەی دەکەوێتە مەترسی .

سەربازەکە گوتی : « من چیت پێ دەڵێم تۆ وا بکە .»

کابرا بۆ جاری سێیەم کچی پاشای هێناو سەربازەکە خزمەتی چرووك و کارەکەری پێ کرد بەڵام پێش ئەوەی بیبەنەوە کچە لنگە پێڵاوێکی لە ژێر چوارپاکە شاردەوە .

بۆ بەیانی پاشا فەرمانی دا لنگە پێڵاوێکی کچەکەی بزر بوە دەبێ سەراپای شار بپشکنن .

پێڵاوەکەیان لە ژووری سەربازەکە دۆزیەوە . سەربازەکە خۆی لە ژوورێ نەبوو ، لە سەر داخوازی کابرای بچکۆڵە چووبوە دەرەوە بەڵام دەرباز نەبوو هەر زوو گرتیان و فڕێیان دایە گرتووخانە .

سەربازەکە لە تەنگایان گرنگترین گەنجینەی لە بیر کردبوو کە زێڕو مۆمی شین بوو . تەنیا یەك تاقە لیرەی لە گیرفان بوو .

سەربازەکە بە کۆت و کەلەپچەوە لە تەك پەنجەرەی گرتووخانە وەستا بوو . هاورێیەکی بەوێدا تێپەڕی لە پەنجەرەوە بانگی کردو گوتی : « برام ، ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە ، لەو خانەی ئەمن لێ بووم ، پریاسکەیەك لە ژوورەکەم هەیە بۆم بێنە ، لیرەیەکت دەدەمێ .»

برادەرەکەی هەر ڕایکرد چوو پریاسکەکەی بۆ هێنا . جا کە سەربازەکە هەر خۆی مایەوە سبیلەکەی پێ کرد و کابرای بچکۆڵە پەیدا بوو . کابرا گوتی :

« مەترسە ، دەتبەنە کویێ با بتبەن ، لێ گەڕێ چ دەبێ با ببێ بەڵام لە بیر نەکەی مۆمی شین لەگەڵ خۆت ببە .»

ڕۆژی پاشی دادگا دانیشت و ئەگەرچی سەربازەکە هیچ خراپەشی نەبوو بەڵام حاکم فەرمانی کوشتنی دا کە بردیان لەسەری بدەن داوای لە پاشا کرد دوا مۆڵەتی بدەن .

پاشا پرسی : « ئارەزووت لە چیە بڵێ ؟»

سەربازەکە گوتی : « دەمەوێ پێش مەرگم سبیلێك پێ بکەم .»

پاشا وەڵامی دایەوە : « سێ سبیل پێ بکە بەڵام بە خەیاڵت دا نەیێ لێت خۆش ببم .»

جا سەربازەکە سبیلی دەرهێنا و بە مۆمە شینەکە پێی کرد و هەر هێندە ئەڵقەی دووکەڵ بەرز بوەوە کابرای بچکۆلە دەست بە تۆپز پەیدا بوو ، گوتی : « گەورەم ئەمر کە ، فەرمانت لەسەر چیە ؟»

سەربازەکە گوتی : « حاکمی بێدادو لادەستەکانی بە تۆپز لەسەر عەرد ڕاکێشە ... پاشاش زۆری خراپە دەرهەق من کردوە ئەویش بە سزای خۆی بگەیەنە و لە سەری باز مەدە .»

کابرای بچکۆلە وەك برووسکە بەم لاو بە و لادا فڕی . تۆپزی لە هەر کەسێ دەدا خپی دەکردو پرزەی لێ دەبڕی . پاشا ترسی گەیشتێ . کڕنۆشی بردو کەوتە پارەپاڕێ نەیکوژن . وڵاتی خۆی بە سەربازەکە بەخشی و کچی خۆی دەقەبەر کرد هەر هێندە نەیکوژن .

# ١٦ - پووش و پەنگرو پاقلە

جارێکیان پیرەژنێکی هەژار لە گوندیکدا هەبوو . پیرەژن ڕۆژێ ویستی چەنگە پاقلەیەك لێ بنێ . ئاگری لە ئاگردان کردەوە . جا بۆ ئەوەی پاقلەکە زوو بکوڵێ چەنگە پووشێکی لەبەر ئاگر ڕا کرد . کە پاقلەکەی لە مەنجەڵ کرد دنکە پاقلەیەکی لە دەست بەربوەوەو لە تەنیشت زلە پووشێك کەوتە سەر زەوی . ئینجا پەنگرە ئاگرێك لە ناو ئاگردان بازی دا دەرێ و چوە لای دنکە چاقلەو زلە پووشەکە .

زلە پووشەکە گوتی : « هاورێینە ، ئەوە ئێوە چۆن کەوتنە ئێرە ؟!»

پەنگر وەڵامی دایەوە : « لە دەست ئاگر هەڵاتم . ئەگەر خورتیم لە خۆم نەکردایە و هەڵنەهاتبام ، مردنێکی خراپ دەمردم . تا دەبووم بە خۆڵەمێش دەبوایە بسووتێم .»

دنکە پاقلە گوتی : « منیش بە پڕەپڕ هەڵاتم خۆ ئەگەر پیرەژن بیگرتبامەوەو بیخستبامە ناو مەنجەڵ دەکوڵام و وەکو هەواڵەکانم دەبووم بە مەرەگە .»

زلە پووش گوتی : « کەواتە من بەختم لە ئێوە باشترە ! پیرەژن هەموو براکانمی خستەناو ئاگرو یەکسەر شەستیان گیانیان دا چا بوو بەختم هەبوو لە ناو پەنجەکانی خزیم و بەربوومەوە ئێرە .»

پەنگر پرسی : « باشە ، ئێستا چ بکەین ؟!»

دنکە پاقلە گوتی : « مادام ئێمە هەموومان لە مردن هەڵاتووین بە من بێ ببین بە هاورێی دڵسۆز جا بۆ ئەوەی چیتر تووشی مەترسی نەبین وا چاکە ئەم وڵاتە جێ بێڵین .»

دوەکەی تر بەم پێشنیارە دڵخۆش بوون و هەموو لا پێکەوە ڕۆیشتن . زۆری پێ نەچوو گەیشتنە جۆگەلەیەکی بچووك ، نە بواری تێدا بوو نە پرد . نەیانزانی چۆن بپەڕنەوە .

دوا جار زله پووش بیرێکی سەیری بۆ هات ، گوتی : « من خۆم دەکەم بە پردی سەر ئەم ئاوەو ئێوە بە سەرمدا بپەڕنەوە .»

بەم جۆرە زلە پووش لەم بەر تا ئەو بەر لەسەر ئاوەکە درێژ بوو . جا پەنگر ، کە ئاگرە ، بە شادی بەسەر پردە نوێکەدا ڕۆیشت بەلام کە گەیشتە ناوەندی جۆگاکە لە ژێرەوە گوێی لە خوڕەی ئاو بوو ، زەندەقی چوو ، لە شوێن خۆی حەپەساو نەیویرا چیتر بڕوا .

زلە پووش گڕی گرت و بوو بە دوو کەرت و بەر بوەوە ناو جۆگا . پەنگریش گزەی هات و لە ئاوەکەدا نقووم بوو .

دنکە پاقلە بە وشتی لە قەراغ ئاوەکە وەستا بوو کە ئەم ئیشە سەیرەی بینی پێکەنینی نەوەستا ئەوەندە پێ کەنی تا شەقی برد . دنکە پاقلەش ئاوو ناو دەچوو بەلام بەختی یار بوو دێوەرەیەك لە دەم جۆگا پاڵی دابوەوە بۆ ئەوەی بحەسێتەوە . دێوەرە زۆر میهرەبان و دڵنەرم بوو . دەرزی و داوی هێناو دنکە پاقلەی دوریەوە بەلام دەزووەکەی ڕەش بوو بۆیە تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەموو پاقلە داوێکی ڕەشیان تێدایە .

# ١٧ ـ فەندەڤۆڵ

هەبوو .. نەبوو .. دارستانیەك هەبوو . ڕۆژێ بۆ ڕاو چوە ناو دارستان و دەنگێکی وەکو دەنگی منداڵانی کەوتە بەر گوێ . بە دوای دەنگەکەدا چوو . گەیشتە درەختێکی زل منداڵێکی لە سەر چلەکان بوو . تومەز دایکی منداڵەکە لە ژێر درەختەکە خەوتبوو . باڵندەیەکی گۆشتخۆر منداڵەکەی لەسەر کۆشی دایکی دی بوو ، بۆی دابەزی بووو پەری پێ کرد بووو دەنووکی لێ گیر کردبووو بردبوویە سەر درەختەکە .

کابرای دارستانی چوە سەر درەختەکەو منداڵەکەی هێنایە خوارێ ، لە دڵی خۆیدا گوتی :

« دەیبەمەوە ماڵێ و لەگەڵ ـ لینا ـ ی بچکۆلانەم پەروەردەی دەکەم . »

منداڵەکەی بردەوە ماڵێ . هەر دوو منداڵەکە پێکەوە گەورە بوون . ئەو منداڵەی دۆزرابوەوە ناوی ( فەندەڤۆڵ ) بوو چونکە باڵندە هەڵی گرتبوو . فەندەڤۆڵ و لینا زۆر هۆگری یەکتر بوون و بە بێ یەکدی هەڵیان نەدەکرد .

دارستانیەکە پیرەژنێکی چێشتکەری لابوو . ئێوارەیەکیان چێشتکەرەکە دەستی دایە دوو پەقلەج و نەك جارێك و دوان بگرە زۆر جار چوە سراوێ و ئاوی هێنا .

لینا کە ئەمەی دی لێی پرسی : « ـ سانا ـ گیان ، ئەوەندە ئاوە بۆ دێنی ؟! بۆ چیتە ؟ »

چێشتکەر گوتی : « ئەگەر بە کەس نەڵێی پێت دەڵێم بۆ چیمە . »

لینا گوتی : « نەخێر ، بە کەس ناڵێم . »

چێشتکەرەکە گوتی : « سبەینێ بەیانی زوو کە دارستانی چوە ڕاو ئەو ئاوە دەکوڵێنم و کە بلقی دا ـ فەندەڤۆل ـ ی داوێمە ناوو دەیکوڵێنم . »

بۆ بەیانی ، دارستانی زوو لە خەو هەستاو بۆ ڕاو دەرچوو و منداڵەکانی لەناو جێ بە جێ هێشت .

لینا بە ( فەندەڤۆکل ) ی گوت : « جێم مەهێلە ، جێت ناهێلم . »

فەندەڤۆل گوتی : « من قەتاو قەت تۆ جێ ناهێلم . »

جا لینا گوتی : ئێستا شتێ هەیە دەمەوێ پێت بڵێم . شەوێ دی ( سانا ) زۆر پەقلەجە ئاوی هێنا کە لێم پرسی ئەوەندە ئاوەت بۆچیە ؟

گوتی : ئەگەر لای کەسی نەدرکێنی پێت دەڵێم . منیش بەڵێنم دا بە کەس نەڵێم . ئەویش گوتی : سبەینێ کە باو چوە دەرەوە بۆ ڕاو مەنجەڵە ئاوێك دەکوڵێنم و فەندەڤۆلی تێ فڕێ دەدەم و دەیکوڵێنم . جا هەستە با زوو ڕابین و جل لەبەر بکەین و بۆی دەربچین . »

بەم جۆرە ، منداڵەکان لە خەو هەستان ، بە پەلە جلیان کردە بەر و بە تالووکە لە ماڵ دەرچوون .

چێشتکەر کە ئاوەکەی کوڵاند چوە ژووری نووستنی منداڵەکان بۆ ئەوەی فەندەڤۆل بێنێ و بیخاتە ناوێ بەڵام کە چوە ژوورەوە و تەماشای چوارپاکانی کرد دیتی هەر دوو منداڵەکە ڕۆیشتوون . چێشتکەر تا بڵێی ترسا ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر دارستانی هاتەوە و بینی منداڵ نەماون ، چ بکەم ؟ دەبێ بچینە دوویان و بیانگێرینەوە .»

ئینجا چێشتکەر سێ نۆکەری نارد بۆ ئەوەی خۆیان بگەیەننە منداڵەکان و بیانگێڕنەوە .

منداڵەکان لە نزیك دارستانێك دانیشتبوون . لە دوورەوە سێ زەلامیان دی . لینا بە فەندەڤۆلی گوت : « جێم مەهێڵە ، جێت ناهێڵم . »

فەندەڤۆل وەڵامی دایەوە : « تا ماوم جێت ناهێڵم . »

ئینجا لینا گوتی : « ئێستا دەبێ تۆ ببی بە بنەگوڵ و من ببم بە خونچەیەکی سەر بنەگوڵەکە . »

کاتێ سێ زەلامەکە گەیشتنە دارستانەکە لە بنەگوڵێك و خونچەیەك زیاتر هیچیان نەدی . چ منداڵ دیار نەبوو . گوتیان : « لێرە چ ناکرێ . هیچ نیە .»

نۆکەرەکان گەڕانەوە ماڵێ و بە چێشتکەرەکەیان گوت لە بنەگوڵێك و خونچەیەك پێوە هیچمان نەدی . چێشتکەرەکە سەرکۆنەی کردن و گوتی : « گێل و وێلینە ، دەبوایە بنەگوڵەکە پارچە پارچە بکەن و خونچەکە لێ بکەنەوە و بۆ منی بێننەوە . هەر ئێستا بڕۆن چیم پێ گوتن وا بکەن .»

زەلامەکان دیسان ڕۆیشتن و کەوتنە پشکنین بەڵام منداڵەکان لە دوورەوە چاویان پێ کەوتن . لینا بە فەندەڤۆگلی گوت : « جێم مەهێڵە ، جێت ناهێڵم .»

فەندە ڤۆگل گفتی دایە : « تا ماوم جێت ناهێڵم . »

جالینا گوتی : « تۆ دەبێ بی بە کلیسە و منیش بە چلچرای ژێر ساپیتەی کلیسە . »

سێ زەلامەکە هاتن لە کلیسەو چلچرا زیاتر هیچیان نەدی . گوتیان : « چ نیە ، لێرە چ بکەین ؟ با بەرەو ماڵ بینەوە . »

کە گەیشتنەوە ماڵێ چێشتکەرەکە پرسی داخۆ نەیاندۆزینەوە ؟ گوتیان : « لە کلیسەیەک و چلچرای ژێر ساپیتەی کلیسەکە زیاتر هیچمان نەدۆزیەوە . »

چێشتکەر هاواری کرد : « ئێوە گێژو حۆلن ! بۆچی کلیسەکەتان نەرووخاند و چلچراکەتان بۆ من نەهێنا ؟ »

ئەمجارەیان چێشتکەرەکە خۆی کۆکردەوەو لەگەڵ سێ زەلامەکە کەوتە سۆراغی منداڵەکان . بەڵام منداڵەکان لە دوورەوە دیتیان سێ زەلام هاتن و چێشتکەری پیریش بە لاکەلاک لە دوویان بوو ، لینا گوتی : « فەندەڤۆل ، جێم مەهێڵە ، جێت ناهێڵم . »

فەندەڤۆل دیسان پەیمانی دا : « تا ماوم جێت ناهێڵم . »

لینا گوتی : « دەبێ تۆ ببی بە گۆم و منیش دەبم بە مراوی و لە گۆمەکە مەلەوانی دەکەم . »

کاتێ کە چێشتکەر گەیشتە سەر گۆمەکە ، لەسەر لێوی گۆمەکە ڕاکشا بۆ ئەوەی ئاو بخواتەوە . مراوی بە پەلە هاتە پێش و سەری گرت و بە دەنووک ڕایکێشا بن ئاوێ .

بەم جۆرە پیرەی سیحرباز خنکا .

منداڵەکانیش زۆر شادو بە کەیف بوون . پێکەوە بەرەو ماڵ بوونەوە . ئەگەر نەمرد بن دیارە تا ئێستاش هەر ماون .

# ١٨ ـ كارل كاتز

چیایەکی بەرز لە ناو جەرگەی دارستانەکانی کاتز هەیە ، دەرو دراوسێ زۆر جۆرە چیرۆکی لێ دەگێرنەوە : چۆن شەو عیفریت و لەمەچێتر شایی دەکەن ، چۆن شاهنشای ڕدێن سوور لەوێ دادگا دەگرێ و لەسەر عەرشی مەرمەڕی دادەنیشێ و ڕدێنی درێژی لە زەوی دەخشێ .

زۆر لە مێژ ساڵە ( کارل کاتز ) یێك لە گوندێکی داوێنی ئەو چیایە هەبوو . کارل بزنەوان بوو . هەموو سبەینان بزنەگەلی داژوایە ناو پەڵە سەوزەکانی قەد چیا .

لەناو ئەو دارستانەدا ، شوێنێ هەبوو دیواری کەلاوەی کۆنی کۆشکی ڕووخاوی زەمانی زووی لێ مابوو . ئەگەر ئێوارەیەك کارل درەنگی بەسەردا بهاتباو بزنەکانی پێ نەگەیشتباوە ماڵێ دایدەکردنە ناو ئەو کۆنە دیوارو کەلاوانە کە وەکو مەغەل وا بوون . دەیژماردن و شەوی لەوێ دەبردە سەر .

ئێوارەیەك کە کارل بزنەگەلی بردە ناو مەغەل دیتی جوانترین بزنی دیار نیە . زۆر گەڕا بێ هوودە بوو . بەلام سبەینێ کە بزنەکانی بەسەر کردەوەوبینی بزنە بزرەکە هاتۆتەوە لە خۆشیان شاگەشکە بوو .

ئەم دیاردەیە زۆر جار دووپات بوەوە .

دوا جار کارل بڕیاری دا شەو بە هوشیاری تا سبەینێ نۆبەت بگرێ . هەموو کون و کەلێنی دیوارەکانی پشکنی . دەرگایەکی تەسکی لە لا دیوارێك دۆزیەوە . شەو ، بزنەکە بەو دەرگایەدا ڕۆیشت و کارل کەوتە شوێنیەوە . ڕێگا بوو ، بە ناو کەلەنەبەرداندا دەچوە خوارێ . هەر ڕۆیشت ڕۆیشت .. جێ هەبوو لەسەر لەپ دەڕۆیشت . جێ هەبوو بە بەرداندا دەچوە خوارێ .. تا گەیشتە زار ئەشکەفتێك . لەوێ بزنەکەی لێ بزر بوو . ئاوڕی دایەوە دیتی سەگە وەفادارەکەیشی دیار نیە . فیکەیەکی بۆ کێشا . خێر !! سەگ دەرنەکەوت . ئیدی ناچار بوو بە تەنێ بۆ گرتنەوەی بزنەکە بچێتە ناو ئەشکەفتەکە .

کارل ماوەیەك ڕۆیشت تا گەیشتە جێگایەك کە تەنیا نەختێ ڕوناکێ لێ دەهاتە ژوورێ . دیمەنێکی سەیری لەوێدی ، لە دیار تاسا . دیتی دان لە

بنمیچی ئەشکەوتەکە دەهاتە خوارێو بزنەکە بە دڵنیایی دەیخوارد . کارل چوە پێش ، تەماشای ئەو دەوروبەرەی کرد بۆ ئەوەی بزانێ ئەم هەموو دانە لە کوێوە دێ کە وەکو تاوە تەزرە لە گوێیدا دەزرنگایەوە بەڵام سەرەوە تاریکو نوتەك بوو ، هیچ سەرەداوی چنگ نەکەوت . گوێی ڕاگرت حیلەو خشەی سمی ئەسپانی کەوتە بەر گوێ . زیاتر گوێی قوڵاغ کرد : تەواوە ، ئاشکرایە ، خۆیەتی .

پاش نەختێ کارل دڵنیا بوو کە سەرەوە تەویلەیە ، ئەسپ ئالیك دەدرێنو دانەکە لە ئاخوڕی ئەسپەکان دەڕژێتە خوارێ . بیری کردەوە دەبێ ئەو ئەسپانە لەناو ئەم کەلەنە بەردانە چ بکەن کە لە سمی بزنان بترازێ هیچ پەلی پێ نەکەوتوە ؟ دەبێ چ جۆرە کەسێك لێرە بژین ؟ باشە ، دەبێ ئەوانە کێ بن ؟ ئایا جێی بەقاو متمانەیـە پیاو خـۆی بداتـە دەست ئەم جۆرە کەسانە ؟

کارل ماوەیەك بیری کردەوە ، هەر بیری کردەوە ، بیری کردەوە . کت وپڕ گوێی لە ناوی خۆی ( کارل کاتز ) بوو لە ناو تەشکەفتەکەدا دەنگی دایەوە . ئاوڕی دایەوە هیچی نەدی . دیسان بانگی ( کارل کاتز ) ی لە گوێدا زرنگایەوە .. پاشان نوکەرێکی کورتەباڵای بچووکی کڵاوقیتی پاڵتۆ سوور لە قوژبنێکی تاریکی ئەشکەوتەکە هاتە دەرەوە .

کورتەباڵاکە سەری لەقاندو ئیشارەتی بۆ کارل کرد بۆ ئـەوەی بچێتە دووی . کارل بیری کردەوە کە پێش ئەوەی بچێ دەبێ بزانێ ئاخۆ ئەوە کێیە بانگی دەکا تا بیکاتە هاوڕێی خۆی . پرسیاری لە کورتەباڵاکە کـرد بەڵام کورتەباڵا سەری باداو هیچ وەڵامی نەدایەوە ، دوبارە ئیشارەتی بۆ کرد بچێتە دووی .

کارل کەوتە شوێن کورتەباڵاکە . ڕێگا بەناو بەردانـدا پێچی دەکرد . گوێی لێ بوو شتێکی وەکو هەورەتریشقە لەناو بەردان گرمەی دەهـات و دەنگی دەدایەوە . تا دەڕۆیشت دەنگەکە هەر زیادی دەکـرد . گەیشتـە حەوشەیەك شوورەکەی کۆنە دیوارێکی لاولاوپۆش بوو . شوێنەکە وەکو دۆڵێکی بچووك وا بوو . لە هەموو لایەکەوە بەردی زل زل قیت ببونەوە . درەختی چڕو بە چل و پۆپ بە جۆرێ بـۆ ئاسمـان هەڵچـووبوون تـەنیا ترووسکاییەکی کز دیار بوو .

کارل دوازدە کەسی سەیری دی لەناو مێرگێکی فێنكو نەرم بە گرانو سەنگینی بە یاریی بولینگ ڕایاندەبوارد . جلو بەرگەیان زۆر سەیرو ناجۆر بوو . کارل وەختی خۆی هەموو هەفتان دەچوە شارو سەری لە کلیسەدەدا

که بینایەکی کۆن بوو ، پەیکەری سوارەی سەردەمی کۆنی لەسەر کرا بوو . سوارەکان هەمان بەرگی ئەو پیاوانەی ئێرەیاین لەبەر بوو .

زەلامەکان هیچ ورتەیان لە دەم نەهاتە دەرێ . زۆر بەگران و سەنگینی بەو ناوەدا دەسووڕانەوە . هەر کەسە دەوری خۆی لە یاریەکە دەگێرا . ئینجا گەورەکەیان بە نیشایەکی کپ و بێ دەنگ فەرمانی بە کارل کاتز کرد ئەو دەفرانە دابنێ کە ئەوان لە یاریەکە دەیانخست .

کارل یەکەم جار چۆکی دەلەرزی ، نەیدەوێرا بە تیە چاویش سەیری ریشی درێژو جەرگی کۆن و عاجباتی شۆڕەسوارەکان بکا بەلام پاشان دیتی هەر سوارێك کە لە یاری دەبوەوە ، دەچوە سەر کورسی خۆی و کورتەبالاکە بادەیەکی بۆ پڕ دەکرد کە بۆ نی کۆنترین و باشترین شەرابی لێ دەهات ، سوارە بەدلی خۆی قومێکی لێ دەدا .

کارل وردە وردە زاتی هاتە بەر . دوا جار پێی لە جەرگی خۆی ناو بە ئیشارەت داوای لە کورتەبالاکە کرد بۆ ئەوەی قومە شەرابێکی ناو قەرابەکەی بداتێ . کورتەبالاکە بە هەیبەتەوە بۆی چەمایەوەو شەرابەکەی پێشکەش کرد . کارل هەستی کرد هەرگیزاو هەرگیز شتی نیو هێندە خۆشی تام نەکردوە . ئەم شەرابە هێزێکی تازەی ئیش کردنی پێ بەخشی . لەوساوە هەرگاوێ شەکەت بوایە داوای شەرابی لە برادەرەکەی دەکرد .

کارل نەیدەزانی داخۆ ئەو ماندووترو بوە یان سوارەکان ، یان شەرابەکە سەری گەرم کردوە ، بەلام ئەوەندەی دەزانی خەوی دێ . پالی دایەوەو نووست کە خەبەری بووە دیتی لەناو هەمان کەلاوە کۆن درێژ بوە کە شوورەیەکی کۆنی بە دەورەدا بوو هەموو جارێ بزنەکەلی لێ رادەگرتەوە . رۆژ لە تاقی ئاسمان دەبریقایەوە ، عەردەکە هەمووی مێرگی سەوز بوو ، دەوروپشتی عەینی کۆنە دیواری لاولاو پۆش بوو . چاوی هەلگلۆفت و بانگی سەگەکەی کرد بەلام نە سەگ دیار بوو نە بزنەکەل . لە دەوروبەری خۆی ورد بوەوە هەستی کرد گیای بن پێی لە رۆژی پێشوو زیاتر هەستاوە . درەختێکی بەسەر سەرەوەدە بوو پێشتر ئەو شوێنە درەختی وای لێ نەبوو یان دی بووی و بە بیری نەما بوو . سەری بادا . نەیدەزانی داخۆ هۆشی لە خۆیە یان نەء . هەستاوەو خۆی لێك کێشایەوە . هەستی کرد جومگەکانی لە جاران رەقترن ، گوتی : « لێم قەوما ! بۆیە وام لێ هاتوە چونکو لەناو نوێنی خۆم نەنووستووم . »

کارل وردە وردە یاری و بەسەرهاتی ئێوارەی پێشووی هاتەوە یاد ، کە

شەڕابە سیحریە خۆشەکەی وە بیر هاتەوە لە خۆشیان لێوی خۆی لستەوەو بیری کردەوە : « باشە ، دەبێ ئەو پیاوە سەیرانـە کێ بن هاتبـوون لەم شوێنە سەیرە یاری ( بولینگ ) یان دەکرد .

کارل پێش هەموو شتێ چوو لەو دەرگایە گەڕا کە پێیدا چووبـوە دوو بزنەکە بەڵام هیچ دەوسی نەدیو لە شوێن خۆی تاسا . شوێنەکە تەنیا یەك درزی تێدا بوو بە ئاستەم مشکی پێوە دەچوو . لە دیار ئەم دیمەنە وەستاو سەری خوراند ، هەستی کـرد کڵاوی هـەموو کـونکون بـوە ، گوتی : « ئۆی ، ئەو ڕۆژە کڵاوەکەم نرتو نوێ بوو . » هەر بە ڕێکەوت سـەوی داگرتو چاوی بە پێڵاوەکانی کەوت کە ئەو وەختە ی لە ماڵەوە هاتە دەرێ تازە و نوێ بوون کەچی دیتی هەموو دڕاون . سەر لەبەری جل وبەرگی شڕو شپڕێو بوو .

کارل تا زیاتر لە خۆی ورد دەبوەوە زیاتر دەکەوتە بیرو لێکدانەوە ، تا زیاتر لێکی دەدایەوە ، پتر دەحەپەساو نەیدەزانی داخۆ چی بەسەر هاتوەو بۆچی وای بەسەر هاتوە .

دواجار کارل لە ناو کەلاوەکە ڕۆیشت و کەوتە سۆراغی بزنەگەلەکەی . بە هێمنیو بە دڵپەستی ڕەوەزو گەوەرە شاخەکان دەگەڕا و بە دوو بزنانەدا دەسووڕایەوە بەڵام چ بزن دیار نەبوو . گوندەکەیان کەوتبـوە پێدەشتی خوارێ . بە غەمگینی ڕێی خوارەوەی گرتە بـەرو بە هـەنگاوی شپرزە دەرۆیشتو چاوی لە بزنەکان دەگێراو لە دڵی خۆیدا دەیگوت : « هەڵبەت ئێستا تووشی دراوسێیەك دێم پێم دەڵێ بزنەکانم لە کوێن ! » بەڵام تووشی هەر کەسێ دەبوو بیانی بـوو و نەیـدەناسی ، بکـرە هیچیان دەستـووری بـەرگیشیان وەکـو بەرگی گـوندی خـۆیان نـەبوو و بـەعەینی زمـانیش نەدەدوان . کە دەگەیشتە یەکێك بە پەرۆشەوە سۆراغی بزنەکانی لێ دەکرد بەڵام ئەو لێی مۆڕ دەبوەوەو دەستی بە ڕدێنی دادەهێنا . دواجار ئەویش وەکو ئەوانە دەستی بە ڕدێنی داهێنا و کە زانی ڕدێنی یەك بست هاتـوە هۆپێکی لە خۆی زانی . لە دڵی خۆیدا گوتی : « بەڕاستی دنیا سەرەوژێر بوە . ئەگەر سەرەوژێر نەبوو بێ من سیحرم لێکراوە . » لەگەڵ ئەمەشدا خانووو زنجەکانی ناسیەوە کە یەکـەو باخچـەی بچووکیـان تێدا بـوو ، هەموویان لە شوێنی خۆیان مابوون . ڕێبوار لە ناوی گوندەکەیان دەپرسی و کە خەڵك وەڵامیان دەدانەوە گـوند هـەمان گـوندی خـۆیان بـوو . کارل سەرێکی تری باداو یەکسەر چوە ناو دێو رووی کردە زنجەکەی خۆیان ـ تواهوو !! خانوو نە خانووی جاران . پەنجەرە هـەموو شکـاون ، دەرگا

لەڕێزەکە ترازاوە کەلکی چاك کردنەوەی نەماوە ، منداڵێکی لایدەی بەرگ شڕ لە حەوشە ڕاکشاوە .
کارل یاری لەگەڵ سەگێکی گرو بێ دان کرد کە وای زانی دەیناسێ بەلام سەگەکە مراندی و پێی وەڕی . دەرگا بوەوە . چوە ژوورێ . ژوورێکی چۆڵو هۆڵ ، پاشەو پاش کشایەوەو بە دەنگێکی بەرز بانگی ژنو منداڵەکانی کرد بەلام کەس گوێی لێ نەبوو وکەس وەلامی نەدایەوە .
یەکسەر کۆمەڵە ژنو منداڵێك لەو کابرا سەیرە ڕیش بۆزە وەرهاتنو دایانگرتە بەر پرسیاران :
- تۆ کێی ؟ .
- کێت دەوێ ؟
کارل پێی شەرمو شوورەیی بوم لەبەر دەرگای ماڵی خۆیان سۆراغی ماڵو منداڵی خۆی لە خەڵك بپرسێ . جا بۆ ئەوەی لە دەست ئەم ئاپۆرەیە دەرباز بێ یەکەم کەسی بە مێشکدا هات ناوی هێنا ، گوتی :
- ها نزی ئاسنگر ؟
هەموو هەناسەیان ڕاگرت . پیرەژنێك گوتی :
« حەفت ساڵە چۆتەوە هەقان . تازە نایبینیەوە .
- ئەدی فرتیزی دورمانکەر ؟
پیرەژنێکی ڕمووزن خۆی بەسەر داروەکازدادا بوو ، گوتی : « خوای لێ خۆش بێ ، دە ساڵە عەمری خوای کردوە .»

کارل سەیرێکی تری پیرەژنەکەی کرد ، شێوەی کرد بەلام دیتی زۆر گۆڕاوە . ویستیان پرسیاری تری لێ بکەن بەلام ژنێکی جحێل کۆرپەیەکی بە دەستێکەوە بوو وکچێکی سێ ساڵی بە دەستەکەی ترەوە بوو ، دڕی بە حەشامەتەکەداو هاتە پێشەوە . زۆر لە ژنەکەی کارلی دەکرد .
کارل بە توندی لێی پرسی : « تۆ ناوت چیە ؟ »
ژنەکە گوتی : « لیزا »
- ئەدی باوکت ناوی چیە ؟
ژنەکە گوتی : « باوکم ، خوای لێ خۆش بێ ، ناوی کارل کاتز بوو . ئەوە بیست ساڵە لەو شاخانە وێڵو سەرگەردان بوو ، ڕۆیشتو نەگەڕایەوە . سەگو بزنەگەلەکەی هاتنەوە بەلام خۆی ئاوو ئاو چوو . ئەو کاتە من حەفت ساڵان بووم .»

کارل کاتز کە ئەم قسەیەی بیست خۆی پێ نەگیرا ، گوتی : « من کارل کاتزم ! »

کارل منداڵەکانی لە باوەشی کچەکەی وەرگرت و کەوتە ڕامووسان و ماچ کردنیان . خەڵکەکە هەموو لە دیارئەم دیمەنە دەمیان بەش بووەوە و نەیانزانی چ بکەن و چ بڵێن . لەو کاتەدا ( ستروٚپکن ) ی بە ساڵاچوو کە ماموٚستای قوتابخانە بوو بە شەلەشەل بەوێدا تێپەڕی و بە وردی سەرنجی لە کارل داو بە شێنەیی گوتی : « کارل کاتزە ، کارل کاتز ، شك لە هەندێ دا نیە کارل کاتزە . نیشانەی منی پێوەیە . منداڵ بوو ، ڕۆژێ دارێکم لە سەر چاوی ڕاستەی دا . ئێستاش جێی دیارە ، تەماشا کەن !»

هەندێ لە خەڵکەکە هاواریان کرد : « ئا ، خۆیەتی ، کارل کاتزە . بەخێر بێیتەوە جیران : بە خێر بێیتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆت . »

پاش قەیرێ بیر کردنەوە گوتیان : « ئەرێ کابرایەکی سەربەرزی وەکو تۆ ئەو بیست ساڵە لە کوێ بووی ؟ »

سەراپای گوندی لێ خر بووەوە . بوو بە بەزم و هەرا . منداڵ دەتریقانەوە ، سەگ دەوەڕین . هەموو لا شادو خەندان بوون لە خۆشی گەڕانەوەی کارل کاتز .

کارل ئەو بیست ساڵە لە کوێ بوو ؟ ئەمە بە شیك بوو لەو چیرۆکەی کە هەر کاتێ داوایان لە کارل بکردایە بۆیان بگێڕێتەوە شانی هەڵدەتەکاند . چونکە نەیدەتوانی بە تەواوی بیگێڕێتەوە . وای پێ باش بوو هەر باسی ناکا بەڵام ئاشکرایە هەمیشە ئەو شەڕابەی لە مێشکدا بوو کەلەکاتی یاری ( بولینگ ) ی سوارەکان ختووکەی دەم و زاری داو تامێکی وای پێ بەخشی قەتاو قەت لە بیری نە چێتەوە .

# ١٩ـ مێزوکەرو داردەست

هەبوو .. نەبوو .. بەرگدروویەك هەبوو . سێ کوڕو بـزنێکی هەبـوو . لەبەر ئەوەی بزنەکە شیرێکی باشی دەدا دەبوایە بە هەموویان بە خێوی بکەن و باشی بلەوەڕێنن .

جا سێ کوڕەکە بە نۆرە بۆ لەوەڕ دەیانبردە ژێر داربیەکانی ڕۆخ ئاوێ .

ڕۆژێکیان کوڕی گەورە بزنەکەی بردە حەوشەی کلیسە کە پڕی گیای تەڕو پەباس بوو . بزن تا مڕ بوو لەوەڕاو کەوتە قەلەمباز .

ئێوارێ کە کاتی گەڕانەوە داهات . کوڕی گەورە لە پزنەکەی پرسی :

« بزنەکە تێرت خوارد ؟! »

بزن وەڵامی دایەوە :

« ئەوەندەم خوارد
تێرو پڕ بووم .
ناتوانم
پەلکەگیایەکی دی بقرتێنیم .
قاڕ .. قاڕ .. »

لاوە گوتی : « کەواتە با بەرەو ماڵ بینەوە . »

پەتێکی کردە ملو بردیە هەلا بزنان و بەستیەوە .

پیرەبەرگدروو پرسی : « بزنەکە تێر لەوەڕا ؟ »

کوڕە وەڵامی دایەوە : « تواهوو !! ئەوەندە تێرە ناتوانی قەپاڵێکی تر بخوات . »

بەڵام باوکە ویستی دڵنیا بێ . چوە هەلا بزنان ، دەستی بە پشتی بزنە ئازیزەکەی داهێناو گوتی :

« بزنە ئازیزەکەم ، تێر بووی ؟! »

بزن وەڵامی دایەوە : « بە چ تێر بم ؟
ئەوەندەی گەڕام و سووڕام
هیچ نەبوو بخۆم .
قاڕ .. قاڕ .. »

بەرگدروو هاواری کرد : « ئۆی ئەوە چ دەڵێی قەت نەبی ؟! »

ئیدی هەر ڕایکرد چوە کن کوڕە گەورەکـەو گوتی : « هـەی درۆزن !

ئەدی بۆ گوتت بزن تێرو پڕی خواردوە ؟ ئەوەتا برسیەو هیچی
نەخواردوە ! »
بەرگدروو دەستی دایە گەزو بە لێدان کوڕی گەورەی لە ماڵ وەدەرنا
ڕۆژی پاشی ، نۆرەی کوڕی ناوەنجی هات . کوڕە شوێنێکی پڕ لە وەری
لە قەراخ باخچە دۆزیەوە ، هەمووی گیای تەڕو پڕو سەوزو ناسك بوو . بزن
بەر بوە ناو ئەو گیایەو هەڵیوێزنی و خواردی .
ئێوارە کە وەختی گەڕانەوە داهات ، کوڕی ناوەنجی بە بزنەکەی گوت
« بزنەکە ، تێرت خوارد ؟ »
بزن وەڵامی دایەوە :

« ئەوەندەم خوارد
تێرو پڕ بووم .
ناتوانم
پەلکەگیایەکی‌دی بقرتێنم .
قاڕ .. قاڕ .. »

گەنجە گوتی : « کەوانە با بەرەو ماڵ بینەوە . »
بردیە ماڵێ و بە ستیەوە .
پیرەبەرگدروو پرسی : « بزنەکە تێر لەوەڕا ؟ »
کوڕە وەڵامی دایەوە : « تواهوو ! ئەوەندە تێرە ناتوانێ دەم بۆ پەلکە
گیایەکی‌دی ببات . »
بەرگدروو دڵی دانەکەوت . خوی چوە هەلا بزنان و لە بزنەکەی پرسی :
« بزنە ئازیزەکە ، تێر بووی ؟ »
بزن وەڵامی دایەوە :

بە چ تێر بم ؟
ئەوەندەی گەڕام و سووڕام
هیچ نەبووبیخۆم .
قاڕ .. قاڕ .. »

بەرگدروو هاواری کرد : « ئەو خوێڕیە بێ کەلکە بزنە ئازیزەکەی برسی
کردوە !! »
ڕایکردەوە ماڵێ بە گەز گەنجەی لە ماڵەوە قاو دا .
ئێستا نۆرەی کوڕی بچووك هات . بزنەکەی بردو ویستی لە لەوەڕەکەی
دڵنیا بێ : هەندێ گیای ناسك و تەڕو پڕی دیتەوە بزنی تێ بەردا .

ئێوارێ وەختی گەڕانەوە کوڕە بە بزنەکەی گوت :« بزنەکە تێرت خوارد ؟ »
بزن وەڵامی دایەوە :

ئەوەندەم خوارد
تێرو پڕ بووم .
ناتوانم
پەلکەگیایەکی دی بقرتێنم .
قاڕ .. قاڕ .. »

کوڕە گوتی : « کەواتە با بەرەوماڵ بینەوە ! »
بزنەکەی بردەوە هەلا بزنان و بەستیەوە .
بەرگدروو لێی پرسی : « بزنەکە تێر لە وەڕا ؟ »
کوڕە وەڵامی دایەوە : « تواهوو ! ئەوەندەی خوارد قەت قەپێکی تری پێ ناخورێ . »
بەڵام بەرگدروو پێی بڕوا نەکرد . چوە کن بزنەکەو لێی پرسی : « بزنە ئازیزەکەم ، بە ڕاستی تێرت خوارد ؟ »
بزنی دڵپیس وەڵامی دایەوە :

« بە چ تێر بم ؟
ئەوەندەی گەڕام و سووڕام
هیچ نەبوو بخۆم .
قاڕ .. قاڕ .. »

بەرگدروو هاواری کرد : ئای پیسکەینە ! یەك لە یەك بێ سوودترو کەمتەرخەمترن . چیتر ئەم گەلحۆیانە ناحەوێنمەوە .»
بەرگدروو ڕایکردەوە ماڵێ . لە ڕکان دەستی دایە دارگەزو وەرگەڕا کوڕە بچووکەکەی و بێ بەزەییانە پشتی دا بەر داران . کوڕە بە پەرەپڕ هەڵات و خۆی دەرباز کرد .
بەم جۆرە پیرە بەرگدروو بە خۆو بە بزنەوە مایەوە . ڕۆژی پاشتر چوە ناو هەلا بزنان و بزنەکەی دەرهێنا وگوتی :
« وەرە ، بزنە ئازیزەکەم ، من خۆم دەتبەمە ناو داربیان ! »
پەتێکی لەملی کردو ڕایکێشاو بردیە ناو پاوان و لەوەڕ و سەوزاییەکی بە دڵی بزنەکەو پێی گوت :
« دە ئێستا تا دڵت دەخوازێ بلەوەڕێ »

تا ئێوارێ بزنەکەی لەوێ بەجێ هێشت . ئێواری چوو بیهێنێتەوە ، لێی پرسی :

« بزنەکە ، تێری بووی ؟ »

بزن وەڵامی دایەوە :

**« ئەوەندەم خوارد**
**تێرو پڕ بووم**
**ناتوانم**
**پەلکەگیایەکی دی بقرتێنم**
**قاڕ .. قاڕ .. »**

بەرگدروو گوتی : « کەواتە با بچینە وە ! »

بزنەی بردەوە ناو هۆڵ و بەستیەوە . پێش ئەوەی جێی بێڵێ ئاورێکی لێ دایەوەو گوتی :

« بزنەکەم ، ئەوە یەکەمجارە تێر بخۆی واینە ؟! » بەڵام بزن هاواری کرد :

**بە چ تێر بم ؟**
**ئەوەندەی گەڕام وسووڕام**
**هیچ نەبوو بخۆم**
**قاڕ .. قاڕ ..»**

کە بەرگدروو ئەمەی بیست لە شوێن خۆی تاسا . زانی بزن بێ ئەمەکەو ئەویش هەر سێ کوڕەکەی خۆی لەسەر هیچ وخۆڕا دەرکردوە . هاواری کرد :

« ڕاوەستە ، هەی گیانداری بێئەمەك ! هەر بە دەرکردن وازت لێ ناهێنم دەبێ پەندێکی وات پێ بکەم چاوت لەبەر هیچ بەرگدرووی سەرفیراز هەڵنەێی »

هەیپەی لێ کرد چوو گوێزانی هێناو سەری بزنەکەی وەك ناو لەپ لووس تاشی . بە گەز لێی نەدا دەستی.ایە قامچی وقامچیکێشی کرد بزنەکە کەوتە قەڵەمبازو تێی تەقاندو هەڵات .

بەرگدروو لەماڵەوە بە تەنێ مایەوە . زۆر پەست ودڵ بەغەم بوو . زۆری حەز دەکرد کوڕەکانی بگەڕێنەوەبەڵام کەس نەیدەزانی چوونەتە کوێ ؟ بۆیە نەیدەتوانی بە دوایاندا بنێرێ وبیانهێنێتەوە .

کاتێ کە بەرگدروو کوڕی گەورەی لە ماڵەوە دەرکرد کوڕە چوو بوو بە شاگردی دارتاشێك وبەتەواوی خۆی بۆ ئەو پیشە یە تەرخان کرد . کە

شەرتیهەڵاتو وەختی ڕۆیشتنی داهات وەستاکـەی مێزیکی بچـووکی دایە . مێزەکە شتێکی وا نەبوو لەداری ئاسایی دروست کرا بـوو بەڵام خەسیەتێکی زۆر گرنگی هەبوو کە داتنابایەو بتگوتبایە :
« مێزە ، بڕازێوە ! »

یەکسەر ئەو مێزە بچووکە سەرپۆشێکی پاکی بەسەردا دەهاتو سەری پڕ دەبوو لە فەخفووریو چەقۆو چـەنگاڵو گـۆشتی برژاو وکـولاوو بادە شەرابی زولالی دڵخۆشکەر . کوڕە بەم مێزە خەنی بوو . بە شادی کەوتە ئەم دونیایە . چ باکی بەوە نەبوو داخۆ ئەو خانەی لێی دادەبەزێ باشە یان خراپ ؟ داخۆ خواردنی لێ چنگ دەکەوێ یان نەء ؟ کەبرسی دەبوو . لە هەر کوێیەك بایە ـ لە دەشت و دەر ، لە دارستان ، لە ناو مێرگو میرغوزار ـ مێزەکەی دادەناو دەیگوت :
« مێزە ، بڕازێوە ! »
دڵی هەر خواردنێکی بویستایە لەسەر مێزەکە پەیدا دەبوو .
دوا جار وای بەبیر دا هات کە ڕەنگە ئیستا باوکی ڕقی نیشتبێتـەوە . بڕیاری دا بگەڕێتەوە ماڵێ چونکە لەوانەیە سەبارەت بەو مێزە عاجبـاتیە باوکی بە شادی وەری بگرێتەوە .
بەرەو ماڵ بووەوە ، لە ڕێگادا ئێوارێ لای دا خانێکی پـڕ میوان . بـە خێرهاتینیان کردو داوایان لێ کرد لەگـەڵیان دابنیشێ وشتێ بخـوا نەوەك پاشان خواردن نامینێ .
دارتاشی تازەلاو گوتی : « نەی ، خەمی منتان نەبێ ئێوە دەبێ ببن بە میوانی من ، بێ بەشتان ناکەم .»
خەلکەلە هەموو دایانە قاقای پێکە نین وایان زانی بە گاڵتە وا دەڵێ بەلام کابرا بەڕاستی بوو . مێزەکەی خۆی هێنا لە ناوەندی ژوورێ داینا وگوتی : « مێزە ، بڕازێوە !»
یەکسەر مێزەکە پڕ خواردن بوو . زۆر لە خواردنی خاوەنی خان خۆشتر بوو . بۆنی ئەو خواردنە خۆشە لووتی میوانانی تووزاندەوە .
دارتاش گوتی : « فەرموون ، دەست پێ‌کەن ، هاوڕێ دڵسۆزینە ! » .

میوانەکان کە ئەمەیان بینی دەستیان دایە چەقۆو چەنگـاڵو کەوتنـە سەرێ لە هەمووی سەیرو سەمەرەتر ئەوە بوو هەر گاوێ فەخفووریەك بەتاڵ دەبوو یەکسەر یەکێکی پڕی دەهاتەوە جێ . خاوەن خانیش خۆی لە کوژیەك مەلاس دابوو سەیری ئەم بەزمو زیافەتەی دەکرد ونەیدەزانی چ

بلێ . لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەم جۆرە چێشت و چێشت ئامادە کردنە خانەکەم دەبووژێنێتەوە ! »

دارتاش و هاوڕێکانی تا دوو بەتری شەو چوو بە بەزم وشادی ڕایانبوارد ئینجا چوون نووستن .

دارتاش کە چوو نووست مێزی ئارەزووی بەدیوار هەڵپەسارد .

خاوەنخان لە بیرو غایەلەی مێزەکە چاوی نەچوەخەوو بیری هاتەوکە مێزێکی کۆنی دەق وەکو ئەم مێزە لە ژووری کۆنە شڕەیدا هەیە . چوو مێزەکەی هێنا . بردی لە جێی مێزی دارتاشەکە بە دیواری هەڵپەساردو مێزی دارتاشی بۆ خۆی برد .

بۆ سبەینێ دارتاش کرێی خۆی داو مێزەکەی هەڵگرت و ملی ڕێی خۆی گرت . کابرا غانی غەرەز بوو بە خەیاڵی دانەدەهات مێزەکەی گۆڕاوەو ئەوەی ئێستا لایەتی مێزێکی ساختەیە .

دەوری نیوەڕۆ دارتاش گەیشتەوە ماڵێ . باوکی زۆر بە شادومانی پێشوازی کردو پێی گوت :

« ڕۆڵەی شیرینم ، چ فێر بووی ؟! »

کوڕە وەڵامی دایەوە : « بابە ، فێری دارتاشی بووم »

باوکی لێی وەرگرتەوە : « پیشەیەکی باشە . ئەدی لەو سەفەرە چت نەهیناوە ؟ »

کوڕە گوتی : « با ، باوکە ، باشترین شتم هێناوە . ئەم مێزەم هێناوە . »

بەرگدروو بە وردی مێزەکەی پشکنی و گوتی :

« ڕاستت دەوێ نموونەیەکی باشت دروست نەکردوە . مێزەکەت شڕو ودڕو کۆن و بێ کەلکە . »

کوڕە وەڵامی دایەوە : « وایە ، بەڵام زۆر سەیرو عاجباتیە . هەر گاوێ دایبنێم و داوای لێ بکەم بڕازێتەوە یەکسەر پڕی سەری گۆشتی خۆش و شەڕابی نایابی دڵ خۆشکەر دەبێ . فەرمووو با هەموو دۆستو دراوسێیان داوەت بکەین بۆ ئەوەی تیروپڕ بخۆن وشادو خەندان بین چونکە خواردنەکە بابی هەموویان دەکات . »

خەڵکەکە هەموو هاتن و کۆبوونەوە . کوڕە مێزەکەی لە ناوەندی ژووری داناو گوتی :

« مێزە ، بڕازێوە ! »

بەڵام مێزەکە هەر بە ڕووتی و بەتاڵی مایەوە ، هەر وەک قسەی بۆ نەکرد بێ وا بوو . دارتاش کە بینی مێزەکە نەڕازایەوەو چ خواردن پەیدا نەبوو

زۆر لە خۆی تەریق بوەوەو هەر وەخت بـوو شێت ببێ . خەلکـەکە قـاقا پێکەنین و بە ڕووی کزو سکی بەتاڵەوە بەرەو ماڵ بوونەوە .

باوکە کەل و پەلی خۆی کۆکردەوەو چوەوە سـەر بەرگـدروونی خۆی و کوڕەش چوو بوو بە بەردەستی وەستایەکی تر .

کاتی خۆی کە بەرگدروو کوڕی دوەمی دەرکرد ، کوڕە چـوو بوو بـە شاگردی ئاشەوانێك وکە شەرتی هەڵات وڕەفتارت جوان بوو ، بە دڵسۆزی ئیشت کرد ، کەرێکی زۆر باشت دەدەمێ بەڵام نە عارەبانە دەکات نە بار دەبات .»

شاگردی تازە لاو گوتی : « مادام وایەسوودی چیە ؟ »

ئاشەوان وەڵامی دایەوە : « ئەم کـەرە زێڕدەتفێنێ . ئـەگەر پارچە پەڕۆیەکی لە پێش دانێی و بڵێێ : ( بریکل بریت ) لیرەی لە دەم دەڕژێ . »

شاگرد ئاشەوان گوتی : « کەواتە باشترین شتە ! »

کەرەکەی وەر گرت و سوپاسی ئاشەوانی کردو سەری هەڵگرەو کەوتە ئەم دونیایە . هەر کاتی پێویستی بە زێڕ بوایە بە کەرەکەی دەگوت « بریکل بریت ) وکەواڵەیەك لیرەی بۆ دەهات . بۆیە هیچ خەم و کەسەری نەبوو ، هەمیشە جزدانی پڕ پارە بوو ، بچووبایە هەر شوێنێ باشترین ونایابترین خواردنی دەخوارد .

پاش ئەوەی ماوەیەك بە دونیادا سووڕایەوە ، بیری کردەوە بچێتەوە لای باوکی کە بۆی هەیە ڕقی نیشتبێتەوەو سەبارەت بەو کەرە زێڕە جەبی بدا .

بەڕێکەوت لە گەڕانەوەدا لای دا ئەو خانەی مێزی برای لێ گوڕا بوو . جلەوی کەرەکەی ڕاکێشا . خاوەتی خانەکە ویستی کەرەکەی لێ وەربگری وبیبا بیبەستێتەوە بەڵام شاگرد ئاشەوان گـوتی : « کاکی بـرای ، خۆت سەغڵەت مەکە . خۆم دەیبەم لەتەویلە دەیبەستمەوە بۆ ئەوەی جێی پێ بزانم . »

خاوەن خان ئەمەی زۆر بەلاوە سەیر بوو . بڕوای نەدەکرد یەکێ خۆی کەری خۆی ببەستێتەوە پارەدار بێ . کابرا دەستی بردە گیرفانی ، دوو لیرەی دەرهێنا و دایە خاوەن خان وگوتی بۆ شێو خواردنێکی باشم بۆ بێنە . خاوەن خان ڕایکردو باشترین خواردنی بـۆ هێنا . دوای شێـو ، شاگرد ئاشەوان بانگی خاوەن خانی کرد بۆ حسێب . خاوەن خان لێکی دایەوە گوتی دوو لیرەی‌تر ماوە . شاگرد گیرفانەکانی پشکنی بەڵام هیچ لیرەی

ئەما بوو ، گوتی : خاوەن خان ، پشووت هەبێ ، هەر ئێستا دەچم هەندێ پارە دێنم .»

شاگرد ئاشەوان سەرپۆشی مێزیکی بردو ڕۆیشت . کابرای خاوەن خان نەیزانی شاگرد ئەو سەرپۆشەی بۆ چیە . مە راقی گرت بزانێ چ دەکا . ئیدی قەرە بە قەرەی چوو . شاگرد چوە ناو تەویلەو دەرگای داخستەوە . خاوەن خان لە کونی دەرگاوە تەماشای ژوورەوەی کرد ، بینی کابرا قوماشەکەی لە پێش کەرەکە پان کردەوەو گوتی : « بریکل بریت» یەکسەر کەرەکە لیرەی تفاندە سەر قوماشەکە . خاوەن خان گوتی : « خەنی سەد خەنی ! هیچ ڕێیەك لەوە باشتر نیە بۆ لیرە پەیدا کردن . قاسەیەکی چاکە ! » .

شاگرد ئاشەوان هاتەوەو کرێی خۆی داو نووست ئاشەوان پێی گوت : لەبەر ئەوەی تۆ ڕەوشتو کەچی خاوەن خان نەنووست . نیوەشەو چوە تەویلە کەرە زێڕی بردو کەریکی تری لە جێێ بەستەوە .

بۆسبەینێ ، شاگر دەکە زوو بە خۆو بە کەرەوە ڕۆیشت وهیچ بیری بۆ ئەوە نەدەچووکە کەرەکەیان گۆڕیوە وئەوەی ئێستا پێیەتی کەری ڕاستەقینەی خۆی نیە .

بۆ نیوەڕۆ گەیشتەوە ماڵێ . باوکی باوکی زۆر بە دیداری شادو کەیفخۆش بوو . بە ڕووخۆشی پێشوازی کردو لیێ پرسی : « کوڕم ، چ پیشە یەك فێر بووی ؟»

کوڕە وەڵامی دایەوە : « باوکی ئازیز ، بووم بە ئاشەوان ! »

باوکە گوتی : « ئەدی لەو سەفەرە چت نەهیناوە ؟ »

کوڕەکە گوتی : « با ، کەرێکم هیناوە ! »

باوکە گوتی : « جا کەر چیە ؟ کەرمان زۆرە ، چاکتر وا بوو بزنێکی جوانم بۆ بێنی .»

کوڕە گوتی : « وایە ، بەلام ئەو کەرەی من هاوردوومە کەرێکی ئاسایی نیە . ئەگەر پارچە پەڕۆیەکی لە پێش پان بکەمەوەو بڵێم - بریکل بریت - پڕ بەو پارچە پەڕۆیە لیرەی زێڕ دەتفێنێتەوە . ئێستا ئەم هەموو خەڵکە دەوڵەمەند دەکەم .»

بەرگدروو گوتی : « زۆر باشە ! کە وا بوو لەمەو دوا پێویستم بە دەرزیکاری نامێنێ .»

چوو هەموو دراوسێکانی بانگ کرد کە هەموو گردبوونەوە ئاشەوان

هاواری کرد جێی بکەن . کەری هێنا ژووروو پارچە پەڕۆیەکی لەبەر دەم پان کردەوە وگوتی : « ئێستا وریا بن ، تەماشا کەن ! » ئینجا هاواری کرد : « بریکل بریت » بەڵام نە لیرەیەك لە دەمی کەرەکە هاتە دەرەوەو نە هیچ . دەرکەوت ئەو کەرە بە ستەزمانە هیچی لە کەرەکانی دی زیاتر نیە .

ئاشەوانی کڵۆڵ کە زانی تێ کەوت زۆر پەست و غەمبـار بوو . داوای بەخشینی لە دراوسێکان کرد کە چۆن بە نەداری هاتن ئاوا بە نـەداری چوونەوە .

پیـرەمێـردیش دەستی دایـەوە دەرزیو کـوڕەش چـوە خـزمـەت ئاشەوانێکی‌تر .

ئێستا با بێینە سەر برای . سێیەم برای سێیەم کە دەر کرا چوو بوو بە شاگرد خەڕات . لەبەر ئەوەی خەڕاتی پیشەیەکی زۆر وردە مـاوەیەکی زۆری پێچوو تا فێری بوو .

یەکێ لە دوو براکە نامەیەکی بۆ ئەم برای سێیەمە نووسی و بۆی باس کرد چۆن خراپیان لێ‌قەوماوەو چۆن لە گەڕانـەوەدا دوا شەو لە خـانێك مارنەتەوەو چۆن خاوەن خانەکە گەنجینە بەنرخەکانی لێ دزیون .

برای سێیەم کە فێری پیشەی خەڕاتی بووو شەرتی هەڵات و وەختی ڕۆیشتنی هات ، ئاغاکەی لە پاداشتی دڵسۆزیو ئیشی جوانی کیسەیەکی دایەوگوتی داردەستێکی چاکی تێدایە .

لاوە گوتی : « لەوانەیە کیسەکە بەکەلکم بێ بەڵام داردەست سوودی چیە ؟ »

ئاغا وەڵامی دایـەوە : « ئەمن پێت دەڵێم . ئـەگەر یـەکێ غەدری لێ کردی ، ئـازاری دای ، تـۆ هـەر هێنـدە بـڵێ - داردەست دەرپـەڕە - داردەستەکە دەردەپەڕێ و بە تـوندی وەردەگـەڕێتە کـابراو ئـەوەندەی دەکوتێتەوە تا حەفتەیەك نەتوانێ لە جێی خۆی بجوولێتـەوە . تا نـەڵێی داردەست بڕۆوە ناو کیسە ! - واز ناهێنێ . »

شاگردەکە سوپاسی وەستای کرد . کیسەکەی وەرگرت وکەوتە گەشت و گـەڕان . کەیـەکێ هێرشی دەکـردە سەر هـاواری دەکرد : « داردەست دەرچۆرە ! » یەکسەر داردەستەکە دەردەپەڕیو وەردەگەڕا سەروگوێلاکی کابراو خێرا ئیشەکەی یەك لا دەکرد .

ئێوارەیەك خەڕاتی لاو گەیشتە ئەو خانەی براکانی لێ تەفرە درابوون . هەگبەکەی لەسەر مێز داناو دەستی پێ کرد چی بەسەر هاتی سەیری لە دنیا دی بوو بۆ خاوەن خانی گێڕایەوەو گوتی : « ئا ، ڕەنگە تۆ باسی مێزی

ئارەزووکەرە زێڕەکەت و شتی وابکەی . نکوولی ناکەم ئەمانە شتی چاکن ، بەڵام لە چاو ئەو گەنجینەی من پەیدام کردوە ووا لەناو ئەم هەگبەدایە ، هیچ نین .»

خاوەن خان گوێی قوڵاغ کرد . بیری کردەوەو گوتی :
« دەبێ ئەوە چی بێ ؟ زۆر پێ دەچێ ئەم هەگبەپە پڕ بەردی بەهادار بێ . ئەمەش هەر بۆمن باشە ، هەموو شتێکی باش بە سێ تەواو دەبێ .»
کە وەختی نووستن هات ، میوان لەسەر قەنەفەیەك ڕاکشاو کیسەکەی وەك سەرین لە بن سەری خۆی دانا .
خاوەن خان خۆی دانووساند بوو ، وای زانی لاوە خەوی لێکەوتوە . چوو هێدی کیسەکەی ڕاکێشا بۆ ئەوەی بە ئەسپایی کیسەکە ببا و کیسەیەکی تری لە جێ دابنێ تومەز خەڕات دەیزانی کابرا وا دەکات و بە قەستی خەوی لە خۆی خستبوو . کە خاوەن خان کیسەکەی ڕاکێشا ، لاوە هاواری کرد :

« داردەست دەرپەڕە ! »
داردەست دەرپەڕی وبەر بوە پشتی خاوەن‌خان خاوەن خان . کەوتە پاڕە پاڕێ بەڵام بێ هوودە بوو ، تا زیاتر هاواری دەکرد داردەستەکە قایمتر دەخیوڵایە ناو شانی . داردەست وازی لێ نەهێنا تا کابرا شەنگی لەبەر بڕاو کەوتە سەر زەوی .
ئینجا خەڕات گوتی : « ئەگەر هەر ئیستا مێزەکەو کەرەکەم نەدەیێ ئەم بەزمەت لەگەڵ دووپات دەکەمەوە .»
خاوەن خان کوڵی داو هاواری کرد : « چاوەکەم ، هەر هێندە وا بکە ئەم داردە ستە تۆقێنەرە بچێتەوە ناو کیسە هەر چی بڵێی دەتدەمێ .»
لاوە گوتی : « باشە ، بەسە ! » ئینجا هاواری کرد : « داردەست بڕۆوە ناو کیسە ! » ووازی لێ هێنا .
بۆ بەیانی ، خەڕات بە خۆو بە مێزو کەرەوە ڕێی ماڵی باوکی گرتە بەر . بەرگدروو بە دیداری کوڕی زۆر شادومان بوو ، پرسیاری لێ کرد چ فێربوە چ فێر نەبوە ؟
کوڕە وەڵامی دایەوە : « باوکە گیان ، خەڕاتی فێر بووم ، باوك گوتی « خەڕاتی پیشە یەکی زۆر وردە . ئەدی لەو سەفەرە چیت نەهێناوە ؟ »
کوڕە وەڵامی دایەوە : « باوکی ئازیزم ، شتێکی زۆر بە نرخم هێناوە داردەستێکم هێناوە وا لە ناو کیسەدایە . »

باوك هاواری كرد : « چ ؟ داردەست ؟ جا ئەو ئەزیەتەی بۆ چ بوو ؟ دەتوانی داردەستێك لە هەر درەختێك ببڕێتەوە .»

لاوە گوتی : « ئاخر ، باوكە ، ئەمە داردەستێكی ئاسایی نیە . كەبڵێم ـ داردەست دەرپەڕە ـ داردەست دەردەپەڕێو وەردەگەڕێتە ئەو كەسەی بیەوێ ئازارم بدا تا لەو عەردە ڕاینە خاو تەوازۆی پێ نەهێنێتەوە وازی لێ ناهێنێ . تەماشا كەهەر بەم داردەستە بوو ئەم مێزو كەرەم وەرگرتەوە كەخاوەن خانی دزو قۆڵبڕ لە براكانمی قاچاندبوەوە . ئێستا بنێرە هەر دوو براكانم بێن ، بانگی هەموو دراوسێكانیش بكە ئەوەی تا مڕ دەبن خواردن وخواردنەوە عافیەت بكەن و تاگیرفانیان دەگری زێڕی تێ بئاخنن .

بەرگدرووی بە ساڵا چوو بڕوای نەكرد بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بانگی هەر دوو كوڕەكەی تری كردو هەموو دراوسێكانی داوەت كرد .

خەڕات كەری هێنا ژووریّ . پەڕۆیەكی لە پێش پان كردەوە وبە براكەی گوت : « دەوجا ، برا گیان ، بیدوێنە ! » ئاشەوا ن گوتی : « بریكل بریت » یەكسەر پەڕۆكەكە پڕ لیرە بوو . هەر كەسە تێرووهات و ئەوەندەی پێی هەڵگیرا بردی ـ بە داخەوە تۆلەوێ نەبووی !! ـ

ئینجا خەڕات مێزەكەی دانا وگوتی : « دەوجا ، برا گیان ، بیدوێنە » دارتاش گوتی : مێزە ، بڕازێوە ! » یەكسەر مێزەكە ڕازایەوەو خۆشترین و چەورترین خواردنی لەسەر پەیدا بوو ، زیافەتێكی وا بوو پێشتر ماڵی بەرگدروو شتی وای بە خۆیەوە نەدی بوو . ئەو تاقمە شەو تا بەیانی بە بەزم و شادی ڕایانبوارد .

لەو ڕۆژە بەدواوە بەرگدروو دەرزیو دەزوو وگەزو ئەنگوستیلەی خستە ناودۆ لابێك وقوفلی داو زۆر بە خۆشی لەگەڵ هەر سێ كوڕەكەی ژیا .

ئێستا با بزانین بزنەكە چی بەسەر هات كەبوو بە هۆی دەربەدەربوونی كوڕەكانی بەرگدروو ؟

با بۆتان باس بكەم : بزنەكە دوای ئەوەی سەری لووس تاشا ، زۆر لە خۆی تەریق بوەوە . چوو خۆی لەناو كونەڕێویەك شاردەوە . كە ڕێوی چوەوە دیتی دوو چاوی زەق و بز لە تاریكی تێی نز بوونەتەوە ، هەترەشی چوو ، هەڵات و خۆی نەگرتەوە . ڕێوی لە ڕێگادا تووشی ورچێك بوو . كە ورچ ڕێوی وا بە شلەژاوی دی ، لێی پرسی : « ڕێوی برا ، بۆ وا پە شۆكاوی ؟ مە سە لە چیە ؟ »

ڕێوی وەڵامی دایەوە : « وای ، گیانەكەم ، دڕندەیەكی ترسناك لە كونەكەم لێی داكوتاوەو بە دوو چاوی زەق تەماشام دەكا .»

ورچەکە گوتی : « ئیادەری دەپەڕێنین ! »

ورچەکە چوە بەر دەرگای کونی ڕێوی‌و تەماشای کرد بەلام کە چاوە زەق‌و تیژەکانی دی زیلکی ڕژاو نەیوێرا هیچ بکات ولێیێ دا ڕۆیشت لە ڕێگادا تووش هەنگێك بوو ، وێ نەدەچوو هێنـدە ئازا بێ بـەلام هەنـگ گوتی :

« ورچەکە ، ئەوە چیت لێ قەوماوە بۆ وا تەنگاوی ؟! » .

ورچ وەلامی دایەوە : « هەقی خۆتە بپرسی دڕندەیەکی چاوزیتی ترسناك چۆتە ناو کونی ڕێوی وئەوەندەی دەکەین پێمان دەرناکرێ . »

هەنگ وەلامی دایەوە : « ورچەکە ، دەزانم تۆ من بـە کەم دەزانی ؟ چونکە گیاندارێکی بچووك‌و بێهێزم ، بەلام بڕوات هەبێ لە خۆم ڕادەبینم یارمەتیتان بدەم‌و چارەتان بکەم . »

جا هەنگەکە بەرەو کونی ڕێوی فڕی وچوە سەر سەری لووس‌تاشاوی بزنەکەو ئەوەندە بە توندی پێیـەوە دا بزن لە خـۆی هەڵداو قـاڕاندی : « قـاڕ .. قاڕ .. » وەك شێتـان دەرپەڕی‌و وە ئـاقاری کـەوت . ئێستاش لەگەڵدا بێ کەس نازانێ بۆ کوێ هەلات وچی لێ هات .

# ٢٠ ـ کڵاوسوور

هەبوو .. نەبوو .. کچێکی بچکۆڵەی خشکۆك هەبوو ، هەرکەسێ بیناسییایە بە دڵیەوە دەنووساو خۆشی دەویست . بە تایبەتی داپیرەی زۆر خۆشی دەویست و بە هەموو جۆرێك دڵی ڕادەگرت .

جارێکیان داپیرە کڵاوێکی سووری دایە . کچە کڵاوەسوورەکەی زۆر جوان لێ دەوەشایەوە و زۆری بە دڵ بوو بۆیە لەوە زیاتر هیچی لەسەر نەدەنا تا وای لێ هات ناویان نا : « کڵاو سوور » .

ڕۆژێکیان دایکی پێی گوت : « ڕۆڵە ، کڵاوسوور ، کیژم ، وەرە ئەم کێك و بوتڵە شەڕابە بۆ داپیرەت ببە . داپیرەت نەخۆش و بێ هێزە پێویستی بە کێك و شەڕابە . خێرا بچۆ تا گەرما دانەهاتوە . خۆت لە ڕێگا مەخافڵێنە . ڕاشمەحە نەوەك بەردەبیتەوەو بوتڵەکە دەشکێ و داپیرە بێ شەراب دەمێنێتەوە . کە گەیشتیتە جێ لە بیرت نەچێ بێ ئەوەی لە دەوروبەری خۆت مور بیتەوە بە دەنگێکی ناسك بێژە : « ڕۆژ باش ! »

کڵاو سوور گفتی بە دایکی داو گوتی : « چۆنی دەڵێی وا دەکەم . »

داپیرەی نیوسەعاتە ڕێ لە دووری گوند لەناو دارستانێکدا دەژیا . کچە کە گەیشتە ناو دارستانەکە تووشی گورگێك هات بەلام نەیزانی گیانداریکی دڕندەو بەدکارە بۆیە هیچ لێی نەترسا . گورگ گوتی : « ڕۆژ باش ، کڵاو سوور ! »

کچە وەڵامی دایەوە : « ڕۆژ باش ، گورگە . »

- کڵاوسوور ، ئەوا بۆ کوێ دەچی وا زوو ؟

- دەچمە ماڵی داپیرەم .

- ئەدی ئەوە چیە لەناو زەمبیلەت ؟

- کێك و شەڕابە . دوێنێ کێکمان کرد . جا هاتووم کێك بۆ داپیرەم دەبەم . نەخۆشە ، بەڵکو بەو کێکە چاك بێتەوە .

- کڵاوسوور ، ماڵی داپیرەت لە کوێیە ؟

کڵاو سوور گوتی : « چارە سەعاتێك لێرە دوورە . خانوەکەی لە ژێر سێ داربەڕووی زلە ، کەوتۆتە نزیك دار گوێزان . ڕەنگە پێی بزانی . »

گورگ بیری کردەوە : « ئەم کچە بچووك و ناسکە پارووەیەکی چەورە ! لە پیرەژن باشترە بەڵام دەبێ فێڵێکی وا بکەم هەردووکیان بخۆم . »

گورگ ماوەیەك لەگەڵ كڵاوسوور ڕۆیشت ئینجا گوتی : « كڵاوسوور ، سەیری گوڵی جوان بکە ! بۆ سەیری ئەم ناوە ناكەی ؟ چ وێ ناچێ گوێت لە خوێندنی باڵندانیش بێ . هێندە پەستی دەڵێی دەچیتە قوتابخانـە . شاد بە ، سەراپای دارستان شادو بەكەیفە . »

كـڵاوسـوور سـەری هـەڵبـڕی دیتی تیشكی ڕۆژ لەو دارو درەختو گوڵەگەشانەی دەدا ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر قەفتەیەك گوڵی تازە بۆ داپیرەم ببەم مسۆگەر زۆری هەوەس پێ دێ . هێشتا زۆر زوە . مـاوەم هەیە هەندێ گوڵی بۆ بچنم . »

كچە لارێ بوو . چوە ناو دارەكانو هەندێ گوڵی چنی . هـەر جارەی گوڵێكی دەچنی لەولاوە گوڵێكی جوانتری دەدی . بەم جۆرە هەر ڕۆیشتو داكشایە ناو جەرگەی دارستان .

لەولاوەش گورگەكە پێی پێوە نا بۆ زنجی پیرەژنەكەو لە دەرگای دا .

ـ كێیە ؟

ـ منم ، كڵاوسوورم ، كێك و شەرابم بۆ هێناوی ، دەرگام لێ بكەوە . »

پیرەژن هاواری كرد : « شمشیرەكە بڵند كە . من تاقەتم نیە هەستم . »

گورگ شمشیرەی بڵندكردو دەرگا بوەوە . چوە ژوورەوە . بە بێ دەنگی چوە سەر جێی پیرەژنن هەڵیلووشی . ئینجا بەرگی شەوانەی پیـرەژنی كردە بەرو كلێتەكەی لە سەر ناو چوە ناو جێو پەردەكانی دادایەوە .

كڵاوسوور تـاپێ هەڵگیـرا گوڵی چنی ئینجـا داپیرەی هـاتەوە یـاد .

.ڕۆیشت كە گەیشتە ماڵی داپیرەو دیتی دەرگا واڵایە سەرسام بوو . كە چوە ژوورەوە هەموو شتێكی لەبەر چاو سەیر بوو ! ترسێكی زۆری لێ نیشت بەڵام نەیزانی بۆچی ؟ لە دڵی خۆیدا گوتی : « بە گشتی وەری بگری من زۆر دێمە دیدەنی داپیرەم . » جا بانگی كرد : « ڕۆژ باش ، داپیرە ! » بەڵام وەڵام نەبوو . چوە سەر جێو بالینگانی داپیرەو پەردەی هەڵدایەوە . دیتی ڕاكشاوەو كلێتەی هێناوەتە سەر روو و زۆر سەیر دەنوێنێ .

كچە گوتی : « ئۆی ، داپیرە ، گوێت بۆ وا گەورەن ؟! »

ـ كچم ، ئازیز ، بۆ ئەوەیە تا باشتر قسەی تۆی پێ ببیسم . »

ـ داپیرە ، چاوت بۆ وا گەورەن ؟

ـ تا باشتر تۆی پێ ببینم ، ئازیز !

ـ داپیرە ، دەستت بۆ وا گەورەن ؟

ـ تا باشتر تۆی پێ هەڵگرم ، ئازیز !

ـ ئەدی داپیرە ، ددانت بۆ وا گەورەن ؟

ـ تا باشتر تۆی پێ بخۆم ، ئازیز !

گورگ وای گوت و لە ناو جێ قەڵەمبازێکی هەڵداو هەڵی کوتایە سەر کڵاوسوورو قلووفی کرد . کە تێر بوو چوە ناو جێ و کەوتە پرخ و هۆڕێ .

بە ڕێکەوت ، ڕاوکەرێك بە کن خانووەکەدا تێپەڕی و گوێی لە پرخ و هۆڕەکە بوو ، گوتی :

« ئەم پیرەژنە چتۆ پرخ و هۆڕیەتی با بچم بزانم مەسەلە چیە ؟ »

ڕاوکەر چوە ناو خانوەکەو ڕووی کردە نوێنەکەو دیتی گورگە ە شیرین خەودایە ، گوتی : « ئەوە لێرە چ دەکەی ، هەی پیرەی تاوانبار . ئەوە چەند لە مێژە لێت دەگەڕێم . »

تفەنگی ڕاگرت بۆ ئەوەی گوللەیەکی لێ بدا لە پڕ وای بۆ هات کە لەوانەیە گورگ پیرەژنی قووت دابێ و بۆی هەیە پیرەژن هێشتا هەر ساغ و سەلامەت بێ . جا چەقۆیەکی هێناو ورگی گورگی خەوتووی هەڵزڕاند و لەگەڵ یەکەم دەمە چەقۆدا ڵاوسووری بچکۆڵانە دەرکەوت و بازی دا دەرێ و هاواری کرد : « ئۆی چەند ترسام ، ناو ورگی گورگ چەند تاریك و بە سام بوو ! » دوا بە دوای کچە پیرەژنیش هاتە دەرەوە ، زیندوو بوو بەڵام بە ئاستەم هەناسەی دەهات .

کڵاوسوور هەندێ گاشە بەردی هێناو ورگی گورگی پێ هەڵاخنی . کە گورگ واگا هات ویستی باز بداو بڕوا بەڵام لەبەر بەردەکان کەوت و قنیاتی لەبەر بڕا .

بەم جۆرە هەموو شادو کەیفخۆش بوون . ڕاوکەر گورگی کەوڵ کرد و کەوڵەکەی بردەوە . پیرەژن ئەو کێك و شەڕابە خوارد کە کڵاوسوور بۆی هێنا بوو و هێزو ڤەژەنی هاتەوە بەر .

کڵاوسووریش لە دڵی خۆیدا گوتی : « تا ماوم قەت جارێکیدی بە ناو دارستاندا ناگەڕێم کە دایکم لێی قەدەغە کردووم . »

# ٢١ - پاشای چیای زێڕین

هەبوو .. نەبوو .. بازرگانێك هەبوو ، دوو مندالی هەبوو - کچێك و کوڕێك . هەردووك ساوا بوون . هێشتا وایان لێ نەهاتبوو غارەغار بکەن . ئەو بازرگانە دوو کەشتی پڕ باری لە دەریادا هەبوو . بە تەما بوو ئەو بازرگانیە پارەیەکی زۆری بۆ بێنێ کەچی خەبەری بۆ هات کە هەر دوو کە شتیەکەی بێ سەرو شوێن چوون . جا لە باتی ئەوەی دەوڵەمەند ببێ هەژار کەوت و لە شینایی‌یەکی نزیك شار بەولاوە هیچی نەما .

رۆژێ ، بازرگانەکە بۆ بادانی خەمی دڵی چوە ناو شینایی‌یەکەو کە لەناو شینایی‌یەکە پیاسەی دەکرد لە هیکەوە کابرایەکی ڕەشی بچکۆڵەی لەبەردەم پەیدا بوو ، لێی پرس : « بۆ وا غەمباری ؟ » بازرگان گوتی : « پێت دەڵێم بەلام بەو مەرجەی یارمەتیم بدەی . »

کابرای بچکۆڵە وەلامی دایەو : « کێ دەزانێ ؟ دوور نیە بتوانم یارمەتیت بدەم . »

جا بازرگانەکە گوتی : خەم بۆ من نەبێ بۆ کێ باشە . هەموو موڵك و سامانم لە ناو کەشتی دەریادا ون بوە و لەم شینایی‌یە زیاتر هیچم نەماوە . »

کابرا گوتی : « گوێ مەدێ . ئەگەر بەڵێنم بدەیتێ کە ئەمڕۆ چرویتە وە ماڵێ یەکەم شتت بە لاقەکان کەوت پاش دوازدە ساڵی تر بمدەیتێ ، چەندی بتەوێ زێڕت پێ دەبەخشم . »

بازرگان لە دڵی خۆیدا گوتی : « لە سەگەکەم زیاتر چ شتێ هەیە خۆی لە لاقم هەڵبسوێ ! »

هیچ بیری بۆ لای کوڕەکەی نەچوو . جا بە مەرجەکە ڕازی بووو بەڵگەنامەی مۆر کردو دایە دەست کابراو بەرەو ماڵ بووەوە .

کە گەیشتەوە ماڵێ کوڕە بچووکەکەی ، خۆی بە کەرەوێتە گرتبوو بە لارە لار بۆ لای باوکی هات وتوند لاقی گرت و خۆی پێوە نووساند .

بازرگان زۆر ترسا . ئاخر بە لێنەکەی کەوتەوە بیر ! ئێستا زانی پەیمانێکی چەند گەورەکەی مۆر کردوە بەلام لە بەر ئەوەی کە چوە سەر سندووقەکانی هیچ زێڕی تێدا نەدی لە دڵی خۆیدا گوتی : دیارە کابرا بە گاڵتەی بوە .

دوای مانگێ ، بازرگان چوە ناو ژووری ئازووقە بۆ ئەوەی هەندێ

تەنەکەی کۆن کۆ بکاتەوە و بیانفرۆشێ ، دیتی کۆمەڵە زێرێك لەسەر زەوی کەلەکە کراوە .
بەم جۆرە بازرگان گوزەرانی خۆش بوو ، کەوتە ئاڵو وێرو بوو بە بازرگانێکی لە جاران دەوڵەمەندترو لە جاران بێ خەمتر .
لە هەمان کاتدا تا دەهات کورەکەی فراژی دەبوو .. تا دەهات زیرەکترو ژیرتر دەینواند . تا دوازدە ساڵەکە دە هات تەواو ببێ بازرگان پەستتر دەبوو ، تا وای لێهات نیشانەی خەم و جەخاری بە دەم و چاوە دیار بوو .

ڕۆژێ ، کورەکە هۆی پەستی و غەمباری لە باوکی پرسی بەڵام باوکی پێی نەگوت . کورە جەڕنەگەی داگرت . ئیدی باوکی ناچار بوو پێی گوت کە بێ ئەوەی بە ئەنقەس وا بکا گفتی داوە پاش دوازدە ساڵ بەرامبەر بە ئەندازەیەك زێڕ بیداتە کابرایەکی ڕەشی بچکۆڵە ، نەك هەر گفتی داوە بگرە بەلگەنامەی مۆر کردوەو شەمێ بە ستی کردوە . جا گوتی ئەو وەختەی گفتم دا دوازدە ساڵ پێش ئێستا بوو بۆیە هەنووکە کاتی ڕۆیشتنی کوڕە هاتوە .
کورەکە گوتی : « باوکە ، مەترسە ، باش دەبێ ! ئەو کابرا بچووکە دەسەڵاتی بەسەر مندا ناشکێ . »
کە وەختی تایبەتی خۆی داهات کورەکە داوای دوعاو خێری لە قەشە کردو لەگەڵ باوکی چوونە ناو شینایی . کوڕە بازنەیەکی کێشاو لەناو بازنەکە دانیشت . کابرای ڕەشی بچکۆڵە دەرکەوت و بە باوکی کوڕەی گوت :
« ئەوەی گفتت دابوو بۆم بێنی هێنات ؟ »
بازرگان بێ دەنگ بوو . کورەکەی هاتە دە نگ :
« چیت دەوێ ؟ بلێ ! »
کابرا گوتی : « من ئیشم بە باوکتە نەك بە تۆ . »
کورە وەڵامی دایەوە : « تۆ باوکمت تەفرە داوە . بێنە ئەو بەڵگە نامەیە بدەوە کە پێت مۆر کردوە . » کابرای بچووك گوتی : « تواهوو ! شتی وا نابێ من لە هەقی خۆم خۆش نابم . »
ماوەیەکی زۆر وتوێژیان کرد لە ئەنجامدا بڕیاریان دا لەبەر ئەوەی کابرای بازرگان هیچ ماف بەسەر کورەکەیەوە نەماوەو ناشیەوێ بۆ غەنیمەکەی ببێ دەبێ ئەو کورە بخرێتە ناو کەشتیەك و باوکە خۆی بیخاتە ناو ڕووبار و بیداتە دەست قەزاو قەدەر .
بەم جۆرە ، کورە ماڵاوایی لە باوکی کردو سواری کەشتیەك بوو و باوکی

بە ئاوی ڕوباری دا هێلا و وای زانی هەتا هەتا چاوی پێ ناکەوێتەوە ، ئیدی بە پەستیی و نائومێدی گەڕایەوە و ما خەمی بۆ بخوات .

چا بوو کەشتیەکە نقووم نەبوو . کوڕە بەسەلامەتی لە ناوی دانیشت و کەشتی بە ئاوەکەدا شۆڕ بووەوە .. کەشتی ماوەیەکی زۆر ڕۆیشت و پاشان لە کەنارێکی کەس نەناس لەنگۆری گرت . کوڕە بازی دایە سەر بەژو وشکاتی . کۆشکێکی نزیکی دی و چوە لای کۆشکەکەو هەر هێندە پێی لە دەرگا نایە ژوورەوە کەوتە بەر کاریگەری سیحرو ئەفسوون . کوڕە هەموو ژوورەکان گەڕا ، هەموو چۆل وهۆل و بەتاڵ بوون . گەیشتە دوا ژوور دیتی مارێك پەپکەی خواردوە ، گینگڵ دەداو خۆی لێك دەکێشێتەوە .

مارەکە بنیاد کچ بوو ، سیحری لێ کرا بوو . کە چاوی بەو گەنجە کەوت زۆری کەیف پێ هات و گوتی :

« گیانەکەم هاتی ؟ ئەوە دوازدە ساڵە چاوەڕێت دەکەم . ئەم وڵاتە سەراپای سیحرئەنگاوتوویە و ئەو سیحرە بە تۆ نەبێ بە کەس ناشکێ . »

کوڕەکە پرسی : « جا ئەمە چۆن دەکرێ ؟ »

کچەکە گوتی : « ئەمشەو دوازدە زەلامی ڕەشی ملبەزنجیر دێن . لێت دەپرسن لێرە چ دەکەی ؟ بەڵام هەر چیت لێ بکەن و هەر چیت پێ بڵێن ورتەت لە دەم دەرنەیە ـ ئازارت دەدەن ، بەندت دەکەن ، لێت دەدەن ، بەڵام هیچ قسە نەکەی . ئەوان سەعات دوازدە دەبێ بڕۆنەوە . بۆ شەوی دووەم دوازدەی تر دێن ، هەروەها بۆ شەوی سێیەمیش . ئەمانە سەرت دەبڕن بەڵام سەعات دوازدە هێزیان لەبەر نامێنێ . جا ئەگەر بەرگەی ئەمەت پێ بگیرێ وییەك قسەت لە زار نەترازێ ئەوا من ڕزگار دەبم و کە ڕزگار بووم دێم شووشەیەك ئاوی حەیات دێنم ، لە لەشت دەرشێنم و تۆش وەکو جاران زیندوو دەبیتەوە .

کوڕەکە گوتی : « بەو پەڕی شادومانیەوە ڕزگارت دەکەم . »

کچە چی گوتبوو هەمووی وا ڕۆیشت . زەلامە ڕەشەکان نەیانتوانی یەك وشەی لێ دەربێنن . شەوی سێیەم مارەکە بوو بە کچەپا شایەکی نازدار . چۆن هەڕێی دا بوو ئاوها چوو ئاوی حەیاتی هێناو لاوەی زیندوو کردەوە و دەستی لە ملی و ەرهێناو ماچی کرد . لە سەرانسەری کۆشك بوو بە بەزم و خۆشی .

زەماوەندیان کردو کوڕە بوو بە پاشای چیای زێڕین . ژن و مێرد بە شادی ژیان و ماوەیەك پێ چوو کوڕێکی جوانیان بوو .

دوای هەشت ساڵ پاشا غەریبی باوکی هەستا ؛ ویستی بگەڕێتەوە ماڵێ

بەڵام شاژن نەیدەویست مێردی بچێتەوە سەردانی باوکی . شاژن گوتی :
« واز بێنە ، دەزانم چوونی تۆ بەدبەختی منی تێدایە . »
بەڵام پاشا ئۆقرەی لە شاژن هەڵگرت و تا ڕێی نەدا وازی لێ نە هێنا .
کە پاشا ڕۆیشت شاژن ئەڵقەی ئارەزووی خۆی دایەو گوتی :

« هانێ ئەم ئەڵقەیە بگرە ، لە قامکی خۆتی بکە . هەر کوێت بوێ ئارەزووی بخوازە یەکسەر دەگەیتە ئەوێ بەڵام دەبێ بە ڵێنم بدەیتێ کە بەم ئەڵقەیە ئارەزوو نەخوازی من لێرەوە بێمە ماڵی باوکت !»
پاشا پەیمانی پێ داو ئەڵقەکەی لێوەرگرت و لە قامکی خۆی کردو ئارەزووی خواست بگالتە هنداو شاری باوکی . دەم و دەست خۆی لە بەر دەروازەی شاری باوکی دۆزیەوە . بەڵام لەبەر ئەوەی هەر چەندە جلەکانی گرانبەها بوون کەچی بە دەستوورێکی سەیر هەڵبڕابوون ، دەرگەوان لێ نەگەڕا بچێتە ژوورەوە . کوڕە ڕووی کردە چیا تا تووشی شوانێك هات بەرگی خۆی لەگەڵ گۆڕیەوە . بەرگی شوانی کردە بەرو بێ ئەوەی سەرنجی کەس ڕابکێشێ خۆی بە ناو شاردا کرد .
کوڕە کە گەیشتە حوزوور باوکی دەستی پێ کرد خۆی دەرخست بەڵام باوکی قەت بڕوای نەدەکرد ئەمە کوڕی ئەو بێ . گوتی : ڕاستە وەختی خۆی کوڕێکم هەبوو بەڵام لە مێژە فەوتاوە . جا گوتی : « بەڵام لەبەر ئەوەی هەژاری وا دەکەم قاپە خواردنێکت بدەنێ . »
شوانە بە دەیبابی گوت : « بە ڕاستی من کوڕی ئێوەم و ئێوە نامناسنەوە . باشە کوڕەکەتان چ نیشانەی بە لەشەوە نەبوو پێی بناسنەوە . دایکە گوتی : « با ، کوڕەکەم نیشانەیەکی لە بن هەنگڵی ڕاستە دایە . »

کوڕە قۆڵی هەڵکرد . نیشانەکەی پێوە بوو . ئیدی گومانیان نەما کە ئەمە کوڕی خۆیانە .
ئینجا کوڕەکە بۆی باس کردن کە ئێستا بۆتە پاشای چیای زێڕین و کچە پاشایەکی هێناوە و کوڕێکی بچووکی حەفت ساڵانیشی هەیە .
باوکی گوتی : « شتی وا ڕاست نیە . پاشایەتیت بەوە دیارە کە بە جلی شڕی شوانان هاتیتەوە . »
کوڕە تووڕە بوو . نەختێك داما . ئەڵقەی پەنجەی بادا و ئارەزووی خواست ژنەکەی بە خۆو بە کوڕەوە لەوێ حازر بێ . دەم و دەست هەردووك لە پێشی پەیدا بوون بەڵام ژنە هەر دەگریا و دەیلاواندەوەو سەرکۆنەی

مێردی دەکردو دەیگوت چۆن پەیمانت شکاندو منت تووشی دەردو کەسەر کرد .

کوڕەکە گوتی : « ببوورە ، ئاگام لە خۆم نەبوو . بەڵام بڕوا بکە بە نیازی خراپم نەکردوە . »

ویستی دڵی ژنەکەی چاك بکاتەوە بەڵام ژنە هەر چەندە وای دەنواند کە هێور بۆتەوە ، ڕاستیەکەی داخی مێردی لە دڵ دەرنەچوو بوو .

پاش ماوەیەك کوڕە ژنەکەی بە پیاسە بردە دەردودی شار بۆ ناو شینایی و ئەو ڕوبارەی پێشان دا کە وەختی خۆی بە سواری کەشتیەکی بچووك پێیدا چوە خوارێ . کوڕە ماندوو بوو ، گوتی :

« ماندووم ، دەمەوێ نەختێ بحەسێمەوە . » ژنە دانیشت و کابرا سەری بە ڕانی کردو خێرا خەوی لێکەوت . کە خەوی لێکەوت ژنە ئەڵقەکەی لە پەنجەی دەرهێناو هێندی خۆی لە بن کێشایەوەو پاپۆچی خۆی لەبن سەری دانا . منداڵەکەی کردە باوەش و ئارەزووی خواست بچێتەوە وڵاتی خۆی .

کاتێ کە کوڕە خەبەری بوەوە خۆی بە تاقی تەنێ دی . ژنەکەو منداڵەکەی نەما بوون . ئەڵقەکەیشی لە پەنجەدا نەما بوو . تەنیا پاپۆچی ژنەکەی بۆ نیشانە بە جێ ما بوو .

کابرا گوتی : « تازە ناتوانم بچمەوە کن دەیبابم نەوەك بە سیحربازم دادەنێن . سەر هەڵدەگرم و دەڕۆم تا دەگەمەوە وڵاتی خۆم . »

کابرا هەر ڕۆیشت ، ڕۆیشت تا گەیشتە چیایەك دیتی سێ دێو لە سەر بەش کردنی میراتی باوکیان کرد ، شەڕیان بوو . کە دێوەکان چاویان پێ کەوت بانگیان کرد گوتیان : « بنیادەمی بچکۆلە ئاقڵدارن . » جا داوایان لێ کرد میراتەکەیان بۆ بەش بکا .

میراتەکە بریتی بوو لە سێ شت .

یەکەم : شیرێك . هەر کەسێ ئەو شیرەی لە دەست بایەو بیگوتبایە ( سەری من نەبێ سەری هەموو کەس پەل دە ) شیرەکە هەموو سەرێکی پەل دەدا .

دوەم : پاڵتۆیەك . هەر کەسێ ئەو پاڵتۆیەی لەبەر بکردایە لە چاو ون دەبوو .

سێیەم : جووتە چەکمەیەك . هەر کەسێ ئەو جووتە چەکمەیەی لە پێ بکردایە حەزی بکردایە بچێتە هەر کوێ یەکسەر دەگەیشتە ئەوێ . »

کابرا گوتی : « جاری ئەو سێ شتەم بدەنێ تەماشا بکەم بزانم باشن یان نەء ؟ »
پالتۆکەیان دایە . لەبەری کردو لە چاو برزبوو . دایکەندو دەرکەوتەوە
کابرا گوتی : « پالتۆکە باشە ، ئێستا شیرەکەم بدەنێ . »
دێوەکان گوتیان : « نەء . شیرەکەت نادەینێ ، چونکە ئەگەر بڵێی ( سەری من نەبێ سەری هەموو کەس پەل دە ) شیرەکە سەری تۆ نەبێ سەری هەموومان پەل دەدا . دوا جار شیرەکەیان دایێ بەو مەرجەی بە قەدی درەختێك تاقی بکاتەوە . ئەویش بە قسەی کردن و شیرەکە وەك قاتۆرە قەسەر قەدی درەختەکەی بڕی .
ئینجا کابرا داوای چەکمەکەی کرد بەڵام دێوەکان گوتیان : « نەء نایدەین . ئەگەر بیکەیتە پێ و ئارەزوو بکەی بگەیتە سەر دوندی چیا ئێمە بە دەست بەتاڵی لێرە چ بکەین ؟! »
کابرا گوتی : « نەء ، شتی وا ناکەم . »
جا چەکمەکەیان دایێ . کابرا کە هەر سێ شتەکانی کەوتە بەر دەست یەکسەر بیری لە ژن و منداڵەکەی کردەوەو لە دڵی خۆیدا گوتی : « وای دەنا بگە یشتبامایە وە چیای زێڕین . »
کابرا یەکسەر لە بەر چاوی دێوەکان بزر بوو و دێوەکان میراتەکەیان لە کیس چوو .
کابرا کە گەیشتەوە نزیك کۆشکی خۆی گوێی لە دەنگی سازو مۆسیقا بوو - دەنگی نای و کەمان ، هەراو بەزم و زەناو شادی بوو . بە پرسار پێ کەوت کە ژنەکەی خەریکە زەماوەند لەگەڵ کابرایەکی دی دەکات .

کابرا لە تووڕەییان مێشکی لە سەردا نەما ، گوتی : « ئەو ژنە بنیادەمێکی بەدو چرووکە ، تەفرەی دام و لە خەودا جێی هێشتم . » پالتۆی کردە بەر و بێ ئەوەی کەس بیبینێ چوە ناو کۆشکێ . چوە ناو هۆڵی گەورە ، زیافەت بوو . خۆشترین خواردن و گرانترین شەراب ڕیز کرا بوو . خوندی قسەیان دەکردو پێدەکەنین و دەیانخواردو دەیاننۆشی . شاژنیش بە بەرگی ئاڵ و والاوە لە ناوەندیان لەسەر عەرش دانیشبتوو . تاجی لەسەر نابوو .

کابرا ، بێ ئەوەی کەس بیبینێ چوو لە پشت شاژن دانیشت . کە شاژن ولە گۆشتێکی دەخستە ناو قاپی خۆی کابرا دەیبردو دەیخوارد . کە شاژن بادەی پڕ شەراب دەکرد کابرا دەیبردو دەینۆشی . قاپ و بادە دەم و دەست پڕ دەکرانەوە بەڵام یەکسەر ون دەبوون . شاژن هیچی بە دەم نەکەوت .

دواجار ، شاژن ترشی لیٚ نیشت . هەستا بە چاوی پڕ گریانەوە چوە ژووری خۆی . کابرا بە دووی دا چوو . شاژن لەبەر خۆیەوە گوتی : « داخۆ دەبیٚ هیٚشتا هەر لە ژیٚر هیٚزو کاریگەری سیحرباز دابم ؟ ئایا دەبیٚ پاریٚزگارو ڕزگار کەرم نەهاتبیٚ ؟! »

کابرا زللەیەکی لە بنا گوییی داو گوتی : « پاریٚزگارو ڕزگارکەرت نایێ ؟ وا ئیٚستا لەگەڵتدایە بەلاٚم تۆ خاپیٚنەرو تەفرەدەری . ئایا من شایەنی ئەوە بووم تۆ وات لیٚ کردم ؟! »

ئینجا خۆی دەرخست و چوە هۆڵ و هاواری کرد : « زەماوەند ڕاگرن ، پاشای ڕاستەقینە هاتۆتەوە . . »

پاشاو میرو بە گزادەکان هەموو بە تیزەوە پیٚی پیٚکەنین بەلاٚم ئەو هەر هیٚندەی گوت :

« دەڕۆن یان نا ؟! »

ویستیان بیگرن و قۆڵبەستی بکەن بەلاٚم کابرا شیرەکەی هەڵکیٚشاو گوتی :

« سەری من سەری هەموو کەس پەل دە ! » دەم و دەست شیرەکە سەری هەموانی پەل دا . هەر خۆی بە تەنیٚ مایەوەو بوو بە پاشاو خاوەنی چیای زیٚڕین .

# ٢٢- زاوای دز

هەبوو .. نەبوو .. ئاشەوانێك هەبوو ، كچێكی زۆر جوانی هەبوو . كاتێ كچەكەی پێ ڕاگەیشت كابرا ویستی بە شووی بداو بینێرێتە ڕێگای خۆی . كابرا لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەگەر زاوایەكی لێوشاوە بێتە داخوازی كچەكەم ، دەیدەمێ . »

ماوەیەك پێچوو داخوازیكەرێك هات . وێ دەچوو دەوڵەمەند بێ . جا لەبەر ئەوەی ئاشەوان هیچ خراپەی لێنەدی بوو و هیچی دەرهەق نەدەزانی كچەكەی خۆی دەقەبەر كرد . كچە حەزی نەدەكرد مێرد بەو كابرایە بكات و هیچ بڕواو متمانەی پێ نەبوو . هەر گاوێ تەماشای بكردبایە یان بیری لێبكردبایەوە موچڕكی بە لەشدا دەهات .

ڕۆژێ ، كوڕە بە كچەكەی گوت : « تۆ دەزگری منی لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا نەهاتوویتە دیدەنیم ! »

كچە وەڵامی دایەوە : « هەر نازانمماڵیشت لە كوێیە ؟ »

زاوا گوتی : « ماڵم لە ناو جەرگەی دارستانە ! »

كچە تەوازۆی خواستەوەو گوتی : « ڕێگا بەلەد نیم . »

زاوا گوتی : « چار نیە . دەبێ یەكشەمەی دادێ بێیتە دیدەنیم . هەندێ میوانی تریشم داوەت كردوە . جا بۆ ئەوەی ڕێگاكە پێ بزانیت من كە چوومەوە ڕێو ڕێ خۆڵەمێش دەڕێژم . كە هاتی ئەو خۆڵەكێشە بگرەو بەری مەدە دەگەیتە ماڵی ئێمە . »

ڕۆژی یەكشەم ، كچە خەریك بوو بەڕێ بكەوێ نەیزانی هۆی چی بوو ترسێكی لێ نیشت . جا بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەدا ڕێگا بزر نەكا گیرفانەكانی پڕ نیسك و پاقلە كرد . لە ڕۆخی دارستانەكەوە شوونی خۆڵەمێشی هەڵگرت و ڕۆیشت بەڵام هەر یەك دوو هەنگاو هەندێ دنكە پاقلەی بە لای ڕاست و چەپدا دەڕشت .

ئەو ڕۆژە تا ئێوارێ بۆ ناو جەرگەی دارستان ڕۆیشت و گەیشتە شوێنێكی چڕو تاریك . خانوویەكی تەنیای دی . خانوەكە زۆر تاریك و ناخۆش بوو ڕای لێنەبوو . چوە ناو خانوەكە بەڵام خانوەكە كەسی تێدا نەبوو . كپ و بێدەنگیەكی وا بوو نەبێتەوە . كتوپڕ هاوارێك هات :

بگەڕێوە ، بگەڕێوە ، بووکی جوان !
لە ماڵی مردوان مەمێنە !

کچە سەری بڵند کرد ، دیتی دەنگەکە دەنگی چۆلەکەیەکە لەناو رکەیەکەوە بە دیوارێك هەڵواسراوە . چۆلەکە هاوارەکەی دوگاڕکی کردەوە :

بگەڕێوە ، بگەڕێوە ، بووکی جوان !
لە ماڵی مردوان مەمێنە !

بووکی جوان لەم ژوور بۆ ئەو ژوور سەراپای خانوەکە گەڕا . هەموو ژوورەکان بەتاڵ بوون ، کەسیش دیار نەبوو . دواجار چوە بنداڤ و پیرەژنێکی زۆر پیری تیدا دی . پیرەژن سەری بادا .

کچە پرسی : « ئەرێ پێم ناڵێی داخۆ زاوام لێرەیە ؟ »

پیرەژن وەڵامی دایەوە : « تواهوو ! مندالّی بەستەزمان . تۆ نازانی لە کوێی ؟! لە مەکۆی زەلامکوژانیت . وا دەزانی بە مێر دەچی ؟ سەهووی . زەماوەندی تۆ مەرگە . سەیر کە ئیشی من ئەوەیە ئەم کتلیە پڕ ئاو بکەم . ئەگەر تۆ بکەویتە بەردەستی ئەو زەلامکوژانە بێ ڕەحمانە دەتکوژن ، دەتبرژێنن و دەتخۆن ، چونکە بنیادەمخۆرن . »

ئیدی پیرەژن کچەی بردە پەنا بەرمیلێکی دارو شاردیەوەو گوتی : گوتی : « وەك مشك هەست و خوست لەخۆت ببڕە ! مەجوولێوە نەوەك ئیشەکە تێك دەچێ . ئەمشەو کە زەلامکوژەکان نووستن من و تۆ پێکەوە ڕا دەکەین . زۆر لە مێژە چاوەڕێی هەلێکی وا بووم . »

ژنە لەم قسا بوەوە . تاقمە دزو جەردەکان هاتنەوە . هەموو سەرخۆش و بێهۆش بوون . کچێکیان پەلکێش کرد بوو هیچ گوێیان بە هات و هاواری نەدەدا .

کە دانیشتن سێ بادە شەڕابیان دەرخواردی کچەکە دا ـ یەکی سپی ، یەکی سوور ، یەکی زەرد . کە کچە شەڕابەکانی خواردەوە وەرپلاو گیانی دەرچوو . بووکی کلۆلی پەنا بەرمیلەکە کە ئەم دیمەنەی دی لە ترسان زیلکی پڕژا . چرك و هۆڕ دەلەرزی . چونکە بە چاوی خۆی دیتی ئەگەر بکەوێتە بەری چی لێ دەکەن .

کچە کوژراوەکە ئەڵقەیەکی . زێڕی لە پەنجەی گچکەدا بوو . زەلامێکیان چاوی بە ئەڵقەکە کەوت و ویستی لە پەنجەی دەربێنێ پێی دەرنەهات .. جا تەورێکی لە پەنجەکە داو پەلی دا . پەنجە فڕەی هات چوو

کەوتە کۆشی بووکی پەنا بەرمیل . کابرا دەستی دایە چراو زۆر گەڕا نەیدۆزیەوە .
یەکێکیان گوتی : « پشت بەرمیلەکەت ڕۆنی ؟! »
لەو ساتەدا پیرەژن هاواری کرد : « وەرن نان بخۆن . پشکنینەکە بۆ سبەینێ لێ گەڕێن . خۆ پەنجە ڕا ناکات . . »
کابرا گوتی : « پیرەژن ڕاست دەکات . . »
وازی لە پشکنین هێناو کەوتە سەر چێشت خواردن . پیرەژن هەندێ دەرمانی خەوی لە ناو شەراب کردو هێدی هەموو زەلامەکان خەویان لێکەوت وکەوتنە پرخ و هۆڕ

کە بووك گوێی لە پرخ و هۆڕی زەلامان بوو لە پەنا بەرمیلەکە هاتە دەرێ و بەسەر زەلامە خەوتوەکاندا بازی دا . ئاخر هەموو بە ڕیزلە لە تەنیشت یەکەوە لەسەر عەرد خەوتبوون . کە بازی دا وەخت بوو لە ترسان گیانی دەربچێ . دەترسا نەوەك پێیان لێ بنێ و واگا بێن بەلام چاك بوو بێ زەرەرو زیان دەرپەڕی . پیرەژنیش بە گەلی کەوت و پڕ بە پێ لەم مەکۆ نەگریس و بەدیومە هەلاتن .
( با ) هەموو خۆڵەمێشەکەی برد بوو بەلام نیسك و پاقلەکان ڕەگیان داکوتابوو و چووزەرەیان دەرکرد بوو و لەبەر تریفەی مانگەشەو دا ڕێیان پێشان دەدا .
ئەو شەوە تا بەیانی ڕۆیشتن . بەیانی گەیشتنەوە ئاش و کچە چی بەسەر هاتبوو هەمووی بۆ باوکی گێڕایەوە .
کە ڕۆژی زەماوەندو گواستنەوەی کچەکە هات ، زاوا هات و ئاشەوان هەموو خزم و برادەرەکانی خۆی داوەت کرد . کە لەسەر خوان دانیشتن داوایان کرد هەر یەکە چیرۆکێك بگێڕێتەوە . زاوا کپ و بێ دەنگ بوو بەلام کە نۆرەی کچە هات زاوا گوتی : « خۆشەویستم ، وەرە ، چت نیە بۆمان بگێڕیتەوە ؟ شتێك هەر بگێڕەوە ! »

کچە وەڵامی دایەوە : « خەونێکم دیوە بۆتان دەگێڕمەوە :
لە من وا بوو بە تاقی تەنێ بەناو دارستانێکدا دەڕۆیشتم ، گەیشتمە خانوویەکی تاك و تەنیا ، کەسی تێدا نەبوو . ڕکەیەك بە دیواری ژوورێکەوە هەڵواسرا بوو ، چۆلەکەیەکی تێدا بوو ، چۆلەکە هاواری کرد :
بگەڕێوە ، بگەڕێوە ، بووکی جوان !
لە ماڵی مردوان مەمێنە !

دوو جار ئەمەی گوت ـ خۆشەویستم ، ئەمە هەمووی خەونە ـ ژوور بە ژوور گەڕام . هەموو ژوورەکان چۆڵ بوون . دواجار چوومە خواریٚ بۆ بنداف . پیرەژنێکی زۆر پیری تێدا بوو کە چاوی بە من کەوت سەری بادا . لێم پرسی : « ئەریٚ زاوام لێرەیە ! »

پیرەژن وەڵامی دامەوە : « تواهوو ! منداڵی بەستەزمان ، تۆ نازانی لە کوێی ؟ لە مەکۆی زەلامکوژانیت . ڕاستە زاوات لێرە دەژی بەڵام بێتەوە پەل پەلت دەکا . دەتبرژێنیٚ ، دەتخوا ـ خۆشەویستم ئەمە هەمووی خەونە ـ جا پیرەژن منی لە پەنا بەرمیلێکی دار شاردەوە . هەر هێندە شاردمیەوە زەلامکوژەکان هاتنەوە کچێکیان پەلکێش کردبوو . سیٚ جۆرە شەڕابیان دا کچە : سوور ، سپی ، زەرد . کچە شەڕابەکانی خواردەوە . کەوت و گیانی سپارد ـ خۆشەویستم ، ئەمە هەمووی خەونە ـ جا شمەکیان لەبەر کچە کردەوە و پارچە پارچەیان کرد ـ خوشەویستم ، ئەمە هەمووی خەونە ـ زەلامکوژێکیان ئەڵقەیەکی لە پەنجەی بچووکی کچەکە بینی . ویستی دەری بێنیٚ پێی دەرنەهات . تەورێکی لە پەنجە کە داو پەلی دا . پەنجە کەوتە هەواو لە پەنا بەرمیلەکە بەر بوەوە سەر کۆشی من . فەرموو ئەمەش پەنجەو ئەڵقەکە !! »

بە دەم ئەم قسانەوە پەنجەکەی دەرهێناو پیشانی خەڵکەکەی دا . کە زاوائەم قسانەی بیست ڕەنگی وەك پەلکە پیاز لیٚهات . ویستی ڕاکات بەڵام میوانەکان گرتیان و دایانە دادگا .

بەم جۆرە خۆی و هەموو تاقمە زەلامکوژەکەی گیران و لە سزای تاوانەکانیان لە سەریان درا .

# ٢٣ - تۆمی پەنجە

وەرزێرێکی هەژار ئێوارەیەك لەبەر ئاگردان دانیشتبوو ئاگری تێك دەدا ژنەکەیشی لەو بەری ئاگر تەشی دەڕست ، وەرزێر گوتی :

« حورمێ ، چەند ناخۆش و جێیٚ کەسەرە کە مندالمان نیە . مالمان کپ و بێ دەنگە کەچی مالی خەلك پڕ هەراو ژاوەژاوی شادیە .»

ژنەکەی ئاخنکێکی هەلکێشا و وەلامی دایەوە : « بەلێ ، هەر تەنیا مندالێکمان هەبایە ! با لە پەنجەی من گەورەتر نەبایە . دلمان پێ دادەکەوت و بە دور دل خۆشمان دەویست .

پاش ماوەیەك ژنە مندالێکی بچووکی بوو . مندالەکە ساغ وپتەو بوو بەلام لە پەنجەیەك گەورەتر نەبوو ، بۆیە ناویان نا « تۆمی پەنجە ! »

ژن و میردە گوتیان : « باش بوو مرازمان هاتەدی . هەر چەندە کوڕەکەمان بچووکیشە بەلام جەرگە ، هەر خۆشمان دەوێ .»

مندالەکە قەت لە هیچی کەم نەبوو بەلام لەگەل ئەمەشدا هەلی نەدەدا . کە لە دایك بوو قەبارەی چەند بوو هەر وا مایەوە . بەلام بە چاوێکی زیرەکانە دنیای هەلدەسەنگاندو زیرەك وبیرێژ بوو وەهەر هەولێکی بدابایە تێدا سەردەکەوت .

ڕۆژێکیان کە وەرزێر خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بۆ دار کردن بچێتە ناو دارستان ، لە دلی خۆیدا گوتی ، « بریا یەکێ هەبایە عارەبانەم بە دوا دا بێنێ ! »

تۆمی پەنجە گوتی : « بابە ، بابە ! من بۆت دێنم ، بۆمنی لێگەڕێ کەی دەلێی دەگەمە لات .»

وەرزێر پێکەنی و گوتی : « شتی وا چۆن دەبێ ؟ تۆ هێندە بچووکیت تەنانەت جلەویشت پێ ناگیرێ .»

تۆم وەلامی دایەوە : « گرنگ نیە . هەر ئەوەندەیە دایکم ئەسپم بۆ لە عارەبانە داببەستێ من دەچمە ناو گوێی ئەسپەکەو پێی دەلێم بە کوێ دا بڕواو بچێتە کوێ ؟ »

باوك گوتی : « زۆر باشە ، با تاقی بکەینەوە ، هەر چەندە بۆ جارێکیش بێ .»

کەوەختی داهات دایك ئەسپی لە عارەبانە دابەست . تۆمی خستە ناو گوێی ئەسپەکەو تۆم هاواری کرد : « هەچچە دەی ، ها !!! »

تۆم ئەسپی ئاراستە دەکرد بچێتە کوێ . ئیشەکە باش ڕۆیشت هەر دەتگوت عارەبانە خاوەنی خۆی بە سەرەوەیەو دەیهاژوا . گەیشتە ناو دارستان . بە ڕێکەوت کە عارەبانەکە لە ئەنیشکە یەك سووڕرایەوەو تۆم ئەسپی دەنگ دا دوو کابرای بیانی دەرکەوتن . یەکێکیان گوتی : « پەککو ! لەوێ عەلامەتی ! ئەوە دیارە عارەبانەیە بەڵام ئەوەی دەنگی دەداو لێی دەخوڕێ دیار نیە .»

ئەوەی دی گوتی : « ئەم ماستە موویەکی تێدایە . با بە دوو عارەبانەکەدا بچین ، بزانین لە کوێ ڕادەوەستێ .»

عارەبانەکە چوە ناو جەرگەی دارستان و زۆر بە سەلامەتی گەیشتە ئەو شوێنەی وەرزێر داری لێ دەکرد . کە تۆم چاوی بە باوکی کەوت گوتی : « بابە ، بابە ! تەماشاکە وا عارەبانەکەم هینا . وەرە دامگرە خوارێ .»

باوك بە دەستی چەپ جلەوی ئەسپەکەی گرت و بە دەستی ڕاستە کوڕە بچووکەکەی لەناو گوێی ئەسپەکە دەرهێنا .

تۆم زۆر بە شادی لەسەر قەسەر دانیشت .

دوو کابرا بیانیەکەش کەئەمەیان بینی نەیانزانی لە سەرسامیان چ بڵێن .

یەکێکیان ئەوەیتری جودا کردەوە لایەك و گوتی : « گوێت لێ بێ . ئەگەر ئەم شتە بچووکە بکڕین و بیبەین لە شار بیخەینە پیشانگا بۆی هەیە سامانێکی زۆرمان چنگ بکەوێ .»

یەکسەر چوونە لای وەرزێرو گوتیان : « ئەو مرۆ بچووکەمان پێ بفرۆشە خەمیشت نەبێ زۆر چاك بە خێوی دەکەین و ئاگاداری دەبین .»

وەرزێر گوتی : « نەء . ئەمە ڕۆشنایی چاوانمە . بە هەمرو زێڕی دونیای نادە م .»

کە تۆمی پەنجە گوێی لەم قسانە بوو خزایە ناو لۆچی کورتەکی باوکی ، چوە سەر شانی ، چرپاندیە گوێی : « بابە ، بابە ، قەیدی نیە بمفرۆشە . پاش مامڵەتەکە زوو دیمەوە .»

جا باوکە تۆمی بە پارچە زێڕێکی گەورە فرۆشتە دوو کابراکە .

کابراکان گوتیان : « کوا تۆ لە کوێی ؟ لە کوێت دابنێین ؟»

تۆم گوتی : « لەسەر لیوی شەپقەی خۆتانم دابنێن بێ ئەوەی بەر ببمەوە دیم وەدەچم و تەماشای ئەو دەورو بەرە دەکەم .»

تۆم چی گوت وایان کرد . تۆم ماڵاوایی لە باوکی کردو بردیان . تا زەردەپەڕی ئێوارە ڕۆیشتن . تۆم گوتی : « دابمگرن ! » بەڵام ئەو

کابرایەی تۆمی لەسەر سەر بوو ، گوتی : « لە جێی خۆت دانیشە ! » .

تۆم گوتی : « نەء ، دیمە خوارێ . هەر ئێستا دامگرە .»

کابرا شەپقەکەی لەسەر کردەوەو تۆمی بچکۆلانەی لە ناو زەویەك لە دەم ڕێگا دانا . تۆم لەناو خۆڵ و پرچك وپاڵ کەوتە خشین و بازەباز . کونە مشکێکی دۆزیەوەو شۆڕ بوەوە ناوی وبە گالتەوە بانگی کابراکانی کرد :

« ئێوارەتان باش ، جەنابینە ! بڕۆنەوە واز لە من بێنن .»

کابراکان ڕایان کرد . داریان لە کونە مشکلەکە وەردا بەلام بێ هوودە بوو . تۆم شۆڕ بوەوە بنەبانی . کە دنیا تاریك داهات ، کابراکان بە ناچاری وازیان لێ هیناو بەرەو ماڵ بوونەوە بەلام بە دەستی بە تاڵ و دڵی پڕ لە قینەوە .

تۆم کە بینی کابراکان ڕۆیشتن لە ژێر زەوی هاتە دەرەوەو گوتی : « خەتەرە بەم تاریکە بەناو ئەم زەویەدا بڕۆم . لاق و ملم دەشکێ .» بەختی یار بوو تووشی چەقچەقوکێکی بەتاڵ هات ، گوتی : « سوپاس بۆ خودا ، ئەمشەو بە سەلامەتی لیرە دەبەمە سەر .»

بەم جۆرە لیێ پاڵ دایەوە .

تۆم خەریك بوو بخەوێ بەلام هیشتا خەوی لێ نەکەوتبوو گوێی لێ بوو دوو زەلام ڕەت بوون . یەکێ گوتی : « چۆن بچین زێڕو زیوی قەشەی دەولەمەند بدزین ؟! »

تۆم قسەی پێ بڕین : « من پێتان دەلێم .»

دزێکیان بە ترسەوە گوتی : « ئۆی ئەوە چ بوو ؟ ئەو دەنگە چ بوو هات ؟ »

وەستان و گوێیان هەلخست .

تۆم دەستی بە قسە کردەوە : « لەگەڵ خۆتانم ببەن ، یارمەتیتان دەدەم .»

پرسیان : « ئاخر تۆ لە کوێی ؟ »

تۆم وەلامی دانەوە : « تەماشای سەر عەرد بکەن بزانن دەنگم لە کوێوە دێ .»

دزەکان گەڕان . تۆمیان دۆزیەوەو هەلیان گرت و گوتیان : « تۆمندالۆچکەی . چۆن بارمەتیمان دەدەی ؟ »

تۆم گوتی : «ئاسانە . من بەناوشیشەئاسنەکاندا دەچمە ناو ماڵی قەشەو چیتان بوێ لە ژوورەوە دەتاندەمێ .

دزەکان گوتیان : « زۆر باشە . بابزانین چ دەکەی ؟ کەگە یشتنە ماڵی

قەشە ، تۆم چوە ژوورەوەو بە هەموو هێزی خۆیەوە هاواری کرد : « ئەم هەموو شتانەتان دەوێ ؟ »

دزەکان ترسان وگوتیان : « تکایە دەنگت نزم کە ، خەڵکمان لێ بە خەبەر مەهێنە .»

بەڵام تۆم خۆی خەشیم کردو دوبارە هاواری کرد : « چیتان دەوێ ؟ هەموو شتێکتان دەوێ ؟ »

کارەکەر لەسەرەوە خەوتبوو گوێی لە دەنگێك بوو ، لە ناو جێ دەرپەڕی وگوێی قوڵاغ کرد .

دزەکان ترسان و نەختێ کشانەوە پاشان تانیان لەخۆیان داو لە دڵی خۆیاندا گوتیان : « ئەو فیێڵبازە بچووکە دەیەوێ تیزمان پێ بکا .»

هاتنەوە بە چرپە گوتیان : « ئێستا گاڵتەو حەنەك بەسە ، هەندێ شتمان بدەر ێ .»

تۆم دیسان تا هێزی تێدا بوو هاواری کرد : « ئێستا دەست درێژ کەن هەموو شتێکتان دەدەمێ .»

کارەکەر کەبە وشتی گوێی قوڵاغ کرد بوو ، زۆر چاك گوێی لە قسەکان بوو لە ناو جێ دەرپەڕی وغاری دا بەر دەرگا . دزەکان قوچاندیان و هەڵاتن . دەتگوت نێچیرن و ڕاوکەریان بە دواوەیە .

بەڵام کارەکەر کەسی نەدی . چوو چرای هیناو هاتەوە . تۆم خشیە ناو ژووری ئازووقە . کارەکەر هەموو کوژیەکی پشکنی هیچی نەدیتەوە ئیدی چوەوە ناو جێ . وای زانی خەون بوەو بە چاوی زەق و گوێی کراوەوە دیویە .

تومی پەنجە بازی دایە ناو قەسەرو جێیەکی خۆشی بۆ نووستن دوزیەوەو بڕیاری دا تا ڕۆژ دەبێتەوە لەوێ پاڵ بداتەوە ئینجا بگەڕێتەوە لای دەیبابی ، بەڵام تلقی کردنەوەی تری لە پێش بوو . ئەدی ئاخر دنیا پڕ گرفت و تەنگانەو کەسەرە .

بەیانی زوو کارەکەر لە خەو ڕا بوو بۆ ئالیك دانی مانگایان . یەکەم جار چوە ژووری ئازووقە . باوەشی لەو هامێزە قەسەرە دا کە تۆم لە سەری نووستبوو . تۆم خەویکی قوولی لێ کەوتبوو . واگا نەهات تا خۆی لە ناو زاری مانگا دۆزیەوە لەگەڵ قەسەرەکە دەیجوی . تۆم گوتی :

« وای خوایە ئەوە چۆن کەوتمە بەینی ئەم دوو بەرداشە ! »

تۆم زانی کەوتۆتە کوێ گرنگ ئەوە بوو لە ناو کاڕێژی مانگادا وردو خاش نەبێ . دواجار خۆشی بێ و ترشی بێ دەبوایە هەر شۆڕ بێتەوە ناو ورگی مانگا ، لەناو ورگی مانگادا گوتی : « ئۆی ئەوە لە بیریان کردوە پەنجە رە بۆ

ئەم ژووره بکەن ، ڕۆژ بە ژووریٚ ناکەویٚو ڕوناکی لە چ لایـەك نایـەتە ژوورەوە .»

بە گشتی تۆم لەو شوێنە ناڕەحەت بوو . لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو تا دەهات زیاتر قەسەر لە دەرگاوە دەهـاتە ژووریٚ وشـوێنەکـەی تەنگتـر دەکرد . دواجار تا هێزی تێدا بوو لە ترسان هاواری کرد : « چیتر خواردنم مەدەنیٚ ، چیتر خواردنم مەدەنیٚ .»

بە ڕێکەوت لەو کاتەدا کارەکەر مـانگای دەدۆشی و کـە عەینی دەنگی شەوی کەوتەبەر گویٚ وکەس دیـار نەبـوو ، سامی لیٚ نیشت . کـەوتو شیرەکەی لەدەست ڕژا . هەر ڕایکردەوە لای قەشەو گوتی : « جەناب ، مانگا تازە بە قسە هات ؟ »

قەشە گوتی : « قسەی چی ؟ دیارە شێت بووی ! »
قەشە خۆی چوە گەوڕ بزانیٚ مەسەلە چیە . هەر هێندە پیٚ نایە ناوگەوڕ تۆم دەستی پیٚ کرد :
« چتیر خواردنم مەدەنیٚ .»
قەشە زەندەقی چوو ، گوتی دەبیٚ مانگاکە سیحری لیٚ کرا بیٚ . بڕیاری دا سەری ببڕن . سەری مانگایان بڕی و ورگیان فڕیٚ دایە سەر گووفەك . تۆم هێشتا لەناو ورگەکە بوو . زۆری گرفت دی تا چوە دەرەوە . کە سەری دەرهێنا گورگێکی برسی بە وێدا تێپەڕی وپڕی گورگەکەو بە یەك قەپ قووتی دا .

تۆم وردەی بەرنەدا ، گوتی : « بۆی هەیە گورگ بە ئەقڵ و ئاوەز بیٚ ، جا هاواری کرد : هۆ گورگە ، گورگە ، دەزانی خواردنی خۆشت لە کویٚ چنگ دەکەویٚ ؟ » گورگ گوتی : « لە کویٚ ؟ » .
تۆم وەلامی دایەوە : « لەفلانە ماڵ بە ناو شیشەبـەندی پـەنجەرەی ژووری ئازووقەدا برۆ ژووریٚ پڕی کێك و گۆشت بەرازو سجووقە . تا مڕ دەبی بخۆ » .
جا دەستی پیٚ کرد وەسفی ماڵی باوکی خۆی بۆ گورگ کرد .
گورگ یەکسەر بڕوای کردو شەو چوو بە نقەنق بە ناو شیشەبـەندی پەنجەرەی ژووری ئازووقەدا ئاو دیو بوو وتا مڕ بوو خواردی . کە تێروپڕ بوو ویستی بچێتە دەرەوە بەلام وا هەڵدەفا بوو نـە یتوانی بـە شوێنی جاراندا براوتە دەرەوە .

تۆم لە ناو ورگی گورگدا بە هەموو هێزی خۆی کردیە هات وهاوار
گورگ گوتی : « بێ دەنگ بە ، وا بکەی خاوەنی ئەم ماڵە واگا دینێ .
تۆم وەڵامی دایەوە : « زۆر باشە ، تۆ بۆ خۆت تێرت خوارد منیش ئێستا بەزمی خۆم دەگێرم .»

تۆم دوبارە بە هەموو هێزی خۆیەوە کەوتە هات و هاوار .

لە دیماهیدا دایك وباوکی تۆم خەبەریان بوەوە . غاریان دا ژووری و لە درزی دەورگاوە تەماشایان کرد . کە چاویان بە گورکە کەوت چوون میردە تەورو ژنە داسی هێنا .

کەچوونە ژوورەوە کابرا بە ژنەی گوت : « تۆ لە دواوە بە ، ئەگەر بە زەبری من نەکەوت تۆ تاوی بدێ و ونجر ونجری بکە .»

تۆمی پەنجە کە گوێی لە دەنگی باوکی بوو ، هاواری کرد : « باوکە گیان ، من وا لێرە م . لە ناو ورگی گورگدام .»

باوك بەو پەڕی شادیەوە هاواری کرد : « سوپاس بۆ خودا ، کورە ئازیزەکەمان بەسەر گرتەوە .»

ئینجا کابرا بە ژنەکەی گوت داسەکە فڕێ بدا نەوەك تۆم بریندار بکا .

کابرا خۆی کۆکردەوەو تەورێکی لە تەپلی سەری گورگەکەداو قنیاتی لەبەر بڕی وکردیە تەرك . جا بە چەقوو مقەس کەلەشەکەیان هەڵدڕی و کوڕە بچکۆڵەکەیان دەرهانی .

باوکی گوت : « وایکوڕم چەند لەبەر تۆ نارەحەت بووین !! » .

- ڕاست دەکەی باوکە ، منیش زۆر بە دونیادا گەڕام . سوپاس کە دوبارە دەتوانم هەناسەیەکی پاك هەڵمشرم »

پرسیان : « باشە ، ئەوە لە کوێ بووی ؟ » .

تۆم وەڵامی دانەوە : « لەناو کونە مشکێك ، لەناو ورگی مانگایەك ، لەناو گەدەی گورگێك بووم ئێستاش وا لە کن ئێوەم .»

دایك وباوك منداڵە ئازیزەکەیان ماچ کردو گرتیانە ئامێزو گوتیان « ئێمەش جارێکی تر بە هەموو سامانی دنیات نادەین .»

جا خواردن وخواردنەوەیان بۆ هێناو دەستە بەرگێکی نوێیان بۆ بەرادان دا ، چونکە لەو سەفەرەدا بەرگی هەموو دڕا بوو .

# ٢٤ ـ شەش نۆکەر

زۆر زۆر مێژە پیرەشاژنێکی سیحرباز هەبوو . کچێکی هەبوو لە هەموو کچی دونیا جوانتر بوو ، پیرەژن هەمیشە بیری لەوە دەکردەوە چۆن زەلامان تەفرە بداو بەرەو مەرگیان ببات . جا هەر داخوازیکەرێکی کچەکەی بهاتبایە پیرەژن مەرجێکی بۆ دادەنا ، دەبوایە بەجێی بێنێ بۆ ئەوەی کچەکەی بدەنێ ئەگەر بە جێی نەهێنابایە چۆکیان پێ دادەداو سەریان پەل دەدا . مەرجەکەش هەمیشە ئەوەندە زەحمەت بوو بە کەس جێ بە جێ نەدەبوو ، لەبەر ئەوەی کچەکە زۆر جوان ونازدار بوو زۆر گەنجی کڵوڵ خۆیان تاقی کردەوەو سەریان قێ چوو .

کوڕە پاشایەک هەبوو بەمەرج وجوانی کچەی زانی و بڕیاری دا مل بنێتە ئەم مەترسیە . جا لەباوکی پاڕایەوە ڕێی بدا بچێتە دیدەنی ئەو کچە .

پاشا وەلامی دایەوە : « قەت نابێ ، چونکە ئەگەر بچی مانای وایە بۆ مردن دەچی .»

کوڕە بەم وەلامە تووشی نەخۆشی مەرگ ومردن هات وتا حەفت ساڵ ڕاست نەبووەوە . هیچ پزیشکێک دادی نەدا .

پاشا کە هیچ ئومێدی بە چا بوونەوەی کوڕەکەی نەما پێی گوت : « دە ئەیدی نیە کوڕم بڕۆ بەخت و ناوچە وانی خۆت تاقی بکەوە ، چونکو نازانم چۆن دەردت تیمار بکەم » .

کە شازادە ئەم قسەیەی بیست یەکسەر لەناو جێ دەرپەڕی و هەستی کرد هێزو گوڕمێکی تازەی هاتەوە بەرو خۆی بۆ ئەو سەفەرە ئامادە کرد .

زۆری نەبرد لە ماڵەوە بەڕێ کەوت . بەسواری ، بەناو دەشتێکدا تێپەڕی ، لە دوورەوە شتێکی دی وەکو قۆمەتە قەسەرێک وا بوو بەلام کە نزیکتر بووەوە دیتی کابرایەکە لەسەر زەوی ڕاکشاوەو کەلەشی بەقەد گردیکی بچووکە .

کابرای قەلەو چاوەڕێی کرد تا شازادە گەیشتە سەری ئینجا هەستایەوەو گوتی : « ئەگەر پێویستت بە کەس هەیە ئەوا من ئاما دەم خزمەتت بکەم ئەگەر بە نۆکەری خۆتم قبووڵ بفەرمووی » .

شازادە گوتی : « جا چ لە کابرایەکی ناڕێکی وەکو تۆ بکەم .»

کابرا وەلامی دایەوە : « باهەزار هێندەش ناڕێک بم گرنگ نیە مادام

دەتوانم خزمەتت بکەم بەسسە ! » شازادە گوتی : « زۆر باشە . دوور نیە پێویستم بە تۆ ببێ . وەرە بە گەڵم کەوە .»

بەم جۆرە کابرای قەڵەو بە گەڵی کەوت . زۆری نەبرد گەیشتنە کابرایەکی دی لەسەر زەوی ڕاکشا بوو . گوێی بەگیاو گۆڵەوە نا بوو .

شازادە پرسی : « ئەتۆ چ دەکەی ؟ » کابرا وەڵامی دایەوە: « گوێ ڕادەدێرم ! » شازادە پرسی : « جا ، وا بەوردی گوێ لە چ ڕادەگری ؟ » .

گوێ ڕادێر گوتی : « ئەوەی لەو دوینایە بقەومێ من گوێم لێ دەبێ . هیچ شتێ نیە گوێم لێ نەبێ تەنانەت گوێم لە دەنگی نەشونما کردنی ڕوەکیشە .»

شازادە گوتی : « کەواتە پێم بڵێ لە دیوانی ئەو شاژنە چ باسە کە کچێکی وا جوانی هەیە ؟! »

گوێ ڕادێر وەڵامی دایەوە : « گوێم لە شریقەی شیرە سەری داخوازیکە رێکی نائومێدو سەرنەکەوتوو پەل دەدا » .

شازادە بە گوێ ڕادێری گوت : « شوێنم کەوە . تۆ بە کەلکم دێ .»

بەم جۆرە هەر سێکیان پێکەوە کەوتنە ڕێ ، زۆری نەبرد گەیشتنە دوو پێ وئینجا دوو لاق .. ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتن ئینجا گەیشتنە بەدەنێك و دوا جار گەیشتنە لای سەری زەلامێك .

شازادە پرسی : « ڕۆژ باش ، ئەوە تۆ چەند کەڵەگەتی ؟ » .

کابرای کەڵەگەت وەڵامی دایەوە : « کوا ؟ هێندە کەڵەگەت نیم ، ئەگەر بە هەموو توانامەوە پەلم لێك بکێشمەوە هەزار هێندە کەڵەگەت دەبم وبەژنم لە بەرزترین چیای دنیاش بڵندتر دەبێ . ئەگەر لەگەڵ خۆتم ببەی ئامادەم خزمەتت بکەم .»

شازادە گوتی : « فەرموو لەگەڵم وەرە »

ماوەیەك ڕۆیشتن گەیشتنە کابرایەك لە دەم ڕێ دانیشتبوو وچاوی بەستبووەوە .

شازادە پرسی : « ئەوە تۆ چاوت کزە ؟ ناوێرێ سەیری ڕوناکی بکەی ؟»

کابرا گوتی : « نەخێر چاوم زۆر تیژە . چاوم ئەوەندە بە هێزە ناتوانم بیکەمەوە چونکە تەماشای هەر شتێ بکەم لەتی دەکەم ، جا ئەگەر سوودی تۆم هەبێ ئامادەم لەگەڵت بێم » .

شازادە گوتی : « بە کەلکم دێ . فەرموو وەرە » .

کەوتنە ڕێ پاش بەینێ تووشی کابرایەك هاتن لەبەر قرچەی گەرمادا لەسەر زەوی درێژ ببو . چرك و هۆڕ دەلەرزی .

شازادە پرسی : « ڕۆژ ئەوەندە بە تین وتاوە ، کابرا تۆ ئەم لەرزینەت لەچیە ؟ »
کابرای سەرمابردوو گوتی : « تـواهوو ! سـروشتی من پیچەوانـەی سروشتی هەموو کەسە . تا دنیا گەرمتر بێ من زیاتر سەرمام دەبێ و بە سەختی دەخزێنە ناو مۆخی ئیسقانمەوە . تا سەرماتریش بێ زیاتر هەست بەگەرما دەکەم . بەم جۆرە ناویزم دەست بـدەمە شـەختە نـەوەک بیتو بیتەوەو ناشوێرم لە ئاگر نزیک بکەومەوە نەوەک بیکەمەسەهۆڵ » .
شازادە گوتی : « بە ڕاستی تۆ کـابرایـەکی سەیـری ! لە گەڵم وەرە لەوانەیە پێویستم پێت ببێ » .
ملی ڕێیان گرت ، ڕۆیشتن . تووشی کابرایەک بوون قیت وەستا بوو ملی وا هەڵکێشا بوو ئەو دیوی چیاکانی بەدی دەکرد .
شازادە گوتی : « ئەوە هێندە بە وردی لە چ ڕادەمینیی ؟! »
کابرا وەڵامی دایەوە : « چاوم زۆر تیژە . هەموو شتێکی ناو دارستان و شیناوەردو دۆڵ و گردەکان دەبینم . ڕاستی ، سەر لەبەری دنیا دەبینم » .
شازادە گوتی : « لەگەڵم وەرە من پێویستم بە هی وەکو تۆ دەبێ » .
ئینجا پاشا بە خۆو بە هەر شەش نۆکەرەوە چوە ئەو شارەی شاژنەکەی تێدا بوو .
کەگەیشتە جێ ناوی خۆی نەدا بەڵام بە شاژنی سیحربازی گوت ئەگەر کچی خۆتم بدەیتێ هەر مەرجێکم بۆ دابنێی جێ بە جێی دەکەم .
شاژن خەنی بوو کەئەم گەنجە کۆکە بکەوێتە ناو تۆڕو داوی . گوتی : « سێ مەرجت بۆ دادەنێم ئەگەر هەر سێکیان بەجێ بێنی کچەکـەت دەدەمە بەر دەکەم . »
شازادە گوتی : « مەرجی یەکەمت چیە ؟ »
شاژن گوتی : « ئەڵقەکەم فڕێ دەدەمە ناو دەریای سوور دەبێ بـۆم دەرێنی »
شازادە گەڕایەوە لای نۆکەرەکانی وگوتی : « مەرجی یـەکەم شتێکی ئاسان نیـە ! ئەوەیـە ئەڵقـەیەک لە دەریـای سوور دەربێنم . جا وەرن چارەیەک بدۆزینەوە . »
کابرای چاوتیژ گوتی : « من دەزانم ئەڵقەکە لە کوێیە ؟ »
چوو ، سەیری ناودەریای کرد و گوتی : « ئەوەتانێ لە نووکی بەردیکی تیژگیر بوە . »
کابرای کەڵەگەت گوتی : « ئەگەر من بمدیبایە ئێستا دەرم دەهێنا . »

کابرای قەڵەو گوتی : « ئاوها !! »

لێی ڕاکشاوو دەمی بە ئاوەکە ناو . ئاو وەك لووزەو ڕژایە ناو زاری و هەڵیمشت تا دەریا وەك پەڕێز وشك و برینگ بوو . جا کابرای کەڵەگەت داهاتەوەو ئەڵقەکەی دەرهێنا .

شازادە کە ئەڵقەکەی دی شاگەشکە بوو . ئەڵقەکەی بۆشاژن برد . شاژن شاش و مەندەهۆش بوو بەڵام بە ناچاری دانی پێدا نا کە ئەڵقەکە ئەڵقەی خۆیەتی .

شاژن گوتی : « خۆو بەخت مەرجی یەکەمت بە جێ هێنا . ئێستا نۆرەی مەرجی دووەمە : ئەم سێ سەد گایە دەبینی لە مێرگی بەر کۆشکێ دەلەوەڕێن ؟ دەبێ هەموویان بخۆی - بە گۆشت و ئێسك و پێست و شاخەوە . بنداقیش سێ سەد بەرمیلە شەرابی تێدایە دەبێ هەمووی بخۆیتەوە . ئەگەر یەك داوە تووکی هیچ گایەك یان یەك دڵۆپە شەرابی هیچ بەرمیلێك بمێنێ لە سەرت دەدەم . »

شازادە پرسی : « باشە ، بۆم هەیە هیچ میوانێك داوەت بکەم ؟ ئاخر خواردن بە تەنێ خۆش نیە . »

پیرەژن بە زگڕەشی گرژیەوەو گوتی : « دەتوانی تەنیا یەك کەس داوەت بکەی . زیاتر نا . »

شازادە دیسان چووەوە لای نۆکەرەکانی و مەرجەکەی پێ گوتن و کابرای قەڵەوی داوەت کردە سەر خوان .

کابرای قەڵەو هات و هەر خێرا هەر سێ سەد گای بە گۆشت و ئێسك و پێست و شاخەوە خواردو گوتی ئەوە هەر بەر قەننە بوو . جا بە بێ پەرداخ و بادە هەر سێ سەد بەرمیلە شەرابی نۆشی و چکی کردن . کە ژەمەکە تەواو بوو ، شازادە چوە لای پیرەژن و پێی گوت کە مەرجی دووەم تەواو .

پیرەژن هەر واقی وڕما ، گوتی : « تائێستا کەس ئەوەندەی نەکردوە ، بەڵام هێشتا مەرجێك ماوە . »

پیرەژن لە دڵی خۆیدا گوتی : « لە دەستم دەرباز نابی . ئەمجارە سەری بە لەشەوە نامێنێ . »

پیرەژن گوتی : « ئەمشەو کچەکەم دێنمە ژووری تۆ . دەبێ باوەشی تێوەربێنی . بەڵام وریا بە خەوت لێ نەکەوێ چونکە من سەعات دوازدە دێم و ئەگەر کچەکەمت لە باوەش نەبێ ، تێچووی ! »

شازادە لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەم مەرجە ئاسانە . چاوم دەکەمەوەو لێناگەڕێم خەو بمباتەوە . »

لەگەڵ ئەمەشدا شازادە نۆکەرەکانی گاز کردو مەرجی پیرەژنی پێ ڕاگەیاندن و گوتی : « کێ دەزانێ داخۆ ئەمە چ فێڵ و تەلەکەبازیەکی بە دواوەیە ؟ دووربینی شتی چاکە . وریا بن شەو کەس نەیەتە ژوورێ . »

کە شەو داهات شاژن کچەکەی خستە باوەشی شازادە . کابرای کەڵەگەت خۆی لە دەورە لوول دان و کابرای قەڵەو لە ناوەندی دەرگا پاڵی دایەوە تا کەس نەچێتە ژوورەوە .

بەم جۆرە شازادەو کچە دانیشتن بەڵام کچە هیچ متەقی نەکرد . مانگ هەڵات و لە پەنجەرەوە لە ڕوخساری کچەی دا . شازادە چاوی بە جوانیی بێوێنەی کچە کەوت و هەر تەماشای کرد و تەماشای کرد . تا بڵێی شادو دل پڕ ئەڤین بوو . چاوی لە تەماشاکردن ماندوو نەدەبوون . تا سەعات یازدە ئاوا دەوا دەوامی کرد . پاش سەعات یازدە پیرەژن مسیحری لێکردن و خەوی لە هەموویان خست و کچەی بردەوە .

شازادەو کابرای کەڵەگەت و کابرای قەڵەو تا سەعات دوازدە چارەکێ کەم خەوێکی باشیان لێکەوت . ئەو کاتە سیحرەکە شکاو واگا هاتن .

کە شازادە خەبەری بوەوە هاواری کرد : « وای لەو بەختڕەشیە ! تازە تێ چووم . »

نۆکەرە دڵسۆزەکانیشی کەوتنە کرووزانەوە ، بەڵام گوێ ڕادێر گوتی : « ووس بن ، گوێ دەدەمێ بزانم کچە لە کوێیە ؟ »

نەختێ گوێی ڕاگرت ئینجا گوتی : « کچە پاشا سێ سەد میل لێرە دوورە . لە سەر کەڤرێکە . بۆ چارەنووسی خۆی دەناورێتەوە . برای کەڵەگەت ئەمە بە تۆ دەکرێ چونکە ئەگەر تۆ هەستیتەوە بە دوو شەقاو دەگەیتە ئەوێ . »

کابرای کەڵەگەت گوتی : « زۆر باشە ، بەڵام دەبێ چاوتیژیش بێ بەردەکە بشکێنی . »

کەڵەگەت چاوتیژی لە پشتێ کردو یەکسەر گەیشتە لای بەردە سیحرلێکراوەکە .

کابرای چاوتیژ چاوی کردەوەو سەیری بەردەکەی کرد ، بەرد بوو بە هەزار پارچە . ئیدی کابرای کەڵەگەت دەم و دەست کچەی بردو گەیاندیەوە ماڵێ پاشان گەڕایەوە دوو چاوتیژو ئەویشی بردەوە . وەکو جاران بەکەیف و شادی دانیشتنەوە .

کە سەعات دوازدە لێی دا ، پیرەژنی سیحرباز بە دەم خەندەیەکی مخەننەتەوە چوە ژوورەکەوە چونکە وای دەزانی کچەکەی وا لەسەر

کەڤرەکەیەو شازادە تێکەوتوە . بۆیە کە کچەی لە باوەشی شازادە دا دی زەندەقی چوو ، گوتی : « ئەمە لە من دەست باڵاترەو لە من زیاتر شتی پێ دەکرێ . »

پیرەژن نەیتوانی لە پەیمانەکەی پەشیمان بێتەوە . ناچار کچەپاشایان بۆ شازادە بە نیشان کرد .

پیرەژن چرپاندیە بنا گوێی کچە : « کچم ، شەرمت پێ نەبێ کە نەتتوانی بە دڵی خۆت مێرد بکەی . »

کچە کە پێشان دڵی کەیلی شانازی بوو ئێستا تژی ڕك و تووڕەیی سەودای تۆڵە بوو بۆ سبەینەی پاشی فەرمانی‌دلەسێ سەد گورزە داریان لە سەر یەك کەڵەکە کرد ، ئینجا بە شازادەی گوت :

« وایە تۆ هەرسێ مەرجی دایکمت بە جێ هێنا بەڵام من مێردت پێ ناکەم تا یەکێك نەهێنی لەسەر گڕی ئاگری ئەم دارانە دانیشێ و هیچ بەڵایشی نەگاتێ . »

کچە وا تێدەگە یشت هیچ نۆکەرێك نیە خۆی لە پێناوی ئاغاکەیدا بسووتێنێ و شازادە ناچار دەبێ لە تاو گڕی ئەوینی دەروونی ، خۆی دەخاتە سەر گڕی ئاگری دارەکان و دەسووتێ . بەڵام نۆکەرەکان کە ئەمەیان بیست گوتیان ئێمە یەکەو ئەرکمان بە جێ هێناوە ، سەرمابردوو ماوە هیچی نەکردوە .

کابرای سەرمابردوو چوو لەسەر کۆمەڵە دارەکە دانیشت . ئاگریان تێ بەرداو سێ شەووسێ ڕۆژ گڕی لێ بەرز بوەوەو هەموو دارەکان بوون‌بە خۆڵە مێش بەڵام کە گڕی ئاگرەکە تەواو ڕوو مردەوە کابرای سەرمابردوو لەناو خۆڵەمێشەکە وەستا بوو وەك بیی ناو ئاو دەلەرزی و دەیگوت : «لەوەتی هەم قەت سەرمای وام نەچەشتوە ! ئەو سەرمایە زیاتر دەوامی بکردبایە لە سەرمان ڕەق دەبوومەوە . »

لەوە بەدواوە هیچ هەنجەتیان نەماو کچە پاشای نازادار ناچار بوو مێرد بە کابرای لایدە بکات

کە بەرەو کلیسە بەڕێ کەوتن ، پیرەژن گوتی : « ئەم سووکی‌و شەرمەزاریە بە من قبووڵ ناکرێ »

ئیدی پاسەوانی خۆی بە دوادا ناردن و فەرمانی دا کچەکەی بگێڕنەوە .

کابرای گوێ سووك گوێی لەم قسە نهێنیەی پیرەژن بوو و بە کابرای قەڵەوی گوت : « چ بکەین ؟! »

کابرای قەڵەو دەیزانی چ دەکا . ئەوە بوو گوتمان ئەم کابرا قەڵەوە

وەختی خۆی هەموو ئاوی دەریای هەڵلوشی . جا ئێستا لەو ئاوە یەك دڕوو دڵۆپی فڕێ دایە پشتەوە یەکسەر بوو بە گۆلێکی گەورەو پاسەوانی شاژن کەوتنە ناوی و خنکان .

کە شاژن بە مەی زانی سوارەی زرێپۆشی ناردن . گوێ سووك گوێی لە ترپەی سمی ئەسپەکان بوو بە چاوتیژی ڕاگەیاند . چاوتیژ چاوی کردەوەو بە تیژی سەیری دوژمنەکانی کرد . هەموو وەك گیا هەڵوەرین .

بەم جۆرە بە بێ کێشەو قەرقەش لە کلیسە مارەییان بڕی و کە دوعاو بەرەکەتیان بە سەردا خوێندرا شەش نۆکەرەکە ڕۆیشتن و بە شازادەیان گوت :

« وا مرازت هاتە دی و پێویستت بە ئێمە نەما . جا ئێمە دەڕۆین و دەکەوینە شوێنی چارە نووسی خۆمان . »

شازادەو کچە پاشاش بەرەو شاری باوکی شازادە بوونەوە . گوندێك قۆناغێك پێش کۆشکی باوکی شازادە هەبوو بەرازەوانێکی لێ بوو بەرازە بەخێو دەکرد . کە شازادەو کچە پاشا گەیشتنە ئەو گوندە ، شازادە بە کچەکەی گوت : « دەزانی من بە ڕاستی چیم و کێم ؟ من کوڕە پاشا نیم . کوڕە بەرازەوانم . ئەو بەرازەوانەی لێرە بەرازان بە خێو دەکا ئەوە باوکی منە . دەبێ ئێمەش بچینە لای و یارمەتی بدەین . »

شازادە بە خۆو بە ژنەوە لە عارە بانە دابەزین و چوونە ناو زنجی بەرازەوانەکە . شازادە بەرازەوانی تێگەیاند کە شەو بەرگی شاهانەی کچە پاشا بدزێ و بیشارێتەوە .

بۆ بەیانی کچە پاشا هیچی نەبوو بیکاتە بەر . ژنە خانەخوێ کراسێکی کۆن و جووتە پێلاوێکی دڕاوی دایە و یەك دنیا منەتی لەسەر کردو گوتی :

« ئەگەر بۆ خاتری میردەکەت نەبایە هیچم پێ نەدەدای . »

کچە پاشا بە تەواوی بڕوای کرد کە مێردەکەی بە ڕاستی کوڕە بەرازەوانە . ماوەیەك خەریکی بەراز بەخێوکردن بوو و زانی ئەمە سزای لووتبەرزی و سەرکێشی خۆیەتی .

هەشت ڕۆژوا ڕۆیشت . کچە چیتر بەرگەی نەگرت . هەموو پێی بریندار

بوو . ئینجا دوو کەس چوونە لای و لێیان پرسی داخۆ دەزانێ مێردەکەی کێیە ؟

کچە پاشا گوتی : « ئا ، دەزانم . مێردەکەم بەرازەوانە . تازە چوو بەرازەکانی لێ خوڕی . »

دوو کەسەکە گوتیان : « فەرموو لەگەڵ ئێمە بچینەوە ماڵێ . »

بردیانەوە کۆشك . مێردەکەی بە بەرگی شاهانەوە لە هۆڵێکی گەورە وەستا بوو . کچە پاشا نەیناسیەوە . کوڕە دەستی لە ملی کردو گوتی : « من زۆر ئازارم لە پێناوی تۆ چەشت ، دەبوایە تۆش ئازار بۆ من بچێژی . »

ئیدی بوو بە بەزم و زەماوەندو داوەت و گۆوەند . بریا هەقایەتخوانیش لەو زەماوەندە بوایە .

# ٢٥ ـ فردريك وكاترين

هەبوو .. نەبوو .. کابرایەك هەبوو ، ناوی فردریك بوو ، ژنێکی هەبوو ناوی کاترین بوو . لەمێژ نە بوو ببوونە هاوسەر ، ڕۆژێ ، فردریك گوتی : « ـ کاتە ـ وا دەچمە جووت . تا دێمەوە برسیم دەبێ جا شیوێکی خۆشم بۆ لێ بنێ و شەڕابێکی نایابم بۆ ئامادە کە . »

کاترین گوتی : « زۆر باشە ، تا دێیتەوە ئامادەیە . »

کە کاتی شێو نزیك بووەوە ، کاترین یەك سجووقیان هەبوو ، هێنای لەسەر ئاگری دانا بۆ ئەوەی ببیرژێنێ . سجووق سوورهەڵگەڕا و لەناو تاوەدا دەستی بە جزەجز کرد . کاترینیش دەست بە چەنگاڵ لە دیاریەوە وەستا بوو هەڵگێڕو وەرگێری دەکرد . لە دڵی خۆیدا گوتی :

« وا سجووقە کە پێ ڕاگەیشت ، با بچمە بنداف شەڕاب بێنم »

تاوەی لەسەر ئاگر بەجێ هێشت .دەستی دایە دۆلکە یەکی گەورە وچوە بنداف و بەرمیلی شەڕابی کردەوەو بیرەی بەردایەوە ناو دۆلکەو لە دیاری وەستا . لە پڕ بیرێکی سەیری کەوتە کەللە

« سەگی سەرەوە دانەکراوە . دوور نیە سجووقەکە ببات . هەر باش بوو بیرم کەوتەوە . »

کاترین یەکسەر بنداقی بە جێ هێشتو سەرکەوتەوە ، مسۆگەر بوو سەگی بەرەڵلا پڕی کردوە بە سجووقەکەو فڕاندوویەتی .

کاترین بۆ لای سەگەکە چوو ، سەگ هەڵات ، کاترین کەوتە شوێنیەوە ، بەڵام سەگەکە لە کاترین بەبەزتر بوو سجووقی بردو نەیدایەوە .

کاترین گوتی : « باشە ، چار چیە ؟! شتێ کە چارە ی نەبێ دەبێ بەرگەی بگرین ! »

ئیدی گەڕایەوەو لەبەر ئەوەی زۆری غاردا بوو شلو شەکەت بوو ، بە شێنەیی بەرەو ماڵ بووەوە تا فێنکی بێتەوە .

ئەوماوەیەی کە کاترین چوە دوو سەگەکەو تا هاتەوە شەڕابی بەرمیلەکە هەر لەبەری دەڕۆیشت و بەرمیل یەك پشکە شەڕابی تێدا نەما ، هەمووی بەسەر زەوی وەر بوو چونکە کە دۆلکەکە پڕ بوو کاترین لە تەنگاویان شێرەکەی نەگرتەوە . جا کاتێ کە کاترین گەڕایەوەو گەیشتەوە بنداف و ئەو

حاڵەی دی ، گوتی : « ئۆی خوایە ! چ بکەم بۆ ئەوەی فردریك بەم کارساتە نەزانێ !؟ »

ماوەیەك بیری کردەوە . لە دوایی‌دا بە بیری هاتەوە کە بەم دواییە فەردە ئاردێکیان کڕیوەو لە ژووری ئازووقەیان داناوە .. بیری بۆ ئەوە چوو ئەگەر ئەو ئاردە بێنێ بەسەر عەردی وەربکا ئاردەکە شەڕابەکە هەلدەمژێو ژوورەکە وشك دەبێتەوە .

فردریك گوتی : « وای لە بەختی وا چاك کە ئەو ئاردەمان هەیە ! ئێستا بە کەلکمان دێ . ڕاستیان گوتوە : پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش . »

چوە ژووری ئازووقە . ساتمەی لە دۆلکەیەکی گەورەی پڕکردو بەگوڕیی وەرکرد . بەمەوەش چی شەڕاب هەبووە هەموو ڕژا . فردریك گوتی : « زەرەر زەرەر دێنێ . »

ئاردەکەی بە بنداف وەرکردو زۆ شایی بە زیرەکی خۆی دەهاتو دەیگوت :

« بزانە ژوورەوە چەند ڕێكو پێكو پاكو تەمیزە ! »

بۆ نیوەڕۆفردریك هاتەوە ماڵێ ، هاواری کرد :

« حورمێ چت لێناوە بۆ فراوین ! »

ژنە وەڵامی دایەوە : « ئای ، فردریك . خەریك بووم سجووقم بۆ لێ دەنای . بۆ شەڕاب چوومە خوارێ سەگی بەرەڵلا پڕی دایە سجووقەکەو بردی . تا ڕاوی سەگەکەم نا شەڕابەکە هەموو ڕژاو کە خەریك بووم شەرابەکەم وشك دەکردوە بەو فەردە ئاردەی بەو دواییە کڕیبوومان ، ساتمەم لە دۆلکەکرد و وەرم گێڕا . بەلام باشە ئێستا بنداف وشك بۆتەوەو زۆر پاك و خاوێنیشە . »

فردریك گوتی : « کاتە ، کاتە ! چۆن شتی وات کردوە ؟ چۆن لێگەڕای سجووقەکە بخورێو شەڕابەکە بڕژێ ؟ باشە ئەو هەموو ئاردەت بۆ فەوتاند ؟ »

کاترین گوتی : « فردریك ، چ بوە ، خۆ چ دنیا خراپ نەبوە ! ئیشەکەم لە دەست قەوماوە . بە نیازی خراپم نەکردوە . دەبوایە پێشتر پێم بلێی ! »

مێردە لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەم گەر ژنەکەم بەم جۆرە ئیش بکات دەبێ زۆر ئاگاداری ماڵو حاڵی خۆم بم . »

فردریك زێڕێکی زۆری لە ماڵەوە هەبوو . بە کاترینی گوت : « ئەم قوپچە زەردانە دەبینی چەند جوانن ! لە ناو سندووقێکیان دەکەمو لەناو باخچە لە

ژێر عەرد دەیا نشارمەوە . وریا بە لێیان نـزیك نـەبیتەوە و هیـچ هەقت بەسەریانەوە نەبێ . »
ژنە گوتی : « نەخێر ، فردریك ، قەت شتی وا ناکەم . »
پاش ئەوەی فردریك ڕۆیشت ، هەندێ دێوەرە هاتن . چێنیو دەفـری گڵینەیان پێ بوو . بە ژنەیان گوت داخۆ نایانکڕێ ؟!
ژنە گوتی : « ئای لە خۆم قەلەندەرێ ! زۆر حەز دەکەم بیانکرم بەلام پارەم نیە . ئەگەر بە قۆپچەی زەرد ڕازین لێتان دەکرم ! »

دێوەرەکان گوتیان : « قوپچەی زەرد ؟! کا بێنە سەیریان بکەین . »
ژنە گوتی : « بڕۆنە ناو باخچەو کوێتان بۆ دەست نیشان دەکەم ئەوێ هەڵکۆڵن و قۆپچە زەردەکان دەربێنن . من خۆم ناوێرم توخنیان بکەوم . »
کۆسەکان چوون شوێنەکەیان هەڵکۆڵیو کە زانیان قۆپچە زەردەکان چین هەموویان برد و چێنیو دەفـرێکی زۆریان بـۆ ژنە بـە جێ هێشت . ژنە هەمووی وەکو پێشانگا لە ناو ماڵێ ڕیز کرد .
کە فردریك هاتەوەو چاوی بەم دیمەنە کەوت گوتی : « کاتە ، ئەوە چیت کردوە ؟»
کاترین گوتی : « بڕوانە ، ئەم هەموو شتانەم بە قۆپچە زەردەکان کڕیوە بەلام بڕوا بکە خۆم دەستم نەداوەتە قۆپچەکان . دێوەرەکان خۆیان چوون زەویان هەڵکۆڵیو دەریان هێنا . »
فردریك گوتی : « حورمێ ، دەزانی تۆ چتۆ ئیشی باشت کردوە ؟ هەموو پارەو سامانم ئەوەندە قۆپچە زەردانە بوو . تۆ چۆن ئەم ئیشەت کردوە ؟! »
ژنە وەلامی دایەوە : « ئاخر نەمزانی زەرەری تێـدایە . دەبـوایە پێم بڵێی ! »
کاترین ماوەیەك داما پاشان بە مێردەکەی گوت : « فردریـك گوێت لێ بێ . با بە دوای دزەکاندا بچین ، زێرەکەیان لێ بسێنینەوە . »
فردریك گوتی : « باشە ، هەولێکی بۆ دەدەین ، دەچین ، بەلام هەندێ کەرەو پەنیر لەگەڵ خۆت بێنە بۆ ئەوەی بێ توێشە نەبین ! »
کاترین گوتی : « زۆر باشە »
ملی ڕێیان گرت و ڕۆیشتن . فردریك خێراتر دەڕۆیشت . کاترین ماوەیەك بە جێ ما . لە دڵی خۆیدا گوتی : « گرنگ نیە . لە گەڕانەوەدا من زووتـر دەگەمەوە ماڵێ . »
کاترین چوە سەر ترۆپکی گردێك . باریکە ڕێیەك بۆ خوارەوە دەچـوو ئەوەندە تەنگو باریك بوو پێچکەی عارەبانە لە درەختەکان دەخشا . ژنە

گوتی : « بزانە ، ئەم درەختە کلۆڵانە چۆن هەموو داماڵان و بریندار بوون ؟ تازە قەت چاك نابنەوە . »

کاترین سکی بە درەختەکان سووتاو کەرەکەی هێنا هەموو درەختەکانی پێ چەور کرد تا پێچکەی عارەبانە ئازاریان نەدا . لەم کارەدا بوو سەرکە پەنیرێکی لە سەبەتە کەوت و گلۆر بووەوە بن گردی . کاترین تەماشای سەرکە پەنیرەکەی کرد بەڵام نەیدی لە کوێ گیرسایەوە ، گوتی : « با سەرکە پەنیرەکەی تریش فڕێ بدەم هەڵبەت بە هەمان ڕێدا دەڕوا و دەچێتە لای ئەوەی یەکەم . ئەو لە من پێ سووکترە ! »

بەم جۆرە ، کاترین ، سەرکە پەنیری دووەمی بە دوای سەرکە پەنیری یەکەمدا گلۆر کردەوە و کەس نازانێ سەرکە پەنیر چوە کوێ ؟!

کاترین لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئەو سەرکە پەنیرانە شارەزای ڕێگان و خۆیان بە دوامدا دێن ، با بڕۆم ، پێی ناوێ تا ئێواری چاوەڕێیان بکەم . »

کاترین هەیپەی لێ کرد و گەیشتەوە فردریك . فردریك داوای هەندێ خواردنی کرد . کاترین نانی وشکی دایە . فردریك گوتی : « ئەدی کوا کەرە و پەنیرەکە ؟ »

کاترین وەڵامی دایەوە : « کەرەکەم لە چەور کردنی ئەو درەختە بەستەزمانانە خەرج کرد کە پێچکە عارەبانە دەیڕووشاندن و لەو کاتەدا سەرکە پەنیرێکم لێ کەوت و گلۆر بووەوە ، سەرکی دووەمم بە دوادا نارد بۆ ئەوەی بیدۆزێتە وەو بیهێنێتەوە . ڕەنگە ئێستا هەردووکیان بە ڕێوە بن بێنەوە . »

مێردەکە گوتی : « بەخوا ساویلکەی شتی وا بێ مانا دەکەی ؟ »

کاترین گوتی : « چۆن قسەی وا دەکەی ؟ تۆ کەی پێت گوتووم شتی وا نەکەم ؟! »

ژن و مێرد پێکەوە نانی و شکیان خوارد . ئینجا فردریك گوتی : « کاتە ، کە هاتین خۆ دەرگات باش کلیل دا ؟! »

کاترین وەڵامی دایەوە : « نە خێر ! خۆ تۆ پێت نەگوتم »

فردریك گوتی : « کەواتە تا دوور نەکەوتووینەوە بڕووە ماڵێ . دەرگا کلیل دە . شتێکی تریش بۆ خواردن بێنە . من وا لێرە چاوەڕێت دەکەم . »

کاترین گەڕایەوە . لە ڕێگادا ، لە دڵی خۆیدا گوتی : « فردریك خواردنی دەوێ بەڵام وا بزانم حەزی لە کەرە و پەنیر نیە بۆیە یەك هەگبە گوێزی باش و یەك شووشە سرکەی بۆ دێنم . »

کە کاترین گەیشتەوە ماڵێ ، چوو دەرگای پشتەوەی کلیل دا بەڵام

دەرگای پێشەوەی لە ڕێسمە برد ، لێی کردەوە و گوتی : « فردریك پێی گوتم دەرگا کلیل بدەم بەلام هەڵبەت دەرگا لە هیچ شوێنێ هێندە سەلامەت نیە وەك ئەوەی کە لەگەڵ خۆمی بەرم . »

دەرگای لە پشتی خۆی هەڵداو ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت ، کە گەیشتەوە مێردی هاواری کرد : « فردریك ، ئەوەتا دەرگاکە ، بۆم هێناوی تا لەبەر چاوت بێ و بە کەیفی خۆت ئاگاداری بیت . »

فردریك گوتی : پەککو !! ژنەکەم چەند ژیرو زیرەکە ! کچێ من تۆم نارد تا دەرگا دابخەی و توندی بکەی ، یان دەرگا لێ بکەیتەوەو بۆم بێنی ؟ ئێستا هەموو کەس دەتوانێ بە کەیفی خۆی بچێتە ناو خانووو بێتە دەرێ . ئێستا مادام ئەو دەرگایەت هێناوە دەبێ بە کۆڵی دابدەیت و لەگەڵ خۆتی بگێڕی و پێیەوە بتلێیتەوە . »

کاترین گوتی : « زۆر باشە ، دەرگاکە هەڵدەگرم بەلام گوێزو سرکەکە هەڵناگرم . بارم زۆر گران دەبێ . گوێزو سرکەکە لە دەرگا قایم دەکەم . با دەرگا هەڵیان بگرێ . »

فردریك هیچ نارەزای بەرامبەر بەم تەگبیرە نیشان نەدا . لێیان دا بە دوای دزەکاندا ڕۆیشتن و داکشانە ناو دارستان بەلام نەیاندۆزینەوە . کە تاریك داهات چوونە سەر درەختێك بۆ ئەوەی شەو لەوێ ببەنە سەر . کە چوونە سەر دارەکە ، ئەو تاقمە دزو کۆسەو فێڵبازە هاتن کە قوڵبڕی ڕاستەقینەن و قەت تێناکەون . هەموو شەکەت و ماندوو بوون . لە بن ئەو درەختە دانیشتن کە فردریك و کاترین لەسەری بوون . ئاگریان کردەوە . فردریك لەپەناوە بە دزی لە درەختەکە چوە خوارێ و هەندێ بەردی هەڵگرتەوەو گەڕایەوە سەر درەختەکەو کەوتە بەردەباران کردنی دزەکان . دزەکان گوتیان : « دیارە بەرەبەیانە . ( با ) دارکاژ ڕادەژەنێ و بەرەکەی بەردەداتەوە . »

کاترین دەرگای هەر بە شانەوە بوو . ماندوێتی زۆری بۆ هێنا بەلام وای هەست کرد گرانیەکە هۆی گوێزەکەیە ، بۆیە بە نەرمی گوتی : « فردریك ، دەبێ گوێزەکان فڕێ بدەم . »

فردریك گوتی : « نەء ، ئێستا . ئێستا وەختی نیە . نەوەك پێماندەزانن ! »

کاترین گوتی : « خۆم پێڕاناگیرێ . هەر دەبێ فڕێیان بدەم . »

فردریك گوتی : « باشە ، مادام خۆت پێناگیرێ ، قەیدی نیە . فڕێیان دە . »

گوێزەکان لە ناو گەلاو چڵی درەختەکە فڕەیان هاتو شۆڕ بوونەوە .
دزێکیان هاواری کرد : « خوایە هاوارە ! چەپاڵەم بدەی تەزرە دەبارێ . »
پاش ماوەیەك کاترین هەستی کرد دەرگا کە هێشتا هەر گرانە . بە پستەپست بە فردریکی گوت : « دەبێ شووشە سرکەکەش فڕێ بدەم . »
فردریك گوتی : « تکایە نەکەی نەوەك ئاشکرا دەبین ! »
کاترین گوتی : « ناتوانم دەبێ هەر فڕێی بدەم ! »
هەموو سرکەکەی فڕێ دا .
دزەکان گوتیان : « ئۆی ، لەو خوناوە خەستە ! »
دواجار کاترین بیری کردەوە ، گوتی : « دیارە ئەو بارگرانیەهی دەرگاکەیە ! »
بە فردریکی گوت : « فردریك ، دەبێ ئەو دەرگایە فڕێ بدەم .»
فردریك زۆر پاڕایەوەو تکای لێ کرد شتی وا نەکا چونکە ئەگەر وا بکا مسۆگەر تووش دەبن .
کاترین گوتی : « فردریك ، وا بەری دەدەمەوە . »
فردریك گوتی : « بەری دەوە . با شەیتان بیگرێتەوە . »
دەرگا تەپەی هات بەسەر دزەکاندا بەر بووەوە . دزەکان هەموو هاواریان کرد : « شەیتان لەسەر دار هاتە خوارێ . »
نەیانزانی چ بوو کەوتە خوارەوە . پڕ بە پێ هەڵاتن و هەموو زێڕەکەیان بە جێ هێشت .
فردریك و کاترین لەسەر درەختەکە هاتنە خوارەوەو هەموو پارەکەیان هەڵگرت و بردیان و بەرەو ماڵ بوونەوە .

# ٢٦- بەفرین وسۆرگوڵ

هەبوو .. نەبوو .. بێوەژنێکی هەژار هەبوو . بە تەنێ لەگەڵ دوو کچی لە زەنجێکدا دەژیان . کچەکان ناویان بەفرین و سۆر گوڵ بوو . چونکە وەکو ئەو دوو گوڵە وا بوون کە لەسەر دوو بنەگوڵی پێش زنجەکەیان دەمیان کردبووەوە .

ئەم دوو مندالەلەم دونیایەدا لە هەمووکەس باشترو شادترو ئیشکەرترو خۆشەویستتر بوون ئەوەندە هەبوو . بەفرین لە سۆرگوڵ هێمن و مەندتر بوو .

سۆرگوڵ لەناو مێرگ و مێرغوزاردا ڕایدەکردو هەڵدەبەزی ، بە شوێن گوڵاندا دەگەڕا ، پەپوولەی ڕاو دەنا .

کەچی بەفرین لە ماڵەوە دەرنەدەچوو ، لە هەڵبژاردن و ڕێکخستنی ماڵەوە یارمەتی دایکی دەدا . ئەگەر هیچ ئیشیشی نەبایە کتێبی دەخوێندەوە .

ئەو دوو منداڵە ئەوەندە یەکتریان خۆش دەویست هەمیشە دەست لەناو دەست بوون و پێکەوە دەچووشە دەرەوە .

کە بەفرین دەیگوت : « هیچ شتێ نیە لێکمان کاتەوە . » .

سۆرگوڵ وەڵامی دەدایەوە : « مەگەر مردن ! »

دایکیشیان دەیگوت : « هەر چیتان هەبوودەبێ لە بەینی خۆتان بەشی بکەن ! »

ئەو دوو کچە زۆر جار دەچوونە ناو جەرگەی دارستان و تووی کێویان کۆ دەکردەوە . هیچ دڕندەیەك ئازاری نەدەدان . کەرویشك پەلکە کەرەمی لەناو دەستی دەخواردن کارمامزلە کنیان دەلەوەڕان ، بزن لە دەوریان یاری و قەلەمبازیان دەکرد . باڵندەی سەرچل وەك ئەوەی کەس لەوێ نەبێ تێیان هەڵدەکردە چریکەی گۆرانی . ئەو کچانە چیان بەسەر نەدەهات . ئەگەر درەنگیان بەسەردابهاتایە شەو لەسەر شینکە ڕاوەکشان و تا بەیانی لێی دەنووستن و لەبەر ئەوەی دایکیان دەیزانی لەوێ دەمێننەوە دڵی پێیانەوە نەبوو .

جارێکیان ، شەویان لە دارستاندا بردە سەرو بەیانی کە واگا هاتن منداڵێکی جوان و خەپەرەی بەرگ سپیان لە کن عارەبانەکەیان دی .

منداڵەکە هەستایەوەو بە میهرەبانی سەیری کردن بەڵام بێ ئەوەی هیچ قسە بکا ڕۆیشت و لەناو دارستانەکە بزر بوو . منداڵەکان کە ئەو ناوەیان پشکنی دیتیان ئەو شەوە لەسەر لێوی بیرێك خەوتوون و ئەگەر بە تاریکی دوو هەنگاو هێوەتر بچووبانە یەکسەر دەکەوتنە ناو بیرەکە .

کە چوونەوەوئەو مەسەلەیان بۆدایکیان گێڕایەوە ، دایکیان گوتی بێ شك ئەوەی‌دیوتانە فریشتەی خێر بوەو چاوەدێری کردوون .

بەفرین و سۆرگوڵ زنجەکەی دایکیان ئەوەندە پاك و تەمیز ڕادەگرت هەر زینەت بوو تەماشای بکەی .

هاوین ، هەموو سبەینان سۆرگوڵ ماڵی ڕێك دەخست و دەچوو لە هەر بنەگوڵێك خونچەیەکی دەهێناودەیکردە چەپك و پێش ئەوەی دایکی واگا بێ دەچوو لە سەرینگانی دادەنا ...

زستان ، هەموو سبەنیان بەفرین ئاگری دەکردەوەو کتلی دەخستە سەر بۆ ئەوەی بکوڵێ . کتلیەکە سفر بوو بەڵام ئەوەندە خاوێن بوو وەك زێڕ دەبریقایەوە .

ئێواران ، کە بەفر کلۆ کلۆ دەباری ، دایکە دەیگوت : « سۆرگوڵ بڕۆ دەرگا گارە بدە . »

ئینجا دایکە لەبەر ئاگردان دادەنیشت ، چاویلکەی دەکردە چاو و کتێبێکی زلی دەخوێندەوەو دووکچەکەشی تەشیان دەڕست بەرخۆڵەیەکی بچووکیش لە تەکیانەوە پاڵی دەدایەوەو کۆتریکی سپی لەسەر سنگولکەی پشت سەریان هەڵدەنیشت و سەری دەخستە بن باڵی .

ئێوارەیەك هەموو بە دڵنیایی دانیشتیوون لە دەرگا درا .

دایك هاواری کرد : « سۆرگوڵ ، لەز کە بلەزینە . خۆ بە دەرگە ڕابگەینە ، دوور نیە ڕێبوار بێ و داڵدەی بوێ »

سۆرگوڵ چوو ، ڕکەی لە بەر دەرگا لادا . وای زانی ئێستا کابرایەکی هەژارەلە بەر دەرگا وەستاوە کەچی ورچێکی زل‌بوو . ورچەکەسەری بە ژووریدا گرت . سۆرگوڵ زریکاندی و کشایەوە بنەبانێ ، بەرخی بچکۆڵە باڕی ، کۆتری سەر سنگولکە کەوتە باڵەفرە ، بەفرین خۆی لە پەنا پێخەفی دایکی شاردەوە .

ورچەکە هاتە دەنگ و گوتی : « مەترسن ، ئازارتان نادەم ، وەختە بقەسرم ، هەر هێندەم دەوێ بێمە ژوورەوەو نەختێ خۆم گەرم بکەمەوە . »

دایك هاواری کرد : ورچی کلۆل ، فەرموو وەرە ژووری لەبەرئاگر پاڵ دەوە ، بەڵام وریا بە فەروەت نەسووتێ . »

ئینجا ڕووی کردە کچەکان و گوتی : « سورگوڵ ، بەفرین ، وەرن کیژم وەرن ، ورچ نیازی خراپ نیە ، ئازارتان نادا .»

هەردوو کچ هاتنە بەر ئاگر و بەرخ و کۆتر چوونە سەر دۆخی جاران و کەس ترسی نەما .

ورچ کە هاتە ژوورەوە گوتی : « وەرن ، منداڵینە ، وەرن . بەفر لە تیسکی فەروەم داوەشینن . »

گەسکیان هیناو بەفریان لێ داوەشاند ، ورچ لەبەر ئاگر ڕاکشاو بەشادی کەوتە مشەمش . زوزی نەخایاند منداڵەکان بوونە برادەری و لەگەڵی کەوتنە گەمەو دەستبازی ـ تیسکی دریژیان ڕادەکێشا ، پییان لە پشتی دەناو ، گلۆریان دەکردەوە ، بگرە بە داردەست لییان دەدا ، کەورچ دەبۆڕاند ئەوان قاقاپێدەکەنین . ورچ زۆر بە هیمنی هەموویاریەکانی قبوولْ دەکرد بەلام کە بە توندی لییان دا هاواری کرد :

« منداڵینە ،
بەفرین ، سۆرگوڵ ،
مەمکوژن
ئەوەك قەت زەماوەند ناکەن . »

کە وەختی نووستن داهات و هەموو چوونە ناو جێ ، دایك بە ورچی گوت :

«ئەگەر حەزدەکەی لەبەر ئەو ئاگردانە بخەوە ، لە سەرماو هەوای تووش بە دوور دەبی .»

سبەینێ کە ڕۆژ بووەوە دوو کچەکە ورچیان وەدەرناو ورچ بە لۆقەلۆق بەسەر بەفردا ڕۆیشت .

لەو ڕۆژە بە دواوە ، هەموو ئیواران ورچەکە دەهات و لەبەر ئاگر دادەنیشت و خۆی شل دەکرد کچەکان بە کەیفی دڵی خۆیان یاریان لەگەڵ دەکرد . تا وای لێهات هێندە لیێ ڕاهاتن ، ئیواران تا هاوڕیکەیان نەهاتبا دەرگایان گارە نەدەدا . بەلام کە بەهار هات و دونیا سەوز هەڵگەڕا ، بەیانیەك ورچ بە بەفرینی گوت :

«ئیستا دەڕۆم و تا هاوین نەڕوا نایەمەوە . »

سۆرگوڵ پرسی : « ورچەگیان ، دەچیتەکوێ ؟! »

ورچ گوتی : « دەچمە ناو دارستان و گەنجینەکانم لە کورتەباڵای بەدکار دەپاریزم . زستانێ زەوی هەموو شەختەو سەهۆڵەو کورتەباڵا ناچارن دەترنجینە ناو کون و ناوێرن دەرکەون بەلام ئیستا وا ڕۆژ تینی سەندوە

بەفر حەلیاوەو دونیا گەرم بوە ، کورتەبالاّ دێنە دەرێ و هەرچی بکەوێتە بەر دەستیان دەیدزن . هەر شتێکیشیان بکەوێتە بەر دەست و بیبەنە ناو ئەشکەوتی خۆیان تازە جارێکی دی بە ئاسانی ڕوناکی نابینێ . »

سۆرگوڵ زۆر بە ڕۆیشتنی ورچەکە غەمبار بوو . بە کاوە خۆ دەرگای کردەوە . ورچەکە بە گورجی دەرپەڕی و تووکی لە بزمارێك جەڕاو فەروەی نەختێ کون بوو . سۆرگوڵ لەو کونەوە شتێکی وەك بریقانەوەی زێڕی دی بەلاّم دڵنیا نەبوو زێڕە . ئیدی ورچە ڕایکردو لەناو درەختان بزر بوو .

ڕۆژێ ، دایك منداڵەکانی ناردە ناو دارستان بۆ ئەوەی هەندێ گزرەو چیلکە کۆبکەنەوە . منداڵەکان بە دەم گزرە کردنەوە گەیشتنە لای درەختێك کە لەچەقی ڕێگا کەوتبوو و لە قەد درەختەکەش شتێ هەر هەڵبەزو دابەزی بوو ، نەیانزانی داخۆچیە ؟! کە نزیکتر بوونەوە دیتیان کورتە بالاّیەکە ـ دەم و چاو چورچ و لۆچاوی ، ڕدێن سپی یەك یارد درێژ . سەری ڕدێنی کەوتبوە بەر درزی درەختەکەو وەك سەگی زنجیرکراو بازی دەداو نەیدەزانی چۆن خۆی دەرباز بکا .

کورتەبالاّکە چاوە سوورو تیژەکانی لە کچەکان مۆڕ کردەوەو هاواری کرد :

« بۆ ڕاوەستاون ؟ یان دەتانەوێ بڕۆن و ڕزگارم نەکەن ؟! »

سۆرگوڵ گوتی : « کابرا ، ئەوە چیت کردوە ؟ »

کورتەبالاّکە نەڕاندی : « گێلّ و نەفامینە ، ویستم ئەو درەختە شەق بکەم و هەندێ دار بۆ سووتەمەنی ببەمەوە ، ئاخر ئێمە خواردن کەم لێ دەنێین وەکو ئێوە چڵێس نین هەرخەمی سکمان لەبەربێ بەلاّم ئەوخواردنە کەمە زۆری دارو دوو دەوێ . جا هاتم ئەو دارەم شەق کردو پوازم خستە بەر ، پوازی سندان کوشتی لووس بوو ، دەرپەڕی . درزی درەختەکە وێك هاتەوە و پێ ڕانەگەیشتم ڕدێنی سپیێ جوانم لابەرم . ڕدینم تێدا عاسێ بوو و ئەوا گیرم بە دەستیەوە خواردوە و ناتوانم بڕۆمەوە . پێمەکەنن ! نەفامینە ، ئاخ ، ئێوە چەند ترسناکن . »

منداڵەکان زۆریان هەوڵ دا ڕدێنی کورتەبالاّکە دەربێنن بەلاّم بێ هوودە بوو چونکە زۆر توند گیری خوارد بوو . لە دوا دواییدا سۆرگوڵ گوتی :

« بەغار دەچم هاوار دەبەمەوە بەڵکو خەڵك بێ ! »

کورتەبالاّ نەڕاندی : « هەی گێژو وێژینە ، بۆچی بانگی خەڵك دەکەن ؟ ئێوە سەرو زیادن بۆ من . خۆتان بیرلە چارەیەك بکەنەوە . »

سۆرگوڵ گوتی : « سەبرت هەبێ ، بیرێکی باشم بۆ هات . »

مقەسی لە گیرفانی دەرهێناو سەری ڕدێنی بڕی .
کە کورتەباڵا ئازاد بوو ، دەستی دایە هەگبەکەی ، هەگبەکەی پڕ زیڕ بوو لە ناو ڕێوپیکی درەختەکە کەوتبوو ، بە شانی داداو ڕۆیشت و لەبەر خۆیەوە هەر دەیگوت :
ئەو گێلانە ، سەری ڕدێنە سپیو جوانەکەیان بڕیم ! دەك خۆشی لە خۆتان نەبینن ! »
کورتەباڵا ڕۆیشت و هەر ئاوڕیشی لە منداڵەکان نەدایەوە .
دوای ماوەیەك ڕۆژێ بەفرین و کورتە باڵا چوونە ڕاوەماسی . کە لە گۆمەکە نزیك بوونەوە دیتیان شتێکی وەکو کوللەیەکی زل لە دەو ئاوەکە هەڵدەبەزێ وەك ئەوەی خۆی فڕێ بداتە ناو ئاوەکە . چوونە لایەوە ، ناسیانەوە ، کورتەباڵای گوڕین بوو .
سۆرگوڵ پرسی : « ئەوە چ دەکەی ؟ وریا بە دەکەویتە ناو ئاو ! »
کورتە باڵا وەڵامی دایەوە : هێندە ساویلکە نیم بەڵام نابینن ئەو ماسیە دەیەوێ ڕامکێشێتە ناو ئاو ؟ »
کورتەباڵا لە ڕاوە ماسی بوو . بەدبەختانە هەڵی کردبوە ( با ) و ڕدێنی لە پەتی چەنگاڵ ئاڵا بوو . ماسیەکی زل چەشەی خوارد بوو و پێوە ببو بەڵام کورتەباڵاکە نەیدەتوانی ڕایبکێشێ و کێشە بە لای ماسیەکەدا بوو .
کورتەباڵاکە خۆی بە زەل و قامیش و پرچکی ئەو ناوە دەگرت بەڵام بێ هوودە بوو ماسیەکە ڕایدەکێشاو زۆری نەما بوو لە گۆمەکەدا بخنکێ . بەختی هەبولەو لەو کاتەدا دوو کچەکە پەیدا بوون و ویستیان ڕدێنی لە پەتی چەنگاڵ بکەنەوە بەڵام بێ هوودە بوو . ئیدی سوزگوڵ ناچار بوو مقەسی دەرهێناو نەختێکیتری لە ڕدێنی کابرا بڕی . کورتەباڵا کە ئەمەی بینی توورە بوو و هاواری کرد : « هەی بێ ئەقڵ ئەوە دەتەوێ سەروسیمام بگۆڕی ؟! ئەوەندە بەس نەبوو سەری ڕدێنت بڕیم هاتی نیوەیتری ڕدێنت بڕیەوە !
ئێستا بە چ ڕوویەك بچمەوە ناو قەوم و قیلەم . دەك بنی چەکمەتان کون بێ ! »
هەگبە مرواریەك لە ناو چغوردەکە بوو هەڵی گرتەوەو بێ ئەوەی هیچ قسە بکا تێی تەقاندو لە پەنا بە ڕدێك بزر بوو .
دوای چەند ڕۆژێك . بە ڕێ کەوت دایك دوو کچەکەی ناردە شار بۆ ئەوەی دەزووو دەرزیو سنجاقو شریت و قە یتان بکڕن . ڕێیان بە ناو زەویەکی پڕ کەوری گەورەدا بوو . دیتیان باڵندەیەکی زل لە ئاسمانەوە

خوڵی دەخواردەوە ، ناو بەناو نەختێ نەوی دەبوو ، دواجار لە پەنا کەوریێك نیشت و زریکەیەکی تیژ هات .

کچەکان غاریان دا چوون ، دیتیان هەڵۆیەو کورتەباڵای کۆنە برادەری گرتوون و دەیەوێ بیفڕێنێ و بیبا . ئەو منداڵە میهرەبان و دڵنەرمانە خۆیان توند بە کورتەباڵاکەدا شۆڕ کردەوە ڕایانکێشا تا هەڵۆ بەرەڵلای کردو فڕی .

کە کورتەباڵاکە ترسی ڕەویەوە ، بە دەنگێکی تیژ هاواری کرد : « ئەوە نەتاندەتوانی هێدی‌تر بمگرن ! ئەوەندە بە توندی چاکەتە جوانەکەتان ڕاکێشام وەخت بوو هەمووی جیڕ بە جیڕ بێ ، ئێوە کچی چەند هیچ و پووچن . »

هەگبەیەکی پڕ بەردی بەهادار لەوێ کەوتبوو ، هەڵی گرت و خزیە ناو کونە ئەشکەفتێکی ناو کەورەکان .

بەم جۆرە کچەکان زۆر بێ ئەمەییان لە کورتەباڵاکە دی . چوونە شار ، ئیشی خۆیان کردو لە گەڕانەوەدا ڕێیان کەوتە ناو هەمان زەوی و دیسان بەڕێکەوت تووشی هەمان کورتەباڵا بوون . بەردە بەهادارەکانی ناو هەگبەکەی لە ناو ڕووتانێك هەڵرشتبوو وای دەزانی کەس لەو ناوە نیە . ڕۆژ لە بەردە بریقەدارەکانی دەداو بە هەزار ڕەنگ خۆیان دەنواند . کە کچەکان چاویان پێ کەوت لە شوێنی خۆیان حەپەسان .

کە کورتە باڵاکە چاوی بە کچەکان کەوت لە ڕکان ڕەنگی سوورهەڵگەڕا و پرسی :

« بۆچی وەستاون ، دەمتان بەش کردۆتەوە ؟ »

بەربوە کچە بەستەزمانەکان و جوێنی دانێ . لە پڕ گرمەیەك هات ، ورچێکی زلی ڕەش لە ناو دارستانەکە هاتە دەرێ . کورتەباڵا لە ترسان دەرپەڕی بەڵام نەگەیشتەوە کونە ئەشکەوتەکەی . ورچ گەیشتە سەری کورتە باڵا هەترەشی ڕژاو هاواری کرد :

« گەورەم ، ورچی ئازیز ، ئەمجارە جەبم بدە هەموو گەنجینەی خۆمت پێ دەبەخشم . تەماشای ئەم بەردە بەهادارە جوانانە بکە ... هەمووی بۆ خۆت ئەوەندە هەیە مەمکوژە . چیت لە کابرایەکی بچووکی وەکو من داوە قەپم لێ بدەی لە بن ددانت بزر دەبم . تۆ وەرە ئەم دوو کچە بەدکارە ببە ، پاتێکی خۆشن ! وەکو کەودەری قەڵەو وان ! بە سەرو دڵێکی ڕەحەت بیانخۆ . »

ورچ هیچ خۆی لە گوورە نەبرد ، هەر وەڵامیشی نەدایەوە . چەپۆکێکی لێداو جێی پێ کردە ئەوجێ .

کچەکان ترسان و هەڵاتن بەڵام ورچەکە بانگی کردن :

« بەفرین ، سۆرگوڵ ، مەترسن ، ڕاوەستن منیش لەگەڵتان دێم .»

کچەکان دەنگی ورچەکەیان ناسیەوەو ڕاوەستان .

کە ورچەکە گەیشتە لایان پێستەکەی لەسەر داکەلاو بوو بە کابرایەکی کەڵەگەت کە هەموو لەشی زێڕ بوو .

گوتی : « من کوڕە پاشام ، ئەو کورتەباڵایە هەموو گەنجینەی دزی بووم و حوکمی کردبووم وەك ورچ بەو دارستانەدا بسووڕیمەوە . ئێستا وا کورتە باڵا بە سزای خۆی گەیشت و مرد . منیش ئازاد بووم .»

هەر سێکیان چوونەوە ماڵی پیرەژن . سۆرگوڵ مێردی بە شازادە کرد و بەفرینیش مێردی بە برای شازادە کرد ، هەر دوولا گەنجینەی کورتەباڵاکەیان لە ناوەخۆ دابەش کرد .

پیرە دایکیش چەند ساڵێك بە خۆشی و شادی لەگەڵ دوو کچەکەی ژیا . ئەو بنەگوڵانەی لە پێش زنجەکەدا ڕوابوون بردیان لە پێش کۆشکدا چاندیان و هەموو ساڵێ گوڵی جوانی سوورو سپیان دەگرت .

# ٢٧ - چوار برای لێهاتوو

هەبوو .. نەبوو .. کابرایەکی دەستکورت هەبوو ، چوار کوڕی هەبوو .
ە کوڕەکانی گەورە بوون باوکە پێی گوتن کە بچنە ئەم دونیایەو بۆ خۆیان
ژین . گوتی :
« من هیچم نیە بتاندەمێ . بڕۆنە وڵاتی بیگانان‌و هەریەکە بۆ خۆتـان
ێری پیشەیەك بن .»
هەر چوار برا خۆیان کۆکردەوەو ماڵاواییان لە باوکیان کردو پێکەوە لە
شار دەرچوون ماوەیەك ڕۆیشتن گەیشتنە چوار ڕییانێـك . برای گـەورە
گوتی :
« براینە ، دەبێ لێرە لێك جودا بینەوە ، بەڵام پاش چوار ساڵی‌تر دەبێ
هەر لێرە پێك بگەینەوە . لەماوەی ئەم چوار ساڵە شدا هەر کەسەمان با
بکەوێتە شوێنی چارەنووسی خۆی » .
هەر برایەك چوە ڕێیەك .
برای گەورە گەیشتە کابرایەك . کابرا لێی پرسی : « ئیشت چیەو دەچیتە
کوێ ؟ » .
برا وەلامی دایەوە : « دەمەوێ پیشەیەك فێربم .»
کابرا گوتی : « فەرموو لەگەڵ من وەرە وفێری دزی ببە .»
برا وەڵامی دایەوە : « ئەم پیشەیە پیشەیەکی شەرەفمەندانـە نیە ،
ئەنجامەکەیشی چوونە سەر داری قنارەیە ! »
دزە گوتی : « لە قەنارە مەترسە . وات فێردەکەم کەس نەتوانێ بتگرێ
یان شوونت هەڵبگرێ .»
کوڕە ڕازی بوو . زۆری نەبرد بوو بە دزێکی لێهاتوو . بچووبایە دزی
هەر شتێك قوتاری نەدەکرد .
برای دوەم گەیشتە کابرایەك . کابرا هەمان پرسیاری لێ کرد .
کوڕە وەڵامی دایەوە : « جارێ نازانم ! »
کابرا گوتی : « کەواتە فەرموو لەگەڵ من وەرە ببە ئەستێرەناس . هیچ
شتێ لەمە باشتر نابێ ، چونکە هیچت لەبەر بزر نابێ .»
کوڕە لەگەڵی چوو . پاش ماوەیەك بوو بە ئەستێرە ناسێکی کارامەو کە

کاتی ئەوە هات لە کن وەستاکەی بڕوات ، وەستا تەلەسکۆبێکی دایەو گوتی :

« بەم تەلەسکۆبە هەموو ڕوداوێکی عەردو عاسمان دەبینی وهیچت لێ گوم نابێ .»

برای سێیەم کەوتە بەر دەستی ڕاوکەرێك ئامۆژگاری وای وەرگرت پاش ماوەیەك بوو بە ڕاوکەرێکی ناودێر . کەوەختی ڕۆیشتنی داهات وەستا تفەنگێکی دایە قەت گوللەی بە خەسار نەدە چوو . نیشانەی لە هەر چی بگرتایە دە یپێکا .

برای گچکەش گەیشتە بەرگدروویەك . بەرگدەروو لێێ پرسی داخۆ حەزی لە پیشەی بەرگدروویی نیە .

کوڕە وەڵامی دایەوە : « باوەڕ ناکەم . لێم خوش نایە لە سبەینێوە تا ئێوارێ چور چمکی دانیشم و ڕۆژ تا ئێوارە دەست و دەرزی وئوتووم شەڕ بێ .»

کابرا هاواری کرد : « تۆ خۆت نازانی چ دەڵێی . ئەگەر لەگەڵ مندا بی فێری جۆرە دورمانێکی باش دەبی کە پیشەیەکی شەرفمەندانە وئاسانە .»

کوڕە ڕازی بوو . لەگەڵی چوو . زوو فێری پیشەی دورمان بوو . کە هات بڕوا وەستا دەرزیەکی دایەو گوتی : « بەم دەرزیە دە توانی هەموو شتێ لێك بدووری ـ جا شتەکە چ وەك تفری هێلکە ناسك بێ و چ وەك بەرد ڕەق بێ وایشی دەدووریتەوە جێی هیچ تەقەڵی دیار نەبێ .»

کە چوار ساڵەکە تەواو بوو هەر چوار برا لە یەك کاتدا گەیشتنەوە چوارڕیانی جاران ، دەست و دەمی یەکتریان ماچ کردو گەڕانەوە لای باوکیان .

باوك بە دیداری کوڕەکانی شادبوو وهاواری کرد : « ئۆي ، ئەوە چۆن هاتنەوە ؟! »

ئینجا هەموو براکان بەزم و بەسەرهاتی خۆیان گێڕایەوەو باسیان کرد کە یەکەو پیشە فێر بووینە . ئەو کاتە لە ژێر درەختێك دانیشتبوون باوکیان گوتی باشە ئێستا تاقیتان دەکەمەوە بزانم ڕاستە یان نەء » .

باوك هەڵیڕوانی وبە کوڕی دوەمی گوت :

« هێلانە چۆلەکەیەك لەترۆپکی ئەم درەختە ، لە نێو دوو چلدا هەیە . پێم بلی چەندا هێلکەی تێدایە ؟ »

ئەستێرەناس تەلەسکۆبی داناو گوتی : « پێنج هێلکەی تێدایە .»

باوك بە کوڕی گەورەی گوت : « بڕۆ ئەو هێلکانە بێنە بێ ئەوەی

داکانەکە پێ بزانێ کە ئێستا وا لەسەر هێلکەکان کڕ کەوتوە .»

دزەی زرنگ بەسەر درەختەکەدا هەڵگەڕاو هەر پێنج هیێلکەی بۆ باوکی هێنا بێ ئەوەی لێ بگەڕی چولکەی داکانە هەست پێ بکا » .

باوکە چوار هیلکەی لەسەر چوار گۆشەی مێزێك داناو هێلکەی پێنجەمی لە ناوەندی مێزەکە داناو بە ڕاوکەری گوت : « وەرە هەر پێنج هێلکە بە یەك گوللە ببێکە » .

کوڕە نیشانەی گرت و باوکی چۆنی ویست ئاوها بەیەك گوللە هەر پێنج هێلکەی پێکا .

باوکە بە کوڕەکـەی تری گـوت : « ئیسْتا نـۆرەی تۆیـە هێلکە کـانو زەرنەقووی ناویان بە جۆرێ لیك بدوورەوە کەوا بزانن نە هیلکەکە شکاوەو نە زەڕنەقووتەکان بریندار بوون .»

بەرگدروو دەرزیەکەی دەرهیناو چۆنیان گوت ئاوها هیلکـە کانی لیـك دووریەوە . کە تەواو بوو دزە هیلکەکانی بردەوە ناو هیلانەو بێ ئـەوەی داکانە ئاگادار بێ لە جیێ خۆی دایناوە .

دوای چەند ڕۆژیك چولەکە بیچووی هەلیناو کەبیچوەکان جووقـان لە شوێنی تەقەلی بەرگدروەکە یەکەو خەتی سووریان لەمل بوو .

کە کورەکان ئەم هەموو کردەوەیان نواند باوکەپێی گوتن : « بەڕاستی سوودتان لە وەختی خۆتان دیوەو شتی زۆر بە کـەلك فێربـوون . نازانم کامەتان لە هەموان زیاتر شایەنی پەسنـە . با ئـەمە بـۆ دەرفەتێکی تـر بمێنێ . »

زۆری پێ نەچوو قاو داکەوت کە عەزیا کچی پاشای بردوە . پاشا لە خەمان شەوو ڕۆژ هیچی پێ نەدەکرا . جاڕی دا هەر کەسێ شازادە ڕزگار بکا شازادە بۆخۆی !

چوار براکە گوتیان : « دەرفەت لەوە باشتر هەڵناکەوێ »

ڕێك کەوتن بچن بەهرەی خۆیان بنوێننو شازادە ڕزگار بکە ن .

ئەستێرەناس گوتی : « ئێستـا دەیدۆزمـەوە لە کوێیـە ؟ » تەمـاشای تەلەسکۆبی کردو گوتی : « دەیبینم لە ناوەندی دەریا لەسەر کـەورێکەو عەزیا نۆبەتی لێ گوتوە . بەڵام زۆر دوورە » .

چوە لای پاشاو داوای کەشتیەکی کرد بۆ خۆی وبراکانی . بەسواری کەشتی ڕۆیشتن تا گەیشتنە لای کەورەکەشازادە دیتی هاتن بەڵام عەزیا ئاگای لێ نەبوو ، سەری بە ڕانی کچە کردبوو و کەوتبوە خەوێکی قوول .

ڕاوکەر گوتی : « ناوێرم تەقەی لێ بکەم چونکە کچەش لەگەڵ عەزیاکە بەر دەکەوێ .»

دزە گوتی : « کەواتە من هونەری خۆم دەنوێنم :» چوو هێندە بە شێنەیی وفێڵبازی کچەی لە ژێر عەزیاکە دەرهێنا عەزیا هەر هەستیشی پێ نەکرد ولە پرخ و هۆری خۆی نەکەوت . کچەیان هەڵگرت و خێرا بەلەزو بەزو بە خۆشی وشادی گەیاندیانە ناو کەشتیەکەو هاژوایان .

دوای نەختێ عەزیا واگا هات . تەماشای کرد کچە نەماوە . بە توورەیی بە ئاسماندا فڕی و کەوتە شوێن کچەکە . کە گەیشتە سەر کەشتیەکەو ویستی بنیشێتەوە ڕاوکەر نیشانەی لێگرت و دڵی پێکا . عەزیا بەسەر کەشتیدا کەوت و لەبەر ئەوەی زۆر زل و قورس بوو کەشتی تێك شکاند . خۆشبەختانە دوو شەپکەدار مانەوە .

هەر چوار براو کچەکە لەسەر ئەو دوو شەپکەدارە کەوتنە مەلە . زۆر لە مەترسیدا بوون بەڵام بەرگدروو هەر دوو شەپکەی بە دەرزیەکەی لێك دوری و هەموو پارچەکانی تری کەشتی کوکردەوەو ئەوەندە بە زیرەکی لێکی دوورین کەشتی بوەوە کەشتیە توندو پتە وەکەی جاران و بە سەلامەتی بەرەو ماڵ بوونەوە .

کە پاشا چاوی بە کچە نازدارەکەی کەوت زۆر شادومان بوو وبە چوار براکانی گوت : « کچەکەم بەیەکێکتان دەدەم بەڵام دەبێ ئێوە لەناو خۆتان ڕێك بکەون بیدەمە کامەتان .»

براکان لێیان بوو بە شەڕو هەرا . هەر کەسە بۆ خۆی دەویست .

ئەستێرەناس گوتی : « ئەگەر من شازادەم نە دۆزیبایەوە بەهرەو هونەری ئێوە چ سوودی دەبوو ؟ کەواتە کچە دەبێ بۆ من بێ .»

دزەگوتی : « جا دۆزینەوەی کچە چ کەلکی دەبوو ئەگەر من لە عەزیام نەدزیبایەوە ؟ شازادە دەبێ بۆ من بێ .»

ڕاوکەر گوتی : « بەڵام ئەگەر من عەزیام نەپێکایە ئێوەی هەموو پارچە پارچە دەکرد . جا دەبێ شازادە بۆ من بێ .»

بەرگدروو گوتی : « ئەگەر من پارچەکانی کەشتیم لێك نەدووریبایەوە ئێوە هەمووتان دە خنکان ، نەء ، شازادە دەبێ بۆمن بێ .»

پاشا هەراو دەمەقالێ براکانی بڕاندەوەو گوتی : « ئێوە هەمووتان بەقەد یەك هەقتان لەم کردەوەیەدا هەیە جا لەبەر ئەوەیە ناکرێ شازادە بدەمە هەمووتان باشترین شت ئەوەیە کە نەیدەم بە هیچیکتان ولە پاداشتی ئەم کارەتان یەکەو پارچەیەکی وڵاتەکەمتان پێ ببەخشم .»

براکان بەم بڕیارە دڵشاد بوون و گوتیان :

«وا باشتریشە ، بەم جۆرە هەر پێکە وەش دەمێنینەوە »

ئیدی هەر کەسە بەشە وڵاتی خۆی وەرگرت و هەموویان تا مابوون بە شادیو خۆشی و کامەرانی لەگەڵ باوکیان ژیان .

# ٢٨ ـ چۆن شەش کەس بەدنیادا گەڕان

هەبوو .. نەبوو . کابرایەك هەبوو لە هەموو شتێکی دەزانی . سەربازی کردبوو و لە سەربازیدا زۆر ئازاو نەبەرد بوو . کە شەڕ کۆژایەوە و دەستی لە سەربازی بڕا ( ٣ ) دیناریان خەڵات کرد .

کابرا گوتی : « ئەمە هیچ نیە . ئەگەر تووشی پیاوی خۆی ببم وا لە پاشا دەکەم گەبخینەی سەراپای دنیام بداتێ . »

کابرا بەم جۆرە زۆر تووڕە بوو . چوە ناو دارستان . تووشی کابرایەك بوو وەك چەپکە گیا شەش درەختی ڕیشەکێش کرد بوو . بە کابرای گوت :

« کابرا نایەی ببی بە نۆکەری من و لەگەڵم بکەویتە گەشت و گەڕان . »

ئەم چیلکانە بۆ دایکم ببەمەوە . »

یەکێ لە درەختەکانی لە پێنجەکانی تر پێچاو وەك چەپ بە ستیو بە کۆڵی داداو بردی . ئینجا گەڕایەوە و گوتی : « ئێمە هەردووکمان پێکەوە بین گەشتەکەمان خۆش دەبێ . »

زۆر نەڕۆیشتن گەیشتنە ڕاوکەرێك . ڕاوکەر چۆکی گەیاندبوە سەر زەوی و نیشانەی گرتبوو . وەستا گوتی : « ئەوە نیشانەت لە چ گرتوە ؟ »

ڕاوکەر وەڵامی دایەوە : « دوو میل لێرە دوور . مێشێك لەسەر چلی داربە ڕوویەك هەڵنیشتوە ، دەمەوێ چاوی چەپەی بپێکم . »

وەستا گوتی : « لەگەڵ من وەرە . ئەگەر ئێمە هەر سێکمان پێکەوە بین زۆر بە ئاسانی دەردەبەین . »

ڕاوکەر ڕازی بوو و بە گەڵیان کەوت . زۆری نەبرد گەیشتنە حەفت ئاشی با . ئەگەرچی لە هیچ لایەکەوە ( با )ی نەدەهات و یەك گەلا نەدەلەریەوە بەڵام چەرخەکان زۆر خێرا دە خولانەوە . کابرا گوتی : « وای لەو سەیرو سۆبەتە ! هیچ کزەبای نایە کەچی ئەم ئاشانە وا دەسووڕێن . »

لەوێ ڕۆیشتن ، پاش دوو میلە ڕێ دیتیان کابرایەك لەسەر درەختێك دانیشتوە . لالووتێکی قەپات کردوە ، بە لالووتەکەی تر ( با ) دەدەمێنێ . پاڵەوانەکەمان پرسی : « ئۆی ، لەو دیمەنە جوانە ! ئەوە لەسەر ئەو درەختە چ دەکەی ؟ »

کابرا وەڵامی دایەوە : « دوو میل بەولاوە حەفت ئاشەباکەت دی ؟ ئەوە فوو لەوان دەکەمو چەرخەکەیان دەسووڕێنم . »
پاڵەوانەکەمان گوتی : « کەواتە لەگەڵ من وەرە . ئەگەر چوار کەسی وەکو ئێمە پێکەوە بگەڕێین ئیشمان باش دەڕوا . »
کابرا لەسەر درەختەکە هاتە خوارێو بە گەڵیان کەوت . پاش ماوەیەکی کەم تووشی کابرایەکیتر هاتن لەسەر یەك لنگ وەستا بوو . لنگەکەی تری لێ کردبووەوەو لە تەنیشت خۆی دانابوو .
پاڵەوانەکەمان گوتی : « هەڵبەت بۆیە وات کردوە تا بحەسێیتەوە !؟ »
کابرا وەڵامی دایەوە : « ئا ، من خۆشبەزم . جا بۆ ئەوەی خێرا نەبەزم لنگێکم لێ کردۆتەوە چونکە ئەگەر بە هەر دوو لنگ ڕا بکەم باڵندەی ئاسمانیش نامگاتێ . »
پاڵەوانەکەمان گوتی : « باشە ، مادام وایە لەگەڵ من وەرە . پێنج کەسی وەکو ئێمە مانان باش ڕێ لە دونیا دەردەکەین . » .
هەر پێنجیان پێکەوە ڕۆیشتن . زۆری نەبرد گەیشتنە کابرایەك ، شەپقەی لەسەر بوو . شەپقەکەی لار کردبووەوە سەر گوێیەکی .
پێشەوای تاقمەکە لێی پرسی : « کابرا ، شەپقە وا لار لێمەنێ ساویلکە دەنوێنی ! »
کابرا گوتی : « ئاخر ناوێرم شەپقە ڕاست لێ نێم . ئەگەر ڕاستی لێ بنێم دەبێتە بەفرو ڕە هێڵەیەکی وا باڵندەی ئاسمان ڕەق دەکا و بەری دەداتەوە . »
پاڵەوانەکەمان گوتی : « کەواتە لەگەڵ من وەرە ، شەش کەسی وەکو ئێمە مانان پێکەوە بین گەشتەکەمان خۆش دەبێ .»
ئەم شەش هاوڕێیە چوونە شارێك . پاشای ئەو شارە جاڕی دا بوو هەر کەسێ غارغارێن لەگەڵ کچەکەی بکاتو بباتەوە کچەکەی خۆی دەقەبەر دەکات بەلام ئەگەر بدۆڕێنێ لە سەری دەدرێ .

کە پاڵەوانەکەمان بە مەی زانی بڕیاری دا نۆکەرە خۆشبەزەکەی لەگەڵ کچەدا بخاتە پێشبڕکێ بەلام پاشا گوتی بە مەرجێك ئەگەر نۆکەرەکەت دۆڕاندی سەری خۆتو نۆکەرت پەل دەدرێ .
کابرا ڕازی بوو . فەرمانی دا خۆشبەز بۆ ئەوەی لنگی دوەمیش قایم بکات و تانی تێدا تا پێشبڕکێ بباتەوە . پێشبڕکێکە ئەوە بوو :
کانیەکی دوور هەبوو کێ زووتر بچووبایە ئاوی لەو کانیە بهێنابایەو بهاتبایەوە ئەو دەیبردەوە .

خۆشبەز و کچەپاشا یەکەو بادیان وەرگرت و پێکەوە لەیەک کاتدا دەرپەڕین بەڵام هێشتا شازادە چەند هەنگاوێکی نەهاویشتبوە کە خۆشبەز لە مەودای چاو بزر بوو . وەك (با ) ورشەی هات تێپەڕی .
خۆشبەز بە ماوەیەکی زۆر کەم گەیشتە سەر کانیەکە . بادیەکەی پڕ کردو گەڕایەوە بەڵام زۆری پێ نەچوو ماندوو بوو . بادیەکەی داناو ڕاکشا بۆ ئەوەی سەرخەوێك بشکێنێ . کەللە ئەسپێك لەو گۆڕە کەوتبوو کردیە سەرین بۆ ئەوەی لەبەر ڕەقایەتی کەللەکە زوو خەبەری بێتەوە . لەولاوەش شازادە کە لە زۆر کەس بەبەزتر بوو گەیشتە سەر کانیەکەو بادیە ئاوێکی لێ هەڵێنجاو گەڕایەوە کە بینی غەنیمەکەی خەوتوە ، خەنی بوو ، گوتی :
« غەنیمەکەم تووش هات ! »
ئیدی شازادە بادی خۆشبەزی بەتاڵ کردو خێراتر هەڵی کردە غارو گەڕایەوە .

ئەگەر خۆشبەختانە ڕاوکەر نەچووبایە سەر ترۆپکی کۆشك هەمووشتێ بە فیرۆ دەچوو . ڕاوکەر بە چاوەتیژەکانی بینی شازادە خەریکە گرەو دەباتەوە ، تفەنگی سوار کردو بە وردی نیشانەی لە کەللە ئەسپی بن سەری خۆشبەز گرت و تەقەی لێوە هێناو بێ ئەوەی هیچ ئازاری بدا کەللەسەری لە بن سەری فڕێ دا . کابرا وا گا هات و یەك بست لە خۆی هەڵ دا . دیتی بادیەکەی بەتاڵەو شازادە زۆری لە پێش داوە . ورەی بەر نەدا . غاری دایەوە سەر کانی . بادی پڕکردەوەو هاتەوە و دە دەقیقە پێش غەنیمەکەی گەیشتەوە ماڵێ و گوتی : « گوێت لێ بێ ، ئەوەی پێشتر غاردان نەبوو ، تازە لنگەکەی تریشم خستە کار . »

پاشاو کچەکەی قیزیان بووەوە کە سەربازێکی ئاسایی خەڵات بباتەوە بۆیە ئەنجوومەنیان بەست چۆن لە کابراو هاوڕێکانی زگار ببن .
پاشا بە کچەکەی گوت : « ئازیزەکەم ، خەم مەخۆ ! چارەیەکم دۆزیوەتەوە یەکاو یەکە . بە تەواوی ئەو نگریسانەمان لە کۆڵ دەبنەوە . »
پاشا هەر شەش ڕێڤینگی بانگ کردو پێی گوتن : « فەرموو ، تێرو پڕ بخۆن و بخۆنەوە و شادو خەندان بن . »
جا هەر شەشی بردە ژوورێك ، ژوورەکە عەردو دەرگاو شیشەی پەنجەرەکانی هەموو ئاسن بوو . مێزێکی تێدا بوو پڕی سەری خواردنی خۆش و بەتام بوو . پاشا بردنیە ژوورەوەو داوای لێکردن تێروپڕ بخۆن . کە چوون دانیشتن پاشا هەموو دەرگاکانی خشت کلیل دا . ئینجا ناردیە دوای

چێشتکەرو فەرمانی پێکرد ئاگر لە بن ژوورەکە بکاتەوە تا ئاسنەکە سوور دەبێتەوە .

چێشتکەر ئاگری لە بن ژوورەکە کردەوە . شەش هاوڕێکە کە لە دەوری مێز دانیشتبوون هەستیان بە گەرما کرد . سەرەتا وایان زانی ئیشی زۆر خواردنە بەڵام کە گەرما زیادی کرد هەستان لە ژووری دەرچن دیتیان دەرگاو پەنجەرەکان هەموو داخراون ، بەمەوە زانیان پاشا فێلی لێکردوون و دەیەوێ لەو ژوورە بیانخنکێنێ .

کابرای شەپقە لەسەر هاواری کرد : « پاشا خەیاڵی خاوە . ئەم فێڵەی سەر ناگرێ . دەیکەمە بەفرو ڕەهێڵەیەکی وا ئەم ئاگرە شەرمەزار بکا . »

شەپقەکەی بە ڕاستی لەسەر نا و یەکسەر بوو بە بەفرو ڕەهێڵەیەکی وەتۆ هیچ گەرما نەما بگرە ئەوەندە سەرما بوو گۆشتی ناو فەخفوریش بەستی .

پاش دوو سەعات ، پاشا بیری کردەوە ئێستا دەبێ هەر شەش کەس خنکا بن وفەرمانی دا دەرگایان کردەوەو خۆی چوە ژوورەوە بیانبینێ بەڵام هەر هێندە دەرگا بوەوە ، دیتی هەر شەش بە ساغ و سەلامەتی وەستابوون و گوتیان دەمانەوێ بێینە دەرەوە خۆمان گەرم کەینەوە .

پاشا بەو پەڕی سەرسامی چوە لای چێشتکەر و سەرکۆنەی کرد بۆچی فەرمانەنەکەی جێ بە جێ نەکردوە . چێشتکەر پەنجەی بۆ ئاگرەکە ڕاکێشاو گوتی : « وا بزانم ، ئەو گەرمایە شتێکی کەم نیە . »

پاشا ناچار دانی پێدا نا کە نەیتوانی بەم ڕێگایە شەش هاوڕێکە لە ناو بەرێ .

پاشا دورباره کەوتە بیرکردنەوە بۆ ئەوەی فێلێك بدۆزێتەوەو خۆی لەم شەش هاوڕێیە ڕزگار بکا . بانگی سەرۆکی تاقمەکەی کردو گوتی : « ئەگەر دەتەوێ تا زارت هەڵدەگرێ بڵێ زێرت دەدەمێ هەر هێندە واز لە کچەکەم بێنە . »

کابرا وەڵامی دایەوە : « باشە ، جەنابی پاشا . کچی خۆت بۆ خۆت بەو مەرجەی تا نۆکەرەکەم پێی هەڵدەگیرێ زێرم بدەیتێ . » ئینجا هەموو بەرگدروەکانی شاری ڕاسپارد بۆ ئەوەی کیسەیەکی بۆ بدوورن . ماوەیەکی زۆر پێوە خەریك بوون تا کیسەکە تەواو بدو . ئەو کابرا بەهێزەی درەختەکانی ڕیشەکێش کردبوو کیسەکەی بە شانی داداو چوە حوزوور پاشا .

پاشا کە چاوی پێکەوت گوتی : « ئەم کابرایە دەبێ کابرایەکی چەند بەهێز بێ ئەم کیسە گەورەیەی بە شانی داداوە . »
پاشا زۆر ترسا . ئاخر کیسەی وا گەورە چۆن بە زێر پڕ دەبێتەوە ! »
پاشا فەرمانی دا یەك تۆن زێڕیان هێنا بەشەست زەلام هەڵیانگرتبوو .
کابرای بەهێز بە دەستێك بڵندی کردو ڕووی کردە ناو کیسەکەو گوتی :

« بڕۆن هێشتا بێنن . بنی کیسەکەش بەوەندە پڕ نابێ .»
پاشا وردە وردە ناردی تا هەموو گەنجینەکەیان هێناو کابرای بەهێز هەر لە کیسەی کرد و هێشتا نیوەیشی پڕ نەبوو .
کابرا گوتی : « هێشتا بێنن ، ئەوەندە هەر هیچ نیە ! » ناچار حەفت هەزار گالیسکەی پڕ زێڕیان هێنا ، کابرا هەمووی لەناو کیسەکە کرد : زێڕو گالیسکەو گاو هەموو شتێکی تێکرد . کیسە هەر پڕ نەبوو . کابرای بەهێز گوتی :

« هەرچی بینن وەری دەگرم ، هەر هێندە کیسەکە پڕ ببێ . هەرچی کەوتە بەر دەستیان هێنایان و خستیانە ناو کیسەکە ..
دواجار کابرا گوتی : « وا چاکە بەمەندە واز بێنم . جگە لەوەش ئەگەر کیسەکە پڕ نەبێ هەڵگرتنی ئاسانترە ! »

ئیدی کیسەکەی بە کۆڵی داداو لەگەڵ هاوڕێکانی ڕۆیشت . کە پاشا دیتی ئەم تاکە کەسە هەموو سامانی وڵاتەکەی برد ، قینی جۆشا . فەرمانی دا سوارەکانی بۆئەوەی بکەونە شوێن ئەم شەش کەسەو بە هەر نرخێك بێ کابرای بەهێزو کیسەکە بێننەوە .
خێرا دوو تیپ سەرباز چوونە دواپان و تێیان ڕاخوڕین : « دەربازبوونتان بۆ نیە ! ئەو کیسە زێڕە دانێن نەوەك پارچە پارچەتان دەکەین . »

ئەو کابرایەی فووی دەکرد نەڕاندی : « ئەوە ئێوە چ دەڵێن ؟ ئێمە لە دەست ئێوە دەرباز نابین ؟!! »
کابرا لالووتێکی گرتو بە لالووتەکەی ترد فووی کرد و هەر دوو تیپی فڕاندە ئاسمان . تیپێك بەسەر زوورگەکانی دەستە ڕاستو تیپێك بەسەر زوورگەکانی دەستەچەپدا فڕین . سوپاسالارێك پاڕایەوە بۆئەوەی بەزەیی پێدا بێتەوە و گوتی : « من کابرایەکی ئازام و نۆ برینم لەلەشدایە . شایەنی ئەم دڵڕەقیە نیم . »

کابرای فووکەر نەختێ هێدی کردەوە تا سوپاسالارەکە کەوتەوە سەر زەوی ئینجا پێی گوت :

« ئێستا بڕۆوە لای پاشاو پێی بڵێ چەند تیپی تری هەیە هەمووی ڕەوان بکا تا بە یەك فوو بیانبەمە ئاسمان . »

کە پاشا ئەم خەبەرەی بیست ، گوتی :

« لێگەڕێن با ئەو خوێڕیانە بڕۆن . سزای ئەم فوانە هەر وەردەگرنەوە ! »

بەم جۆرە شەش هاوڕێکە هەموو سامانی ئەو وڵاتەیان بردو لەناو خۆیانەوە بەشیان کرد و تا مابوون بە شادیو دڵنیایی ژیان .

# ٢٩ هانزل‌و گرێتل

دارکەرێك بە خۆو بە ژنەکەی‌و بە دوو مندالی پێکەوە لە نزیك دارستانێکدا دەژیان . دوو منداڵەکە : یەکێ کوڕ بوو ناوی هانزل بوو ، ئەوەی‌تر کچ بوو ناوی گرێتل بوو . ئەو خێزانە زۆر دەستکورت و بێ نەوا بوون . ماوەیەك پێ چوو گرانی داهات‌و ئەو خێزانە وایان لێهات نانی ڕۆژانەیان پێ پەیدا نەدەبوو . ئێوارەیەك کە چوونە ناو جێ ، کابرا سەراسیمە بەدەست گیروگرفتەوە ، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشاو بە ژنەکەی گوت : « داخۆ چیمان بەسەر بێ ؟ خواردن لە کوێ منداڵان پەیدا بکەین کە هیچمان بۆ خۆمان پێ‌پەیدا ناکرێ . »

ژنە وەڵامی دایەوە : « پیاویژگە ، من پێت‌دەڵێم . سبەی بەیانی زووزوو منداڵەکان دەبەینە شوێنێکی هەرد چڕی دارستان . ئاگریان بۆدەکەینەوەو بەکەو پارچە نانیان دەدەینێ و دەچینە دوای ئیشی خۆمان و یەکجاری جێیان دێڵین . هەڵبەت وێڵ دەبن‌و بە ماڵەوە ناکەونەوەو لە کۆڵمان دەبنەوە . »

کابرا گوتی : « حورمێ ، نابێ . شتی وا ناکەین ! قەت دڵم نایە منداڵەکانم بە تاقی تەنێ لەناو دارستان جێ بێڵم . دڕندە پەل پەلیان دەکەن »

ژنە گوتی : « بەخوا پیاوێکی گێلی : ئەگەر وا نەبێ هەرچوارمان پێکەوە لە برسان دەمرین . »

ژنە ئۆقرەی لە کابرا هەڵگرت . کابرا ڕازی بوو ، گوتی : « باشە . بەڵام لە خەمی منداڵەکانم وەزگ دەدەم . »

دوو منداڵەکە لە برسان خەویان لێ‌نەکەوتبوو ، گوێیان لە قسەی زڕدایکیان بوو . گرێتل زۆر بە کوڵ گریاو گوتی : « تارە فەوتاین ! »

هانزل گوتی : « گرێتل هێور بەوە ، مەگری ، چارەیەك دەدۆزمەوە . »

کە دایك‌و باوك نووستن ، هانزل هەستا چاکەتی بچووکی کردە بەرو دەرگای کردەوەو چوە دەرەوە . مانگ لە ئاسمان دەدرەوشایەوەو بەردی سپی دەوروبەری ماڵێ وەکو دراوی تازە کووره دەبریقانەوە . هانزل گیرفانەکانی لەو بەردانە هەڵاخنی ئینجا گەڕایەوە لای گرێتل‌و گوتی :

« خوچه ، دڵنیا به ، بێ خه‌م بخه‌وه ، خوا پشتمان تێ ناکا . »
هانزل چوه ناو جێ و نووست .
له‌گه‌ڵ گه‌ردوگۆڵی به‌یان ژنه هات و گوتی : « ته‌وه‌زه‌لینه ، له خه‌و ڕابن :!. هه‌ستن بچینه دارستان دار بێنین . »
ئینجا یه‌که‌و پارچه نانی دانێ و گوتی : « ئه‌مه بۆ فراوین ، به‌ڵام پێش فراوین نه‌یخۆن چونکه چیترتان ناده‌مێ . »
گرێتل نانه‌که‌ی له بن به‌ر هه‌ڵبێنه‌ی نا چونکه هانزل گیرفانه‌کانی گیرا بوون ، هه‌موو پڕ به‌رد بوون . هه‌موو به‌ره‌و دارستان ڕۆیشتن ، ناو به‌ناو هانزل ده‌وه‌ستاو ئاوڕی له زنجه‌که‌یان ده‌دایه‌وه . باوکی گوتی :
« هانز ، ئه‌وه ڕاده‌وه‌ستی ئاوڕ له چ ده‌ده‌یته‌وه ؟ وریا به خۆش بڕۆ نه‌کوو دوا ده‌که‌وی »
ها نزل گوتی : « باوکه ، ته‌ماشای پشه سپی ده‌که‌م له سه‌ر بان وه‌ستاوه ماڵاواییم لێ ده‌کا ! »
دایکه گوتی : « هێره ، ئه‌وه پشیله‌تیه ، ڕۆژی ده‌مکه‌له له‌سه‌ر دووکه ڵکێش ده‌بریقێته وه !! »

ڕاستیه‌که‌ی هانزل سه‌یری پشیله‌ی نه‌ده‌کرد . هه‌ر جارێ که ده‌سه‌نگرایه‌وه به‌ردێکی به‌رده‌دایه‌وه سه‌ر زه‌وی .
که گه‌یشتنه ناوه‌ندی دارستان ، باوك گوتی : « منداڵینه ، ئێستا هه‌ندێ دار خڕ که‌نه‌وه با ئاگرێك بکه‌ینه‌وه خۆتان گه‌رم بکه‌نه‌وه . »
هانزل و گرێتل که‌وتنه کۆکردنه‌وه‌ی چیلکه‌و قۆپه‌نه‌یه‌کی زلیان کۆکرده‌وه‌و ئاگریان تێ به‌ر دا . که ئاگر بڵێسه‌ی دا ژنه‌که گوتی : « بۆ خۆتان له به‌ر ئه‌م ئاگره دانیشن و بحه‌سێنه‌وه . ئێمه ده‌چین هه‌ندێ دار ده‌بڕین که لێ بووینه‌وه دێین ده‌تانبه‌ینه‌وه . »

هانزل و گرێتل له‌به‌ر ئاگر دانیشتن . که وه‌ختی فراوین هات هه‌ر که‌سه پارچه نانی خۆی خوارد . له‌و ماوه‌یه‌دا ده‌نگێکیان ده‌هاته گوێ و وایان ده‌زانی ده‌نگی ته‌ور وه‌شاندنی باوکیانه به‌ڵام ڕاستیه‌که‌ی ده‌نگه‌که ده‌نگی ته‌ور نه‌بوو . کابرا چله دارێکی له دره‌ختێکی وشك به‌ستبووه‌وه ، با ده‌یهێناو ده‌یبرد و به داره‌که‌ی داده‌دا و ئه‌و ده‌نگه‌ی لێوه ده‌هات .
منداڵه‌کان تا وه‌ڕس بوون دانیشتن ئینجا چاویان که‌وته سه‌ریه‌ك و نووستن . که به‌خه‌به‌ر هاتن شه‌وێکی تاریك بوو ..
گرێتل ده ستی به گریان کرد : « چۆن له‌م دارستانه ده‌رباز بین ؟ »

مانزل هێمنی کردەوەو گوتی : « نەختێ بوەستە تا مانگ هەڵدێ ئەو . وەختە بە ئاسانی ڕێمان دەدۆزینەوە ! »

کە مانگ هەڵات هانزل دەستی خوشکی بچکۆلەی گرت و ڕۆیشتن . شوونی بەردەکانیان هەڵگرت کە وەکو دراوی تازە کووره دەبریقانەوە . ئەو شەوە تا بەیانی ڕۆیشتن . بەیانی گەیشتنەوە زنجی خۆیان . لە دەرگایان دا . کە ژنە دەرگای کردەوەو هانزل و گرێتلی دی گوتی : « مندالی چەتوون و هەڵەپاسینە ! ئەوە بۆ هێندە لە ناو دارستان مانەوە ؟ گوتمان تازە نایەنەوە . »

بەڵام باوکیان زۆر شادو بەختەوەر بوو چونکە دڵی نەدەهات بە تەنێ جێیان بێلێ .

زۆری نەبرد . خێزانەکە دیسان کەوتنەوە تەنگانەو ئازووقەیان بڕا .

شەو منداڵەکان گوێیان لێ بوو ژنە بە کابرای گوت : « دیسان ئەوەی هەبوو هەمووی خورا و ماوە نە ماوە یەك کەرتەنان . پێویستە ئەم منداڵانە بڕۆن ! دەبێ بیانبەینە ناو دارستان و بەرەڵلایان بکەین . ئەمجارە دەبێ زۆر دووریان ببەین تا وەماڵێ نەکەونەوە . لەوە زیاتر چارمان نیە . »

کابرا دڵی نەدەهات شتی وا بکات ، گوتی : « چاکتر وایە تا چنکە نانێك مابێ لەگەڵ منداڵەکانمان بیخۆین . » بەڵام ژنە هیچ گوێی بە قسەی کابرا نەدا ، بگرە سەرزەنشیشی کرد .

ئەوەی ئیشێ بکا لێی ڕادێ . جا لەبەر ئەوەی باوکە جاری یەکەم بەم ئیشە ڕازی بوو جاری دوەمیش ملی بۆ دانەواند . منداڵەکان ئەمجارەش واگا بوون و گوێیان لە قسەکان بوو .

کە ژن و مێرد نووستن . هانزل دیسان لە خەو هەستا . ویستی بچێتە دەرەوە هەندێ بەرد بێنێ بەڵام ژنە دەرگای کیل دا بوو . ئیدی مانزل نەیتوانی بچێتە دەرەوە . لەگەڵ ئەمەشدا دڵی خوشکی دایەوەو گوتی : « گرێتل مەگری ، بڕۆ بخەوە ، خوا فریامان دەکەوێ » سبەینێ زوو ژنە منداڵەکانی هەستاند . یەکەو لەتە تانی دانێ بەڵام لە لەتەنانی جاری پێشوو بچووکتر بوون . کە بۆ دارستان دەچوون هانزل ڕێ لەتە نانەکەی گیرفانی ورد دەکردو ناو بە ناو هەلوەستەیەکی دەکردو پارچەیەکی بچووکی بەردەدایەوە سەر زەوی .

باوکی لێی پرسی : « هانزل ، ئەوە ڕادەوەستی تەماشای چ دەکەی ؟! »

هانزل وەڵامی دایەوە : « تەماشای کۆترەکەم دەکەم لەسەربان هەڵنیشتوە ماڵاواییم لێ دەکا . »

ژنه گوتی : « هێره ، ئەوه کۆتر نیه . ڕۆژی دەم کەلە لەسەر دووکەڵکێش دەدرەوشێتەوه . »

لەگەڵ ئەمەشدا هـانزل هـەر بەردەوام بـوو جار جـار پارچـەنانێکی بەردەدایەوه .

ژنه منداڵەکانی ئەوەنده بۆ ناو جەرگەی دارستان دوور خستـەوه کە پێشتر قەت نەگه یشتبوونه ئەو شوێنه . دیسان ئاگرێکی گەورەیان کردەوه و ژنه گوتی : « منداڵینه ، ئێوه لێره بن . که ماندووبوون بۆ خۆتان نەختێ بخەون . ئێمه دەچین هەندێ دار دەکەین و ئێواریێ که تەواو بووین دێین دەتانبەینەوه . »

که وەختی فراوین هات ، هانزل هیچی نەبوو بخوا چونکه لەتەنانی خۆی بە سەرڕێ وەرکرد بوو جا گرێتل له لەته نانەکەی خۆی بەشی هانزلی داو پاش فراوین نووستن بەڵام کەس نەچوو بیانباتەوه . که واگا هـاتن دنیا تـاریك بـوو . هانـزل دڵی خوشکی بپـووکی دایەوەو گـوتی : « نـەختێ چاوەڕێبه تا مانگ هەڵدێ ئینجا شوونی پارچه نـانەکـان هەڵدەگـرین و دەگەینەوه ماڵێ . »

که مانگ هەڵات بەڕێ کەوتن بەڵام هیچ پەلکەنانیان نەدیتەوه چونکه هەزاران هەزار باڵندەی ناو دارستان نانەکەیان خوارد بوو .

هانزل به گرێتلی گوت : « ئێستـا ، ڕێگا دەدۆزینـەوه ! » بەڵام ڕێیـان نەدۆزیەوه . ئەو شەوه تا سبەینی . ڕۆژی پاشی تا ئێواریێ ڕۆیشتن بەڵام لەو دراستانه چڕەدا ڕێیان دەرنەبرد . زۆر برسی بوون چونکه لە هەندێ توو بەو لاوه که له ڕێگا هەڵیان گربتوەوه هیچیان نەبوو . ئەوەنده شەکەت و ماندوو بوون لاقیان له دوو نەدەهات . ئیدی له ژێر درەختێـك ڕاکشان و کەوتنه خەو .

کـه بەیـانی ڕۆژی سێیەم واگـا هاتن له زنجـەکەی خـۆیان دەکـەلی کەوبتوون . شۆڕبروونەوه ناو جەرگەی دارستان . نیوەڕۆ بـالندەیـەکی بەفرینی جوانیان دی لەسەر درەختێك هەڵنیشتبوو به دەنگێکی زۆر خۆش دەیخوێند ، هانزل و گرێتل ڕاوەستان و گوێیان بۆ شل کرد . که له خـوێندن بـوەوه باڵی لێـك داو خولێکی بـه دەورەدا خواردن وڕۆیشت . منداڵەکان هێدی هێدی به دوایدا چـوون تا گـەیشتنه زنجێکی بچـووك باڵندەکه لەسەر زنجەکه هەڵنیشت .

کەله زنجەکه نزیکتر کەوتنەوه دیتیان ئەو زنجه بچووکه دیواری نان و بانی کێك و پەنجەرەی شەکری ڕوونه . هانـزل گوتی : ددبـومان بـوو !!

تێرپڕده خۆین . من پارچەیەك لەم بانەدەخۆم گرێتل تۆش نەختێ لە پەنجەرەکە بخۆ زۆر خۆش و بەتامە ! » .

هانزل چوە سەر بان ونەختێکی لە بانەکە کردەوە بۆ ئەوەی بزانێ تامی چۆنە . گرێتل چوە لای پەنجەرەو قەپێکی لێ دا .

دەنگێکی ناسك لە ژوورەوە هات :

ئەوە کێیە
وەکو مشك ـ قرت قرت قرت قرت
خانووی بچکۆڵەم دەقرتێنێ ؟
منداڵەکان وەڵامیان دایەوە :
( بای )ی دێ ، ( با )
( با ) ی لە ئاسمان
بۆ عەرد دێ

هیچ خۆیان تێك نەدا . لە خواردنی خۆیان نەکەوتن ، هانزل نانەکەی زۆر پێ خۆش بوو ، پارچەیەکی گەورەی بۆ خۆی لێ کردەوە . گرێتلیش میناى گەورەی سەراپای پەنجەرەی دەرهێناو لەسەر زەوی دانیشت و کەوتە خواردنی .

کتوپڕ دەرگا کرایەوە . پیرەژنێکی پیر پیر ، خۆی بەسەر داروەکارەکەی دادا بوو ، بەشەلەشەل هاتە دەرێ .

هانزل و گرێتك زەندەقیات چوو . لە ترسان چی بە دەستیانەوە بوو فڕێیان دا . پیرەژن هەر هێندە سەری باداو گوتی : « ئۆی ، منداڵەئازیزەکان ! ئەوە کێ ئێوەی هێناوە ؟ وەرنە ژوورەوە لێرەی کەس ئازارتان نادا » .

پیرەژن دەستی گرتن و بردنیە ناو زنجە بچووکەکەی خوارد نێکی خۆشی لە پێشی دانان ـ کێك ، شەکر ، شیر ، سێو گوێز . پاشان دوو چوارپای سپی بچووکی نیشان دان وگوتی : ئەوەش پێخەف . بڕۆن بخەوە ، منداڵەکان وایان دەزانی بەهەشتدان . هەرچەندە کە پیرەژن خۆی بە برادەر دەنواند بەڵام ڕاستیەکەی سیحربازێکی بەدکار بوو . لەمێژ بوو لەهێڤی منداڵە کان بوو هەر بۆیەش ئەو خانوەی لە خۆراك دروست کردبوو تا ڕایان بکێشێ ئەو پیرەژنە هەر منداڵێکی بکەوتبایە بەر دەست دەیبرژاند دەیخواردو ئەمەی بە زیافەتێکی گەورە دەزانی .

سیحرباز چاویان سووره وزۆر حوکم ناکا بەڵام بونیان بەهێزەو لە دوورەوە بۆنی نزیك بوونەوەی بنیادەم دەکەن ، جا کە هانزل وگرێتك لێی

نزيك بوونەوە پيرەژن لەبەر خۆيەوە بە مخەننەتی پێکەنی و بەتانەوە گوتی : « تازە کەوتنە بەر دەستم . ڕزگار نابن ! »

سبەينێ زوو ، پيرەژن پێش منداڵەکان خەبەری بوەوە . کە ديتی منداڵەکان بە ڕوومەتی گولێنەوە نوستوون لەبەر خۆيەوە منگاندی : « دەبن بە ژەمێکی خۆش ! » ئينجا پيرەژن بەدەستی هەر ئێسک وپێستەوە هانزلی گرت و بردیە تەويلەيەکی بچووک ودەرگای ئاسنينی لەسەر کليل دا وئەوەندەی هانزل هات و هاواری کرد هيچ گوێی پێ نەدا ئينجا چوە لای گرێتل و ڕايژەنی تا واگا هاو گوتی : « زەغەلۆی هەستە هەندێ ئاو بێنە و شتێکی خۆش بۆبرات لێ بنێ . برات وا لەناو تەويلەيەو دەبێ قەڵەو بێ بۆ ئەوەی کە قەڵەو بوو بيخۆم . » .

گرێتل بە کوڵ گويا بەڵام بێ هوودە بوو . ناچار بوو فەرمانی سيحربازەکە بەجێ بێنێ باشترين خواردنی بۆ هانزلی کڵوڵ بەڵام خۆی تەنيا کەمێکی خوارد .

پيرەژن هەموو سبەينان بەشەلەشەل دەچوە لای تەويلەو هاواری دەکر : « هانزل ، پەنجەت دەربێنە بزانم چەند قەڵەو بووی ؟ ! » .

هانزل ئێسکێکی دەبردە دەرەوە . پيرەژن چاوی کز بوو باشی نەدەدی ، وای دەزانی ئەوە پەنجەی هانزلە پيرەژن زۆر سەرسام بوو کەهانزل قەڵەو نابێ .

چوار حەفتە تێپەڕی هانزل هەر لاواز بوو . پيرەژن سەبری بڕا وهاواری کرد : « گرێتل خێرا بڕۆ ئاو بێنە . هانزل لاواز بێ يان قەڵەو هەر دەيخۆم » .

دوای گرێتل خەمی بۆ هانزل خوارد ! کەچوو ئاوی هێنا فرمێسك لەسەر ڕوومەتی جۆگەی بەستبوو ، هاواری کرد : « خوايە ، بگەرە فريا مان خوزی جانەوەری ناو دارستان بيانخواردباين هەر هيچ نەبايە پێکەوە دەمردين !» .

پيرەژن گوتی : « گريان وکرووزانەوە داد نادا » . سبەينێ زوو گرێتل چوە دەرەوە ، کتلی پڕ ئاو کرد . ئاگری کردەوەو کتلی وەسەرنا .

پيرەژنە سيحربازەکە گوتی : « جارێ لە پێشەوە نان دەپێژين . تەندورم سورکردۆتەوە هەويرم شێلاوە .» .

جا پاڵی بە گرێتلی مل بە کۆينەوە نا بۆ لامی تەندورو گوتی : « بڕۆ ناوی بزانەباش سوور بۆتەوە ؟ تا نانی پێوە بدەين ! » .

پيرەژن داينا بوو کە گرێتل کەوتە ناو تەندورەکە دەرگای لەسەر

دابخات و بیبرژێنێ بەڵام گرێتل لە نیازی گەیشت و گوتی : « ئاخر نازانم چۆن چۆنی بچمە ژوورەوە .»

سیحربازەکە هاواری کرد : « هەی گێلّ و وێلّ ، بە کونە گەورەکەوە دەچیت ، تەماشاکە منیشی پێیەوە دەچم »

سیحربازەکە بە شەلەشەل چوە پێش و سەری بردە ناو تەندوور گرێتل پاڵێ پێوە ناو سیحربازی فڕێ دایە ناو تەندوورو دەرگای لەسەر توند قایم کرد .

سیحرباز کردی بە هات و هاوار و دادو فیغان بەڵام گرێتل پیرە سیحربازی لەناو تەندوور بەجێ هیشت تا بسووتێ لەولاوەش غاری دایە لای تەویلەو دەرگای کردەوەو هاواری کرد : « هانزل ، ڕزگار بووین ، پیرەسیحربازەکە تێ چوو » .

کەدەرگا بوەوە هانزل وەك باڵندەیەك کەلەقەفەس بەربووبێ ئاوا دەرپەڕی ، تا بڵێی شادو بەختەوەر بوو . لەگەڵ خوشکی دەستیان کردە ملی یەکترو راموا وسی وداڵیانبەستە ، کەبەتەواوی ترسیان ڕەویەوە چوونە ناو ماڵی سیحربازەکە . خانوو پڕ سندووقە مرواری و بەردی بەهادار بوو ..
هانزل گیرفانەکانی پڕ کردو گوتی : « ئەمانە لەبەردی ئاسایی چاکترن ! » .

گرێتل گوتی : « منیش دەبێ شتێ لەگەڵ خۆم ببەمەوە ماڵێ » .
ئەویش بەرهەڵبێنەی پڕ کرد .

هانزل گوتی : « دەبا ئێستا بڕۆین بۆئەوەی لەم دارستانە سیحریە دەرباز بین » .

زۆر دوور نەکەوتبوونەوە کەیشتنە ئاوێکی گەورە ، هانزل گوتی : « پێشمان ناکرێ لەم ئاوە بپەڕینەوە . نە بەردەبازی لێیە ، نە پرد ! » .
گرێتل وەڵامی دایەوە : « هیچ بەلەمیش نیە ، بەڵام ئەوەتا مراویەك مەلەوانی دەکا ئەگەر داوای لێ بکەین ڕەنگە یارمەتیمان بدا . جا هاواری کرد :

مراویلە ، واق واق کەرە !
گرێتل و هانزل وەستاون
پردو بەردەبازیان نیە
وەرە لەپشتی خۆتمان بکە .

مرواری بە مەلەوانی هاتە لایانەوە . هانزل چوە سەر پشتی و بەگرێتلی

گوت خوشکم تۆش وەرە سەر ملی من بەڵام گرێتیل وەڵامی دایەوە : « نە ، با یەك یەك بمانپەڕێنیتەوە وانەبێ تۆ مراویەکە گرانە .» .

مراویلەی خێرەومەند هەردووکی پەڕاندەوە .

کەپەڕینەوە ماوەیەك ڕۆیستن تا دەهات دارستانەکە ئاشناتر خۆی دەنواند تا وای لێ هات لە دوورەوە چاویان بە زنجەکەی باوکیان کەوت . هەڵیان کردە غارێ وخۆیان بەژووری دادا ودەستیان لە ملی باوکیان دەرهێنا .

کابرا لەو ساتەوە کە مندالەکانی لە ناو دارستان جێ هێشتبوو هیچ خۆشی لە خۆی نەدی بوو . ژنەکەیشی لەو ماوەیە کۆچی دوایی کرد بوو .

گرێتل بەهەڵبێنەکەی ڕاوەشاندو مرواری و بەردی بەهاداری بە گۆڕێ وەر کرد .

هانزلیش چەنگ چەنگ مرواری وبەردی بەهاداری لەگیرفانی دەرهینا .

بەم چۆرە هەموو گیروگرفتەکەیان کۆتایی هات و بەو پەڕی شادی و بەختیاری پێکەوە ژیان .

# ٣٠ - ( جۆن )ی دڵسۆز

هەبوو .. نەبوو .. پاشایەکی بە ساڵاچوو هەبوو ، پاشا نەخۆش کەوت ولەدڵی خۆیدا گوتی : « جاری پێ بچم ئەم جارەیە . تازە لەم دەردە گرانە ڕاست نابمەوە » .

جا گوتی : « بۆم بانگی - جۆن - ی دڵسۆز بکەن » چۆنی دڵسۆز خۆشەویستترین نۆکەری پاشا بوو . بۆیەش ناویان نابوو جۆنی دڵسۆز چونکە بە درێژایی ژیانی دڵسۆزانە خزمەتی پاشای کرد بوو .

کە چۆن هاتەسەرینگانی پاشا ، پاشا پێی گوت : « جۆنی دڵسۆز هەست دەکەم دوا دواییمە تازە ڕاست نابمەوە یەك خەمی گەورەم لەسەر دڵ بۆتە کەسەر ئەویش خەمی کوڕەکەمە کوڕەکەم هێشتا ساوایەو کارو باری خۆی پێ بەڕێوە ناچی ئەگەر تۆ پەیمانم پێ نەدەی کە پاش مەرگم ئامۆژگاری بکەیت و ببی بە لەلەی ڕاستەقینەی و لە هەموو کارو بارێك یارمەتی بدەی ئەوە بەدڵێکی پڕ کەسەر دەمرم و لەناو گۆڕیش خۆشی لە خۆم نابینم » .

جۆنی دڵسۆز گوتی : « خەمت نەبێ قەت وازی لێ ناهێنم ئەگەر ژیانی خۆیشم لەسەر دانابێ هەر بە دڵسۆزی خزمەتی دەکەم »

پاشای بەساڵاچوو گوتی : « کەواتە بە دڵنیایی دەمرم . وەسیەت بێ پاشی مەرگم کوڕەکەم بەناو سەراپای کۆشکێدا بگێڕە . هەموو ژوورەکان ، هۆڵەکان ، ژێرزەمینەکان ، چی گەنجینە هەیە ، هەمووی پیشان بدە بەلام مەیبە ناو دوا ژووری دالانی درێژ چونکە شکڵی کچی پاشای کۆشك زێرینی تێدایە وئەگەر چاوی بەو شکلە بکەوێ بەجۆرێکی وا ئەشقی دەبێ یەکسەر لەوێ دەبوورێتەوەو پاشانیش بۆ خاتری ئەو کچە سەر هەڵدەگرێ و خوی دەخاتە زۆر مەترسی گەورەوە . جا دەبێ زۆر ئاگاداری بیت » .

کەجۆنی دڵسۆز پەیمانی پێداو دەستی خستەناو دەستی پاشا ، پاشا کپ و بێ دەنگ سەری خستە سەر بالیف و گیانی سپارد .

پاش ئەوەی پاشا نێژراو تازیو خێر هەڵگیرا ، جۆنی دڵسۆز بۆ شازادەی گێڕایەوە کەلە سەرەمەرگدا چ پەیمانێکی بە باوکی داوەو گوتی : کەتازی وخێر هەڵگیرا . جۆنی دڵسۆز بە شازادەی گوت : « ئێستا وەختی ئەوەیە میراتی خۆت ببینی . وەرە با سەراپای کۆشکی باوکت پێشان بدەم » .

چۆن شازادەی بەناو سەراپای کۆشکەکەدا گێرا . تەوەمی سەری و

خواریٚ و هەموو گەنجینەی ژوورەکانی پیشتان دا تەنیا یەك ژووری پێشان نەدا ـ ئەو ژوورەی شکلی کچەکەی تێدا بوو . شکڵەکەوا دادەندرا بووکە دەرگا دەبووەوە یەکسەر لە چاوت دەچەقی . ئەوەندە جوان دروست کرا بوو سەد سوێندت دەخوارد هەناسە دەداو دەجووڵێتەوە . لەم هەموو دنیایەدا شتی وا جوان و ناسك نەبوە .

شازادە هەستی کرد جۆنی دڵسۆز ئەم ژووره دەبوێرێ . لیێ پرسی : « چۆن ! بۆچی ئەم دەرگایە ناکەیتەوە ؟ » .

جۆن وەڵامی دایەوە : ئاخر ، شتێکی وای تێدایە چاوت پێ بکەوێ دەتئەنگێوێ » .

شازادە گوتی : « سەراپای کۆشکم دیوە. دەبێ بزانم ئەم ژوورەش چی تێدایە » ویستی خۆی دەرگا بکاتەوە . جۆن گوتی : « من لە سەرە مەرگدا پەیمانم بەباوکت داوە شتەکەی ناو ئەم ژوورەت پیشان نەدەم جا ئەگەر پەیمانەکە بشکێنم بۆی هەیە من و تۆ تووشی بەدبەختیەکی گەورە ببین .» .

بەڵام شازادە گوتی : « تازە ئەگەر نەچمە ناو ئەم ژوورە، قەت ناحەوێمەوەو شەوو رۆژ ئۆقرەم لێ هەڵدەگیرێ . تا ئەم ژوورەم بۆ نەکەیتەوەو بە چاوی خۆم نەبینم چی تێدایە لێرە نابزووم » .

جۆنی دڵسۆز دیتی چاری ناچارە . بە دڵێکی گران و بەهەناسە ساردی کلیلی ژوورەکەی لەناو کۆمەڵە کلیلێك دەرهێناو کە دەرگای کردەوە یەکەم جار خۆی چوە ژوورەوە بۆ ئەوەی لە پێش شازادە بوەستێ بەڵکو شازادە چاوی بە شکڵەکە نەکەوێ بەڵام کەلکی نەبوو . شازادەلەسەر پەنجەی پێ راوەستاو لەسەر شانی جۆنەوە روانی وکە چاوی بە وێنەکە کەوت و دیتی ئەوەندە جوان و نازدارەو ئەوهەموو زێرو مرواریەی لێ دەبریقێتەوە یەکسەر کەوت و بوورایەوە .

جۆنی دڵسۆز شازادەی هەڵگرتەوە . بردیە ناو جێ و بالینگان ولە دڵی خۆیدا گوتی : « وای لە خۆمان ! خراپمان لێ قەوما ! داخو چیمان بەسەر بێ .» .

بەزەبری شەراب هێزو گوڕمی خستەوەبەر شازادەو هێنایەوە سەرخۆ . شازادە یەکەم قسەی ئەوە بوو گوتی : « وای لەو شکڵە جوانە ! ئەوە شکڵی کێیە ؟! »

جۆنی دلسۆز وەلامی دایەوە : « ئەوە شکلێ کچەپاشای کۆشك زێرینە ! » .

شازادە گوتی : « ئەشقی ئەو کچە لەسەری داوم . ئەوەندەم خۆش

دەوی ئەگەر گەلای هەموو درەختی دارستانان زمان بن باسی ئەو خۆشەویستیە تەواو نابێ گیانم دەکەمە مەروونە هەر بۆ ئەوەی پێی شاد بم . جۆنی دڵسوز . دەبێ تۆش لە پشتم بی ! »

نۆکەری دڵسۆز ماوەیەکی زۆر لێکیدایەوە چۆن ئەو کارە ڕاپەڕێنن . وای دەزانی تەنیا بینینی ئەو کچە کارێکی زۆر گرانە ! » .

لە دواییدا چارەیەکی دۆزیەوە ، بە شازادەی گوت : « کچە هەموو شتێکی هەر زێڕە ـ مێزە کورسی ، ئامان ، پەرداخ ، لەگەن بگرە هەموو کەرەستەی ناومالّی زێڕە . تۆ پێنج تۆن زێڕت لە گەنجینەدا هەیە . وا بکە زێڕینگرەکانی وڵات ئەو زێڕە هەمووی بکەنە هێرباروتفاقی ناومالّوبالّندەو کێوی‌و جانەوەری سەیر سەیر بۆ ئەوەی بتوانی بەو شتانە دلّی کچە ڕابکێشی . جا کەئەم هەموو شتانە ئامادە بوو سەر هەلّدەگرین و دەڕۆین ، بزانین چارەنووس چۆن دەبێ .

شازادە بە دوای هەموو زێڕینگرانیدا نارد . زێڕینگرەکان شەوو ڕۆژ کەوتنە سەر ئیش‌و شتی نایاب‌و دەگمەنیان دروست کرد .

کەتەواو بوو هەموو شتەکانیان لە کەشتی بار کردو جۆنی دلسۆزو شازادە بەرگی بازرگانانیان کردە بەر تا کەسی نەیانناسی . هەر ڕۆیشتن ڕۆیشتن تا گەیشتنە شاری کچەپاشای کۆشك زێڕین .

جۆنی دڵسۆز بە شازادەی گوت لەناو کەشتی بمێنێتەوەو چاوەڕێ بکا ، گوتی : « وا دەچم ، بەڵکو بتوانم کچەپاشاکە لەگەلّ خۆم بێنم وریا بە هەموو شتی ڕێك خە ، هێرباره زێڕەکان لەو ناوە بلاو بکەوەو سەراپای کەشتی برازێنەوە » .

جۆن لەهەر جۆرە شتێ نموونەیەکی بردو یەکسەر چوە کۆشکی شاهانە . کە گەیشتە حەوشەی کۆشکێ کچێکی جوان لەسەر بیر وەستا بوو دوو دەولکی زێڕی بە دەستەوە بوو ئاوی هەلّدێنجا کە کچە ئاوڕی دایەوە چاوی بە کابرای بیانی کەوت‌و لێێ پرسی داخۆ کێیە ؟ وچی دەوێ ؟

جۆن وەلامی دایەوە : « بازرگانم » جا شتەکانی پیشان دا کچە هاورای کرد : « ئۆی لەو شتە جوانانە! » دەولکەکانی دانا سەر عەردو شتە زێڕە کانی هەلّگێڕو وەرگێڕ کردو یەك یەك تەماشای کردن‌و گوتی : « دەبێ کچی پاشا ئەم شتانە ببینێ زۆری هەوەس بە شتی زێڕ دێ . ببینێ هەمووت لێ دەکڕێ » .

کچە قەرەواشی پاشا بوو . دەستی جۆنی گرت‌و بردیە ژوورەوە .
کچی پاشا کە چاوی بە هێرباره زێڕەکان کەوت زۆری هەوەس پێ

هات وگوتی :

« بەڕاستی شتی جوانن و جوان کراون . حەز دەکەم هەمووت لێ بکڕم » .

جۆنی دڵسۆز گوتی : « من خۆم بازرگان نیم نۆکەری بازرگانێکی دەوڵەمەندم . ئاغام وا لە ناو کەشتیەو ئەوەندەی شتی زێڕ هێناوە ئەمانە هەر هیچ نین لە چاو ئەوان ... جوانترین و بەهادارترین شتی زێڕی پێیە .

کچە پاشا گوتی : « هەمووم بۆ بێنە ! » .

جۆن گوتی : « شتەکان گەلێ زۆرن هێنانی ئەم هەموو شتە چەند رۆژێکی دەوێ و جێگایەکی زۆر دەگرن لەماڵی تۆ جێیان نابێتەوە » .

کچە زۆری مەراق گرت ، کەوتە داڵغەو ڕامان . لەئەنجامدا گوتی : « کەواتە لەگەڵ تۆ دێمە ناو کەشیتەکەو تەماشای گەنجینەی ئاغاکەت دەکەم » .

جۆنی دلسۆز بە شادومانی کچەی بردە ناو کەشتی و کەشازادە دیتی کچەکە خۆی زۆر زۆر لە شکڵەکە جوانترە دڵی داخوریا .

کچە چوە ناو کەشتی و شازادە زۆر بە گەرمی پیشوازی کردو بە خێری هێنا .

جۆن چوو لە تەنیشت کەشتیوانەکە ڕاوەستاو فەرمانی دا کەشتی باژۆاو گوتی : « هەموو چارۆگەکان هەڵکەن و باش باژۆن با کەشتی وەك تەیری عاسمانان بڕوا » .

شازادە شتە زێرەکانی یەك یەك نیشانی کچەدا ـ قاپەکان ، لەگەنەکان ، باڵندکان ، کێویەکان ، جانەوەرە سەیرەکان تا هەموو شتەکانی بینی چەند سەعاتێکی پێ چوو ، لە خەنی خۆشیان هیچ هەستی نەدەکرد کەشتیەکە دەڕوا کە لە سەیر کردنی شتەکان بوەوە سوپاسی بازرگانەکەی کردو خۆی کۆکردەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ بەلام کە گەیشتە سەر لێوی کەشتی دیتی لە ناوەندی دەریادایەو تەواو لە وشکانی دوور کەوتۆتەوە و کەشتی بەو پەڕی خێرایی دەڕوا .

کچە پاشا بە دەم ترسەوە هاواری کرد : « وای ، تەفردرام ، بازرگان فڕاندمی ، وای ! بریا بمردبام بەلام نەکەوتبامە بەر دەستی ئەو بازرگانە » .

شازادە دەستی گرت وگوتی : « من بازرگان نیم من پاشام ولە تو خانەدانترم . ئەشقی تۆ لەسەری دا بووم . بەدوای تۆدا هاتبووم وئەوە

بوو بە فێڵ تۆم فڕاند . بڕوا بکەکە یەکەم جار شکڵی تۆم بینی یەکسەر
کەوتمو بوورامەوە » .

کاتێ کە کچە پاشای کۆشک زێڕین ئەمەی بیست متمانەی پێ زیاد بوو و
دڵی کەوتە سەر کوڕەو لە ناخەوە ڕازی بوو مێردی پێ بکا .

هێشتا هەر لە ناو دەریادا بوون ، نەگەیستبوونەوە جێ جۆنی دڵسۆز لە
پێشەوەی کەشتی سوار ببوو و سازی لێ دەدا ، سێ قەڵ دی لە ئاسمانەوە
بەسەر سەریاندا دەفڕین و یەکتریان دەدواند جۆن وازی لە سازلێدان هێنا
وگوێی دایە گفتوگۆی قەڵەکان چونکە زۆر باش تێیان دەگەیشت .

یەکەم قیڕاندی : « ئۆی ، ئەوەتانێ کچە پاشای نازداری
کۆشک زێڕین ! »

دووەم گوتی : « وایە ، بەڵام شازادە هێشتا کچەی بە سەلامەتی
نەگەیانۆتەوە جێ . »

سێیەمیش گوتی : « هەر چۆن بێ ، کوڕە کچەی بۆ بوو . کچەی لە تەک
سواری کەشتی بوە ، ئەدی چی دەوێ »

یەکەم هاتەوە قسە : « جا کەڵکی چیە ؟ کە دابەزین ئەسپێکی سووری
ڕێوپانی بەرەوپێشیان دێ ، شازادە هەوڵ دەدا سواری ببێ ئەگەر سواری
ببێ ئەسپەکە هەڵی دەگرێ بۆ ئاسمان و جارێکی تر چاوی بە بووک
ناکەوێتەوە . »

دووەم پرسی : « باشە ، هیچ چارەیەك نیە ؟ » یەکەم گوتی : « با ، ئەگەر
کابرایەك خێرا سواری ببێ و دەمانچە هەڵبکێشێ و گوللەیەك لە ئەسپەکە
بداو بیکوژێ شازادە ڕزگار دەبێ . بەڵام کێ ئەوە دەزانێ و کێ وا دەکا ؟
سەرباری ئەمەش ئەوەی ئەمە بزانێ و ئیشەکەش بکا لە پەنجەی پێی تا
ئەژنۆی دەبێتە بەرد . »

قەڵی دووەم گوتی : « من شتی تریش دەزانم . ئەگەر ئەسپەکەش
بکوژرێ هێشتا بووك هەر مسۆگەر نابێ بۆ زاوا . چونکە کە دەگەنە ناو
کۆشك کراسێکی زاوایی ڕازاوە لەوێ لەناو دەفرێك کەوتوە دەڵێی لە زێڕو
زیو چنراوە بەڵام ڕاستیەکەی زفت و گووگردە . ئەگەر شازادە لەبەری بکا
تا مۆخی ئێسقان دەیسووتێنێ . »

قەڵی سێیەم گوتی : « باشە ، چ چارەیەك نیە ؟! »

دووەم وەڵام دایەوە : « بەڵێ ، ئەگەر کابرایەکی تر پەنجەوانە لە دەست
بکات و کراسەکە بگرێ و فڕێی بداتە ناو ئاگرو سووتێ شازادە ڕزگار دەبێ

بەڵام ئەمە کەڵکی چیە ؟ ئەو کەسەی بەمە بزانێ و بیکا لە ئەژنۆی چۆکەوە تا سەر دڵی دەبێ بە بەرد . »

سێیەم گوتی : « من شتی تریش دەزانم . ئەگەر کراسی زاوایش بسووتێ هێشتا بووک مسۆگەر نیە بۆ زاوا . کە بوو بە زەماوەندو شایی دەستی پێ کرد بووک شامی دەکا لە ناکاو ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و وەك سێ دڵۆپە خوێن لە مەمکی ڕاستەی بگری چاك دەبێتەوە ، ئەگەر نا دەمرێ . بەڵام ئەوەی ئەمە بزانێ و بیکا لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی دەبێ بە بەرد . »

کە قەلەکان لەناوەخۆ ئەم قسانەیان کرد فڕین و دوور کەوتنەوە .

جۆنی دڵسۆز لە هەموو قسەو گفتوگۆیان هێشت ، لەو ساتەوە پەستی دایگرت و خامۆش بوو ، چونکە بیری دەکردەوە ئەگەر لە ئاغای بشارێتەوە تووشی بەدبەختی دەبێ و ئەگەر ئاشکرای بکا خۆی دەبێتە قوربانی . لە دڵی خۆیدا گوتی : « ئاغام ڕزگار دەکەم ، قەیدی نیە با خۆم تێ بچم . » .

کە گەیشتنە سەر وشکانی قەلەکان چۆنیان گوت وا دەرچوو . ئەسپێکی سووری ڕێویانەی زل بەرەو ڕوویان هات . شازادە گوتی : « باشە ، بە سواری ئەم ئەسپە دەچمەوە کۆشکێ . » ویستی سواری ئەسپەکە ببێ جۆنی دڵسۆز پێشی کەوت و سواری ئەسپەکە بوو و خێرا دەمانچەی هەڵکێشا و گوللەیەکی لە ئەسپەکە داو کوشتی .

نۆکەرەکانی تری شازادە ( کە حەزیان لە جۆن نەدەکرد ) هاواریان کرد : « شەرمە کابرایەکی وا ئەو گیاندارە جوانە بکوژێ کە شازادە بە تەما بوو پێی بچێتە کۆشکێ » شازادە گوتی : « زمانتان بگرن . کەیفی خۆیەتی چ دەکا با بیکا . جۆن دڵسۆزی منە . خۆی دەزانێ چ باشە : »

چوون گەیشتنە ناو کۆشك . دەفرێك لە هۆڵەکە کەوتبوو کراسێکی زاوایی ڕازاوەی تێدا بوو وەك زێڕو زیو دەبریقایەوە . شازادە بۆ کراسەکە چوو ویستی لەبەری بکا بەڵام جۆنی دڵسۆز شازادەی وەلا ناو کراسەکەی گرت و فڕێی دایە ناو ئاگرو سووتاندی . نۆکەرەکان کەوتنە منگەمنگ :

« بڕۆنە ، کراسی زاوایی شازادەیشی سووتاند . » شازادە گوتی : « کێ دەزانێ ؟ بۆی هەیە ئەمەش هۆی خۆی هەبێ ! لێی گەڕێن کەیفی خۆیەتی چ دەکا با بیکا . جۆن دڵسوزی منە . »

بوو بە گۆوەندو زەماوەند . بووك سەرچۆپی گرتبوە . جۆنی دڵسۆز بە وردی تێی دەڕوانی . کت و پڕ بووك ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو کەوت و هەر

دەنگوت مردوە . جۆن خێرا چوە سەری هەڵیگرتەوەو بردیە ژوورێك . درێژی کرد ، چۆکی داداوە ، سێ دڵۆپە خوێنی لە مەمکی ڕاستە بەر دا . یەکسەر بووك کەوتە هەناسەدان و هەستایەوە .

شازادە کە ئەم هەموو شتەی دی نەیزانی جۆنی دڵسۆز بۆ وای کرد . زۆر تووڕە بوو ، هاواری کرد :

« فرێی دەنە ناو بەندیخانە ! »

بۆ سبەینێ جۆنی دڵسۆز حوکی مەرگی درا و بردیانە بەر داری قەنارە . جۆن کە بەرەو ڕووی مەرگ بوەوە گوتی : « ڕەوشت وایە ئەوەی لە سەری بدرێ ماوەی دەدەن پێش مردن قسەیەك بکا ، ئایا ئەم هەقە بەمن دەدەن ؟ »

پاشا گوتی : « ئا ، ئەم هەقەت هەیە . »

جۆنی دڵسوز گوتی : « من بە ناهەق حوکم دراوم . چونکە ئەوەی کردوومە لە دۆلسوزی کردوومە . »

جا دەستی پێکرد مەسەلەکەی هەموو گێڕایەوە ـ چۆن لەناو دەریا گوێی لە قسەی قەلەکان بوو و چۆن ئەم هەموو شتەبۆ ڕزگار کردنی پاشا کرد .

پاشا کە ئەمەی بیست هاواری کرد : « ئای ، جۆنی دۆلسۆز ، ببوورە ببورە ، کورە بەرەللای کەن . » بەلام جۆنی دڵسۆز لەگەڵ دوا وشەدا بێ دەنگ کەوت وبوو بە بەرد .

پاشاو شاژن زۆر پەست و غەمبار بوون . پاشا گوتی : « هەر وەخت بوو پاداشتی ئەم هەموو چاکەیە بە خراپەیەکی گەورە بدەمەوە . »

فەرمانی دا پەیکەرە بەردینەکەیان بردو لە ژووری نووستنی پاشا لە تەنیشت چوارپا لەسەر بنکەیەك دایان نا . هەر چەندە پاشا چاوی بەم پەیکەرە دەکەوت دەگریاو دەیگوت :

« وای دەنا بمتوانیایە گیانت بخەمەوە بەر ، جۆنی دڵسۆز ! »

پاش ماوەیەك شاژن دوو کوڕی بچووکی بە سکێك بوو . کوڕەکان فەراژی بوون و بوون بە مایەی خۆشی ماڵەوە .

ڕۆژێکیان شاژن چوو بوە کلیسە . دوو کوڕەکە لەگەڵ باوکیان یاریان دەکرد . پاشا زۆر بە غەمگینی لە پەیکەرە بەردینەکە ڕاماو هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و هاواری کرد ::

« وای دەنا بمتوانیایە گیانت بخەمەوە بەر ، جۆنی دڵسۆز ! »

ئەمجارەیان پەیکەرە بەردینەکە هاتە دەنگ و گوتی : « دەتوانی گیانم بە

بەردا بکەیتەوە ، بەو مەرجەی دڵت بێ خۆشەویستترین کەست بکەیتە قۆچی قوربانی . »

پاشا هاواری کرد : « هەرچی لە دنیادا هەم بێ لە پێناوی تۆدا دەیبەخشم ! »

پەیکەری بەردین گوتی : « ئەگەر سەری هەر دوو کوڕەکەت ببڕیو خوێنەکەیان لە من هەڵبسووی زیندوو دەبمەوە . »

پاشا کە کەوتە بەردەم کوشتنی منداڵە خۆشەویستەکانی لە شوێن خۆی تاسا بەڵام دڵسۆزی جۆنی هاتەوە یاد و بیری کەوتەوەچۆن جۆن بە دەستی خۆی خۆی بۆ بە کوشتن دا .

پاشا پەیکەرە بەردینەکەی بە خوێنی منداڵەکانی هەنوی ، جۆنی دڵسۆز زیندوو بوەوەو بە ساغ و سەلامەتی لە پێش پاشا قیت وەستاو پێی گوت :

« دڵسۆزی و قوربانی دانی تۆش بێ پاداشت ناڕوا . »

جۆن سەری منداڵەکانی بە کەلەشەوە نووساندو هەندێ خوێنی بە برینەکەیان داهێناو یەکسەر منداڵەکان چاك بوونەوە و کەوتنەوە یاریو قەڵەمباز وەك ئەوەی هەر هیچیان بەسەر نەهاتبێ .

پاشا ئەوەندە دڵخۆش بوو نەبێتەوە ، کە دیتی شاژن هاتەوە جۆنی دڵسۆزو دوو منداڵەکەی خستە ناو دۆلابێکی گەورەو کە شاژن گەیشتە ژوورەوە پاشا پێی گوت :

« نوێژت لە کلیسە کرد ؟ »

شاژن وەڵامی دایەوە : « ئا ، بەڵام بیرم هەر لای جۆنی دڵسۆز بوو . جۆن لە پێناوی ئێمە مانان تووشی ئەو بەدبەختیە بوو . »

پاشا گوتی : ژنی نازدارم ! ئەگەر بمانەوێ دەتوانین زیندووی بکەینەوە . بەڵام هەردوو کوڕمان تێ دەچێ . دەبێ بیانکەینە قوربانی . »

شاژن ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا . دلی سست بوو ، بەڵام گوتی : « جۆن زۆر دڵسۆز بوو ، شایەنی ئەم قوربانیەیەو زیاتریش . »

پاشا زۆر دڵخۆش بوو چونکە ژنەکەیشی بەوە ڕازی بوو کە پێشتر کردبووی . ئینجا چوو دۆلابەکەی کردەوەو جۆنی دڵسۆزو منداڵەکانی دەرهێناو گوتی :

« سوپاس بۆ خودا . جۆن ڕزگار بووو منداڵەکانیشیان مایەوی . »

چ ڕووی دا بوو پاشا هەمووی بۆ شاژن گێڕایەوە . ئیدی تا ما بوون هەموو بە شادی و بەختەوەری ژیان .

# ٣١ ـ قــازی زێڕین

هه بوو .. نه‌بوو .. کابرایه‌ك هه‌بوو ، سێ کوڕی هه‌بوو . ئه‌وه‌ی هه‌ره گچکه ناوی ( ساویلکه ) بوو ، دوو براکه‌ی تر به که‌میان ده‌زانی و هه‌میشه به‌سه‌ر خۆیان ده‌شکانده‌وه و هه‌ر له پاشه‌وه بوو .

برای گه‌وره بۆ دارکردن چوه دارستان به‌ڵام پێش ئه‌وه‌ی دایکی کێکێکی شیرینی خۆش و بوتله شه‌رابێکی دایه بۆ ئه‌وه‌ی برسی و تینوو نه‌بێ .

کوڕه له ناو دارستاندا تووشی کورته‌باڵایه‌ك هات .

کۆرته باڵاکه ڕۆژباشی لێکردو گوتی : « زۆر برسی و تینووم ، تکایه له‌ته کێکێك و قومه شه‌رابێکم بده‌رێ . »

کوڕه گوتی : « بڕۆ به‌م ولاوه . ئه‌گه‌ر کێك و شه‌رابت بده‌مێ بایی خۆم نامێنێ . » کورته باڵاکه‌ی جێ هێشت و چوه ڕێی خۆی . که‌وته داربڕین . خه‌ریك بوو دره‌ختێکی ده‌بڕیه‌وه . ته‌وری داوه‌شاند ، ته‌ور نه‌یگرت ، به قۆڵی خۆی که‌وت و ناچار گه‌ڕایه‌وه ماڵێ و قۆڵی هه‌ڵبه‌ستایه‌وه .

ئه‌مه ڕێکه‌وت نه‌بوو ؛ کورته‌باڵاکه ئه‌نگاوتبووی .

نۆره‌ی کوڕی ناوه‌نجی هات بۆ دارستان و دارکردن .

ئه‌ویش وه‌ك برای گه‌وره دایکی کێکێکی شیرین و بوتڵێ شه‌رابی دایه .

ئه‌ویش به هه‌مان جۆر تووشی کورته‌باڵاکه هات و کورته باڵا داوای کێك و شه‌رابی لێ کرد . ئه‌ویش هه‌مـات وه‌ڵامی دایه‌وه : « بـڕۆ ، ڕێم به‌رده . ئه‌گه‌ر بتده‌مێ بایی خۆم نامێنێ . » لێی دا ڕۆیشت ، به‌ڵام زۆری نه‌برد به سای خۆی گه‌یشت . ته‌ورێکی له لاق خۆی داو ناچار بوو بگه‌ڕێته‌وه ماڵێ .

ئینجا نۆره‌ی ساویلکه هات . ساویلکه به باوکی گوت : « بابا ، ڕێم بده بچمه داران . »

باوکی گوتی : « براکانت هه‌ردووکیان خۆیان بریندار کرد . وا چاکه واز بێنی . تۆ و شتی وایان نه‌گوتوه . »

به‌ڵام ساویلکـه پاڕایـه‌وه که ڕێی بـدا . له ئه‌نجـامدا بـاوکی گوتی : « باشه ، ده بڕۆ . که خۆت پێکا ئه‌و حه‌له ئه‌قڵی لێ وه‌رده‌گری . »

دایکی کێکێ ته‌ری له ناو مشکی برژاو و بوتله شه‌رابێکی ترشی دایه . که گه‌یشته ناو دارستان وه‌کو براکانی تووشی کورته‌باڵاکه هات . کورته‌باڵاکه گوتی :

« پارچەیەك كێك و قومێك شەرابم پێ كەرەم كە ، زۆر برسی و تینووم . »
ساویلكە وەڵامی دایەوە : « داخەكەم تەنیا كێكێكی لەناو مشكی برژاو و هەندێ بیرەی ترشم پێیە . جا ئەگەر دڵت ئەو شتانە دەبا فەرموو با پێكەوە دانیشین و بیانخۆین .
دانیشتن بەڵام كە ساویلكە كێكەكەی دەرهێنا كێكەكە بوو بە كێكی شیرین و خۆش و بیرەكەیشی ببو بە شەرابێكی باش . بە دوو قۆڵی كەوتنە سەر خواردن و خواردنەوە .
كورتەباڵاكە گوتی : « مادام دڵت هێندە باشەو حەز دەكەی ماڵی خۆت ببەشیتەوە رێیەكی باشت نیشان دەدەم . لە فلانا جێ درەختێك هەیە ، بیبڕەوە ، شتێكی لەناو ڕەگ و ڕیشاڵدایە »
ساویلكە چوو درەختەكەی بڕیەوە . كە درەختەكە كەوت ـ قازێك لەناو ڕەگ و ڕیشەی درەختەكەدا بوو ، تووكی ساف زێڕ بوو .
ساویلكە قازەكەی هەڵگرت و بردیە ئەو خانەی شەوی تێدا مایەوە .
خانچی سێ كچی هەبوو ، كە چاویان بە قازەكە كەوت زۆریان مەراق گرت بزانن ئەمە چ باڵندەیەكە ویستیان پەڕێكی زێڕی لێ دەربێنن .
كچە گەورەكە لە دڵی خۆیدا گوتی : « دەرفەتێكم هەر بۆ دەبێ پەڕێكی لێ دەربكێشم . » كە ساویلكە چوە دەرەوە كچە باڵی قازەكەی گرت بۆئەوەی پەڕێكی لێ دەربكێشێ بەڵام هەر هێندە دەستی بە قازەكە كەوت دەستی توند پێوە نووسا و لێنەبوەوە .
كچی ناوەنجی هات . ئەویش ویستی پەڕێكی زێڕی لێ بكاتەوە بەڵام هەر هێندە دەستی بە خوشكی كەوت توند بە خوشكیەوە نووسا .
پاشان كچی سێیەم بۆ هەمان مەبەست هات ، ئەوانی تر هاواریان كرد :
« دوور كەوە ! بۆ خاتری خوا ، دوور كەوە ! »
كچە نەیزانی بۆ دەبێ دوور بكەوێتەوە . بیری كردەوە :
« مادام ئەوان چوون بۆچی منیش نەچم . » هەر ڕایكرد چوو بەڵام كە دەستی بە خوشكەكانی كەوت پێیانەوە نووسا و ئەم شەوە بەو جۆرە ڕۆژیان كردەوە .
بەیانی ، ساویلكە قازی لە بن هەنگڵ نا بێ ئەوەی تەماشا بكا كە سێ كچەكە پێیەوە نووساون . كچەكان بە دوای ساویلكەدا كەوتنە ڕاكردن . خۆیان لادەدا پێیان بەپێی نەكەوێ . لەناو شیناوەردا بە لای قەشەیەكدا تێپەڕین . قەشە كە چاوی بەم كۆڕەوە كەوت هاواری كرد : « كچێ بێ

نۆرەینە ، شەرم ، ناکەن کەوتوونەتە دوای ئەم کوڕە . خووڕەو شتی بەرز کەی وا دەبێ ؟ »
قەشە چوو دەستی کچە بچووکەکەی گرت بۆ ئەوەی ڕایبکێشێ بەڵام هەر هێندە دەستی بە دەستی کچەکە کەوت توند پێیەوە نووسا و ناچار بوو بە دوایاندا بڕوا .
زۆری نەبرد شەماشە هات کە دیتی قەشە لە دوو ئەو سێ کچە دەڕوا سەرسام بوو ، هاواری کرد :
« جەنابی قەشەی بەڕێز ئەوە بۆ کوێ وا بە تالووکەی ؟
لە بیرت نەچێ ئاهەنگی پاکسازی – تعمید – مان هەیە .»
شەماشە قۆڵی قەشەی گرت بۆ ئەوەی بیگێڕێتەوە کەچی خۆی پێیەوە لکاو نەیتوانی خۆی لێ بکاتەوە .
ئەم تاقمە پێنج کەسیە بە دوای کوڕەدا دەڕۆیشتن .
دوو وەرزێر لەولاوە هاتن بێڵ و پێمەرەیان پێ بوو . قەشە بانگی کردن و داوای لێکردن خۆی و شەماشە ڕزگار بکەن بەڵام کە هاتن هەر هێندە دەستیان بە شەماشە کەوت ئەوانیش پێوە جەڕان و بەم جۆرە بوون بە حەفت کەس و بە دوای ساویلکە و قازەکەیدا کەوتنە ڕاکردن .
بڕۆ ، بڕۆ ، گەیشتنە شارێك ، پاشای ئەو شارە کچێکی زۆر بێ تووك و کەوەڕێی هەبوو . بە هیچ کەس و بە هیچ شتێ پێ نەدەکەنی . جا پاشا جاڕی دابوو هەر کەسێ بتوانێ کچە بخاتە پێکەنین کچەی دەداتێ .
کە ساویلکە بە مەی زانی قازەکەو خەڵکەکەی دوای بۆ بەردەمی کچی پاشا برد . کە کچە ئەو حەفت کەسەی دی بە دوای یەکدا ڕا دەکەن دایە قاقای پێکەنین ، پێکەنینێکی بێ کۆتایی .
جا ساویلکە داوای کچی پاشای کرد بەڵام پاشا ڕازی نەبوو ساویلکە ببی بە زاوای و زۆر مەرجی بۆ دانا . یەکەم جار بە ساویلکەی گوت : کابرایەکم بۆ بێنە یەك بنداق شەراب بخواتەوە . ساویلکە یەکسەر بیری بۆ کورتەباڵاکە چوو کە لەوانەیە فریای بکەوێ . لەناو دارستانەکەدا کەوتە سۆراغی کورتە باڵاکە .
لە جێی بڕانەوەی درەختەکە کابرایەکی دی زۆر بە غەمگینی دانیشتبوو . ساویلکە لێی پرسی : بۆ وا پەست و غەمگینی ؟ کابرا وەڵامی دایەوە : « زۆر تینووم ، تینووێتیم ناشکێ ، ڕقم لە ئاوی سارد دەبێتەوە . تازەش بەرمیلە شەرابێکم هەڵقوڕاندوە . بەڵام هەناوم وەك بەردی سووتاوە بە دڵۆپە پاراو نابێ . »

ساویلکە گوتی : « باشە ، تینوو شکاندنی تۆ بە من گەیشت . لەگەڵ من وەرە . تا تێر دەبیت شەڕاب بخۆرەوەو زیاتریش .»

ساویلکە کابرای بردە بنداقی ماڵی پاشاو کابرا کەوتە سەر بەرمیلە زلەکان تا تەنگەی هێشا خواردیەوە . بۆ ئێواری بنداقی بەتاڵ کرد .

ساویلکە داوای کچەی کرد بەڵام پاشا نەیدایە . ئاخر کابرایەکی ساویلکە چیە پاشا کچی خۆی بداتێ . پاشا مەرجێکی تری بۆدانا . داوای لێ کرد کابرایەك بێنێ یەك چیا نان بخۆ .

ساویلکە یەکسەر چوە ناو دارستان . لە هەمان شوێن کابرایەکی دی قایشی لە پشتی خۆی شەتەك دا بوو و تا بڵێی کڵوڵ دیار بوو . ساویلکە لێی پرسی : « دە ردت چیە ؟ »

کابرا گوتی : « تازە یەك تەندوورە نانم خواردوە .

بەڵام بۆ کابرایەکی برسی وەکو من ئەوەندە چیە ؟ ئەوەندەی دەکەم تێر نابم . هەموو ڕۆژێ قایشی پشتم وا شەتەك دەدەم تا لەبرسان نەمرم . »

ساویلکە کەیفخۆش بوو ، گوتی : « هەستە لەگەڵ من بچین . تا مردەبی بخۆ . »

ساویلکە کابرای بردە دەربار . بە فەرمانی پاشا هەموو ئاردی وڵاتیان کرد بە یەك چیا نان . کابرای ناو دارستان لەبەر نانەکە دانیشت و خواردی . تا ئێوارێ یەك نان چیە نەیهێشت .

ساویلکە بۆ جاری سێیەم داوای کچەی لە پاشا کرد .

پاشا هەنجەتێکی تری دیتەوە . داوای لێ کرد کە شتیەکی بۆ بێنێ چۆن لەناو ئاو دەڕوا ئاواش لە وشکانی بڕوا ، گوتی : « کە سواری کەشتیەکە بوویت و لە دەشت و دەر هاژوات کچی خۆمت دەدەمێ . »

ساویلکە چوە ناو دارستان . تووشی ئەو کورتەباڵایە بوو کە وەختی خۆی کێك و شەرابی پێ دا بوو ، کورتەباڵاکە گوتی : « من نمەکی تۆم کردوە . کێك و شەڕابی تۆم خواردوە .

ئێستا کەشتیەکی بە دڵی خۆتت دەدەمێ چونکە تۆ لەگەڵم میهرەبان و دڵنەرم بوویت . »

جا کورتەباڵا کەشتیەکی دا ساویلکە کە لە دەریاو وشکانیدا دەڕۆیشت . کە پاشا چاوی پێکەوت هیچ هەنجەتی نەماو چیتر نەیتوانی کچەکەی زەفت بکا .

ساویلکە وکچی پاشا زەماوەندیان کرد . کە پاشا مرد ساویلکە وڵاتەکەی بە میرات بۆ مایەوە و تا ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ژنەکەیدا بە شادی و بەختیاری ژیان .

# ٣٢- هانزی ئاسنین

هەبوو .. نەبوو .. پاشایەك هەبوو . هەر چـوار دەوری کۆشکـەکەی دارستانێکی گەورەی پڕ نێچیر بوو .

ڕۆژێکیان ڕاوکەرێکی نارد بۆ ئەوەی شووریێك بکوژێ .

کابرا ڕۆیشت و نەگەڕایەوە . پاشا گوتی : « ڕەنگـە شتێکی لێ قەومـا بێ ! »

ڕۆژی پاشی دوو ڕاوکەری نارد بە دوای ڕاوکەری یەکەمدا بگەڕێن بەلام ئەوانیش ئاوو ئاو چوون .

ڕۆژی سێیەم پاشا هەموو ڕاوکەرەکـانی دەرباری نـاردوپێی گوتن : « بـڕۆن ، سەراپـای دارستان بپشکنن . تـا هەر سێکیـان نـەدۆزنـەوە ڕانەوەستن . »

بەلام نە ڕاوکەرێك گەڕایەوەو نە تاژیەك .

لەوکاتە بە دواوە کەس نەیدەوێرا بچێتە ناو ئەو دارستانە . دارستانەکە کپ و بێ دەنـگ و چۆڵ و هـۆل بوو تـەنیا هـەلۆ پـەپـوو بـە سـەریدا دەسووڕانەوە .

چەند ساڵێك وا ڕۆیشت . تا ڕۆژێ ڕاوکەرێکی لایدە هاتە لای پاشـاو گوتی دەمەوێ بچمە ناو ئەم دارستانە ترسنـاکە . پـاشا مـاوەی نەدا ، گوتی :

« ئەم دارستانە جێی بڕوا نیە . دەترسم تۆش بچی وەکو ئـەوانەی چوون نەگەڕێیتەوە . »

ڕاوکەرەکە گوتی : « جەناب خوێنی خۆم لەسەر خۆم . منی مانای ترسی نازانم » .

ڕاوکەر سەگێکی زلی بردە چوە نـاو دارستانـەکە . زۆری پێ نـەچوو سەگەکە نێچیرێکی هەستاند و ویستی ڕاوی بنێ . چەند هەنگاوێك ڕۆیشت تووشی گۆمێکی قووڵ هات و نەیتوانی چێتر بڕوا . قۆڵێکی ڕووت لە ئاوەکە هاتە دەرەوە سەگەکەی گرت و ڕایکێشایە بنی گۆمەکە .

کـە ڕاوکەر ئـەمەی دی کشـایەوە . سێ زەلامی هێنـا هەمـوو ئـاوی گۆمەکەیان بە دەوللك دەردا . کە گەیشتنە بنی گۆمەکە کابرایەکی کێویان دی لەشی وەکو ئاسنی ژەنگاوی قاوەیی بوو . پرچی بەسەر چاویدا هاتبوە خواری و تا سەر ئەژنۆی شۆڕ ببوەوە . قۆڵبەستیان کردو بردیانە کۆشك .

له دیار ئەو کابرایە کێویە بوو بە بەزمو هەراو خۆشی . پاشا قەفەزێکی ئاسنینی بە کردن دا . لە ناوەندی حەوشەی داناو کابرای خستە ناو و کلیلی داو کلیلەکەی لای شاژن دانا . لێ نەدەگەڕا کەس دەرگای بکاتەوە .

دوای ئەوەی ئەو کابرا ئاسنینە گیرا هەموو کەس دەیتوانی بە کەیفی دڵی خۆی بە ناو دارستانەکەدا بگەڕێ .

پاشا کوڕێکی فراژی هەبوو تەمەنی هەشت ساڵ بوو . ڕۆژێ لە حەوشە یاری دەکرد تۆی زێڕی کەوتە ناو قەفەسەکە . کوڕەکە غاری داو گوتی : « تۆپەکەم بدەوە ! »

کابرای کێوی گوتی : « تا دەرگام لێ نەکەیتەوە ناتدەمەوە . »

کوڕەکە گوتی : « ناتوانم دەرگات لێ بکەمەوە ، باوکم قەدەغەی کردوە : » ڕایکردو هەڵات . ڕۆژی دوەم هاتەوە داوای تۆپەکەی کرد . کابرا گوتی :

« دە رگام لێ بکەوە دەتدەمەوە . »

کوڕە دەرگای لێ نەکردەوە .

ڕۆژی سێیەم پاشا چوە ڕاو . کوڕە دیسان گوتی : « تۆپەکەم بدەوە ، چونکە ئەگەر بشمەوێ دەرگات لێ بکەمەوە پێم ناکرێ چونکە کلیلم پێ نیە . »

کابرای کێوی گوتی : « کلیلەکە وا لە ژێر سەرینی دایکتدایە ، بە ئاسانی دەتوانی بیهێنی . »

کوڕی زۆری مەراق بوو تۆپەکەی وەربگرێتەوە .

چوو کلیلەکەی هێنا . دەرگاکە زۆر توند بوو تا کردیەوە هەموو پەنجەی ئازاری خوارد . کە دەرگا بوەوە کابرای کێوی هاتە دەرەوە و تۆپەکەی دایەوە کوڕەو هەڵات .

کوڕەکە زۆر ترسا ، هاواری کرد : « هۆ ، کابرای کێوی ، ڕامەکە ، نەوەك لێم دەدەن ! »

کابرای کێوی گەڕایەوە ، منداڵەکەی خستە سەر شانیو بردیو داکشایە ناو دارستان .

کەپاشا هاتەوە و دیتی قەفەس بەتاڵە لە شاژنی پرسی چ بوە ؟. شاژن هیچی لێ نەدەزانی . چوو لە کلیلەکە گەڕا ، کلیل دیار نەبوو . بانگی کوڕەکەیان کرد وەڵامی نەبوو .

پاشا زەلامی ناردە ناو زەوس و شینایی و کێڵگە بەلام بێ هوودە بوو کوڕە

هیچ دەوسی دیار نەبوو . پاشا یەکسەر زانی چ بوەو چ قەوماوە . خەمێکی گران و سەنگین باڵی بەسەر سەراپای کۆشك داهێنا .

کاتێ کابرای کێوی گەڕایەوە ناو دارستانی تاریك کوڕەکەی لەسەر شانی داگرتە خوارەوەو گوتی :

« تازە جارێکی‌تر دایك و باوکی خۆت بە چاو نابینیتەوە ، بەلام لەبەر ئەوەی چاکەت لەگەڵ من کردو ئازادت کردم لێرە لای خۆم بەخێوت دەکەم . ئەگەر چیت پێ دەڵێم بە گوێم بکەی قازانج دەکەی . زێڕو گەنجینەشم زۆرە دەتوانی پێ پانە بە پارە بکەی و لە هەموو کەس زیاتر خەرج بکەی . »

پێخەفێکی لە شینکە بۆ کوڕە دروست کرد . کوڕە چوو لەسەری ڕاکشا و نووست . بۆ سبەینێ کابرا کوڕەی بردەسەر کانیەك و گوتی : « ئەم کانیە زێڕینە دەبینی چەند ڕوون و زولالە دەڵێی بلوورە ؟ دەبێ لە لێوی ئەم کانیە دابنیشی و ئاگادار بی هیچی نەکەوێتە ناو نەوەك پیس دەبێ . هەموو ئێواران دێم بزانم فەرمانی منت بە چاکی بە جێ هێناوە یان نەء ؟ »

کوڕە لە لێوی کانیەکە دانیشت و پاراستی . جاروبار ماسیەك یان مارێکی زێڕی دەدی بە ناو کانیەکە دا دەهات و دەچوو . هێندە ئاگاداری کانیەکە بوو قەت هیچی نەدەکەوتە ناو .

ڕۆژێکیان کوڕە بەم جۆرە دانیشتبوو پەنجەی ژانی کرد و بە بێ دەستی خۆی پەنجەی لە کانیەکە ڕا کردو خێرا کێشایەوە ، دیتی پەنجەی تفرێکی زێڕی پێوە لکاوە ، هەر چەندە هەوڵی دا زێڕەکەی لێ بکاتەوە سوودی نەبوو .

ئێوارێ هانزی ئاسنین هاتەوە تەماشای کوڕەکەی کردو گوتی : « ئەم کانیە ئەمڕۆ چی لێ هاتوە ؟ » .

کوڕە پەنجەکەی لە پشتەوە گرت تا هانزی ئاسنین نەیبینێ و گوتی : « هیچ ، هیچ ! » بەلام هانز گوتی :

« با ، پەنجەت لە کانی وەرداوە . ئەم جارە قەیدی نیە بەلام وریا بە شتی وا جارێکی تر ڕوو نەداتەوە . »

سبەینێ زوو کوڕەکە دیسان لە لێوی کانی دانیشت و کەوتە چاوەڕوانی . هێشتا پەنجەی هەر دێشا . دەستی لەسەر سەری دانا بەدبەختانە داوە موویەکی سەری کەوت و بەربوەوە ناو کانیەکە .

زوو دەری هێنا بەلام هەموو . بە زێڕ ببو . ئێوارێ کە هانزی ئاسنین هاتەوە زانی چ قەوماوە ، گوتی : « داوە موویەکت لێ بەربۆتەوە ناو کانی .

ئەم جارەش جەبت دەدەم بەڵام ئەگەر بۆ جاری سییەم شتی وا روو بدا کانیەکە پیس دەبێ و تۆش نابێ چیتر لای من بمێنیتەوە . »

ڕۆژی سێیەم کورەکە دیسان لەسەر کانیەکە دانیشت . زۆر وریا بوو پەنجەی . نەجوو لێنێتەوە ئەگەرچی زۆریش دێشا . ئەو ڕوژەی زۆر لە لا درێژ بوو .

لەناو ئاوەکە سەیری وێنەی خۆی کرد ، پتر داهاتەوە سەر ئاوەکە تا باش تەماشای چاوی بکا ، پرچی درێژی کەوتە سەر شانی و بەربووەوە ناو کانی . یەکسەر کورە هەستایەوە بەڵام پاش چی ؟ هەموو پرچی ببو بە زێڕ و وەك ڕۆژ دەبریقایەوە . جا بزانە ئەو کورە بەستەزمانە چەند ترساوە !! کورە دەسرۆکێکی لە گیرفانی دەرهێناو لەسەری خۆی بەست بۆ ئەوەی هاتری ئاسنین پرچی نەبینێ بەڵام هانز پێش ئەوەی بێتەوە هەموو شتێکی دەزانی : « کە هاتەوە یەکسەر گوتی : « ئەو دەسرۆکە لەسەر بکەوە . »

کورە دەسرۆکی لەسەر کردەوە هەموو پرچی زێڕینی دەرکەوت . ئەوەندەی تەوازۆی خواستەوە کەلکی نەبوو . هانز گوتی :

« لە تاقی‌کردنەوە دەرنەچوویت . نابێ چیتر لای من بمێنیتەوە . دەبێ بکەویتە ناو ئەم دنیایەو تامی هەژاری و نەداری بچێژی ، بەڵام لەبەر ئەوەی نیازت پاکەو چاکەت لەسەر من هەیە شتێکت بۆ مسۆگەر دەکەم ، هەر کاتێ کەوتیتە تەنگانە وەرە ناو دارستان و هاوار بکە ـ هانزی ئاسنین ـ من دەگەمە فریات . من زۆر بە توانـاو دەسەڵاتم . زێـڕو زیویشم گـەلێ زۆرە . . »

جا کورە پاشا دارستانەکەی بە جێ هێشت و بە ڕێگای تووش و هەڵەت و هەڵدێرو بەربەیاردا ڕۆیشت تا گەیشتە شارێکی گەورە . هەوڵی دا ئیشێك بدۆزێتەوە دەستی نەکەوت . هیچ پیشەی نەدەزانی بژیوی خۆی پێ پەیدا بکا . دواجار چوە کۆشکی پاشاو داوای ئیشی کرد . پیاوەکانی دەربار نەیاندەزانی داخۆ بە کەلکی ئیش دێ یان نەء . بەڵام دیمەنەکەیان بەدڵ بوو و گلیان دایە وە . چێشتکەر کردی بە بەردەستی خۆی .

ئاوو چیلکەی پێ دەهێناو خۆڵەمێشی پێ دەڕشت .

ڕۆژێکیان چێشتکەر کەسی لەبەر دەست نەبوو ناچار بوو فەرمانی بە کورەکە کرد خۆراك بۆ خوانی شاهانە ببات .

ئەوەی بچووبایە حوزوور پاشا دەبوایە بۆ ڕێزو ئیکلام شەپقەی دابکەنێ بەڵام کورە شەپقەی دانەکەند بۆ ئەوەی پرچی زێڕینی دەرنەکەوێ .

پاشا گوتی : « نازانی که هاتیته حوزوور پاشا دەبێ شەپقە لەسەر بکەیتەوە ؟ ! »

کوڕە گوتی : « جەناب ، من ناتوانم شەپقە لە سەر بکەمەوە چونکە شەباقە برنێکی گەورەم لەسەردایە . »

پاشا لە دوای چێشتکەری ناردو سەرکونەی کرد چون ئەو جۆرە کوڕەی کردوتەوە بەردەست و داوای لێکرد دەری بکات . بەلام چێشتکەر سکی پێ سووتاو لەگەڵ کوڕی باخچەوان ئاڵ و گۆڕی پێ کرد .

کوڕە کە چوە سەر ئیشە نوێکەی دەبوایە بە هەموو کەش و وەرزێک زەوی بکێڵێ و خۆشی بکات و دایبچێنێ و ئاوی بدا .

ڕۆژێکی هاوین کە بە تەنێ لە ناو باخچەدا ئیشی دەکرد دونیا زۆر گەرم بوو ؛ شەپقەی لەسەر کردەوە تا نەختێ فێنکی بێتەوە . کە ڕۆژ لە پرچی دا پرچی بریسکایەوەو تیشکەکەی بە ژووری کچی پاشا کەوت . کچە دەرپەڕی بۆ ئەوەی بزانێ ئەم تیشکە چ بوو . کە زانی کوڕەکەیە بانگی کرد :

« هۆ ، کابرا چەپکە گوڵێکم بۆ بێنە ! »

کوڕە خێرا شەپقەی لە سەرنا . هەندێ کوڵوکی چنی و کردیە قەفتەیەک و چوو بۆ کچی پاشای ببا توشی باخچەوان هات . باخچەوان گوتی :

«چۆن ئەو کڵوکە خراپانە بۆ کچی پاشا دەبەی ؟!

خێرا چەپکێکی تر لە گوڵی هەرە بژاردەو دەگمەن بچنەو بۆی بەرە . »

کوڕە وەڵامی دایە وە : « ئۆی ، نا ، نا ، کوڵوک بۆنی لە گوڵ خۆشترە وکچی پاشا زیاتر بە دڵی دەبێ . »

کە کوڕە گەیشتە ژووری کچە ، کچە پێی گوت :

« شەپقەت داکەنە . جوان نیە بۆ تۆ لە بەردەمی مندا شەپقە لەسەر بنێی . »

کوڕە وەڵامی دایەوە : « لەسەری ناکەمەوە چونکە برینم لەسەر دایە . »

کچە پری دایە شەپقەکەو لەسەری کوڕەکەی کردەوە . پرچی زێرینی وەکو تاڤگە ڕژایە سەر شان .. بە ڕاستی دیمەنێکی جوان بوو ! کوڕە ویستی بڕوا بەلام کچە قوڵی گرت و چەنگە لیرەیەکی دایە . کوڕە وەری گرت بەلام لەبەر ئەوەی حەزی لە زێڕ نەدەکرد هەمووی دایە باخچەوان بۆ ئەوەی بیداتە منداڵەکانی یاری پێ بکەن .

سبەینەی پاشی ، کچە دیسان بانگی کوڕەی کرد بۆ ئەوەی چەپکە

کوڵوکێکی بۆ ببا . که کوڕە بردی کچە یەکسەر لە شەپقەکەی ڕووهات و لەسەری کردەوە . دیسان کچە هەندێ لیرەی دایەو کوڕە دانیە مندالەکانی باخچەوان . ڕۆژی سێیەمیش هەمان شت بەلام کچە نەیتوانی شەپقەکەی لەسەر بکاتەوە و ئەویش زێرەکەی بۆ خۆی گل نەدایەوە .

پاش ماوەیەك ، ولات کەوتە بەر هێرشی دوژمن . پاشا جەنگاوەرەکانی کۆ کردەوە ، ترسی لێ نیشتبوو نەیدەزای داخـۆ دوژمنی پێ دەشکێ یان نەء ؟ چونکە دوژم زۆر بەهێز بوو و لەشکرێکی زۆری هێنا بوو .

کوڕە گوتی : « من مەشقی جەنگاوەریم کردوە ئەسپێکم بدەنێ منیش دەچمەشەڕ . »

خەلکەکە هەموو بە کوڕە پێکەنین : « کەئێمە ڕۆیشتین تۆ ئەسپێك بۆ خۆت پەیدا کە . ئەسپێکت بۆ لە تەویلە جێ دەهێلین . »

کە ئەوان ڕۆیشتن ، کوڕە چوو ئەسپەکەی لە تەویلە دەرهێنا . ئەسپەکە شەل بوو ، دەلەنگی : تەپ تەپ ، تەپ تەپ . لەگـەل ئەمـەشدا کـوڕە سواری بوو و بەرەو دارستانی تـاریك هـاژوای . کە گـەیشتە قـەراخی دارستانەکە سێ جار لەسەر یەك تا هێزی تێـدا بوو و داروبـەرد دەنگی دایەوە هاواری کرد : « هانزی ئاسنین ! »

دەم ودەست کابرای کێوی دەرکەوت و گوتی : « چت دەوێ »

کوڕە گوتی : « ئەسپێکی بەهێزم دەوێ بۆ شەڕ . » کابرا گوتی : « هەر ئێستا بۆت دێنم . »

کابرای کێوی گەڕایەوە ناو دارستان . زۆری نەبـرد سەیـزێك هـات ئەسپێکی حدوودی پێ بووکونە لووتی فرڕەی دەهات . دوا بە دوای ئەویش کۆمەلە جەنگاوەرێکی زۆر هاتن هەموو زرێ پۆش بوون و شیریان لەبەر ڕۆژ دەبریسکایەوە .

کـوڕە ئەسپـە سێ لاقەکـەی خۆی دایـە سـەیـزو سـواری ئـەسپـە حدوودەکەی ئەو بوو و پێش لە شکـرەکە کـەوت و ڕۆیشت ، تا گـەیشتە مەیدانی شەڕ زۆربەی جەنگاوەرەکانی پاشا کوژرا بوون ، زۆری نەما بوو هەموو خۆیان بە دەستەوە بدەن .

کوڕە لە پێش لەشکرە ئاسنینەکەدا وەك ( با ) هێرشی بردە سەر دوژمن و ڕایمالی . هەر چی کەوتە پێشیان لێیان دا و ڕایان پێچا . دوژمن ویستیان ڕاکەن و دەرباز بن بەلام کوڕە چنگ لەسەر شان ڕاوی نان و تا قڕی نەکردن وازی لێ نەهێنان . کوڕە لە باتی ئەوەی یەکسەر پاش ئەو سەرکەوتنە بچێتە

لای پاشا ، بە خۆو بە لەشکرەوە چوەوە ناو دارستان و بانگی هانزی ئاسنینی کرد .
هانز گوتی : « چت دەوێ ؟ »
کورە گوتی : « ئەسپ و لەشکرەکەت ببەوە . ئەسپی سێ لاقی خۆم بدەوە . »
ئەسپی سێ لاقی خۆی وەرگرتەوەو سوار بوو ، بەرەو ماڵ بوەوە .
کاتێ کە پاشا گەڕایەوە کۆشک ، کچەکەی تا بەر دەرگا بە پیریەوە چووو پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێ کرد . پاشا گوتی : « من شەڕم نەبردۆتەوە . هونەر هونەری سوارێکی لایدە بوو بە خۆو بە لە شکرەوە گەیشتە فریام »
کچە پرسی : « ئەو سوارە لایدە کێ بوو .
پاشا گوتی : « نازانم . هەر هێندە دەزانم دوژمنی هەڵبڕیو پاشان بزر بوو نەمدیتەوە . »
کچە سۆراغی کوڕەکەی لە باخچەوان کرد . باخچەوان پێکەنیو گوتی : تازە بە سواری ئەسپی سێ لاق هاتەوە . خەڵك گاڵتەیان پێ دەکردو دەیانگوت
- وا شەلە هاتەوە - ئەرێ لە ژێر چ تانۆکێك خەوتبووی - کوڕە وەلامی دانەوە - زۆرم هوڵ دا بێ فایدە بوو ، بە دەست خۆم نەبوو ئیشەکە وا هات - ئیدی هەر تێر تێر پێی پێ کەنین .. »
پاشا بە کچەکەی گوت : « ئا هەنگێی سێ ڕۆژی ساز دەکەم . تۆش سێوێکی زێڕین هەڵ دە بەڵکو سوارە نامۆکە بێو بیگرێتەوە . »
کە دەنگ و باس ئاهەنگەکە بلاوبوەوە کوڕە چوە ناو دارستانو بانگی هانزی ئاسنینی کرد - هانز هاتو گوتی : « چت دەوێ!؟ »
کوڕە گوتی : « دەمەوێ سێوی زێڕینی پاشام بەرکەوێ . »
هانزی ئاسنین وەلامی دایەوە : « دانێ هی خۆتە ! دەستە بەرگێکی قاوەیی لە بەرکەو سواری ئەسپێکی شێ بە ، هەقت نەبێ . »
کە ڕۆژی هات ، کوڕە بە سواری ئەسپەکە چوە ناو سواران و کەس نەیناسی . کچی پاشا هاتە پێشو سێوێکی فڕێ دایە ناو سوارەکان . کوڕەکە سێوەکەی قۆزتەوەو تێی تەقاند ڕۆیشت .
ڕۆژی دوەم هانزی ئاسنین کوڕەی کردە سوارێکی بەرگ سپی ئەسپ بۆز . دیسان کوڕە سێوەکەی گرتەوەو وەکو جاری پێشوو تێی تەقاند ، ڕۆیشت .
پاشا توورە بوو ، گوتی : « شتی وا نابێ . ئەم سوارە دەبێ بێتە

بەردەمی منو خۆیشم پێشکەش بکا . » پاشا فەرمانی دا ئەمجارە ئەگەر سوارەکە ڕۆشت بچنە دوایەوەو بیگێڕنەوە .

ڕۆژی سێیەم کوڕە ئەسپێکی ڕەشو دەستەبەرگێکی ڕەشی بریقەداری لە هانزی ئاسنین وەرگرت . دیسان هەر خۆی سێوەکەی گرتەوە بەلام ئەمجارە کە ڕکێبی لێ دا بۆ ئەوەی بڕوا پیاوەکانی پاشا کەوتنە شوێنیەوە . یەکێ لاقێکی برینداز کرد . کوڕە ئەسپەکەی زیاتر تاو دا . ئەسپەکە وا بەزی کوڕە کڵاوی لەسەر فڕی و پرچی زێڕینی بە دەرکەوت و هەموو دیتیان .

پیاوەکان گەڕانەوەو چیان دی بوو بۆ پاشایان گێڕایەوە . ڕۆژی پاشی کچی پاشا سۆراغی کوڕەی لە باخچەوان کرد . باخچەوان گوتی : « وا لەناو باخچە ئیش دەکا . سێ ڕۆژ بوو چوو بوە گوەندو داوەت . شەوێ دی هاتەوە . سێ سێوی زێڕی بردۆتەوە . هەر سێکی نیشانی منداڵەکانم دا . »

پاشا ئەم خەبەرەی بیست . فەرمانی دا کوڕەیان هێنا . کە کوڕە چوو شەپقەی هەر لەسەر بوو ، کچی پاشا چوە تەنیشتی و شەپقەکەی لەسەر کردەوە . کوڕە پرچی زێڕینی ڕژایە سەر شان . پرچی ئەوەندە جوان بوو هەموو دەمیان لە دیار بەش بووەوە

پاشا پرسی : « ئەو شۆڕە سوارەی هەر ڕۆژێ بە ڕەنگێك دەهاتو سێوی زێڕی دەقۆزتەوە تۆ بووی ؟ »

کوڕە وەلای دایەوە : « بەڵێ من بووم . فەرموو ئەوەش سێوەکان . »

کوڕە سێوەکانی لە گیرفانی دەرهێناو دایە پاشاو گوتی : « ئەگەر بەڵگەی تریشت دەوێ ئەوەتا برینی لاقم کە پیاوێکت زامداری کردووم . ئەو سوارەش هەر من بووم کە لە شەڕدا گەیشتمە فریاتو دوژمنم تەفرو تونا کرد . »

پاشا گوتی : « تۆ کە کردەوەی وا بنوێنی ، هەڵبەت کوڕە باخچەوان نیت ، پێم بڵێ کوڕی کێیت ؟ »

کوڕە گوتی : « باوکم کابرایەکی دەسەلاتدارو زەبربە دەستە . منیش چەندی بمەوێ زێڕم هەیە . »

پاشا گوتی : « تازە تێگەیشتم . ئێمە زۆر قەرزاری تۆین . چ دەڵێی دیاریەکت پێشکەش بکەم یان شتێکی وا بکەم دڵت پێ خۆش بێ . »

کوڕە وەلامی دایەوە : « باشە ، ئەگەر ڕاست دەکەی کچی خۆتم پێشکەش بکە . »

پاشا ڕازی بوو .

کچەکە گوتی : « پێیەوە دیار نیە بەڵام لە مێژە من دەزانم ئەوە باخچەوان نیە . »

کچە باوەشی لە کوڕە وەرهێناو ماچی کرد .

دایك و باوکی کوڕە هاتنە سەر گۆەندو زەماوەندو تا بڵێی شادو کەیفخۆش بوون چونکە لە مێژ بوو لە کوڕەکەیان بێ ئومێد ببوون .

هەموو لەسەر زیافەت دانیشتبوون لە پڕ سازو مۆسیقا ڕاوەستا ، دەرگاکان کرانەوە ، پاشایەکی بە تەنتەن لەگەڵ حەشامەتێکی زۆر هاتنە ژوورەوەو پاشا چوو لای زاواو باوەشی پێدا کردو گوتی :

« من هانزی ئاسنینم . سیحرم لێ کرا بوو و ببووم بە مرۆیەکی کێوی . تۆ سیحرەکەت شکاندو ئازادت کردم . ئەو هەموو گەنجینەی من هەمە هەمووی بۆ تۆ .

ـ تەواو ـ

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
التسلسل رقم ( ١٤٣ )

# قصص ما حول المواقد

# الاخوة گريم

ترجمها عن الانكليزية

عزيز گردي

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ( ١١٩٤ ) لسنة ١٩٨٦

تصميم الغلاف : ايمان علي خالد

السعر ( ١٥٠٠ ) دينار ونصف

طبعت بمطابع دار الجماهير للصحافة